
Search in کتێبخانەی pdf
کتێبخانەی pdf
Closed Group · 7.7k Members
Joined
Add Members
Search
Info

ئەو پێنج کەسەی
لە بەهەشت دەیانبینیت

میچ ئەلبوم ● وەرگێڕانی جوتیار ژاژلەیی

ENDÊŞE

ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم

http://www.endeshe.net

andesha.library@yahoo.com • andesha@outlook.com

http://www.facebook.com/Andeshalib

07501026400

ئەو پێنج کەسەی لە بەهەشت دەیانبینیت

میچ ئەڵبوم
وەرگێڕانی جوتیار ژاژڵەیی

زنجیرەکتێبی فیکر و ئەدەب

سەرپەرشتیاری زنجیرە
سیروان مەحمود

ناوی کتێب: ئەو پێنج کەسەی لە بەهەشت دەیانبینیت
ناوی نووسەر: میچ ئەڵبوم
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: جوتیار ژاژڵەیی
بەراوردکردن و پێداچوونەوەی: لۆنا دڵشاد مەریوانی
بابەت: ڕۆمان
دیزاینی تێکست: دانا حەسەن
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٦
چاپخانە: ئەندێشە
تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
نرخ: (٦٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٥٢٩)ی ساڵی (٢٠١٦)ی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©
بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

پێشکەشە بە لۆنا
مارگرێتی من لە هەردوو دونیا.

ئەم کتێبە پێشکەشە بە مامی خۆشەویستم، ئێدوارد بێچمان، کە یەکەمین کەس بوو چەمکی *بەهەشتی* پێ ناساندم. هەموو ساڵێک، کاتێک بۆ نانی *جەژنی سوپاسگوزاری* کۆ دەبووینەوە، باسی ئەو شەوەی بۆ دەکردین، کە لە نەخۆشخانە خەبەری بووەتەوە و بینیویەتی ڕووحی هاوڕێ و خۆشەویستە کۆچکردووەکانی لەدەوری قەرەوێڵەکەی دانیشتوون و چاوەڕێی دەکەن. هیچکات مامم و چیرۆکەکەیم بیر ناچێتەوە.

هەریەکەمان تێڕوانینی خۆی بۆ بەهەشت هەیە، ئایینەکانیش بە هەمان شێوە، پێویستیشە ڕێز لە هەریەکێک لەو تێڕوانینانە بگیرێت. ئەو تێڕوانینەی لەم کتێبەدا خراوەتە ڕوو، تەنیا ئەگەرێکە، لە هەمان کاتیشدا خۆزگەیەکە بەو هیوایەی مامم و ئەوانەی وەک ئەو لە ژیاندا هەستیان بە گرنگیی خۆیان نەکرد، دواجار تێبگەن چەندە گرنگ و خۆشەویست بوون.

میچ ئەلبوم

کۆتایی

ئەمە چیرۆکێکە دەربارەی پیاوێک بە ناوی ئێدی. چیرۆکەکە لە کۆتاییەوە، بە مردنی ئێدی لەژێر تیشکی خۆردا، دەست پێ دەکات. ڕەنگە لات سەیر بێت چیرۆکێک لە کۆتاییەوە دەست پێ بکات، بەڵام هەموو کۆتاییەکان سەرەتاشن، تەنیا ئەوەیە ئێمە لە کاتی خۆیدا درکی پێ ناکەین.

دواکاتژمێری ژیانی ئێدی، وەک زۆربەی کاتژمێرەکانی تر، لە *شاری یاریی ڕووبی* تێپەڕی. ڕووبی شارێکی یاریی گەورە بوو، لەسەر زەریایەکی خۆڵەمێشیی بەرین. وەک هەر شارێکی یاریی تری هاوشێوە، ڕێگەیەکی دەستکردی دارینی بۆ پیاسە و هاتوچۆ تێدا دروست کرابوو. جگە لەمەش، *چەرخوفەلەکێکی* بەرز و *یاریی ڕەوڕەوەی مەرگ و سەیارەی پیاکەوتن* و چەندین مێزی فرۆشتنی *نوقولی توفیشی* تێدا بوو، هۆڵێکی داخراویشی هەبوو بۆ یارییە جۆراوجۆرەکان و تیایدا دەتتوانی بە دەمانچەی ئاو، ئاو هەڵبدەیت بۆ ناو دەمی لێبووکێکی گاڵتێنە، کە بە جلی سەیر و پێکەنیناوییەوە بەرامبەرت دەوەستا و بەشێک بوو لە یارییەکە. شاری یاریی ڕووبی یارییەکی تازەی بۆ هاتبوو، بە ناوی *یاریی*

کەوتنەخوارەوەی سەربەست. ئەمە ئەو یارییە بوو، کە ئێدی بە هۆیەوە دەمرد و دواتریش هەواڵی مردنەکەی بە وڵاتدا بڵاو دەبووەوە.

ئەو ڕۆژەی مردن گەیشتە سەری، ئێدی پیاوێکی سەرسپیی پیری باڵاکورت بوو، ملێکی کورت و سینگێکی پانی هەبوو، قۆڵەکانی ئەستوور بوون، تاتۆیەکی سەربازیی کاڵبووەوەش لەسەر شانی ڕاستی نەخشێندرابوو. قاچەکانی باریک بوون و دەمارەکانیان دەر کەوتبوون، ئەژنۆی چەپیشی -کە لە جەنگدا برینددار بووبوو - بە هۆی هەوکردنی جومگەکەیەوە، تەواو پەکی کەوتبوو، بۆیە بۆ ڕۆیشتن، گۆچانی بەکار دەهێنا. پیری و تیشکەکانی خۆر دەموچاوی ئێدییان چرچ کردبوو، سمێڵە بابرەکەی و چەناگە دەرپەڕیوەکەشی خۆبەزلزانتر، لەوەی هەبوو، دەریان دەخست. زۆر جار، ئێدی جگەرەیەکی دەخستە سەرگوێی چەپی، چەند کلیلێکی بە قاییشەکەیەوە دەکرد، پێڵاوی بنتەختی لەپێ دەکرد و کڵاوێکی خامی کۆنیشی دەکردە سەری. بە جلە قاوەییە کاڵەکەیدا وا دەر دەکەوت، کارمەندی شاری یارییەکە بێت، هەر بەڕاستییش کارمەندی شاری یارییەکە بوو.

کاری ئێدی ئەوە بوو ئاگای لە یارییەکان بێت و دڵنیا بێت لەوەی هیچ مەترسییەکیان تێدا نییە. هەموو پاشنیوەڕۆیەک، بە شاری یارییەکەدا دەگەڕا و لە نزیکەوە سەیری هەموو یارییەکانی دەکرد، هەر لە *یاریی کورسیی خولاوەوە* تا یارییە ئاوییەکان. ئێدی دەگەڕا بزانێت هیچ کورسییەک

نەشکاوە، هیچ بۆڵتێک شل نەبووەتەوە، یان هیچ سکەیەک نەخوراوە. هەندێک جار دەوەستا و سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد. ئەوانەی بەلایدا تێدەپەڕین، وایان دەزانی کێشەیەک هەیە، بەڵام ئێدی تەنها گوێی دەگرت و تەواو. دوای ئەو هەموو ساڵە لە کارکردن لەو شاری یارییە، ئێستا ئێدی دەیتوانی تەنها بە گوێگرتن لە تەقەتەق و خرەخرەکان، بزانێت یارییەکان کێشەیان تێدایە یان نا.

ئێدی، لەو پەنجا خولەکەدا کە لەسەر زەوی مابووی، دواپیاسەی خۆی بە شاری یاریی ڕووبیدا کرد. بەلای ژن و مێردێکی بەساڵاچوودا تێپەڕی، دەستێکی برد بۆ کڵاوەکەی و لەژێر لێوەوە پێی گوتن، "ها، چۆنن؟"

ژن و مێردەکە، بەڕێزەوە سەرێکیان بۆ لەقاند. ئەوانەی سەردانی ئەو شوێنەیان دەکرد – لانی کەم ئەوانەی زووزوو دەهاتن – ئێدییان دەناسی و لە خەیاڵی خۆیاندا ئەو شاری یارییە و ڕوخساری ئێدییان پێکەوە گرێ دابوو، بۆیە هاوین دوای هاوین دەر دەکەوتنەوە و ئێدییان لەوێ دەبینییەوە. ئەو کراسەی ئێدی بۆ ئیش لەبەری دەکرد، باجێکی پێوە بوو، لەسەری نووسرابوو *ئێدی* و لەخوار ناوەکەشیەوە، نووسرابوو *چاودێر*. هەندێک جار خەڵک بانگیان دەکرد و دەیانگوت، "چۆنی ئێدی چاودێر" بەڵام ئێدی، هیچ کاتێک، ئەمەی بەلاوە شتێکی پێکەنیناوی نەبوو.

بەڕێکەوت، ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونی هەشتاوسێ ساڵەی ئێدی بوو. هەفتەی پێشوو پزیشکێک پێی گوتبوو، کە تووشی

نەخۆشیی شینگل* بووە. ئیدی هەر نەیدەزانی *تلۆق* چییە. سەردەمانێک ئەم پیاوە ئەوەندە بەهێز بوو، لە یەک کاتدا بە هەر دەستە ئەسپێکی *یاریی بابەخولێکە*ی هەڵدەگرت. بەڵام ئیتر ئەوە جاری جاران بوو.

"ئیدی! دە با منیش بێم! لەگەڵ خۆت سەرم بخە."

ئیدی چل خولەکی ماوە. بەرەو بەشی پێشەوەی *یاریی ڕەوڕەوەی مەرگ* ڕۆیشت. ئیدی بە لایەنی کەمەوە هەفتەی جارێک، بۆ ئەوەی دڵنیا ببێت لەوەی باش دەجووڵێن و بەبێ مەترسی دەوەستنەوە، سواری هەموو یارییەکان دەبوو. ئەمڕۆ سەرەی تاقیکردنەوەی یاریی ڕەوڕەوەی مەرگ بوو- ئەو یارییەی ناویان نابوو *ڕەوڕەوەی گیانکێشان*. ئەو منداڵانەی ئیدییان دەناسی، هاواریان دەکرد و داوایان لە ئیدی دەکرد لەگەڵ خۆی سەریان بخات.

منداڵان ئیدییان خۆش دەویست، بەڵام هەرزەکاران نا. هەرزەکار سەرئێشەیان بۆ دروست دەکرد. لە ماوەی ساڵانی کارکردنیدا لە شاری یاریی ڕووبی، ئیدی هەموو جۆرە هەرزەکارێکی بێئیشی مڕومۆچی بینیبوو، بەڵام منداڵان جیاواز بوون و کاتێک سەیری ئیدییان دەکرد -کە بە شەویلکە داکەوتووەکەیەوە وا دەر دەکەوت دۆلفین بێت و زەردەخەنەی کردبێت - متمانەیان پێ دەکرد، بۆیە هەر کە دەر دەکەوت، بەرەو ڕووی دەچوون، باوەشیان پێدا دەکرد و یارییان بە کلیلەکانی دەکرد، ئیدییش تۆزێک خۆی

---

* نەخۆشیی شینگل: نەخۆشییەکە و دەبێتە هۆی دروستبوونی تلۆق لەسەر پێست.

مۆن دەکرد و هیچی نەدەگوت. ئێدی دەیزانی منداڵان بۆیە خۆشیان دەوێت، چونکە زۆریان لەگەڵ نالێنت.

ئێدی دەستی کێشا بە شانی دوو کوڕی منداڵدا، کە کڵاوی یاریی بەیسبۆڵیان بەپێچەوانەوە لەسەر کردبوو. کوڕەکان دەستبەجێ ڕایان کرد شوێنێک بۆ خۆیان بگرن و بچنە ناو یەکێک لە کورسییەکانی یارییەکەوە و بەئاقڵی دابنیشن. ئێدی گۆچانەکەی دایە دەست ئەو کارمەندەی لێپرسراوی یارییەکە بوو، ئینجا بەهێواشی خۆی نزم کردەوە و چووە نێوان کوڕە بچووکەکانەوە دانیشت.

یەکێک لە کوڕەکان لە خۆشییان هاواری کرد، "دەڕۆین، ئێستا دەڕۆین،" ئەوەی تریشیان دەستی ئێدیی گرت و خستیە سەر شانی خۆی. ئێدی دەسکی پێشەوەی کورسییەکەی بۆسەر باوەشی خۆی و کوڕەکان دادایەوە و خرەخرِ یارییەکە بەرەوسەر کەوتە ڕێ.

ئێدی، کە خۆی لەم شاری یارییەدا گەورە بووبوو، قسەی ئەوەی لەسەر بوو، کە گوایە لە هەرزەکاریدا لە کۆڵانی خۆیان شەڕی کردووە. چیرۆکەکە بەم شێوەیە هاتبوو: پێنج منداڵی گەڕەکی پیتکین شەڕیان بە جۆی برای فرۆشتبوو، ئێدییش لەو ناوە، لەسەر پلیکانەکانی بەردەگایماڵێک خەریکی لەفەخواردن بووبوو، لەناکاو قیژەی جۆ هاتبوو، بۆیە ئێدی دەستبەجێ ڕای کردبوو بۆ کۆڵانەکە و لەوێ بە یەک سەرەتەنەکەخۆلی گەورە، هەردوو منداڵەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانە کردبوو.

دوای ئەوەش جۆ، لە شەرمەزاریدا، دوو مانگ قسەی

لەگەڵ ئیدی نەکردبوو. جۆ نۆبەرەی خێزانەکە بوو، کەچی ئیدی لەسەر ئەوی کردبووەوە.

"ئیدی، توو خوا با یەک جاری تر تازەی بکەینەوە، باش؟"

ئیدی سیوچوار خولەکی مابوو. دەسکەکەی بەردەم خۆی و منداڵەکانی بەرز کردەوە و مەساسەیەکی بە هەریەک لە منداڵەکان دا، ئینجا بەشەلەشەل چوو بۆ وەرشەی ئامێر و یارییەکان، تا لەوێ تۆزێک خۆی فێنک بکاتەوە. ئیدی، ئەگەر بیزانییایە مردنەکەی ئەوەندە نزیک بووەتەوە، ڕەنگە بچوایە بۆ شوێنێکی تر، بەڵام ئەوەی کرد، کە هەریەکێکمان دەیکرد: لەسەر هەمان شتە ڕۆتینییەکانی ڕۆژەکەی بەردەوام بوو، وەک ئەوەی هەموو ڕۆژەکانی دونیا هیی ئەو بن و جاری نەهاتبن.

یەکێک لەو کارمەندانەی لە وەرشەکەدا کاری دەکرد، کوڕێکی سیسەڵە بوو بە ناوی *دۆمینگێز*. دۆمینگێز ئەوەندە سیس بوو، ئیسقانەکانی ڕوومەتی دەر پەڕیبوون. بۆخۆی لای بەرمیلی ڕۆنە ڕەشەکەوە خەریک بوو گریسی تایەیەکی دەسڕی.

گوتی، "هاااا ئیدی!"

ئیدی وەڵامی دایەوە، "هااا!"

وەرشەکە بۆنی وردەداری لێ دەهات، تاریک و قەرەباڵغ بوو، بنمیچەکەشی زۆر نزم بوو. بە یەکێک لە لادیوارەکانیەوە تەختەیەکی کونکونی گەورە هەڵواسرابوو، کە سەرتاپای دریل و مشار و چەکوش و شتی وای پێدا هەڵواسرابوو. پارچەی

یارییەکان، هەر لە کۆمپریسەر و مەکینە و قاییش و گڵۆپ و بەشی سەرەوەی جەستەی چەتەیەکی دەریا، لەو ناوە بڵاو بووبوونەوە. لەپاڵ یەکێک لە دیوارەکاندا، قووتووی بەتاڵی قاوە دانرابوون و پڕ کرابوون لە بزمار و برغوو، بەردەم دیوارەکەی ئەوبەریش، هەمووی سەتڵە گریس بوو.

ئێدی هەموو جارێک دەیگوت، قاپشتن چەندەی ئەقڵ دەوێت، گریسکردنی زنجیر و پارچەی یارییەکانیش هەر ئەوەندە، تەنیا ئەوەیە لە دووەمیاندا لەجیاتیی ئەوەی دەستت پاک ببێتەوە، پیس دەبێت. ئێدی خۆشی ئەم جۆرە ئیشانەی دەکرد: گریسکردن، تایمدانی ئیستۆپی یارییەکان، توندکردنەوەی بۆڵتەکان و سەیرکردنی بۆردی کارەبایی یارییەکان. لە ڕاستیدا، ئێدی زۆر جار ئاواتی خواستبوو ئەو شوێنە بەجێ بهێڵێت و ئیشێکی تر بدۆزێتەوە و ژیانێکی تازە بۆ خۆی پێکەوە بنێت، بەڵام شەڕ نەیهێشتبوو، بۆیە پلانەکانی ئەویش هەرگیز سەریان نەگرتبوو. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، ئێدی تێبینیی کرد سەری خەریکە سپی دەبێت و پانتۆڵی فشتر لەبەر دەکات. هەرچۆنێک بێت، بەناچاری ئێستای ژیانی خۆی قبوڵ کرد، بەڵام دەیزانی داهاتووشی هەر وا دەبێت، دەیزانی دەبێت ئەوەی کە لە تەمەنی ماوەتەوە – بە هەمان شێوەی ئەوەی لە تەمەنی ڕۆیشتبوو – هەر لەسەر ڕۆخی دەریا و لەنێو بۆنی سۆسجی سوورکراوە و پێکەنینی ساختەدا بەسەر بەرێت.

ئێدی، وەکوو باوکی، کارمەندی *بەشی وەرشە* بوو، لەسەر پێنەکەی سەرسینگی کراسەکەشی نووسرابوو *چاودێر*. لە ڕاستیدا، ئێدی *لێپرسراوی چاودێران* بوو، یان

وەک منداڵەکان دەیانگوت، ئێدی "کابرای یارییەکانی شاری یاریی ڕووبی" بوو.

ئێدی سی خولەکی ماوە.

دۆمینگیز گوتی، "ئەرێ بیستوومە ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونتە! بەخۆشی، بەخۆشی."

ئێدی هیچی نەگوت.

"ئەی ئاهەنگێک، شتێکمان بۆ ناکەی؟"

ئێدی بە شێوەیەک سەیری دۆمینگیزی کرد، وەک ئەوەی بە شێتی بزانێت. بۆ ساتێک بیری لەوە کردەوە کە چەند سەیرە لە شوێنێکدا پیر ببیت، کە یەکپارچە بۆنی پەشمەکی لێ بێت.

"ئێدی گیان، من هەفتەی داهاتوو لە دووشەممەوە لێرە نابم، دەڕۆم بۆ مەکسیک."

ئێدی سەرێکی لەقاند و دۆمینگیز سووکەسەمایەکی کرد.

"لەگەڵ تێریسا، دەڕۆین کەسوکار بەسەر دەکەینەوە... بۆخۆمان دەیکەین بە بەزم و جەفەنگ."

کاتێک دۆمینگیز زانیی ئێدی بەوردی لێی دەڕوانێت، لە سەماکەی وەستا، ئینجا گوتی، "تۆ قەت چووی؟"

"بۆ کوێ؟"

"مەکسیک."

ئێدی، بە لووت هەناسەیەکی دایەوە، "کاکی خۆم، من بەس چووم بۆ ئەو شوێنانەی بە چەکەوە نێردراوم بۆیان."

دۆمینگیز خەریک بوو دەگەڕایەوە بۆ لای بەرمیلی ڕۆنە ڕەشەکە. ئێدی سەیرێکی کرد و بۆ ساتێک بیری

کردەوە، ئینجا سەفتەیەکی بچووک پارەی دەر هێنا و ئەو دوو بیستدۆلارییەی دەر کێشان، کە تێیدا بوون، "ها، بگرە. شتێکی جوانی پێ بکرە بۆ ژنەکەت."

دۆمینگێز سەیری پارەکەی کرد، زەردەخەیەکی قووڵی کرد و گوتی، "ئەوە بەڕاستتە؟"

ئێدی پارەکەی خستە ناو مستی دۆمینگێز و ڕۆیشت بۆ کۆگەی هەڵگرتنی ئامێرەکان. چەند ساڵێک لەوەوبەر کونێکی بچووکی ماسیگرتن لەسەر ئەو ڕێگە دارینەیە دروست کرابوو، کە خەڵک پیاسەیان بەسەردا دەکرد. ئێدی سەرقاپی پلاستیکیی سەر کونەکەی لا برد و سەیرێکی خوارەوەی کرد. هێشتا هەویرەکە هەر بە قولاپەکەوە مابوو.

دۆمینگێز بە دەنگی بەرز گوتی، "چییە، هیچمان نەگرتووە؟ توو خوا بڵێ گرتوومانە!"

ئێدی پێی سەیر بوو کە دۆمینگێز ئەوەندە گەشبین بوو بەو ڕاوەماسییە، چونکە ئەوان هەمیشە قولاپەکەیان بەبەتاڵی هەڵکێشابووەوە سەرەوە.

دۆمینگێز دووبارە هاواری کردەوە، "هەر ڕۆژێک دێ ماسییەکی *هەلبووت** بگرین."

ئێدی لەژێر لێوەوە گوتی، "بەڵێ، بەڵێ، دەیگرین." هەرچەندە باش دەیزانی ماسیی وا گەورە هەرگیز بەو کونە بچووکەدا نایەتە سەرەوە.

ئێدی بیستوشەش خولەکی ماوە. بەرەو کۆتاییی ڕێگە

---

* هەلبووت گەورەترین جۆری ماسیی پانە و بۆ خواردن دەشێت. بەزۆری لە زەریای بەستەڵەکی باکووردا دەژی.

دارینەکە ڕۆیشت. ئەو ڕۆژە شوێنەکە زۆر جانجاڵ نەبوو، کچی پشت مێزەکە بۆخۆی ئانیشکی دادابوو، گلۆپی بە بنێشتەکەی دەکرد و دەیتەقاند.

جاری جاران، شاری یاریی ڕووبی خۆشترین شوێن بوو لە وەرزی هاویندا. فیلی لێ بوو، یاریی ئاگرینی لێ دەتەقێنرا، پێشبڕکێی سەمای تێدا دەکرا، بەڵام ئێستا ئیتر خەڵک ئەوەندە نەدەچوون بۆ ئەو شاری یارییانەی لەسەر دەریا بوون، بەڵکوو لەجیاتیی ئەوە، دەچوون بۆ ئەوانەی تیایاندا بە حەفتاوپێنج دۆلار بلیتێکت دەکڕی و وێنەیەکت لەگەڵ کارەکتەرێکی گەورەی ناو فیلم کارتۆنەکانیش دەگرت. ئێدی بەشەلەشەل خۆی گەیاندە یاریی سەیارەی پیاکەوتنەکە و بینیی کۆمەڵێک هەرزەکار خۆیان بەسەر محەجەرەکەدا شۆڕ کردووەتەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی، "بە خوا جوانە! هەر لە ئەمەمان کەم بوو."

ئێدی بە گۆچانەکەی بە محەجەرەکەیدا کێشا و گوتی، "وەرنە دواوە، ئەو خۆشۆڕکردنەوەیە سەلامەت نییە."

هەرزەکارەکان بەمۆنی سەیرێکی ئێدییان کرد. سەیارەکان شیشێکی درێژیان پێوە بوو، کە لە سەرەوە لە تەلی کارەبایی دەدا و قرچەقرچی دروست دەکرد.

ئێدی لێی دووبارە کردنەوە، "سەلامەت نییە، کاکە گیان."

هەرزەکارەکان سەیرێکی یەکتریان کرد. یەکێکیان، کە تۆزێکی قژی پرتەقاڵی کردبوو، خێسەیەکی لە ئێدی کرد و بازی دایە ناو مەیدانی سووڕانەوەی سەیارەکان.

کوڕەکە دەستی بۆ شۆفێرەکان ڕادەوەشاند و بە دەنگی بەرز دەیگوت، "دەی، دەی لێم بدەن، لێم..."

ئێدی ئەوەندە بەقاییمی گۆچانەکەی بە محەجەرەکەدا

کیشا، خەریک بوو گوێچانەکەی دوولەت ببێت.
"وەرە دەرەوەەەەە!"
هەرزەکارەکان قووچاندیان.

ئێدی قسەیەکی تریشی لەسەر بوو. ئەو کاتەی سەرباز بووبوو، چەندین جار بەشداریی شەڕی کردبوو، ئازایانەش جەنگابوو، تەنانەت مەدالیایەکی ئازایەتییشی پێ بەخشرابوو، بەلام لە ماوەی کۆتاییی خزمەتەکەیدا، لەگەل یەکێک لە سەربازەکانی خۆیان کردبووی بە شەڕ، بەو هۆیەشەوە بریندار بووبوو. کەسیش نەیزانی چی بەسەر ئەو سەربازە هات، کە ئێدیی بریندار کرد.
لە ڕاستیدا کەس لە هەواڵی نەپرسییەوە!

ئێدی، لەو نۆزدە خولەکەدا کە مابووی، بۆ دواهەمین جار لەسەر کورسییەکی ئەلەمنیۆمی کۆن دانیشت. قۆڵە کورتە بەهێزەکانی وەک دەستی سەگی دەریا خستبووە سەر سینگی. تیشکی خۆر قاچەکانی سوور کردبووەوە، ئەژنۆی چەپیشی هێشتا نیشانەی برینداربوونی پێوە مابوو. لە ڕاستیدا، زۆربەی ئەندامەکانی جەستەی ئێدی بەئاشکرا پێیان دەگوتی، کە ئەو پیاوە زۆر شتی قورسی بەسەر هاتووە و ڕزگاری بووە. بە هۆی ئەو هەموو شکاوییانەشەوە کە لە کاتی چاککردنەوەی مەکینە و ئامێرەکاندا تووشیان بووبوو، پەنجەکانی بە گۆشەی سەیر خوار بووبوونەوە. لەو شەڕانەدا کە ئێدی پێی دەگوتن *شەڕی هەرزەکارانە*، چەند جارێک لووتی شکابوو. ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو

دەموچاو و شەویلکە پانەی قوز دەریان خستبێت، هەر وەک پاریزانیکی یاریی بۆکسین، پێش ئەوەی بەرامبەرەکەی بەر بۆکسی بدات.

ئێدی ماندوو دیار بوو. لەسەر ڕێگە دارینەکە و لە جێگە تایبەتییەکەی خۆی، کە دەکەوتە پشت *یاریی ڕەورەوەی کەروێشکەوە*، دانیشت. هەر ئەو شوێنە لە هەشتاکاندا *یاریی مەورەتریشقە* بوو، لە حەفتاکانیشدا *یاریی ماری ستیل* و لە شەستەکاندا *یاریی بابەخولی مەساسە* و لە پەنجاکاندا *یاریی تونێلی ترس* و پێش ئەوەش، سەکۆیەکی گۆرانیگوتن و نمایش بوو بە ناوی *سەکۆی ستاردەست*. ئا لەم سەکۆیەدا بوو، کە ئێدی بۆ یەکەمین جار *مارگرێتی* بینی.

ژیانی هەموو کەسێک، یەک دیمەنی خۆشەویستیی ڕاستەقینەیی تێدایە. لە ژیانی ئێدیدا، ئەو دیمەنە لە دوانیوەڕۆیەکی گەرمی مانگی ئەیلولدا هات، ئەویش دوای گەردەلوولێک، کە ڕێگە دارینەکەی وەک ئیسفنج خووساند. مارگرێت عەزییەکی لۆکەی زەردی لەبەردا بوو، تەوقەیەکی پەمەییش بە قژیەوە بوو. ئێدی زۆر قسەی نەدەکرد، ئەوەندە نائارام بوو، دەتگوت زمانی بە مەلاشوویەوە نووساوە. ئێدی و مارگرێت پێکەوە بۆ ئەو مۆسیقایە سەمایان کرد، کە گرووپی بەناوبانگی *لۆنگ لێک دیلانێی* و *ئۆرکسترای ئێڤەرگلەید* لەسەر سەکۆکە لێیان دەدا. ئێدی شەربەتێکی لیمۆی بۆ مارگرێت هێنا. مارگرێت گوتی، کە دەبێت پێش ئەوەی دایک و باوکی تووڕە بین، بڕوات، بەلام لەگەل ڕۆیشتنیدا، ئاوڕێکی دایەوە و دەستێکی بۆ ئێدی بەرز کردەوە.

ئەمە دیمەنەکەی ناو ژیانی ئێدی بوو. ئێدی، تا کۆتاییی ژیانیشی، هەرکاتێک بیری لە مارگرێت دەکردەوە، ئەو دیمەنەی دەهاتەوە بەرچاو: دەست بەرزکردنەوەکەی و قژە ڕەشەکەی - کە بەسەر چاوێکیدا هاتبووە خوار- لە دڵیشیدا هەمان هەستەکانی ئەو ساتەی بۆ دەگەڕایەوە.

ئێدی، هەر ئەو شەوە، دوای ئەوەی گەیشتەوە ماڵەوە، برا گەورەکەی خەبەر کردەوە و پێی گوت، ئەو کچەی بینیوە، کە دەبێتە هاوسەری.

براکەی بەپەستی گوتی، "باشە تۆش! دە بڕۆ بخەوە، دەی."

وشششش! شەپۆلێک خۆی بە کەنارەکەدا دا. ئێدی کۆکی و شتێک لە دەمی هاتە دەرە، بەڵام نەیویست بزانێت چییە. تفێکی کرد و ئاسایی بووەوە.

وشششش!

ئێدی جاران زۆر بیری لە مارگرێت دەکردەوە، بەڵام ئێستا کەمتر. لای ئێدی، مارگرێت وەک برینی ژێر لەفافێکی کۆنی لێ هاتبوو. ئێستا ئیتر بە لەفافەکە ڕاهاتبوو.

وشششش!

نەخۆشیی شینگل؟

وشششش!

ئێدی شازدە خولەکی مابوو.

هیچ چیرۆکێک تەنیا نییە، هەندێک جار چیرۆکەکان لە پەناوپەساردا یەکتر دەبینن و یەک دەگرن، هەندێک جاریش

وەک چەوی بنی ڕووبارەکان، تەواو تێکەڵی یەکتر دەبن.

کۆتاییی چیرۆکەکەی ئێدی لەگەڵ چیرۆکێکی تر - کە ئەو کاتە زۆر سادە دەر دەکەوت - تێکەڵ بوو. سەرەتای ئەم چیرۆکەی تر دەگەڕایەوە بۆ چەند مانگێک لەوەوپێش کاتێک لە شەوێکی هەوردا، کوڕێکی گەنج و سێ هاوڕێی هاتبوون بۆ شاری یاریی ڕووبی.

کوڕە گەنجەکە - کە ناوی *نیکی* بوو - تازە فێری شۆفێری بووبوو، بۆیە جارێ زۆر باش نەیدەزانی ئاگای لە مەدالیای کلیلەکانی بێت و هەڵی بگرێت، لەبەر ئەوە سویچەکەی لێ کردبووەوە و بە جیا لە گیرفانی چاکەتەکەیدا هەڵی گرتبوو، چاکەتەکەشی بە ناوقەدیەوە گرێ دابوو.

لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا، نیکی و هاوڕێکانی هەموو یارییە خێراکانی شاری یاریی ڕووبییان تاقی کردەوە: *هەڵۆ فڕیوەکە، یاریی هەڵگەڕانەوە، کەوتنە خوارەوەی سەربەست،* لە کۆتاییشدا، *یاریی ڕەورەوەی مەرگ*.

یەکێک لە هاوڕێکانی نیکی هاواری کرد، "دەستتان بەرز بکەنەوە، ئاوا زۆر خۆشە."

هەموو دەستیان بەرز کردەوە.

دواتر، کاتێک دونیا تاریک بوو، نیکی و هاوڕێکانی بەشەکەتی و بەدەم پێکەنین و بیرەخواردنەوەوە هاتنەوە بۆ گەراجەکە. نیکی دەستی بە گیرفانی چاکەتەکەیدا کرد، بۆ سویچەکە گەڕا و لەبەر خۆیەوە جنێوێکی دا؛ سویچ نەمابوو!

ئێدی چواردە خولەکی مابوو. بە دەستەسڕێک برۆکانی سڕی. تیشکە ئاڵتوونییەکانی خۆری ئەو پاشنیوەڕۆیە لەسەر

ڕووی زەریاکە سەمایان دەکرد و ئێدییش بەوردی سەیری جووڵە خێراکانیانی دەکرد. ئێدی لە سەردەمی سالانی جەنگەوە لەسەر قاچەکانی خۆی قنجوقیت نەوەستابوو، بەلام کاتی خۆی، تا ئەو کاتەش کە مارگریتی لە سەکۆی ستاردەست بینی، چالاک و سووکەڵە مابووەوە. ئێدی چاوەکانی نووقاند و ئەو گۆرانییەی هێنایەوە بیری خۆی، کە ئەو و مارگریتی پێکەوە گری دەدا. *جوودی گارلاند* گۆرانییەکەی لە فیلمێکدا گوتبوو. ئیستاش، لەگەڵ دەنگی شەپۆلەکان و قیژەی ئەو منداڵانەی سواری یارییەکان ببوون، گۆرانییەکە لە مێشکی ئێدیدا تێکەڵ بووبوو.

"وات لی کردم خۆشم بوێیت..."

شششششش

... "مەهێڵە. من نەمدەویست...."

شلااااااپ

"خۆۆۆشم بوێێێت."

ییییییی

..." دەتزانی و هەموو شتێک..."

شششششششش

..." خۆم دەمزانی...

ئێدی هەستی بە دەستەکانی مارگریت کرد لەسەر شانی. بۆ خاتری ئەوەش کە یادگارییەکە بەتەواوی زیندوو بکاتەوە، چاوەکانی توند نووقاند.

یازدە خولەک ماوە.

"بە یارمەتیت."

کچێک، کە تەمەنی هەشت -نۆ ساڵێک دەبوو، لە بەردەم ئێدیدا وەستا و بەری خۆرەکەی لێ گرت. کچەکە قژی زەرد و لوول بوو، شۆرتێکی کاوبۆی کورت و تیشێرتێکی سەوزی کاڵی لەبەردا بوو - وێنەی مراوییەک لەسەر بەشی پێشەوەی تیشێرتەکەی بوو-جووتێک نەعلی یەکتالیشی لەپێ کردبوو. ئێدی وای بۆ دەچوو، ناوی *ئەیمی* یان *ئانی* بێت. دڵنیا نەبوو. تا ئەو کاتە، ئێدی ئەو کچەی لەگەڵ دایک، یان باوکی نەبینیبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هاوینە کچەکە زووزوو دەهات بۆ شاری یارییەکە.

کچەکە دووبارە گوتی، "بە یارمەتیت، کاک ئێدیی چاودێر."

ئێدی هەناسەیەکی دایەوە و گوتی، "بڵێ *ئێدی* و تەواو."

"ئێدی؟"

"فەرموو، چی؟"

"دەتوانی هێنێکم بۆ دروست..."

کچە، وەک ئەوەی نزا بکات، دەستەکانی بەیەکەوە نووساند و بەرەو ئێدی بەرزی کردنەوە.

"دەی، ڕۆڵە، بیڵێ، درەنگمە."

"دەتوانی ئاژەڵێکم بۆ دروست بکەی؟"

ئێدی، وەک ئەوەی بیر لە وەڵامێک بکاتەوە بۆ پرسیاری کچەکە، سەرێکی بەرز کردەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا، ئینجا دەستی کرد بە گیرفانی کراسەکەیدا و سێ دانە لەو پارچە تەلە باریکانەی دەر هێنا، کە بەرگێکی قوماشیان تێ گیرابوو. لە بنەڕەتدا، تەلەکان زیاتر بۆ پاککردنەوەی سەبیلی جگەرەکێشان بەکار دەهاتن، بەڵام ئێدی تەنیا بۆ ئەم بەزمی

ئاژەڵدروستکردنە هەڵی دەگرتن.

کچەکە لە خۆشییان دەستی کرد بە چەپڵەلێدان، "هێنی، بۆم دروست دەکا."

ئێدی دەستی کرد بە نووشتانەوە و هێنان و بردنی تەلە باریکەکان.

"ئەی دایک و باوکت کوان؟"

"چوون سواری یارییەکان ببن."

"ئەی بۆ تۆیان نەبردووە؟"

کچە شانێکی بەرز کردەوە و گوتی، "دایکم لەگەڵ خۆشەویستەکەیەتی."

ئێدی سەرێکی بەرز کردەوە. لە شتەکە تێگەیشت.

ئێدی چەند جارێک تەلەکانی نووشتاندەوە و تێکهەڵکێشی کردن. ئێستا دەستەکانی دەلەرزین، بۆیە دروستکردنی ئاژەڵ و ئەو شتانە کاتی زۆرتری لە جاران دەویست، بەڵام هەر زوو تەلەکان سەرێک و گوێچکە و لەش و کلکێکیان لێ دروست بوو.

کچە بچووکەکە گوتی، "هێنی، کەروێشک!"

ئێدی چاوێکی لێ داگرت.

"سوپاااااس."

کچەکە ڕای کرد بۆ لای یارییەکان و خۆی لەو ناوەدا ون کرد. ئەو شاری یارییە شوێنێک بوو، تیایدا منداڵان خەریک بوو لە خۆشییاندا باڵیان دەگرت. ئێدی دووبارە برۆکانی سری و چاوەکانی داخست، ئینجا خۆی دایەوە بە کورسییەکەدا و هەوڵی دا گۆرانییەکە بهێنێتەوە ناو مێشکی.

نەورەسێک قیڕەیەکی کرد و بەرەو سەرەوە لە شەقەی باڵی دا.

باشە خەڵک چۆن وشەکانی دواساتی ژیانیان هەڵدەبژێرن؟ تۆ بڵێی خۆیان هەست بکەن ئەوەندەیان لە ژیاندا نەماوە، بۆیە وا ژیرانە دەدوێن و مامەڵە دەکەن؟

ئێدی، تا ئەم ساتە، تەمەنی گەیشتبووە هەشتاوسێ ساڵ، زۆربەی زۆری خۆشەویست و کەسوکارەکەی نەمابوون. هەندێکیان هەر بەگەنجی مردبوون، هەندێکی تریان دەرفەتیان درابوو پیر ببن و دواتر نەخۆشییەک یان ڕووداوێک لەگەڵ خۆی بردبوونی. لە کاتی مەراسیمی بەخاکسپاردن و پرسەکاندا، ئێدی گوێی لێ دەبوو ئامادەبووان دەربارەی دواگفتوگۆی خۆیان لەگەڵ مردووەکە دەدوان و دەیانگوت، "بڕوا بکەن، دەتگوت دەزانی کە دەمرێ!"

ئێدی هەرگیز بڕوای بەم جۆرە قسانە نەدەکرد، ئەو دەیگوت هەرکاتێک سەرەت هات، دێت و تەواو. دەشێت چەند ساتێک پێش مردنەکەت، شتێکی ژیرانە بڵێیت، بەڵام خۆ دەشێت شتێکی بێمانا و هیچیش بڵێیت.

با هەر لێرەوە پێتان بڵێم، کە دوایین دوو وشەی ئێدی ئەمانە دەبن، "وەرنە دواوەەەە!"

ئەمانە ئەو دەنگانەن، کە لە دواساتەکانی ژیانی ئێدیدا دەبیسترێن: دەنگی شەپۆلەکان - کە دەیدەن بە کەنارەکەدا - دەنگی مۆسیقای ڕۆک، دەنگی فرەفڕی مەکینەی فڕۆکەیەکی بچووک، کە ڕیکلامێکی گەورەی بە کلکەکەیەوە بەستووە و دەسووڕێتەوە، ئەم دەنگەش، "ئەی هاوار! سەیر بکەن!"

چاوەکانی ئێدی لەژێر پێڵوەکانیانەوە خێراخێرا دەجووڵان. بەدرێژایی چەندین ساڵ کارکردن لە شاری یاریی ڕووبی،

ئێدی وای لێ هاتبوو هەموو دەنگەکانی ئەوێی لە یەکتر جیا دەکردوە و وەک لایلایە پێیان دەخەوت.

بەڵام ئەم جارەیان ئەو دەنگەی کە دەیگوت، "ئەی هاوار! سەیر بکەن!" بەشێک نەبوو لە لایلایەکە!

ئێدی قنج بووەوە. ژنێکی قۆڵئەستوور بە خۆی و عەللاگەکەی دەستیەوە، دەستی بۆ شتێک ڕادەکێشا و هاواری دەکرد. دەستبەجێ خەڵک لە ژنەکە کۆ بوونەوە و هەموو چاویان لە ئاسمان بڕی. ئێدییش سەیری کرد و شتەکەی بینی. لەسەری سەرەوەی *یاریی کەوتنەخوارەوەی سەربەستدا*، یەکێک لە کورسییەکان - وەک ئەوەی بیەوێت نەفەرەکانی هەڵبڕژێت - بە لایەکدا لار بووبووەوە. کورسییەکە چوار نەفەری تێدا بوو: دوو پیاو و دوو ژن. تەنیا یەک شیشی ئاسن هەرچوار نەفەرەکەی ڕاگرتبوو، بۆیە نەفەرەکان هەموو هەوڵێکیان دەدا، تا شتێکی تر بدۆزنەوە و دەستی پێوە بگرن و نەکەونە خوارەوە.

ژنە قەڵەوەکە هاواری دەکرد، "ئەی هاوار، فریای ئەو خەڵکە بکەون، دەکەونە خوارەوە."

قیرەیەک لە ڕادیۆکەی سەر کەمەری ئێدییەوە بەرز بووەوە، "ئێدی! ئێدییی!"

ئێدی پەنجەی بە دوگمەی وەلامدانەوەدا نا، "چاوم لێیەتی! خێرا تیمی فریاکەوتن بنێرن، خێرا!!!"

خەڵک لە کەناردەریاکەوە بەڕاکردن - وەک ئەوەی پێشتر خۆیان بۆ ئەم جۆرە ڕووداوانە ئامادە کردبێت - بەرەو شوێنەکە دەهاتن. هەموو ئەوانەی لەوێ خڕ بووبوونەوە بە یەکتریان دەگوت، "سەیری سەرەوە بکە! چۆن ئەو یارییە

لەو خەڵکە کەر بوو." ئیدی گۆچانەکەی هەڵگرت و بەقاییمی کێشای بەو مەحەجەرە ئاسنەدا، کە لە خوارەوە، لەدەوری یارییەکە دروست کرابوو. کلیکەکانی سەر کەمەری لەرینەوە، دڵی ئیدی زۆر خێرا لێی دەدا.

لە *یاریی کەوتنەخوارەوەی سەربەستدا*، دەبوو دوو کورسی بەیەکەوە، بەخێراییەکی زۆر، بێنە خوارەوە و لە ساتی کۆتاییدا بە ئیستۆپێکی هایدرۆلیکی بوەستنەوە. ئێستا چۆن بوو تەنیا یەک کورسی بەو شێوەیە لار بووبووەوە؟ کورسییەکە - وەک ئەوەی ویستبێتی بکەوێتە خوارەوە و لەناکاو ڕای گۆڕیبێت - تەنیا چەند پێیەک هاتبووە خوار ئەو شوێنەی نەفەرەکان لێوەی سواری یارییەکە دەبوون.

ئیدی خۆی گەیاندە دەرگای یارییەکە. هەناسەی لەبەر برابوو. دۆمینگێز بەڕاکردن گەیشتە لای ئیدی و خەریک بوو خۆی پێدا بدات.

ئیدی ئەوەندە بەتوندی شانی دۆمینگێزی گرت، دەموچاوی دۆمینگێز لە ئازاردا گرژ بوو. ئیدی پێی گوت، "گوێ بگرە! چ کارمەندێک لە سەرەوەیە؟"

"ویلی."

"باشە، ڕەنگە دەستی نابێ بە دوگمەی وەستانی کتوپڕدا، بۆیە کورسییەکە وەستاوەتەوە. هەر ئێستا بە پەیژەکەدا سەر بکەوە و بە ویلی بڵێ قاییشی نەفەرەکان بکاتەوە و پێکەوە، یەکەیەکە، دەریان بهێنن، باشە؟ قاییشی سەلامەتییەکە لە بەشی پشتەوە دەکرێتەوە، بۆیە تۆ دەبێ ویلی بگری، ئەویش خۆی شۆڕ بکاتەوە و قاییشەکان بکاتەوە، باشە؟ ئینجا... ئینجا هەردووکتان، هەردووکتان نەک یەکێکتان، دەستیان

بگرن و بیانهێننە دەرەوە، تێدەگەی؟ هەریەکەتان و ئەوەی تر بگری، تێگەیشتی؟ تێگەیشتیییی؟"

دۆمینگێز بەخێرایی سەری لەقاند.

"ئینجا ئەو کورسییە قۆرە بخەنە خوارەوە، بزانین بۆ وای لێ هاتووە."

ئێدی دەماری سەری بەرز بووبووەوە. هەرچەندە لە ماوەی خزمەتی ئەودا هیچ ڕووداوێکی خراپ ڕووی نەدابوو، بەڵام ئێدی مەترسییەکانی ئیشەکەی خۆی چاک دەزانی. جارێکیان لە برایتن*، لە *یاریی کوندولا*کەدا، بۆڵتێک شل بووبووەوە و دوو کەس تێدا چووبوون. جارێکی تر لە *پارکی خەونەکان*، پیاوێک ویستبووی بەسەر ڕێگەی ئاسنینی *یاریی ڕەوورەوەی مەرگ*ـەکەدا بپەڕێتەوە، بەڵام قاچی کەوتبووە ناو ئاسنەکانەوە و لەوێدا گیری خواردبوو، دواتریش نەیتوانیبوو بێتە دەرەوە و هەر هاواری کردبوو، بەڵام پاش کەمێک، عەرەبانەکە بە خۆی و نەفەرەوە بەرەو ڕووی هاتبوو... ئیتر ئاوا!

ئێدی ئەو بیرکردنەوانەی لە مێشکی خۆی دەر کرد. ئێستا تەواوی چواردەوری خەڵک بوو، هەموو دەستیان خستبووە سەر دەمیان و سەیری دۆمینگێزیان دەکرد، کە بە پەیژەکەدا سەر دەکەوتە سەرەوە. ئێدی هەوڵی دا بیری بکەوێتەوە پارچەکانی یارییەکە چین: مەکینەیەک، سلندەرێک، هایدرۆلیک، بۆربڕێنێک و کێبڵێک. بیری دەکردەوە بزانی

---

* شارێکە لە باشووری بەریتانیا و دەکەوێتە سەر کەناری کەنداوی ئینگلیزی. شارێکی یاریی گەورە لەسەر کەنارەکە دروست کراوە، کە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێت "Pier".

چۆن ئەو کورسییە وای لێ هاتووە. لە دوورەوە، هەر بە چاو لە یارییەکە ورد بووووە و لە چوار کەسە تۆقیوەکەی سەرەوەوە، تا بەشی خوارەوە، سەیری مەکینە و سلندەر و بۆربڕین و کێبڵ و هەموو شتێکی کرد.

دۆمینگێز گەیشتە سەرەوە و ئەوەی کرد، کە ئێدی پێی گوتبوو: ویلیی گرت و ویلییش خۆی شۆڕ کردەوە و قاییشەکەی کردەوە. یەکێک لە ژنەکان خۆی بۆ ویلی هەڵدا و خەریک بوو بیخاتە خوارەوە. لە خوارەوە خەڵکەکە هاواریان لێ بەرز بووەوە.

ئێدی لەژێر لێوەوە گوتی، "نەکەی، پەلە نەکەی!"

ویلی دووبارە هەوڵی دایەوە و ئەم جارەیان قاییشی سەلامەتییەکەی کردەوە.

ئێدی بەهێواشی گوتی، "دەی، دەی ئێنجا کێبڵەکە."

شیشی بەردەمی نەفەرەکان بەرز بووەوە و خەڵکەکەی خوارەوە ئاهێکیان بەبەردا هاتەوە. خێرا نەفەرەکان گوێزرانەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی سواری یارییەکە بووبوون.

"کێبڵەکە پێچی خواردووە."

ئێدی ڕاستی دەکرد. چەند مانگێک بوو لەو بەشەی ناوەوەی یارییەکەدا، کە لە چاو دیار نەبوو، کێبڵی کورسیی ژمارە دوو لەسەر خلۆکەکەی باش نەدەخولایەوە. بەهۆی ئەوەشەوە، وردەوردە خورابوو - وەک ئەوەی گەنمەشامی بێت و پەلکەکەی لێ کرابێتەوە. کێبڵەکە ئەوەندە خورابوو، کە خەریک بوو دەپچڕا. کەس تێبینیی ئەوەی نەکردبوو. جا چۆن تێبینیی بکەن؟ تەنیا ڕێگە بۆ ئەوەی پێشوەخت بەو کێشەیە بزانرێت، ئەوە بوو کەسێک بچێت مەکینە و

پارچەکانی ناوەوەی کورسییەکان بپشکنێت.

ئەو خلۆکەیەی کێبڵ و ددانەکانی کورسییەکەی لەسەر بوو، بە هۆی شتێکی بچووکەوە، کە لە ساتێکی زۆر هەستیاردا کەوتبووە ناوی، تێک چوو بوو. ئەو شتەش، سویچێکی سەیارە بوو.

ئێدی هەردوو دەستی بۆ ویلی ڕاوەشاند و هاواری لێ کرد، "کورسییەکە مەخەرە خوارەوە. خەتای کێبلەکەیە. مەیخەرە خوارەوە، دەپچڕێ."

دەنگی ئێدی لەناو دەنگی ئەو هەموو خەلکەدا ون بوو. هەر کە دۆمینگێز و ویلی دوانەفەریان هێنایە دەرەوە، هەموو ئەو خەڵکەی لەوێ خڕ بووبوونەوە، لە خۆشییان دەستیان کرد بە هاوارهاوار. هەرچوار نەفەرەکە سەلامەت دەر چوون و لەسەر سەکۆکەی سەرەوە باوەشیان بەیەکدا کرد.

کەسێک خۆی کێشا بە کەلەکەی ئێدیدا و ڕادیۆکەی لێ خستە خوارەوە. ئێدی نووشتایەوە هەڵی بگرێتەوە، ویلییش ڕۆیشت بۆ بەشی کۆنترۆل و پەنجەی خستەسەر دوگمە سەوزەکە. ئێدی سەری بەرز کردەوە.

"نا!نا! نەکەی پەنجەی پێدا نەنێی."

ئێدی گەڕایەوە بۆ لای خەڵکەکە و هاواری کرد، "وەرنە دواوەەە."

ڕەنگە شتێک لە دەنگی ئێدیدا هەبووبێت، کە سەرنجی خەڵکەکەی ڕاکێشابێت، بۆیە خێرا لە هاوارهاوار وەستان و بڵاوەیان لێ کرد. بۆشاییەک کرایەوە و ئێدی سەیرێکی ژێر یارییەکەی کرد، لەو سات و شوێنەدا بوو، کە ئێدی

دوادەموچاوی ناو ژیانی بینی.

کچێک لەسەر بنکەی یارییەکە دانیشتبوو، لەوە دەچوو خۆیان پێدا کێشابێت و لەوێدا خستبێتیان. لووتی ئاوی کردبوو، چاوەکانیشی پڕ بووبوون لە فرمێسک. ئەو کچەش بوو کە پێشتر ئێدی کەرویشکەکەی بۆ دروست کردبوو، *ئەیمی یان ئانی!*

کچەکە، کە گریا و هەنسک جەستەیان ڕەق کردبوو، لەسەر یەک ئاواز هاواری دەکرد، "دایە! دایکە، دایە، دایکە."

چاوەکانی ئێدی لەسەر کچەکەوە چوونە سەر کورسییەکە. ئایا ئەوەندەی کات لە بەردەستدا بوو شتێک بکات؟ کچەکە زۆر لە کورسییەکەوە...

گیڤڤڤڤ! تازە زۆر درەنگ بوو! کورسییەکە بەرەو خوار دەهات.

"ئەی هاوار! کورسییەکەی خستە خوارەوە."

هەموو جوولەیەک لە بەرچاوی ئێدیدا خاو بووەوە. گۆچانەکەی فڕێ دا و زۆری لە قاچە ناساغەکەی کرد بەدوایدا بێت. ئازارێکی پێ گەیشت، کە خەریک بوو بیدات بە زەویدا. هەنگاوێکی گەورەی نا، هەنگاوێکی تریش، لە سەرەوە، لەناو مەکینەی یارییەکەدا، دوایین سیمی کێبڵەکە پچڕا. کورسیی ژمارە دوو، وەک گوللە دەهاتە خوارەوە و هیچ شتێک نەبوو بەری پێ بگرێت، وەک ئەوەی تاوێرێکی زۆر گەورە بێت و بە خەرەندێکدا سەرەوخوار خلۆریان کردبێتەوە.

لەو دواساتانەدا، وا دەر کەوت ئێدی گوێی لە هەموو دەنگەکانی دونیا بێت: دەنگی قیژەیەکی دوور، دەنگی شەپۆلەکان، دەنگی مۆسیقا و گۆرانی، گڤەی بایەک،

دەنگێکی بەرزونزمی ناخۆش، کە تێگەیشت دەنگی خۆیەتی و لە سینگیەوە دێتە دەر. کچە بچووکەکە دەستەکانی بەرز کردنەوە. ئێدی خۆی بەرەورووی فڕێ دا و قاچە ناساغەکەی نووشتایەوە. ئێدی نیوەی ڕێگەکەی بە فڕین و نیوەکەی تریشی بەسینگەخشکێ بڕی و خۆی گەیاندە بنکەی یارییەکە. لەناکاو، کورسییەکە بە ئێدیدا درا و کراسەکەی و پێستەکەی و جەستەی - لە ئاستی ئەو باجەوە کە لەسەری نووسرابوو ئێدی/ چاودێر - بەقوولّی بڕی.

ئێدی هەستی بە زەبرێکی قورس و
ڕووناکییەکی بەهێز و
دوو دەستی بچووک کرد لەناو دەستەکانیدا.
دوای ئەوە، هەستی بە هیچی تر نەکرد.

ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونی ئێدییە

سالّی بیستەکانە و شوێنەکە نەخۆشخانەیەکی جەنجالّی یەکێك لە هەژارترین گەڕەکەکانی شارە. باوکی ئێدی و باوکەکانی تر لە ژووری چاوەڕوانی دانیشتوون و جگەرە دەکێشن. پەرستارەکە، بە خۆی و فایلێکەوە، کە چەند پەڕە کاغەزێکی تێدایە، خۆی دەکات بە ژووردا. بانگی دەکات و ناوەکەی بەهەڵە دەڵێت. پیاوەکان فیشکەی جگەرەیان دێت.

دەستی بەرز دەکاتەوە.

پەرستارەکە دەڵێت، "پیرۆزە."

بەدوای پەرستارەکەدا دەچێتەوە خوارەوە بۆ ژووری منداڵە تازەبووەکان. پێڵاوەکانی لەسەر کاشییەکان تەقەتەقیان دێت.

پەرستارەکەی پێی دەڵێت، "لێرە چاوەڕێ بکە."

لە پەنجەرەکەوە سەیر دەکات و دەبینێت پەرستارەکە بەلای قەرەوێڵە بچووکەکاندا دەڕوات و سەیری ژمارەکانیان دەکات. دانەیەکیان تێدەپەڕێنێت، ئەمەیان نییە، دانەیەکی تریش، ئەمەشیان نییە، دانەیەکی تریش، ئەمەش نییە، دانەیەکی تر، ئەمەش هەر هیی ئەو نییە.

پەرستارەکە دەوەستێت. *ئەوەتا!* لەژێر بەتانییەکەدا،

سەرێکی بچووك لەژێر کڵاوێکی شینەوە دیارە. پەرستارەکە دووبارە سەیرێکی فایلەکەی دەستی دەکاتەوە، ئینجا هەر بە ئاماژەی دەست بانگی باوکی دەکات.

باوکی هەناسەی سوار دەبێت و سەرێك دەلەقێنێت، بۆ ساتێك، دەموچاوی تێك دەچێت، وەك پردێکی ڕووخاو دێتە بەرچاو، کە خەریك بێت بەر بێتەوە بۆ ناو ڕووبارێك.

"خۆیەتی، ئەمەیانە."

گەشتەکە

ئیدی هیچ شتێکی دواساتی ژیانی خۆی نەبینی: نە شاری یارییەکە، نە ئەو خەڵکەی لەژێر یاریی کەوتنەخوارەوەی سەربەستدا خڕ بووبوونەوە، نە کورسییە فایبەرگلاسەکەش، کە دواجار بەر زەوییەکە کەوت و بوو بە هەزار پارچەوە.

لەو چیرۆکانەدا کە دەربارەی ژیانی دوای مردنن، زۆر جار ڕووحی مردووەکە بەسەر ئەو شوێنەدا دەسووڕێتەوە، کە کەسەکە تیایدا گیانی سپاردووە، بۆ نموونە، لەسەر ڕێگەیەکی دەرەوەی شار، ڕووحێک بەسەر سەیارەکانی پۆلیسەوە دێت و دەچێت، یان لە ژوورێکی نەخۆشخانەیەکدا، وەک جاڵجاڵۆکە خۆی بە سەقفەکەوە هەڵدەواسێت. ئەمانە ئەو کەسانەن، کە دەرفەتی دووەمیان پێ دەدرێت - جا بۆ هەر مەبەستێک بێت - تا لە ژیان بەردەوام ببن و شوێنیان چۆڵ نەبێت.

وا دیار بوو ئیدی ئەو دەرفەتی دووەمەی پێ نەدەدرا.

چوو بۆ کوێ...؟

چوو بۆ کوێ...؟

چوو بۆ کوێ...؟

ئاسمان تەم بوو، ڕەنگیشی، سەرەتا، پرتەقالییەکی کاڵ بوو، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ پیرۆزەیییەکی تۆخ، پاش کەمێک، ئەویش بوو بە سەوزێکی زەق. ئێدی بەسەر هەواوە بوو، قۆڵەکانیشی بۆ پێشەوە درێژ کردبوو.

چووە بۆ کوێ...؟

زۆر باشە! کورسییەکە کەوتە خوارەوە، کچە بچووکەکەش، کە ناوی *ئەیمی* یان *ئانی* بوو، دەگریا. ئێدی ئەمانەی بیر بوو. بیریشی بوو چۆن خۆی بۆ کچەکە فڕێ دا، ئەوەشی بیری بوو کە دەستەکانی بەر دوو دەستی بچووک کەوتن.

ئێ ئەی دوای ئەوە؟

تۆ بڵێی ڕزگارم کردبێ؟

ئێدی تەنیا دەیتوانی بە خەیاڵ بیر لەو دواساتەی بکاتەوە، وەک ئەوەی ڕووداوەکە چەندین ساڵ بێت ڕووی دابێت. لەوەش سەیرتر، ئەوە بوو کە هیچ هەستێکی تایبەت بەو یادگارییە لە ناخیدا نەبوو. تەنیا هەستێک لەو کاتەدا ئێدی هەیبوو، هەستی منداڵێک بوو، کە بەئارامی لە باوەشی دایکیدا پاڵ کەوتبێت.

چووە بۆ کوێ...؟

دووبارە ڕەنگی ئاسمانەکە گۆڕایەوە و ئەم جارەیان بوو بە زەردێکی نارنجی، ئینجا بە سەوزێکی گیایی، دواتریش بە پەمەیییەک، کە ئێدی بە بینینی، زیاتر لە هەموو شتێک، پەشمەکی بیر هاتەوە.

تۆ بڵێی ڕزگارم کردبێ؟

بڵێی ئێستا بژی؟

ئەی بۆ کوێ چووە... نیگەرانییەکەم؟

بۆ کوێ چوو ئازارەکەم؟

ئێستا ئێدی نە نیگەران بوو، نە ئازاریشی هەبوو. هەموو ئەو ئازارانەی بەدرێژاییی ژیانی چەشتبوونی، هەموو ئەو نارەحەتییانەی بەرگەی گرتبوون، وەک هەناسەی دەم با ڕۆیشتبوون و نەمابوون. ئێدی هەستی بە هیچ ئازارێک نەدەکرد، هەستی بە بێتاقەتی و دڵتەنگی نەدەکرد. ناخی بەتاڵ بووبووەوە و لە ئارامی بەولاوە، هیچی تری تێدا نەبوو. لەخوارییەوە ڕەنگەکان دووبارە گۆڕانەوە. شتێک بەنەرمی دەجووڵایەوە. ئاو بوو، ئاوی زەریا. ئێدی بەسەر زەریایەکی بەرینی زەردەوە وەستابوو. زەریاکە ڕەنگی کاڵەکی وەر گرت و پاش ساتێک، گۆڕا بۆ شینێکی کاڵ. ئێدی وردەوردە بەرەو خوارەوە بەر دەبووەوە و بەخێرایی بەرەو ڕووی ئاوەکە دەچوو. خێراییەکەی زیاتر بوو لە خێراییی هەرشتێک کە بینیبووی، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ نەدەترسا و تەنیا شنەیەکی شەماڵ لە دەموچاوی دەدا. ئێدی لمی سەر کەنارە ئاڵتوونییەکەی بینی و لەساتێکدا کەوتە ژێر ئاوەکەوە. ئێتر هەموو شتێک خامۆش بوو.

باشە نیگەرانییەکەم بۆ کوێ چوو؟

ئازارەکەم چیی لێ هات؟

ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونی ئێدییە

تەمەنی پێنج ساڵە. دوانیوەڕۆیەکی گەرمە و شوێنەکە شاری یاریی ڕووبییە. بەدرێژاییی ڕێگە دارینەکە - کە بەسەر کەنارە سپییەکەدا دەڕوانێت - مێز ڕیز کراون. کێکێکی ڤانێلای لێیە و مۆمی شینی بەسەرەوەیە، بتڵێک شەربەتی پرتەقاڵیش دانراوە. ئەوانەی لە شاری یارییەکە ئیش دەکەن لەو ناوە دێن و دەچن: هەندێک لە بەردەم یارییەکاندا دەوەستن و هاوار بۆ یارییەکە دەکەن، تا سەرنجی خەڵکەکە ڕابکێشن، هەندێک خەریکی نمایشی سەرنجڕاکێشن، هەندێک ڕاهێنەری ئاژەڵەکانن، هەندێکیش ئەوانەن، کە ڕاوەماسی دەکەن. باوکی ئێدی، وەك هەمیشە، خەریکی کۆنکەنە. ئێدی لەلای قاچیەوە یاری دەکات، جۆی براگەورەشی لە بەرچاوی کۆمەڵێك ژنی بەتەمەندا شناو دەکات. ژنەکان وا خۆیان دەر دەخەن، کە حەزیان بە نمایشەکەی جۆیە و چەپڵەی بۆ لێدەدەن.

ئێدی کڵاوێکی تەکساسیی سووری لەسەردایە و دەمانچەیەکی منداڵانەشی بە دەستەوەیە، هەردوو شتەکەشی وەك دیاریی یادی لەدایکبوونەکەی بۆ هاتوون. ئێدی هەڵدەستێت و لەم مێزەوە ڕا دەکات بۆ ئەو مێز،

دەمانچەکەیان لێ دەر دەهێنێت و دەڵێت، "تاااق، تاااق."

میکی شی لەسەر کورسییەك دانیشتووە و هاوار لە ئێدی دەکات، "وەرەوە، کوڕە."

ئێدی هەر دەڵێت، "تاااق، تاااق."

میکی شی لەگەڵ باوکی ئێدی کار دەکات و یارییە شکاوەکان چاك دەکاتەوە. کابرایەکی قەڵەوە و شەپاڵە دەبەستێت، هەمیشەش گۆرانیی ئایرلەندی بەسەر دەمەوەیە. ئێدی پێی وایە شی بۆنێکی سەیری لێ دێت، کە لە بۆنی شروبی کۆکە دەچێت. ئێدی حەزی لەو بۆنە نییە.

شی دەڵێت، "وەرە با بە هەمان شێوەی نەریتە ئایرلەندییەکەی خۆمان، قاچت بگرم و سەرەوخوارت بکەمەوە."

میکی شی دەستە گەورەکانی دەخاتە ژێر باڵی ئێدی و بەرزی دەکاتەوە، ئینجا قاچەکانی دەگرێت و سەرەوخواری دەکاتەوە. ئێدی کڵاوەکەی دەکەوێتە خوارەوە.

دایکی ئێدی هاواری لێ بەرز دەبێتەوە، "ئاگات لێی بێ، میکی." باوکی ئێدی سەرێك هەڵدەبڕێت و پێکەنینێکی لە دۆخەکە دێت، ئینجا دەچێتەوە سەر کۆنکەنی خۆی.

میکی دەڵێت، "خەمت نەبێ، ئاگام لێیەتی. ئێستا با بۆ هەر ساڵێکی تەمەنت، جارێك شۆڕت بکەمەوە و بەرزت بکەمەوە."

میکی، ئێدی لەسەرخۆ نزم دەکاتەوە، تا ئەو کاتەی قژی بەر زەوییەکە دەکەوێت.

"ئەمە یەك."

میکی، ئێدی بەرز دەکاتەوە. ئەوانی تر هەموو سەیر

دەکـەن و پێدەکەنـن. هەمـووش پێکـەوە هـاوار دەکـەن، "دووووو... سـێێێ."

ئێدی، کـە ئێسـتا سـەرەوخوار شـۆڕ کراوەتـەوە، سـەیرێکی دەموچـاوەکان دەکات و نازانێـت کـێ کێیـە. سـەری قـورس دەبێـت.

ئامادەبووان هاوار دەکەنەوە، "چوااار... پێێێنج."

شی، ئێـدی ڕێـك دەکاتـەوە و دەیخاتـەوە سـەر قاچی خۆی. هەمـووان چەپڵـە بـۆ ئێـدی لـێدەدەن. ئێـدی دەنووشـتێتەوە و کڵاوەکـەی هەڵدەگرێتـەوە. قاچـی لـە شـتێك هەڵدەنگوێـت و دەکەوێـت، ئینجـا هەڵدەسـتێتەوە و بەخواروخێچـی دەچێـت بـۆ لای میکـی شـی و قۆڵـی بـەر بۆکـس دەدات.

میکـی دەڵێـت، "ئـای! ئـای! ئـەوە بـۆ وام لێـم دەدەی، پیـاوە چکۆل."

هەمـوو پێدەکەنـن. ئێـدی دەسـووڕێتەوە و ڕادەکات. سـێ هەنـگاو دەنێـت و دەگاتـە نـاو باوەشـی دایکـی.

دایکـی، کـە هەمـووی یـەك - دوو ئینجێـك لـە دەموچـاوی ئێدییـەوە دوورە، دەڵێـت، "باشـی کـوڕە جـوان و پێنـج ساڵانەکەی خـۆم؟"

ئێـدی سـووراوە سـوورە تۆخەکـەی دایکـی و کوڵمـە ئـاڵ و نەرمەکانـی و شـەپۆلی قـژە قاوەییەکـەی لـە نزیکـەوە دەبینێت، ئینجـا بـە دایکـی دەڵێـت، "سـەرەوخواری کردمـەوە."

"چاوم لێ بوو."

دایکـی کڵاوەکـە دەکاتـەوە سـەری ئێـدی، پاشـان دەیبـات پیاسـەیەکی بـە شـاریی یارییەکـەدا پـێ دەکات، دەیبـات بـۆ سـواری یاریـی فیـل، بـۆ تەماشـاکردنی ڕاوچییـەکان و بینینـی

ئەو ساتەی لە سەرلەئێوارەدا تۆڕەکانیان دەر دەهێننەوە و ماسییەکان وەك پارەی ئاسنی تەڕ و بریسکەدار هەڵدەبەزنەوە. دایکی ئێدی دەستی کوڕەکەی دەگرێت و پێی دەڵێت، کە خوا ئێدیی خۆش دەوێت و شانازیی پێوە دەکات، چونکە، لە ڕۆژی یادی لەدایکبوونەکەیدا، کوڕێکی ئاقڵ و ژیر بووە. ئەوە دڵی ئێدی دەداتەوە و دونیا لە بەرچاوی دەگەڕێتەوە سەر باری ئاساییی خۆی.

گەیشتنەجێ

ئێدی خەبەری بووەوە و بینیی لە کووپێکی چایی زۆر گەورەدایە. کوپەکە یارییەک بوو لە یارییەکانی ناو پارکێک، لە تەختەی بۆیاخکراو دروست کرابوو، کوشنێکی بۆ دانیشتن تێدا بوو، دەرگایەکیشی هەبوو، کە بە نەرمادە بە تەختەکەوە قاییم کرابوو. قاچەکانی ئێدی بەقەراغەکانی کوپەکەدا شۆڕ بووبوونەوە. ئاسمان بەردەوام ڕەنگی لە قاوەییەوە بۆ سووری تۆخ دەگۆڕا.

ئێدی هەر دەیوست دەستی بگاتە گۆچانەکەی. ئەوە چەند ساڵێک بوو کە دەخەوت، گۆچانەکەی لەپشت سەری خۆیەوە دادەنا، چونکە زۆر بەیانی بەبێ گۆچان نەیدەتوانی هەستێتە سەر پێ. ئێدی زۆر شەرمی دەکرد، کە ئاوای لێ هاتبوو، چونکە ئەو، جاری جاران، هەمیشە کە هاوڕێکانی دەبینی، بەدەم سڵاوکردنەوە لێیان، دەستێکی بە شانیاندا دەکێشا.

گۆچانەکە لەپشت سەرییەوە نەبوو. ئێدی هەناسەیەکی هەڵمژی و هەستایە سەر پێ. ئەوەی بەلایەوە سەیر بوو، ئەوە بوو لەگەڵ هەستانەکەیدا پشتی نەئێشا و جومگەکانی قاچی کرەیان نەهات. ئێدی خۆی قیت کردەوە و بەئاسانی بەسەر لێواری کوپە گەورەکەدا خۆی هەڵدایە خوارەوە و

تۆزێک بەسەیری لەسەر پێی وەستایەوە. ئێدی، هەر لەو سات و شوێنەدا، هەستی بە سێ شت کرد.

یەکەم، زۆر دڵی خۆش بوو.

دووەم، بەتەنیا بوو.

سێیەم، هێشتا هەر لە شاری یاریی ڕووبی بوو.

بەڵام ئەم شاری یاریی ڕووبییە، هەمان ئەوەی پێشوو نەبوو. هەندێک چادری مشەمای تێدا هەڵدرابوو، پارچەزەویی چۆڵ و فراوانیشی تێدا بوو، کە بە گیا داپۆشرابوون. ئاوەکەی - بە هۆی ئەو بەربەستانەوە کە بۆی دروست کرابوون - ئەوەندە مانگ و ڕوون بوو، بەئاسانی قەوزەی ژێرەکەیت دەبینی. ڕەنگی یارییەکان سووری ئاگری و سپیی کریمی بوو - سەوز و مارۆنییان تێدا نەبوو - هەر یارییەکیش، شوێنێکی بلیتفرۆشتنی تەختەی تایبەت بە خۆی هەبوو. ئەو کوپە گەورەیەی ئێدی تیایدا خەبەری بووبووەوە، لە بنەڕەتدا بەشێک بوو لە یارییەکی سادە بە ناوی *سپین ئو راما*، ئەم ناوەش - شانبەشانی ناوی چەندین شوێن و یاریی تر و دوکانی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگە سەرەکییەکە، لەسەر پارچەتەختەی ئەستوور نووسرابوو.

جگەرەی ئێل تیمپۆ، تامی جگەرەی ڕاستەقینە!
شۆربای ماسی و پەتاتە/ دە سەنت
یاریی بابەخولی/ خۆشترین یاریی سەدە!

ئێدی بەتوندی چاوی ترووکاند. شوێنەکە شاری یاریی ڕووبیی سەردەمی منداڵیی ئێدی بوو. حەفتاوپێنج ساڵ

لەوەوبەر بوو، تەنیا ئەوە بوو، ئێستا هەموو شتەکان نوێ بوون. لە سەرەوە *یاریی ڕەوڕەوەی بازنەیی* لێ بوو، کە چەندین ساڵ بوو لا برابوو، لەولاترەوە شوێنێکی خۆگۆڕین و مەلەوانگەیەک، کە ئاوەکەی سوێر بوو، هەردوو شوێنەکەش لە ساڵانی ١٩٥٠ەوە بەتەواوی ڕووخێندرابوون. لە لایەکەی ترەوە، چەرخوفەلەکەکەی یەکەم جاری شاری یاریی ڕووبی بە بۆیە سپییەکەی جارانیەوە چووبوو بە ئاسماندا. لەودیویشیەوە، ئێدی شەقام و سەربانی خانووە جەنجاڵ و خشتسوورەکانی گەڕەکە کۆنەکەیانی بینی و تێبینیی کرد تەنافی جل بە پەنجەرەی خانووەکانەوە شۆڕ بووبوونەوە.

ئێدی هەوڵی دا هاوار بکات، بەڵام دەنگی دەر نەهات، تەنیا گوتی، "سڵاو،" بەڵام هیچ دەنگێک لە قورگیەوە نەهاتە دەرەوە.

ئێدی دەستی لە قۆڵ و قاچەکانی دا: ئەوەی لێ دەر بچێت، کە دەنگی نەمابوو، زۆر ساغ و دڵخۆش بوو. کەمێک بەدەوری خۆیدا خولایەوە و یەک - دوو جار بەرز بووەوە. هیچ ئازارێکی نەبوو. لە دە ساڵی ڕابردوودا، ئێدی بە چاوی خۆی نەیدیبوو بەپێ بڕوات و نەکەوێتە ناڵەناڵ، یان دابنیشێت و پشتی ئازاری پێ نەگات. ڕوخسار و شێوەی دەرەوەی، هەر وەک هیی ئەو نیوەڕۆیە بوو، کە تیایدا دونیای بەجێ هێشتبوو: پیاوێکی کەتەی سینگپان، بە کڵاوێک و شۆرتێک و کراسێکی قاوەییی کاڵەوە، کە ڕێک هیی کارمەندەکانی شاری یاریی ڕووبی بوو. بەڵام جومگەکانی نەرمتر و لەشی سووکەلەتر بوو، بەشێوەیەک، کە دەیتوانی بەپێوە خۆی بنووشتێنێتەوە و دەست لە پاژنەی پێیەکانی بدات، یان تا ئاستی سکی، قاچ بەرز بکاتەوە. ئێدی، وەک منداڵ، لە

جەستەی خۆی ورد دەبووەوە و زۆر دڵخۆش بوو بەو هێز و توانا تازەیەی هەیبوو. ئیدی بووبوو بە پیاوێکی سووکەڵ و وەک لاستیک دەکشا.

ئینجا ڕای کرد.

ڕاکردنەکەی زۆر بەلاوە خۆش بوو! شەست ساڵ زیاتر بوو ڕای نەکردبوو، یان ڕاستتر، لە سەردەمی ساڵانی جەنگەوە، بەڵام ئێستا دەیتوانی ڕابکات، سەرەتا بەهێواشی و بە هەنگاوی کورت، دواتریش خێرا و خێراتر - کتومت وەک ڕاکردنەکانی سەردەمی گەنجی. ئیدی بەدرێژایی ڕێگە دارینەکەدا بۆی دەر چوو. سەرەتا بەلای مێزێکی فرۆشتنی کەلوپەلی ڕاوەماسیدا - کە شتەکانی سەری، هەریەکە بە پێنج سەنت بوون - ڕای کرد، دواتریش بەلای مێزێکی بەکرێدانی جلی مەلەدا - کە خاوەنەکەی بە سێ سەنت جلی مەلەی بەکرێ دەدا - تێپەڕی. ئیدی هەر بەڕاکردن *یاریی ڕەوڕەوەی ناو ئاوی* تێپەڕاند و دواتریش بەناو کووچەکانی شاری یاریی ڕووبی و بە بەردەم ئەو بینا جوانانەشدا دەر چوو، کە لەسەر شێوازی بیناسازیی ئەندەلووسی دروست کرابوون و منارە و گومەزی جوانیان هەبوو. پاشان بەلای *یاریی بابەخولێی ئەسپ*دا تێپەڕی - کە ئەسپە دارینەکانی و پیانۆکەی و شووشە و ئاوێنەکانی ئەوەندە پاک بوون، لە دوورەوە دەبریقانەوە. ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە لەوە دەچوو هەمووی کاتژمێرێک لەوەوپێش بووبێت، کە ئیدی خۆی لە وەرشەکەدا پارچەکانی هەمان یاریی پاک دەکردەوە و تۆزەکەی سەریانی دەتەکاند.

ئیدی بە ناوجەرگەی ڕێگە کۆنەکەدا - کە ڕۆژانێک

تیایدا هەرزەکار، هەر بەمەزەندە کێشی خەڵکیان دەگوت و بەختگرەوەکان بەختیان دەگرتەوە و قەرەجەکانیش سەمایان تێدا دەکرد - تێپەڕی. ئێدی چەناگەی نزم کردەوە و باڵەکانی وەک هیی فڕۆکە فش کرد، ئینجا بەو هیوایەی ڕاکردنەکەی ببێت بە فڕین، لەگەڵ هەر چەند هەنگاوێکدا، وەک منداڵ بازی دەدا و خۆی بەرز دەکردەوە. ئەگەر کەسێک ئەمەی ببینیایە، ڕەنگە گاڵتەی بە ئەقڵی بهاتایە: چاودێرێکی سەرسپی، بە تاقی تەنیا دەیەوێت لاسایی فڕۆکە بکاتەوە و بفڕێت. بەڵام شتەکە ئاسایی بوو، چونکە لە ناخی هەموو پیاوێکدا - جا تەمەنی هەرچەندە بێت - منداڵێک هەیە کە دەیەوێت ئاوا ڕابکات.

ئێدی لە ڕاکردن وەستا. گوێی لە دەنگێکی بەرزی زیقن بوو، کە دەتگوت لە موکەبەرەیەکی گەورەوە دێتە دەرەوە.

"ئامادەبووانی ئازیز، ئەی ئەمەیانتان پێ چۆنە؟ تا ئێستا دیمەنی وا ناشیرین و ترسناکتان بینیوە؟..."

ئێدی لە بەردەم شانۆیەکی گەورەدا و لەتەنیشت کابینەیەکی بلیتبڕینەوە وەستابوو. شانۆکە پارچەتەختەیەکی پێوە کرابوو، کە لەسەری نووسرابوو:

سەیروسەمەرەترین مرۆڤەکانی دونیا!
نمایشی شاری یاریی ڕووبی!
قەڵەو و لاوازەکان!
وەرن و پیاوە سەیرەکە ببینن!

شانۆکە بە *خانووی توقێنەر* و *هۆڵی هەراوهوریا*ش ناوی

ڕۆیشتبوو. ئێدی بیری کەوتەوە، کە پەنجا ساڵێک پێش ئێستا ئەو شوێنە داخرابوو، ڕێک ئەو کاتەی ئیتر تەلەفزیۆن داهێنرا و خەڵک پێویستییان بە شوێنی لەو جۆرە نەما بۆ جووڵاندنی خەیاڵیان.

"سەیری ئەم وەحشییە بکەن، کە لە زگماکەوە بە نەخۆشییەکی زۆر سەیرەوە لەدایک بووە و..."

ئێدی بەرەو دەرگای چوونەژوورەوەی شوێنی نمایشەکە ڕۆیشت. هەر لەو شوێنەدا کاتی خۆی چەندین کەسی سەیری بینیبوو. لەوانە، جۆڵی جەین، کە نزیکەی ٢٣٠ کیلۆ دەبوو و دەبووایە بە دوو پیاو بیخەنە سەر پلیکانەکان، دوو خوشکی دووانەش هەبوون، کە لە پشتەوە بەیەکەوە نووسابوون و مۆسیقایان لێدەدا. نمایشەکان پیاویان تێدا بوو، شمشێری قووت دەدا، ژنی ڕیشدار، هەروەها دوو برای هیندی، کە ئەوەندە لە نەوتدا مابوونەوە، پێستیان، وەک لاستیک، دەکشا و بەسەر چوار پەلیاندا شۆڕ دەبووەوە.

ئێدی بەمنداڵی بەزەیی بە ئەندامانی نمایشەکەدا دەهاتەوە، چونکە ئەو ئەندامانە ناچار دەکران لە کوخی بچووکدا دابنیشن، یان هەر لەسەر شانۆکە بمێننەوە، هەندێک جار دەیانخستنە قەفەسەوە و ئەندامانی تری نمایشەکە بە بەردەمیاندا دەهاتن و بەگاڵتەپێکردنەوە پەنجەیان بۆ ڕادەکێشان. چەند کەسێکیش لە دەرەوەی شوێنەکە هاتوهاواریان دەنایەوە و خەڵکیان بانگ دەکرد بۆ نمایشەکە. ئەو دەنگەی ئێدی گوێی لێ بوو، دەنگی یەکێک لەو کەسانە بوو!

"ئەوەی بەسەر ئەم پیاوەی ئێمە هاتووە، تەنیا بەسەر پیاوی نەگبەتدا دێ! لەوپەڕی دونیاوە هێناومانە تا ئێوە

سـەیری بکـەن و لێـی ورد ببنـەوە."

ئێدی خـۆی کـرد بـە هۆڵەکـەدا. تاریک بـوو. دەنگەکـە بەرزتـر بـووەوە.

"ئـەم ڕووحـە داماوە لێرەدایـە و گۆڕانێکی قـورس بەسـەر جەستەیدا هاتـووە..."

دەنگەکە لە لایەکەی تری تەختەی شانۆکەوە دەهات.

"تەنیـا لێرە، لـە شـوێنی سەیروسـەمەرەترین مرۆڤەکانـی دونیـا، دەتوانـی ئەوەنـدە لـەم کەسـە نزیـک..."

ئێدی پەردەکەی لا دا.

"ببیتەوە و سەیرترین شت ببینی..."

دەنگی ئـەو کابرایـەی هـاواری دەکـرد، نەمـا و ئێـدی بەحەپەسـاوییەوە چەنـد هەنگاوێکـی بـۆ دواوە نـا.

لەسـەر تەختـەی شـانۆکە پیاوێکـی تەمـەن مامناوەنـد، کـە شـانە باریکەکانـی کەمێـک بەپێشـدا هاتبـوون، بەتەنیـا لەسـەر کورسییەک دانیشتبوو. پیاوەکە لـە کەمەر بۆ سەرەوە هیچی لەبەردا نەبوو، ورگیشـی بەسـەر قاییشـەکەیدا شـۆڕ بووبـووەوە و چین چین چووبـووە سـەر یـەک. قژی کورت بوو، لێوەکانی باریک بوون و دەموچاوی درێژ و ماندوو دەینواند.

جەستەی کابرا تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی هەبوو، کە ئەگـەر ئـەو تایبەتمەندییـە نەبووایـە، لەوانـە بـوو ئێدی هـەر بیریشـی نەکەوێتەوە کێیە. تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکەش ئەوە بـوو، کە کابرا هەمـوو گیانی شین بـوو!

پیاوەکـە سـەیرێکی ئێـدی کـرد و گوتـی، "چۆنـی ئێدوارد، چاوەڕێـم دەکـردی."

یەکەم کەس، کە ئێدی لە بەهەشت دەیبینێت

پیاوە شینەکە لەسەرخۆ لەسەر کورسییەکەی هەستا و بە ئێدیی گوت، "مەترسە، مەترسە."

دەنگی زۆر ئارامکەرەوە بوو، بەڵام ئێدی هەر لیی ورد دەبووەوە. ئێدی ئەم پیاوەی بەئەستەم ناسیبوو، ئەی ئێستا بۆچی دووبارە هاتبووەوە سەر ڕێی؟ لەلای ئێدی، ئەم پیاوە شینە وەک ئەو دەموچاوە سەیرانە بوو، کە دێنە خەونەکانتەوە و تۆش کە سبەینێ هەڵدەستیت، بە دەوروبەرەکەت دەڵێت، "تۆ بڵێی دوێنێ شەو خەوم بە کێوە بینی؟"

پیاوە شینەکە بە ئێدیی گوت، "هەست دەکەی جەستەت وەک جەستەی منداڵ وایە، ڕاستە؟"

ئێدی سەری لەقاند.

"ئەوە چونکە ئەو کاتەی منت ناسی، منداڵ بووی. ئێستاش بە هەمان ئەو هەستانەوە دەست پێ دەکەیتەوە."

ئێدی لە خۆی پرسی، "دەست بە چی دەکەمەوە؟"

پیاوە شینەکە چەناگەی بەرز کردەوە. ڕەنگی پێستی وەک ڕەنگی هەڵوژەڕەشەی گەییو وا بوو، پەنجەکانیشی چرچ بووبوون. بەرەو دەرەوەی هۆڵەکە ڕۆیشت و ئێدییش بەدوایدا هەنگاوی نا. شارییارییەکە کەسی تێدا نەبوو،

کەنارەکەش چۆڵوهۆڵ. تۆ بڵێی تەواوی هەسارەکە چۆڵ بووبێت؟

پیاوە شینەکە گوتی، "دە قسەیەک بکە." ئینجا بە دەست ئاماژەی بۆ یاریی ڕەورەوەی مەرگەکە- کە لە تەختە دروست کرابوو - کرد. ئەو یارییە پێشی دەگوترا *یارییە تەسبیکەرەکە*، لەبەر ئەوەی دوو پێچی زۆر قورسی تێدا بوو. یارییەکە بۆ یەکەمین جار لە سالانی ۱۹۲۰دا دروست کرابوو، سکەکانی لەسەر تایە دانرابوون و بەو هۆیەشەوە، ئەو عەرەبانانەی نەفەرەکان دەچوونە ناویان زۆر بەخێرایی پێچیان بۆ نەدەکرایەوە، چونکە ئەگەر خێرا پێچیان بکردایەتەوە، لەسەر سکەکە دەر دەچوون.

"ئەری ئێستاش هەر *یارییە تەسبیکەرەکە* خێراترین یاریی دونیایە؟"

ئێدی سەیرێکی یارییە شەقوشڕەکەی کرد، کە چەندین ساڵ بوو لە شاری یاریی ڕووبیدا هەڵگیرابوو، ئینجا هەر بە سەربادان پیاوە شینەکەی تێگەیاند، کە نەخێر، چیی تر ئەو یارییە خێراترین یاریی دونیا نەبوو.

پیاوە شینەکە گوتی، "ئێ، ئێ! خۆشم هەر پێم وا بوو. لێرە شتەکان ناگۆڕێن، بەداخیشەوە -بە پێچەوانەی ئەوەوە کە خەڵک دەیڵێن - ناتوانی لەناو هەورەکانەوە سەیری خوارەوە بکەی."

ئێدی لە دڵی خۆیدا بەسەرسوورمانەوە پرسیی، "ئێرە؟ بۆ ئێرە کوێیە؟"

پیاوە شینەکە، وەک ئەوەی دڵی ئێدیی خوێندبێتەوە، زەردەخەنەیەکی کرد، ئینجا دەستێکی کێشا بە شانی ئێدیدا،

ئێدی هەستی بە گەرمییەک کرد، کە هەرگیز پێشتر گەرمیی
وای هەست پێ نەکردبوو، ئینجا بیرکردنەوەکانی لە مێشکیدا،
لە شێوەی ڕستەیەکدا ڕژان: من چۆن مردم؟

پیاوە شینەکە گوتی، "بە ڕووداوێک."

چەندێک دەبێ مردووم؟

"دەقیقەیەک، کاتژمێرێک، هەزار ساڵێک..."

ئەی ئێستا لەکوێم؟

پیاوە شینەکە بەتوندی لێوەکانی خستە سەر یەک، ئینجا
پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، "لە کوێیی؟" ئاوڕێکی دایەوە
و قۆڵەکانی هەڵبڕی. لە چاوترووکانێکدا یارییەکانی شاری
یاریی ڕووبی ژیانیان تێ گەڕایەوە: چەرخوفەلەکەکە هێواش
هێواش کەوتەوە خولانەوە، سەیارەی پیاکەوتنەکان دەستیان
کرد بە خۆکێشان بەیەکدا، ڕەورەوەی مەرگەکە سەرەوژوور
سەر کەوت، بابەخولێی ئەسپەکە لەسەر ئاوازی ئەو
گۆرانییەی لەگەڵ یارییەکەدا لێدەدرا، کەوتە هەڵبەزودابەز.
زەریاکە لەولاترەوە بوو، ئاسمانەکەش ڕەنگی لیمۆی گرتبوو.

پیاوە شینەکە گوتی، "قابیلە لەکوێی؟... لە بەهەشتی."

ئێدی بەتوندی سەری با دا: نا! شتی وا نابێ.

پیاوە شینەکە کەیفی لە دۆخەکە دەهات. گوتی، "ناکرێ
ئەم شوێنە بەهەشت بێ؟ بۆ ناکرێ؟ لەبەر ئەوەی ئەمە ئەو
شوێنەیە، کە لێی گەورە بووی؟"

ئێدی دەمی کردەوە و "بەڵێ"یەکی لێ هاتە دەر.

پیاوە شینەکە سەری لەقاند، "خەڵک زۆر جار بە کەم
سەیری ئەو شوێنە دەکەن، کە لێی لەدایک بوون، بەلام

دەشی بەهەشت لەو سووچ و قوژبنانەدا بێ، کە هەر خەیاڵمان بۆیان ناچێ. بەهەشت چەندین ئاستی هەیە. بۆ من، ئەمە ئاستی دووەمە؛ بۆ تۆش، یەکەم."

پیاوە شینەکە، ئێدیی بە پارکەکەدا گێڕا و هەردووکیان پێکەوە بەلای مێزی جگەرەفرۆشتن و عەرەبانەی لەفەی سۆسج و یاریی قومارەکەدا - کە گێژەکان پارەکانیان تیادا دەدۆڕاند - تێپەڕین.

ئێدی لە دڵی خۆیدا هەر بیری دەکردەوە، "یانی بەهەشت ئێرەیە؟ زۆر بێمانایە!" ئاخر ئێدی بەدرێژاییی نیوەی زیاتری تەمەنی، خۆزگەی خواستبوو لە شاری یاریی ڕووبی ڕزگاری بێت. ئەو شاری یارییە لەلای ئێدی شوێنێکی ئاسایی بوو، شوێنێک بوو بۆ هاوارکردن و مێزبەخۆداکردن و گۆڕینەوەی دۆلارە سەوزەکانت بە بووکەشوشەی بچووک، بۆیە ئێدی بڕوای نەدەکرد شوێنێکی لەو جۆرە، شوێنی حەوانەوە و ئاسوودەیی هەتاهەتایی بێت.

ئێدی دووبارە هەوڵی دایەوە قسە بکات، بەڵام لە نووزەیەک زیاتر، هیچی تر لە سنگیەوە نەهاتە دەرەوە. پیاوە شینەکە ئاوڕی بۆ دایەوە.

"دەنگت بۆ دەگەڕێتەوە. هەمووومان ئەوەمان بەسەر هاتووە. کاتێک بۆ یەکەم جار دەگەیتە ئێرە، قسەت بۆ ناکرێ."

پیاوە شینەکە زەردەخەنەیەکی کرد و بەردەوام بوو، "ئەوەش یارمەتیت دەدا باشتر گوێ بگری."

لەناکاو پیاوە شینەکە گوتی، "لە بەهەشتدا پێنج کەس

دەبینی. هەریەکەمان بۆ شتێک هاتووینەتە ژیانتەوە. ڕەنگە لە کاتی خۆیدا ئەو شتەت نەزانیبێ، بەڵام ئێستا دەرفەتی ئەوەت دەدرێتێ بیزانی. ئێ بەهەشتیش هەر بۆ ئەوە دروست کراوە، تا لەو ژیانە تێبگەی، کە لە دونیادا بەسەرت برد."

ئێدی شڵەژاو دیار بوو.

"خەڵک وا دەزانن بەهەشت هەر باخ و باخاتی خۆشە، یان شوێنێکە، تیایدا دەتوانی بەسەر هەورەکاندا بڕۆی، یان بەکەیفخۆشی لەگوێ ڕووبار و سەر شاخان ڕابوێری، بەڵام دیمەنە جوانەکان، بەبێ ئاسوودەیی ناخ بێمانان. گرنگترین پاداشت کە خودا بتداتەوە، ئەوەیە ئەو شتانەت بۆ ڕوون بکاتەوە و تێت بگەیەنێ، کە لە ژیانتدا ڕوویان دا و تێیان نەگەیشتی. ئەو ئاسوودەییەی بۆی دەگەڕێی، لە ئەوەدایە."

ئێدی کۆکەیەکی کرد و هەوڵی دا دەنگی بهێنێتەوە. ئیتر بێزار بووبوو لەو هەموو بێدەنگبوونەی تێی کەوتبوو.

"ئێدوارد، من یەکەم کەسی تۆم. ئەو کاتەی مردم و هاتم بۆ ئێرە، پێنج کەسی تر ڕووداوەکانی ژیانمیان بۆ ڕوون کردمەوە، ئینجا منیش هاتم بۆ ئێرە و چاوەڕوانی تۆم کرد، بۆ ئەوەی چیرۆکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، ئەو چیرۆکەی دواتر بوو بە بەشێک لە چیرۆکەکەی تۆش. خەڵکی تریش هەن، چاوەڕێت دەکەن. تیایاندایە ناسیوتە و تیایاندایە نەتناسیوە، بەڵام هەموویان، پێش ئەوەی بمرن، بە ژیانتدا تێپەڕیون و بۆ هەتاهەتایە ژیانتیان گۆڕیوە."

ئێدی، بە هەموو هێزی خۆی پاڵی بە دەنگێکەوە نا، تا لە سینگیەوە سەری بخاتە سەرەوە. دواجار یەک - دوو وشەی بۆ هاتن، "تۆ... چۆن..."

دەتگوت جووچکە و لەودیو توێکڵی هێلکەکەیەوە دەنگی دێت.

"تۆ... چۆن...؟"

پیاوە شینەکە بەئارامگرتنەوە چاوەڕێی ئێدیی کرد، تا قسەکەی تەواو بکات.

"تۆ... چۆن... مردی؟"

پیاوە شینەکە کەمێک سەری سووڕ ما. زەردەخەنەیەکی بۆ ئێدی کرد و گوتی، "تۆ منت کوشت."

ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونی ئێدییە

حەوت ساڵانە. دیاریی یادی لەدایکبوونەکەی تۆپێکی بەیسبۆڵە. تۆپەکە لە دەستەکانیدا دەگوشێت و هەست بە هێزێکی زۆر دەکات، لە قۆڵەکانیدا دێت و دەچێت. خۆی وەك یەکێك لەو یاریزانە لێهاتووانە دێتە بەرچاو، کە وێنەکانیانت لەناو *جبسی کراکەر جاک*دا بۆ دەر دەچێت، بۆ نموونە، *واڵتەر جۆنسۆن**.

جۆی برای دەڵێت، "دەی، هەڵی بدە."

ئێدی و جۆ ڕادەکەن و بەلای *یاریی بەیسبۆڵی بۆڵینگ*دا تێدەپەڕن. لەو یارییەدا بە دارێکی بەیسبۆڵ لە تۆپێك دەدەیت و دەیگریتە کۆمەڵێك بتڵ، ئەگەر سێ بتڵ بخەیت، شەربەتێکی گوێزی هیندی و قەسەبێك دەبەیتەوە.

جۆ دەڵێت، "دەی ئێدی، هەڵی بدە."

ئێدی دەوەستێت و بە خەیاڵ خۆی لە یاریگەیەکی یاریی بەیسبۆڵدا دەبینێت. تۆپەکە هەڵدەدات. براکەی دەستەکانی دەکاتەوە، بەڵام تۆپەکەی بۆ ناگیرێتەوە.

---

* واڵتەر جۆنسۆن Walter Johnson: یاریزانێکی بەناوبانگی یاریی بەیسبۆڵ بوو، کە بۆ ماوەی بیست ساڵ و لە ساڵی ۱۹۰۷-۱۹۲۷، لە خولی تیپە پلەیەکانی ئەمەریکادا یاریی کرد.

جۆ هاوار دەکات، "زۆر قاییم هەڵت دا."

ئێدی دەقیژێنێت و دەڵێت، "تۆپەکەمم! ون نەبێ، حۆلە."

ئێدی بەوردی سەیری تۆپەکە دەکات. تۆپەکە بەدرێژاییی ڕێگە دارینەکەدا دەڕوات و لەپشت شوێنی نمایشەکەوە خۆی دەکات بە خێمەیەکدا. ئێدی ڕادەکات بۆی و جۆش بەدوایدا.

ئێدی لە جۆ دەپرسێت، "دەزانی کەوتە کوێوە؟"

"نا."

کەسێک بەشی پێشەوەی خێمەیەک هەڵدەداتەوە و بە دەنگێکی ناخۆش قسەکانیان پێ دەبڕێت. ئێدی و جۆ سەر بەرز دەکەنەوە و ژن و پیاوێک دەبینن. ژنەکە زۆر قەڵەوە و پیاوەکەش بەشی سەرەوەی ڕووتە، هەموو گیانی بە مووی سوور داپۆشراوە، هەردووکیان کارەکتەری سەیروسەمەرەی ناو نمایشە ترسناکەکەن.

منداڵەکان لە جێی خۆیان سڕ دەبن.

پیاوە تووکنەکە بە زەردەخەنەیەکی گەورەوە دەڵێت، "ئەوە چی دەکەن لێرە، هەی نازانم چییانە؟ بەتەمان بەزم بنێنەوە؟"

لێوەکانی جۆ دەلەرزن. لە چاوترووکانێکدا جۆ دەست بە گریان دەکات و بە قەڵەمبازێک بۆی دەر دەچێت. ئێدییش هەڵدەستێت و دەیەوێت ڕابکات، بەڵام لەو کاتەدا چاوەکانی دەچنە سەر تۆپەکەی، کە لەژێر تەپڵەکێکی تەختەدا گیرساوەتەوە. ئێدی بەوریاییەوە سەیری پیاوەکە دەکات و وردەوردە دەچێت بۆلای تۆپەکە.

لەژێر لێوەوە دەڵێت، "تۆپی خۆمە."

تۆپەکە هەڵدەگرێتەوە و ڕادەکاتەوە بۆ لای جۆی برای.

ئیدی بەڕەقی گوتی، "گوێ بگرە، بەڕێز، من تۆم نەکوشتووە، من هەر نازانم تۆ کێی."

پیاوە شینەکە - وەک ئەوەی بیەوێت میوانێک هێور بکاتەوە - لەسەر کورسییەک دانیشت و زەردەخەنەیەکی کرد، بەڵام ئیدی هێشتا بەپێوە مابووەوە و لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بوو.

پیاوە شینەکە گوتی، "با سەرەتا ناوی خۆمت پێ بڵێم. من ناوم *جۆزێف کورڤێلچیکە*، کوڕی بەرگدروویەکم و خەڵکی گوندێکی بچووکم لە پۆڵەندا. ساڵی ١٨٩٤ هاتین بۆ ئەمەریکا. ئەو کاتە من پێنج - شەش ساڵان بووم. دایکم دەیخستمە سەر محەجەرەی بەشی سەرەوەی کەشتییەکە و بەدەم بای شەماڵی دونیایەکی تازەوە ڕای دەژەنیم. ئەوە بوو بە یەکەم یادگاریی منداڵیی من.

"ئیمەش، وەک زۆربەی کۆچەرەکان، پارەمان پێ نەبوو. لە مەتبەخەکەی ماڵی مامما، لەسەر یەک دۆشەک دەخەوتین. باوکم بەناچاری دەستی کرد بە ئیشکردن لە کارگەیەکی درووماندا و لەوێ قۆپچەی بە چاکەتەوە دەکرد. کاتێک بووم بە دە ساڵان، لە خوێندن دەری هێنام و بردمیە لای خۆی."

ئیدی سەیری دەموچاوی داماوی پیاوە شینەکە و لێوە باریکەکانی و سینگە چرچبووەکەی کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی، "باشە بۆ ئەم شتانە بۆ من باس دەکا؟"

"خۆم، هەر بەسروشت، منداڵێکی ترساو بووم، ئەو دەنگەش کە لە کارگەکەدا دروست دەبوو، ئەوەندەی تر دەیترساندم. من هێشتا تەمەنم هێی ئەوە نەبوو بچمە شوێنی ئاوا و گوێم لە بۆڵەبۆڵ و جنێوی ئەو هەموو پیاوە گەورانە بێ. هەرکاتێک چاودێرەکە لێمان نزیک دەبۆوە، باوکم پێی دەگوتم، 'سەر دابخە، با نەتبینێ.' جارێکیان لەترێکم دا و قووتوویەک قۆپچەم ڕشت، قۆپچەکان بەو ناوەدا بڵاو بوونەوە. کابرای چاودێر بەسەرمدا قیژاندی، پێی گوتم کە منداڵێکی بێکەڵکم و دەبێ دەر بکرێم. هێشتا ئەو ساتەم لە بەرچاوە، کە باوکم وەک سواڵکەر کەوتە پاڕانەوە لێی، چاودێرەکەش گاڵتەی لە باوکم دەهات و بە پشتی دەستی، لووتی دەسڕی. خەریک بوو لە ئازاردا گەدەم دەتەقی. هەستم کرد قاچەکانم تەڕ بوون. سەیرێکی خوارەوەم کرد، چی ببینم! چاودێرەکە دەستی بۆ پانتۆڵە تەڕەکەم ڕاکێشا و کەوتە پێکەنین، ئینجا کرێکارەکانی تریش سەیریان کردم و ئەوانیش پێکەنین.

"لەدوای ئەو ڕووداوەوە، باوکم قسەی لەگەڵ نەکردمەوە. پێی وا بوو من شەرمەزاری لای خەڵکم کردووە، ئەمەش، بەپێی پێوەرەکانی ناو ئەو دونیایەی باوکم تیایدا دەژیا، ڕاست بوو. دەکرێ باوکان بە دەستی خۆیان کوڕەکانیان تێک بشکێنن، من لەدوای ئەو ڕووداوەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان تێک شکام و منداڵێکی ترساوم لێ دەر چوو. کە گەورەش بووم، هەر نیگەران و ترساو بووم. لە هەمووشی خراپتر، بەگەورەییش هێشتا شەوان میزم بە خۆمدا دەکرد. بۆیە بەیانییان بەدزییەوە بیجامە و چەرچەفە تەڕەکەم

دەبرد و لە دەستشۆرەکەدا دەمشتن. بەیانییەک سەرم هەڵبڕی و بینیم باوکم گەیشتووەتە سەرم. باوکم چەرچەفی میزاوییەکانی بینی و بە جۆرێک سەیری کردم، کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە، بە چاوەکانیدا دیار بوو بیەوێت هەر لەوێدا ئەو دەزووە بپچڕێنێ، کە ژیانمانی پێکەوە دەبەست."

پیاوە شینەکە لە قسە وەستا. پێستەکەی، کە دەتگوت بۆ ماوەیەکی زۆر لە گیراوەیەکی شیندا دانراوە، لەسەر ورگی چین چین بووبوو. ئیدی چاوی لەسەر لا نەدەبرد.

پیاوە شینەکە گوتی، "ئیدوارد، من لەزگماکەوە ئاوا سەیروسەمەرە نەبووم، بەڵام ئەو کاتەی وام لێ هات، چارەسەری پزیشکی ئەوەندە پێش نەکەوتبوو. منیش بۆ چارەسەری ترسەکەم چووم بۆ لای دەرمانسازێک و داوام لێ کرد شتێکم بداتێ. ئەویش بتڵێک نیتراتی زیوی دامێ و پێی گوتم لەگەڵ ئاو تێکەڵی بکەم و هەموو شەوێک کەمێکی لێ بخۆمەوە. پاش ماوەیەک، نیتراتی زیو بەفەرمی وەک ژەهر ناسێندرا، بەڵام ئەوکات من هیچ چارەسەرێکی ترم لەلا نەبوو. کە دەمبینی نیتراتەکە کاریگەریی لەسەرم نییە، دەمگوت دیارە هێی ئەوەبە کەمی لێ دەخۆمەوە، لەبەر ئەوە، زیاترم دەخواردەوە. هەندێک جار دوو یان سێ قومی گەورەم بەبێ ئاو هەڵدەدا.

"پاش ماوەیەک، تێبینیم کرد خەڵک زۆر سەیرم دەکەن. خەریک بوو ڕەنگم دەبوو بە خۆڵەمێشی. شەرمم دەکرد و نارەحەت بووم، منیش، تا دەهات، زیاتر و زیاترم لە نیتراتی زیوەکە دەخواردەوە. ئەوەندەم زانی، پێستم لە ڕەساسییەوە بووە بە شین. ئەم حاڵەتە یەکێک بوو لە کاریگەرییە لاوەکییەکانی ئەو ژەهرە."

پیاوە شینەکە بۆ ساتێک لە قسە وەستا و دووبارە - ئەم جارە بە دەنگێکی نزمتر - دەستی پێ کردەوە، "لەو کارگەیەی کارم دەکرد، دەر کرام. چاودێرەکە دەیگوت گوایە کرێکارەکانی تر لێم دەترسن. ئی منیش بەبێ ئیش و بەبێ کار چۆن خۆمم بژیاندایە؟ لەکوێ بژیامایە؟

"کەلاوەیەکی تاریکم دۆزییەوە و تیایدا، لەژێر کڵاو و پاڵتۆیەکدا، خۆم گرمۆڵە دەکرد. شەوێکیان، کۆمەڵێک پیاو، کە بەنیازی سازکردنی کەرناڤاڵ و شتی وا بوون، هاتن بۆ ئەو ناوە. جگەرەیان دەکێشا و پێدەکەنین. یەکێک لە پیاوەکان، کە پیاوێکی بچووک بوو، قاچێکیشی تەختە بوو، هەر سەیری دەکردم. دواتر هات بۆ لام.

"هەر ئەو شەوە ڕێک کەوتین منیش بەشداریی نماییش و کەرناڤاڵەکەیان بکەم. لەو شەوەوە، ژیانم بەهای بۆ گەڕایەوە."

ئێدی، لە دەموچاوی پیاوە شینەکەدا، بێدەسەڵاتیی خوێندەوە. ئەو خۆی هەموو کات دەیویست بزانێت ئەندامانی نمایشەکەی ناو شاری یارییەکە کێن و لەکوێوە هاتوون. ئەو پێی وا بوو هەریەکەیان خاوەنی چیرۆکێکی پڕ خەم و خەفەتی خۆیەتی.

"ئێدوارد، بە هۆی ئەو بۆنە و کەرنەڤاڵانەوە، زۆر ناوی تازەم بۆ دروست بوو. هەندێک جار ناوم *پیاوە شینەکەی جەسەری باکوور* بوو، یان *پیاوە شینەکەی جەزائیر*، یان *پیاوە شینەکەی نیوزلەندا*. من خۆم نەچووبووم بۆ هیچکام لەو شوێنانە، بەلام بەلامەوە خۆش بوو کە ئاوا دەبووم بە خەڵکی ئەو وڵاتە دوورانە، هەرچەندە ئەو زانیارییە تەنیا

لەسەر پارچەتەختەیەک یان ئاسنێک دەنووسرا و هیچی تر. نمایشەکان سادە بوون: من دەچوومە سەر تەختەی شانۆکە و دادەنیشتم. لە کەمەرم بۆ سەرەوە ڕووت بوو. خەڵک بەو ناوەدا دەهاتن و دەچوون. ئەو کابرایەش کە لە دەرەوە دانرابوو بانگی خەڵک بکات بۆ نمایشەکە هاواری دەکرد و وەک شتێکی زۆر سەیر و داماو باسی منی دەکرد. دوو عانەم بەم ئیشە دەخستە گیرفانمەوە. جارێکیان بەڕێوەبەری نمایشەکە نازناوی *باشترین دەعبای* لی نام، منیش - هەرچەندە قسەکەشی ناخۆش بوو - شانازیم بە نازناوەکەوە دەکرد. کاتێک ئیتر کۆمەڵگە چارەی ناوێنی بەردیشت تێ بگرن، هەر قبوڵتە.

"زستانێکیان هاتم بۆ ئەم شاری یاریی ڕووبییە. خەریکی سازکردنی نمایشێک بووین بە ناوی *نمایشی هاووڵاتییە سەیروسەمەرەکان*. بۆ من زۆر خۆش بوو کە لە ئەسپ و عەرەبانەی کەرنەڤاڵەکان دوور کەوتبوومەوە و شوێنێکی نەرم دۆزیبۆوە.

"ئەم شاری یارییە بوو بە لانەیەک بۆ من. لە ژوورێکدا، لەسەروو دوکانی لەفەکەوە، دەژیام. شەوان لەگەڵ ئەندامانی نمایشەکە و تەنەکەچییەکان و هەندێک جاریش لەگەڵ باوکت کونکەنم دەکرد. بەیانییان زوو، ئەگەر کراسی درێژم لەبەر بکردایە و خاولییەکم بەسەر شانمدا بدایە، دەمتوانی بەقەراغ ئەم کەنارەدا پیاسە بکەم و کەسیش لێم نەترسێ. ڕەنگە ئەمە شتێکی ئەوەندە گەورە نەبێ، بەڵام بۆ من ئازادییەکی خۆش بوو، کە زۆر کەم دەرفەتم بۆ دەڕەخسا تامی بکەم.

پیاوە شینەکە وەستا و سەیرێکی ئێدیی کرد.

"تێگەیشتی بۆ لەم شاری یارییەین؟ چونکە ئێرە بەهەشتی منە، نەک هیی تۆ."

چیرۆکێک بە نموونە وەر بگرە و لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە لێی بڕوانە.

ساڵ، ساڵی ١٩٢٠ەکانە و یەکشەممەیەکی مانگی تەمموزە. بەیانییەکی باراناوییە و ئێدی و هاوڕێکانی یاری بەو تۆپی بەیسبۆڵە دەکەن، کە ئێدی نزیکەی ساڵێک لەوەوبەر وەک دیاریی یادی لەدایکبوونی بۆی هاتووە. لەو ساتە ڕابمێنە، کە تۆپەکە بەسەر سەری ئێدیدا گیڤە دەکات و دەکەوێتە سەر شەقامەکە. ئێدی، کە پانتۆڵێکی قەیفەی لەبەردایە و کڵاوێکی خووریی لەسەرە، بەدوای تۆپەکەدا ڕادەکات و دەچێتە بەردەم سەیارەیەکی فۆردی مۆدێل ئەی. سەیارەکە دەیخشێنێت، یەک مووی دەمێنێت لە ئێدی بدات. ئێدی وەک شەقشەقە دەلەرزێت و هەناسەبڕکێی پێ دەکەوێت. پاش کەمێک، تۆپەکە دەهێنێتەوە و ڕادەکاتەوە بۆ لای هاوڕێکانی. دواتر یارییەکە تەواو دەبێت و منداڵەکان ڕادەکەن بۆ هۆڵی داخراوی یارییەکان و لەوێ ئەو یارییە دەکەن، کە تیایدا بە قولاپێکی بچووک، بووکەڵەی گچکە لە سندوقێک دەر دەهێنێت.

ئێستا هەمان چیرۆک بە نموونە وەر بگرە و لە گۆشەنیگایەکی ترەوە لێی بڕوانە. پیاوێک فۆردێکی *مۆدێل ئەی* پێیە، هیی هاوڕێیەکیەتی و ئەم خۆی لەسەر فێر دەکات. شەقامەکە بە هۆی بارانی ئەو بەیانییەوە تەڕ و خلیسک بووە. لەناکاو تۆپێکی بەیسبۆڵ دەکەوێتە سەر شەقامەکە

و کوڕێکیش بەدوایدا ڕادەکات. شۆفێرەکە خێرا پێی بە ئیستۆپدا دەنێت سووکانەکە توند دەگرێت، سەیارەکە کەمێک دەسووڕێ و تایەکان قریشکە دەکەن.

شۆفێرەکە تا ڕادەیەکی باش کۆنترۆڵی دۆخەکە دەکات و بەردەوام دەبێت لە لێخووڕین. ئەو منداڵەی هاتووە تۆپەکی بەرێتەوە، لە ئاوێنەکەی بەردەم شۆفێرەکەدا دیار نامێنێت. بەڵام کابرای شۆفێر بیری هەر لای ئەوەیە، کە چەندە کەمی مابوو لە منداڵەکە بدات. بەو هۆیەشەوە، هێشتا کاریگەریی حاڵەتەکە لەسەر جەستەی هەر ماوە. بڕێکی زۆر لە ماددەی ئەدرینالین لە جەستەیدا دەڕژێت و دڵی دەکەوێتە تەپوکوت. دڵیشی بەهێز نییە، بۆیە ئەو تەپوکوتە بڕستی لێ دەبڕێت. دواجار شۆفێرەکە گێژ دەبێت و خەریکە بەلادا بێت. سەیارەکە یەک تۆزی ماوە بیدات بە سەیارەکی تردا. شۆفێری بەرامبەر هۆڕینێک لێدەدات و شۆفێری فۆردەکە دەست دەشکێنێتەوە و ئیستۆپێکی قاییم دەگرێت. بەمە سەیارەکە کەمێک دەسووڕێت و بە کۆڵانێکدا خل دەبێتەوە، دوا جار خۆی دەدات بە سەیارەکی وەستاودا. پێکدادانەکە دەنگێکی نزمی دێت. لایتەکانی فۆردەکە دەشکێن، بە کاریگەریی ئیستۆپە قاییمەکەش، سەری کابرای شۆفێر دەدرێت بە سووکانەکەدا و ناوچاوانی خوێنی لێ دێت. کابرا لە فۆردەکە دادەبەزێ، تا بچێت زیانی ڕووداوەکە ببینێت، بەڵام هەر لەوێدا و لەسەر شۆستەکە بەلادا دێت. دەماری قۆڵی چەپی ڕەق دەبێت و سینگی توند دەبێت. کات، بەیانییەکی یەکشەممەیە، کۆڵانەکە زۆر چۆڵە*، بۆیە پیاوەکە لەوێ

---

* لە ئایینی مەسیحیدا، بەیانییانی یەکشەممە کاتی کۆبوونەوە و نوێژی بەکۆمەڵە لە کڵێسادا.

لەتەنیشت سەیارەکەیەوە دەمێنێتەوە و کەس فریای ناکەوێت. وردەوردە خوێنهێنەرەکانی جەستەی وایان لێ دێت، چیی دی ناتوانن خوێن بهێننەوە بۆ دڵی. کاتژمێرێک تێدەپەڕێت و دواجار پۆلیسێک دەیدۆزێتەوە. پشکنەرێکی پزیشکی دەیپشکنێت و دواتر ڕای دەگەیەنێت، کە کابرا مردووە، هۆکاری مردنەکەشی بە جەڵتەی دڵ تۆمار دەکرێت. شۆفێرەکە هیچ خزم و کەسێکی لەو شوێنە نییە.

ئەمە هەمان چیرۆکە، بەڵام لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە: هەمان ڕۆژە، هەمان ساتە، بەڵام لایەک بەخۆشی تەواو دەبێت و تیایدا منداڵێک بە پانتۆڵێکی قەیفەوە خۆی دەکات بە هۆڵی داخراوی یارییەکاندا و بە قولاپێکی بچووک، بووکەڵە لە سندوقێک دەر دەهێنێت، لایەکەی تریش لە بەشی پزیشکیی دادوەری بەناخۆشی تەواو دەبێت و تیایدا کارمەندێک هاوار لە کارمەندێکی تر دەکات، کە بچێت سەیری جەستەی شین و سەیروسەمەرەی مردوویەکی تازە بکات.

پیاوە شینەکە چیرۆکەکەی لە گۆشەنیگای خۆیەوە تەواو کرد و بە دەنگێکی نزم گوتی، "ئێستا تێگەیشتی، کوڕە چکۆل گیان؟"

ئێدی لەرزێکی پێدا هات و لەژێر لێوەوە گوتی، "ئەی هاوار! شتی وا چۆن دەبێ!"

ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونی ئێدییە

هەشت سالانە. لەسەر قەراغی قەنەقەیەکی بەرگ چوارگۆش چوارگۆشە دادەنیشێت و بەتووڕەییەوە قۆڵەکانی لەسەر سینگی دەخاتە سەر یەك. دایکی لە بەردەمیدا، لەسەر زەوییەکە دانیشتووە و قەیتانەکانی بۆ دادەخات، باوکیشی لەبەر ئاوێنەکەدا وەستاوە و بۆینباخەکەی ڕێك دەکات.

ئێدی دەڵێت، "من نامەوێ بێم."

دایکی، بەبێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە، دەڵێت، "دەزانم ناتەوێ بێی، بەڵام دەبێ بڕۆین. هەندێك جار ک ڕووداوی ناخۆش ڕوو دەدەن، دەبێ بەناچاری هەندێ شت بکەی."

"بەڵام، ئاخر ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونمە."

ئێدی بەخەمبارییەوە سەیری ئەوبەری ژوورەکە دەکات و لە سووچەکەدا ئەو پاکەتە یارییە دەبینێت، کە کۆمەڵێك پارچەی بچووکی شتدروستکردن و سێ تایەی لاستیکی تێدایە. ئێدی لە شتپێکەوەناندا زۆر لێهاتووە، نیازی وا بوو بەو پارچانە گەلابەیەك دروست بکات و لە ئاهەنگی یادی لەدایکبوونەکەیدا، پیشانی هاوڕێکانی بدات، بەڵام ئێستا دەبێت لەجیاتیی ئەوە خۆی بگۆڕێت و لەگەڵ ئەندامانی

تری خێزانەکەی بڕوات بۆ شوێنێکی تر. ئێدی ئەمەی زۆر بەلاوە نادادپەروەرانەیە.

جۆی برای خۆی دەکات بە ژووردا. جۆ، پانتۆڵێکی خووریی لەبەردایە، پاپیۆنێکی بەستووە و دەستکێشێکی بەیسبۆڵیشی لە دەستی چەپی کردووە. بە دەستی ڕاستی، بەتوندی دەکێشێت بە دەستکێشەکەیدا و بەگاڵتەپێکردنەوە سەیری ئێدی دەکات.

جۆ دەڵێت، "ئەوانە پێڵاوە کۆنەکانی منن. تازەکانم باشترن."

ئێدی دەموچاو بەیەکدا دەدات. زۆری پێ ناخۆشە، کە شڕەومڕەی جۆی دەدەنێ لەبەریان بکات.

دایکی پێی دەڵێت، "دە ئەوەندە مەجووڵێ."

ئێدی بەئازارەوە دەڵێت، "ئێ دە قاچم دەگرن."

باوکی هاوارێکی بەسەردا دەکات و دەڵێت، "بەسەههه"، ئینجا مۆڕەیەکیشی لێ دەکات و دەستبەجێ ئێدی نقەی لێ دەبڕێت.

لە گۆڕستانەکە، ئێدی بەئەستەم کارمەندانی شاری یارییەکە دەناسێتەوە. ئەو پیاوانەی بەزۆری کراسی سیرای ئاڵتوونییان لەبەردایە و جامانەیەکی سووری گەورەیان لەسەرە، ئێستا هەموویان - بە باوکی ئێدییشەوە - قاتی ڕەشیان لەبەردایە، ژنەکانیش، بە هەمان شێوە، عەزیی ڕەشیان لەبەردایە و هەندێکیشیان سەرپۆشێکی تەنکیان بە نیوەی دەموچاویاندا داوە.

ئێدی دەبینێت پیاوێك بە خاکەناز گڵ دەکاتە چاڵێکەوە و تۆزێکیش باسی خۆڵەمیش دەکات. ئێدی دەستی دایکی

گرتووە و خۆرەکە تەواو چاوی پێ بچووک کردووەتەوە. دەزانێت مەراسیمەکە ناخۆشە و دەبێت خەمبار بێت، بەڵام بەدزییەوە لە یەکەوە تا هەزار دەژمێرێت و هیوادارە تا دەگاتە هەزار، یادی لەدایکبوونەکەی بدەنەوە دەست خۆی.

وانەی یەکەم

ئێدی بەپاڕانەوەوە گوتی، "بەڕێز گیان، تکایە بمبەخشە. بڕوا بکە من نەمزانیوە شتی وا ڕووی داوە. سوێندت بۆ دەخۆم نەمزانیوە."

پیاوە شینەکە سەرێکی لەقاند و گوتی، "جا چۆن بتزانییایە، ئەو کاتە زۆر منداڵ بووی."

ئێدی چەند هەنگاوێک گەڕایەوە دواوە و وەک ئەوەی خۆی بۆ شەڕ ئامادە بکات، خۆی کۆ کردەوە، ئینجا گوتی، "بەڵام من ئێستا دەبێ باجەکەی بدەم."

"باجەکەی بدەی؟"

"بەڵێ، باجی تاوانەکەم. هەر بۆیەشە هێنراوم بۆ ئێرە، وا نییە؟ بۆ ئەوەی دادپەروەری بەرقەرار ببێ؟"

پیاوە شینەکە زەردەخەنەیەکی کرد، "نەخێر، ئێدوارد. تۆ بۆیە هاتووی بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی شتێکت فێر بکەم. هەموو ئەوانەی لێرە دەیانبینی، شتێکت فێر دەکەن."

ئێدی گومانی دەکرد وا بێت، بۆیە هەر مشتەکانی نەکردەوە.

"چیم فێر دەکەی؟"

"ئەوەت فێر دەکەم، کە هیچ شتێک هەڕەمەکی نییە و

ئێمە هەموومان پێکەوە گرێ دراوین، هەر وەک چۆن ناتوانی شەماڵ لە با جیا بکەیتەوە، ئاواش ناتوانی ژیانی کەسێک لە ژیانێکی کەسێکی تر جیا بکەیتەوە."

ئێدی سەری لەقاند، "بەڵام ئەوە ئێمە بووین ئەو تۆپەمان هەڵدا و نەزانیی من بوو، کە ئاوا خێرا هاتمە سەر شەقامەکە. بۆچی بە هۆی هەڵەی منەوە تۆ بمری؟ ئەوە هیچ دادپەروەرانە نییە."

پیاوە شینەکە دەستەکانی، بەکراوەیی، کەمێک بەرز کردەوە و گوتی، "دادپەروەری بڕیار لەسەر ژیان و مردنی ئێمە نادا. ئەگەر وا بووایە، هیچ مرۆڤێکی باش بەگەنجی نەدەمرد!"

پیاوە شینەکە لەپی دەستەکانی ڕووەو ئاسمان بەرز کردەوە و لە چاوتروکانێکدا لەگەڵ ئێدی کەوتنە گۆڕستانێکەوە. بینییان هەردووکیان بە جووتە، لەدوای کۆمەڵێک کەسەوە، کە هاتوون مردوویەک بنێژن، وەستاون، قەشەیەکیش لە سەرەوە، لەتەنیشت گۆڕەکە وەستاوە و ئینجیل دەخوێنێت. ئێدی دەموچاوەکانی نەدەبینی، ئەوەی دەیبینی، تەنیا پشتی عەزی و قات و کڵاوی ڕەش بوو.

پیاوە شینەکە گوتی، "ئەوە مەراسیمی بەخاکسپاردنی منە. سەیری ئەوانە بکە کە هاتوون. هەندێکیان تەنانەت باش خۆمیان نەدەناسی، بەڵام هەر هاتبوون. بۆ؟ قەت ئەم پرسیارەت لە خۆت نەکردووە؟ بۆچی کە کەسێک دەمرێ خەڵک لێی کۆ دەبنەوە؟ بۆچی پێیان وایە دەبێ بیکەن بە مەراسیم و کۆ ببنەوە؟

"لەبەرئەوەی ڕووحی مرۆڤ باش لەوە تێگەیشتووە، کە

ڕێگەی هەموو ژیانەکان دێنەوە سەر یەک. دەزانی کاتێک مردن کەسێک دەبا، هەر بەئەنقەست ئەوەی تەنیشتی بەجێ دەهێڵێ، ئا لەو نێوەندە بچووکەی نێوان بردنی کەسێک و بەجێهێشتنی کەسێکی تریشدا، ژیانەکان دەگۆڕێن.

"تۆ دەڵێی دەبووایە تۆ لەجیاتیی من بمردیتایە، بەڵام ئەو کاتەش کە من خۆم لەسەر زەوی بووم، خەڵک پێشتر لەجیاتیی من مردبوون. ئەوە شتێکە، هەموو ڕۆژێک دووبارە دەبێتەوە. تۆ تەماشا بکە، کاتێک لە جێیەک دەڕۆیت و دوای یەک دەقیقە هەورەبرووسکە لەو جێیە دەدات، یان فڕۆکەیەک دەکەوێتە خوارەوە کە دەبووایە تۆش پێی بڕۆی، یان هاوڕێیەکت نەخۆش دەکەوێ و تۆ ساغ و سەلامەت بۆی دەر دەچی، ئێمە وا دەزانین ئەمانە هەر وا هەڕەمەکی ڕوو دەدەن، بەڵام هەموویان، بە شێوەیەکی هاوسەنگ، ڕێک خراون. یەکێک وشک دەبێ، یەکێکی تر شکوفە دەکا. لەدایکبوون و مردن، دوو ڕووی یەک دراون.

"هەر لەبەر ئەمەشە ئەوەندە سەرسامین بە منداڵی تازەلەدایکبوو..."

پیاوە شینەکە ڕووی بەلای گۆڕستانەکەدا وەر گێڕا، "لەگەڵ مەراسیمی بەخاکسپاردنی مردووەکان."

ئێدی دووبارە سەیری ئەو کەسانەی کرد، کە لە گۆڕستانەکەدا خڕ بووبوونەوە. پرسیاری ئەوەی لەلا دروست بوو، کە تۆ بڵێی خۆی مەراسیمی بەخاکسپاردنی بۆ ڕێک خرابێت و کەس چووبێت. ئێدی بینیی قەشەکە چەند ئایەتێکی ئینجیلی لەسەر گۆڕی پیاوە شینەکە خوێند و ئامادەبووان سەریان دانەواند. ئەمە ئەو ڕۆژە بوو، کە

چەندین ساڵ پێش ئەو کاتە، پیاوە شینەکەیان تێدا بەخاک سپاردبوو. ئێدییش، بەو منداڵییە و بەبێ ئەوەی بزانێ چ ڕۆڵێکی هەبووە لە مردنی کابرادا، چووبوو بۆ مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەی و بەو ناوەدا هەر هاتوچۆی بووبوو.

ئێدی لەسەرخۆ گوتی، "ئێشتاش تێناگەم ئەم مردنەی تۆ چ سوودێکی تێدا بوو."

پیاوە شینەکە وەڵامی دایەوە، "سوودەکەی ئەوە بوو، تۆ ژیایت!"

"بەڵام باشە، من بەحاڵ تۆم دەناسی، ڕەنگە تۆش منت نەناسیبێ."

پیاوە شینەکە دەستی خستە سەر شانی ئێدی. ئێدی دووبارە هەستی بە گەرمییەکە کردەوە. پیاوە شینەکە گوتی، "ئەوانەی ناشیانناسین، هەر ئەندامی خێزانەکەمانن، تەنیا ئەوەیە، جارێ نەمانبینیون."

پیاوە شینەکە، لەگەڵ گوتنی ئەمەدا، قۆڵی ئێدیی ڕاکێشا و لە خۆی نزیک کردەوە. لەپڕ ئێدی هەستی بە هەموو ئەو شتانە کرد، کە پیاوە شینەکە لە ژیانیدا هەستی پێ کردبوون. هەستەکان چووبوونە ناو ئێدییەوە و لە ناخیدا مەلەیان دەکرد: هەستی تەنیایی و شەرم و نائارامی و تەنانەت جەڵتەکەشی. ئەو هەستانەی ژیانی پیاوە شینەکە، هەر بەو شێوەیەی شتێک بخەیتە چەکمەجەیەکەوە و دای بخەیت، ئاوا هاتبوونە ناو ئێدییەوە.

پیاوە شینەکەی بە گوێی ئێدیدا چرپاندی، "من ئێستا دەڕۆم. ئەم ئاستەی بەهەشت بۆ من تەواو بوو، بەڵام

خەڵکی تر هەن، چاوەڕێت دەکەن."

ئیدی پیاوە شینەکەی ڕاکێشا و پێی گوت، "بوەستە، یەک شتم پێ بڵێ، کچە بچووکەکەم ڕزگار کرد یان نا؟ کچەکەی لە شاری یارییەکە خەریک بوو کورسییەکەی بەر بکەوێ، مرد یان ڕزگارم کرد؟"

پیاوە شینەکە وەڵامی نەدایەوە. ئیدی بەخەمبارییەوە دانیشت و گوتی، "کەواتە مردنەکەشم وەک ژیانم بەفیڕۆ چوو."

پیاوە شینەکە وەڵامی دایەوە، "هیچ ژیانێک بەفیڕۆ ناچێ، تاکە شت کە بەفیڕۆ دەچێ، ئەو کاتەیە کە تیایدا وا بیر دەکەینەوە تەنیایین."

پیاوە شینەکە بە ئاراستەی گۆڕستانەکەدا گەڕایەوە دواوە و زەردەخەنەیەکی کرد. هەر لەو ساتەدا بوو، کە ڕەنگی پێستی جەستەی گۆڕا بۆ ڕەنگێکی ساجیی کاڵی زۆر جوان و بێگەرد. ئەو پێستە، جوانترین پێست بوو ئیدی بینیبێتی.

ئیدی هاواری لە پیاوە شینەکە کرد، "بوەستە." بەڵام ئیدی لە چاوترووکانێدا بۆ ئاسمان بەرز بووەوە و بەسەر زەریا ڕەساسییەکەدا فڕی، ئینجا لە سەرەوە سەیری خوارەوەی کرد و سەربانی باڵاخانە و شوێنەکانی ناو شاری یاریی ڕووبیی بینی: گومەزە خڕەکان، منارە و ئاڵاکان، کە بە شەماڵەکە دەشنانەوە.

ئینجا هەموو شتێک لە چاو ون بوو.

یەکشەممە، کاتژمێری ٣ی پاشنیوەڕۆ

لە شاری یاریی ڕووبی، خەڵک هەموو لەدەوری کورسیی تێکشکاوەکە خڕ بووبوونەوە. ژنە بەتەمەنەکان دەستیان خستبووە سەر دەمیان، دایکانیش منداڵەکانیان دوور دەخستەوە. چەند پیاوێکی کەتە و چوارشانە، بە کراسی نیوقۆڵەوە، بەناو خەڵکەکەدا خۆیان خزاندە پێشەوە - وەک ئەوەی زۆر بتوانن ڕووداوەکە کۆنترۆڵ بکەن. کە گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، ئەوانیش دەستەوەستان بوون و لە سەیرکردن زیاتر، هیچیان پێ نەکرا. خۆر خەریک بوو ئاوا دەبوو، سێبەرەکانی تیژ کردبووەوە و دەستی بە خەڵکەکە خستبووە سەر ناوچاوانیان. دەتگوت سڵاو دەکەن.

خەڵکەکە لەناو خۆیاندا لە یەکتریان دەپرسی، "ڕووداوەکە تا چەند قورسە؟" لە بەشی پشتەوەی قەرەباڵغییەکەوە، دۆمینگێز خۆی پێدا کرد، دەموچاوی سوور بووبووەوە و کراسەکەشی شەڵالی ئارەقە بووبوو. دۆمینگێز سەیری زەوییەکەی کرد و خوێنەکەی بینی.

دەستبەجێ دەستی بە سەریەوە گرت و بەناڵەناڵەوە گوتی، "ئەی هاواااار! ئێدی گیان! توو خواااا!" تیمی فریاکەوتنی شاری یارییەکە گەیشتنە شوێنەکە و خەڵکەکەیان بڵاوە پێ

کرد، بەڵام هەر زوو ئەوانیش بێدەسەڵات لەوێدا وەستان و چاوەڕێی ئۆتومبێلی فریاگوزارییەکەیان کرد. هەموو ئەوانەی لەوێ بوون، دایکان و باوکان و منداڵەکان - کە پێپسی و قوتووی گەورەیان بە دەستەوە بوو - لەوە حەپەساوتر بوون بتوانن سەیری دیمەنەکە بکەن، لەوەش سڕتر بوون جووڵەیان بۆ بکرێت. مردن گەیشتبووە بەرپێیان و لە بڵندگۆکانیشەوە بە گوێیاندا دەدرا.

هەموو دەیانپرسی، "ڕووداوەکە باییی چەند خراپە؟" لوورەی ئۆتومبێلەکانی پۆلیس و فریاکەوتن هاتە گوێ. کارمەندی زیاتری یەکپۆش گەیشتن، شریتی زەردیان بەدەوری شوێنی ڕووداوەکەدا ڕایەڵ کرد. هۆڵی داخراوی یارییەکان، بەڕاستی داخرا. یارییەکان تا وادەیەکی دیارینەکراو قفڵیان لێ درا. هەواڵی ڕوودانی کارەساتە دڵتەزێنەکە بە هەموو کەنارەکەدا بڵاو بووەوە و تا ساتی خۆرئاوابوون، شاری یاریی ڕووبی بەتەواوی خۆڵی مردووی لێ نیشت.

ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونی ئێدییە

هەرچەندە دەرگاکەش داخراوە، بەڵام ئێدی، لە ژوورەکەی خۆیەوە، بۆنی ئەو گۆشتە دەکات، کە دایکی لەگەڵ بیبەری سەوز و پیازی شیرین دەیبرژێنێت. بۆنەکە وەك بۆنی تەختە وایە و قورسە، بەڵام ئێدی حەزی لێیەتی.

دایکی لە مەتبەخەکەوە هاواری لێ دەکات، "ئێدییی! ئەوە بۆ نایەی، هەموو لێرەین."

ئێدی لەسەر جێگەکەی تلێك دەدات و کتێبە وێنەییەکەی دەستی دەخاتە لاوە. ئەمڕۆ دەبێت بە حەڤدە ساڵ، ئیتر هیی ئەوە نەماوە ئەو جۆرە کتێبانە بخوێنێتەوە، بەڵام چی بکات، هێشتا هەر حەزی لێیانە و زۆر کەیفی بە پاڵەوانە ڕەنگاوڕەنگەکانی ناویان دێت، کە شەڕ لەگەڵ کەسە خراپەکاندا دەکەن و جیهان ڕزگار دەکەن. ئێدی کۆمەڵێك لە کتێبەکانی داوە بە ئامۆزا ڕۆمانییەکانی، کە تەمەنیان گەیشتووەتە ئەوەی بیانخەنە قوتابخانە و پێش چەند مانگێك هاتوون بۆ ئەمەریکا. ئەو کاتەی ماڵی مامی گەیشتن، ئێدی و ئەندامانی تری خێزانەکەی چوون بۆ بەخێرهاتنیان و لە بەندەرەکە چاویان پێیان کەوت، دواتریش هێنایانن بۆ ماڵەوە و ژوورەکەی جۆ و ئێدییان

دانێ. بەم شێوەیە، ژوورەکە بوو بە ژووری چوار کەس و کەس بەئارامی تیایدا نەدەخەوت. ئامۆزاکانی ئێدی ئینگلیزی نازانن، بەڵام ئەوانیش حەزیان لەو کتێبانەیە، چونکە پڕن لە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ. هەرچۆنێك بێت، بەم شێوەیە ئێدی وا دەکات، ئەو کتێبانە هەمیشە لە بەرچاویدا بن.

ئێدی خۆی دەکات بە ژووردا و دایکی بەخۆشییەوە دەڵێت، "ئاهەنگەکە بۆ ئەم کوڕە جوانەمانە." ئێدی کراسێکی سپیی لەبەردایە و بۆینباخێکی شینیش لە ملە ئەستوورەکەی توند بووە. هاتوهاوارێك بە سڵاو و دەنگی پەرداخی بیرەی میوان و هاوڕێیان و خێزان و کارمەندانی شاری یارییەکەوە دروست دەبێت. باوکی ئێدی لە سووچێکدا خەریکی کۆنکەنە و هەورێك لە دووکەڵی جگەرە بەسەر سەریەوە گەواڵەی کردووە.

جۆ هاوار دەکات، "دایە! تۆ بڵێی چیی! ئێدی دوێنێ شەو کچێکی ناسیوە."

"بەڕاست؟"

تەزوویەك بە لەشی ئێدیدا دێت.

"ئا! ئا! دەشڵێ بەتەمایە بیهێنێ."

ئێدی بە جۆ دەڵێت، "دەمت دابخە، بەسە."

جۆ گوێ بە ئێدی نادات و بەردەوام دەبێت، "بە خوا بەڕاستمە! دوێنێ شەو بەدڵخۆشی هات بۆ لام بۆ ژوورەکە و بە دەمی خۆی پێی گوتم. گوتی، 'ئەو کچەم دۆزییەوە، کە دەیکەم بە هاوسەرم.'"

ئێدی خەریکە چاك پەست دەبێت.

"گوتم بەسە."

یەکێك دەپرسێت، "ئێدی، خاتوون ناوی چییە؟"

"ئەی یەکشەممان دەچی بۆ کڵێسا؟"

ئێدی جۆ دەگرێت و قۆڵی با دەدات.

"ئاااخ"

"ئێدییی!"

"نەمگوت دەمت دابخە."

جۆ، هەر چۆنێك بێت، دەڵێت، "کوڕە هەر ئەوەش نا، گوتی لە سەکۆی ستاردەست سەماشی لەگەڵ کردووە."

ئێدی دانەیەك بە جۆدا دەکێشێت.

"ئاااخ"

"دەمت داخەەە."

"ئێدی، بەسە، وا مەکە."

کار دەگاتە ئەوەی تەنانەت ئامۆزا ڕۆمانییەکانیشیان تێبگەن شەڕە. سەر بەرز دەکەنەوە و سەیری دوو براکە دەکەن، کە لەسەر قەنەفەکە بەیەکدا نووساون. باوکی ئێدی جگەرەکەی دادەنێت و هاوارێکیان بەسەردا دەکات، "بیبڕنەوە تا نەهاتووم و هەردووکتان تەمبێ بکەم."

براکان لێك دەبنەوە، بەڵام هێشتا چاویان لە چاوی یەکتر بڕیوە و خێسە لە یەکتر دەکەن. هەندێك لە خزمە بەتەمەنەکانیان، زەردەخەنە دەیانگرێت. یەکێك لە پوورەکانی ئێدی بەچرپە دەڵێت، "دیارە کچەکەی زۆر بەدڵە."

دواتر، دوای ئەوەی گۆشتەکە دەخورێت و مۆمەکان دەکوژێندرێنەوە و زۆربەی میوانەکانیش دەڕۆن، دایکی ئێدی ڕادیۆکە هەڵدەکات. هەواڵی شەڕێك، کە لە ئەوروپا

هەڵگیرساوە، دێتە دەرەوە. باوکی ئێدی دەڵێت، ئەگەر دۆخەکە خراپتر ببێت، مس و تەختەیان بەگران دەست دەکەوێت، ئەوەش وا دەکات، بەڕێوەبردنی شاری یارییەکە زۆر ئەستەم ببێت.

دایکی ئێدی دەڵێت، "هەواڵێکی ناخۆش بوو، بەڕاستی هیی ئەم کاتە خۆشە نەبوو."

دایکی ئێدی بە کەناڵەکاندا دەگەڕێت، تا ئەو کاتەی مۆسیقا لە ڕادیۆکەوە دێتە دەرەوە: ئۆرکسترایەك ئاوازێکی خۆش دەژەنن. دایکی ئێدی بەزەردەخەنەوە لەسەر ئاوازی مۆسیقاکە دەکەوێتە گمەگم. ئێدی لەسەر کورسییەکەی پان بووەتەوە و خەریکە دواقاشەکانی کێکەکە دەخوات. دایکی بەرکۆشەکەی سەر باوەشی لا دەبات و بەقەدکراوی دەیدات بەسەر پشتی کورسییەکدا، ئینجا دێ بۆ لای ئێدی. دەستی ئێدی دەگرێت و هەڵی دەستێنێت.

"ئادەی، بزانم چۆن سەمات لەگەڵ هاوڕێ تازەکەت کرد."

"دە واز بێنە، دایە."

"نا، نا، دەی!"

ئێدی بە شێوەیەك هەڵدەستێتە سەر پێ، کە دەڵێی بەرەو سێدارەی دەبەن. جۆی برای پێی پێدەکەنێت، بەڵام دایکی بە دەموچاوە خڕ و جوانەکەیەوە دەکەوێتە جووڵە و هەنگاو و بۆ پێشەوە و بۆ دواوە دەنێت، تا وا لە ئێدی دەکات، ئەویش بکەوێتە جووڵە و هەنگاوی لەگەڵدا بنێت.

دایکی ئێدی لەسەر ئاوازی مۆسیقاکە دەکەوێتە گۆرانیگوتن، "لەلاااااا، لاااا، لیییییی، کە تۆ لەگەڵمیییی، مانگ و ئەستێرەکاااان، لەلا، لەلا، لەلااااا، لە وەرزی هاویندااا..."

دایـك و كـوڕ بـە ژووری میوانەكـەدا دێـن و دەچـن. ئێدی لـەوە زیاتـر خـۆی پـێ ناگیرێـت و دەداتـە قاقای پێكەنین.

لەگـەڵ ئەوەشـدا كـە ئێـدی شـەش ئینجێـك لـە دایكی بەرزتـرە، بـەڵام هێشـتا دایكـی زۆر بەئاسـانی دەیهێنێـت و دەیبـات.

دایكی بەچرپـە بـە ئێـدی دەڵێـت، "پێـم بڵـێ، زۆر خۆشت دەوێ؟"

ئێدی هەنگاوەكەی لێ تێك دەچێت.

دایكی پێی دەڵێت، "ئاساییە بەقوربان! زۆرم پێ خۆشە."

بـە یـەك خولانـەوە، دێتـەوە بـۆ لای مێزەكـە. دایكی ئێدی قۆڵـی جـۆ دەگرێـت و هەڵـی دەسـتێنێت.

"دەی ئێستا پێكەوە سەما بكەن."

"لەگەڵ ئێدی؟"

"دایە، بۆ خاتری خوا!"

دایكـی ئێـدی سـوورە لەسـەر قسـەكەی و دوا جار كـوڕەكان ملـی بـۆ دەدەن. ئێـدی و جـۆ پێدەكـەنـن و لەیـەك گیـر دەبن. دەسـت دەخـە نـەنـاو دەسـتی یەكتـر و دەكەونـە جووڵـە. هەنـگاوی زۆر گـەورە دەنێـن و بـە جووڵـەی قاچەكانیـان بازنـەی زیادلەپێویسـت گـەورە دروسـت دەكـەن. ئێـدی و جـۆ بـەدەوری مێزەكـەدا هـەر دێـن و دەچـن، دایكیشـیان زۆر كەیفـی بـە دیمەنەكـە دێـت. دەنگـی كلارنێتـەكان لەگەڵ ئـاوازی گۆرانییەكـەدا بـەرز دەبێتـەوە و ئامـۆزا ڕۆمانییەكانیـان دەسـت دەكـەن بـە چەپڵەلێـدان، لـەو سـاتەدا بۆنـی گۆشـتە برژاوەكـەش لەنـاو كەشـی ئاهەنگەكـەدا بەتـەواوی سـووك دەبێـت و بـەرەو نەمـان دەچێـت.

دووەم کەس، کە ئێدی لە بەهەشت دەیبینێت

ئێدی هەستی کرد قاچەکانی لەسەر زەوین. ئاسمان دووبارە ڕەنگی لە شینی چویتییەوە دەگۆڕا بۆ خۆڵەمێشی. چواردەوری ئێدی هەمووی داروپەردووی ڕەش و درەختی کەوتوو بوو. ئێدی دەستی لە شان و قۆڵ و ڕان و پووزەکانی دا. هەستی کرد لە جاران بەهێزترە، بەڵام کاتێک ویستی بچەمێتەوە و دەست لە پەنجەکانی قاچی بدات، نەیتوانی. لەشنەرمییەکەی و جەستە لاستیکییە منداڵانەکەی پێشووی نەمابوو. هەرچیی ماسوولکە لە لەشیدا هەبوو، وەک تەلی پیانۆ توند و ڕەق بووبوون.

ئێدی سەیری گرد و دۆڵە سامناکەکانی ئەو دەوروبەرەی کرد. لەسەر گردێکی نزیکی خۆی عەرەبانەیەکی تێکشکاو و لاکی بۆنکردووی ئاژەڵێکی تۆپیوی بینی. گڕەیەک لە دەموچاوی دا. ئاسمانەکە تەقییەوە و ڕەنگێکیی زەردی وەک بڵێسەی ئاگری وەر گرت.

ئێدی جارێکی تریش ڕای کردەوە، بەڵام ئەم جارەیان جیاواز ڕای دەکرد و وەک سەربازی جەنگ، هەنگاوی قورس و زیتانەی دەنا. لەناکاو هەورەبرووسکەیەک - یان شتێکی وەک هەورەبرووسکە، یان تەقینەوەیەک یان بۆمبێک -

ئاسمانەکەی ڕووناک کردەوە. دەستبەجێ، ئێدی خۆی بە زەوییەکەدا دا، قۆڵەکانی درێژ کرد و خۆی خستە سەر سک. ئاسمانەکە دەمی کردەوە و بارانێکی خەستی مەیلەوقاوەیی بەلێزمە لێ هاتە خوار. ئێدی سەری نزم کردەوە و بەسینگەخشکە بە قوڕەکەدا ڕۆیشت، خێراخێراش ئەو قوڕ و پیسییەی تف دەکردەوە، کە بەر لێوەکانی کەوتبوو.

دواجار، ئێدی سەری بەر شتێکی ڕەق کەوت. سەری هەڵبڕی و بینیی چەکێکە، لە زەوییەکە هەڵچەقێنراوە و خوودەیەکی سەربازیی بەسەرەوەیە و زنجیر و مەدالیایەکی ئاسنیش لە دەسکەکەی ئاڵێنراون. ئێدی، کە بارانەکە چاوە تەڕەکانی خێراخێرا پێ دەترووکاند، دەستێکی لە زنجیر و مەدالیاکە دا و بەپەشۆکاوی گەڕایەوە دواوە، ئینجا خۆی کرد بەناو دارمێوێکی چڕدا، کە بە دارهەنجیرێکی هیندیی زەبەلاحدا هەڵزنابوو. ئێدی خۆی کرد بەناو ئەو تاریکییەدا، کە دارمێو و دارهەنجیرەکە پێکەوە دروستیان کردبوو. بەخێرایی قاچەکانی کۆ کردەوە، ئەژنۆکانی بە سینگییەوە نووساند و هەوڵی دا هەناسەی بەبەردا بێتەوە. ترس گەیشتبووە سەری، تەنانەت لە بەهەشتیش!

لەسەر مەدالیاکە، ناوی ئێدی هەڵکۆڵرابوو.

گەنجان دەچن بۆ شەڕ، هەندێک بەناچاری و هەندێک بە ویستی خۆیان، بەڵام هەردوو تاقمەکە پێیان وایە دەبێت بچن. ئەم بۆچوونەش لەو چیرۆکە ناخۆشانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بەدرێژاییی چەندین سەدە گێڕدراونەتەوە و لە هەموویاندا ئازایەتی بەستراوەتەوە بە چەکهەڵگرتن و ترسنۆکییش بە چەکدانانەوە.

لەو ماوەیەدا کە وڵاتەکەی ئێدی لە جەنگەوە گلا، بەیانییەکی باراناوی، ئێدی زوو لە خەو هەستا، ڕیشی تاشی، قژی داهێنا و چوو خۆی لە سوپادا ناونووس کرد. خەڵکەکە دەچوون بۆ شەڕ، دەبوو ئەمیش بچێت.

دایکی ئێدی پێی خۆش نەبوو کوڕەکەی بڕوات بۆ شەڕ، باوکیشی، کاتێک هەواڵەکەی بیست، جگەرەیەکی داگیرساند و بەهێواشی دووکەڵەکەی بە هەوادا پەرش کردەوە.

هەموو کاردانەوەکەی ئەوە بوو کە گوتی، "کەی دەڕۆی؟"

ئێدی پێشتر چەکی بەکار نەهێنابوو، لەبەر ئەوە، پێش ئەوەی بڕوات بۆ شەڕ، لە شاری یاریی ڕووبی لەسەر *یاریی تەقەکردن* دەستی بە ڕاهێنان کرد. لەو یارییەدا، پێنج سەنتت دەدا و یارییەکە دەستی دەکرد بە خرەخر، تۆش بە چەکێکەوە دەوەستایت و تۆپی کانزایی بچووکت بە وێنەی ئاژەڵەکانی جەنگەڵەوە - بۆ نموونە، شێر و زەڕافە - دەنا. هەموو ئێوارەیەک، ئێدی، دوای ئەوەی هەر بۆ دڵنیایی سەیرێکی ئیستۆپی شەمەندەفەرە بچووکەکەی دەکرد، دەچووە سەر ئەو یارییە و تەقەی دەکرد. شاری یاریی ڕووبی چەند یارییەکی تازە و بچووکتری بۆ هاتبوو، لەدوای ئەو قاتوقڕییەی بەسەر وڵاتەکەدا هاتبوو، خەڵک بلیتی *یاریی ڕەوڕەوەی مەرگ*ەکەیان پێ گران بوو، بۆیە ئەوەندە سەرنەدەکەوتن. شەمەندەفەرە بچووکەکە یارییەکی زۆر سادە بوو، فارگۆنەکانی تا ناوقەدی پیاوێکی کەڵەگەت دەهاتن.

ئێدی، پێش ئەوەی خۆی لە سوپادا ناونووس بکات، شتێک پارەی کۆکردبووەوە و بەو هیوایە بوو بەو پارەیە

بەشی ئەندازیاری بخوێنێت. خەونی ئێدی، ئەندازیاری بوو، حەزی لە بنیاتنانی شت بوو، هەرچەندە جۆی برای هەمیش پێی دەگوت، "کوڕە دە واز بێنە، کەی تۆ و ئەندازیارییان گوتووە!"

هەر کە شەڕ دەستی پێ کرد، شاری یارییەکان ئێشیان کز بوو. ئێستا زۆربەی ئەوانەی هاتوچۆی شاری یاریی ڕووبییان دەکرد ئەو دایکانە بوون، کە تەنیا منداڵاکانیان لەگەڵیان مابوونەوە و مێردەکانیان چووبوون بۆ شەڕ. هەندێک جار، منداڵان داوایان لە ئێدی دەکرد بەرزیان بکاتەوە و قەڵاندۆشکانیان بکات، کاتێکیش ئێدی ڕازی دەبوو، دایکی منداڵەکان بەخەمبارییەوە زەردەخەنەیان دەکرد. لەو ساتانەدا، ئێدی تێدەگەیشت کە بە شێوەیەکی ڕاست منداڵەکان هەڵدەگرێت، بەڵام بە دوو دەستی هەڵە. ئێدی ئێدی تێگەیشت کە دەبێت بەو زووانە پەیوەندی بەو هاوولاتییە دوورەدەستانەی وڵاتەکەیەوە بکات و کۆتایی بەو ژیانە بهێنێت، کە لە گریسکردنی زنجیر و بۆربڕینگەکان و تایمکردنەوەی ئیستۆپی یارییەکاندا بەسەری دەبرد. جەنگ ئەو شتە بوو، کە ئێدی بانگ دەکرد بۆ لای پیاوەتیی خۆی، بەڵام لەوەش دەچوو کە ئێدی ڕۆیشت، یەکێک هەبێت بیری بکات.

لە یەکێک لە دواشەوەکانی پێش ڕۆیشتنیدا، ئێدی بەرامبەر وێنەی ئاژەڵەکان خۆی بەسەر چەکەکەیدا چەماندبووەوە و بەوپەڕی وریاییەوە تەقەی دەکرد، تاق، تاق... لەو ساتەدا، هەوڵی دا ئەوە بهێنێتە بەرچاوی خۆی، کە بەڕاستی لە شەڕدایە و تەقە لە دوژمن دەکات. تاق. تۆ بڵێی سەربازانی

دوژمن، کە فیشەکەکە دەیانپێکێت، هاواریان لێ بەرز بێتەوە؟ تاق، یان هەر تەنیا، وەک شێر و زەڕافەکان، بەلادا دێن و تەواو؟

تاق! تاق!

"ڕاهێنان لەسەر کوشتن دەکەی، برا؟"

میکی شی لەپشت ئێدییەوە وەستابوو. قژی، کە بە ئارەقە تەڕ بووبوو، ڕەنگی ئایسکریمی ڤانێلای هەبوو، دەموچاویشی، بە ئەو شتەی خواردبوویەوە - جا هەرچییەک بووبێت - سوور هەڵگەڕابوو. ئێدی شانێکی هەڵتەکاند و لە تەقەکردنی خۆی نەکەوت. ئامانجەکەی پێکا، *تاااق*، ئەمەشیان پێکای.

"نا! نا! باشی."

ئێدی خواخوای بوو میکی شی بڕوات و ئەویش خەریکی ئیشەکەی خۆی بێت. زۆر نارەحەت بوو کە ئەو سەرخۆشە پیرە ئاوا لەپشتیەوە وەستابوو. ئێدی گوێی لە هەناسە قورسەکانی و فیشکەفیشکی لووتی بوو، کە دەتگوت تایەی پاسکیلە و بە پەمپ هەوای تێ دەکەن.

ئێدی لە تەقەکردن نەوەستا. لەناکاو، میکی شی بەتوندی شانی گرت.

شی بە دەنگێکی گڕی نزم بە ئێدیی گوت، "برای خۆم، با من پێت بڵێم، شەڕ یاریی منداڵان نییە، هەرکاتێک پێویست بوو تەقە بکەی، دەبێ بیکەی. تێدەگەی؟ دوودڵی و بەزەیی و ئەوانە نییە. تەقە دەکەی و بیر لەوە ناکەیتەوە ئەوەی تەقەی لێ دەکەی یان دەیکوژی، کێیە و کێ نییە و بۆ تەقەی لێ دەکەی، تێدەگەی؟ ئەگەر دەتەوێ بەزیندوویی بگەڕێیتەوە، دەبێ بەبێ بیرکردنەوە تەقە بکەی."

شـی توندتـر شـانی ئێدیـی گـرت و بـەردەوام بـوو، "ئەو بیرکردنەوەیەیـە، کـە بـە کوشـتت دەدا."

ئێدی ئاوڕێکی دایەوە و تۆزێک لە میکی شی ورد بووەوە. شی زللەیەکی قایمی لە ڕوومەتی ئێدی دا و ئێدییش، بەبێ بیرکردنـەوە، دەسـتی بـەرز کـردەوە تـا تۆڵـەی خـۆی بکاتەوە، بـەڵام میکی شـی خـۆی ڕاپسـکاند و گەڕایـەوە دواوە. ئینجا شـی، بـە دەموچاوێکـەوە، کـە خـەریک بـوو گریانی دەکەوتە سـەر، سـەیری ئێدیـی کـرد. پێنـج سـەنتییەکەی ئێدی تەواو بووبوو. چەکە میکانیکییەکـە لـە خرەخر وەستا.

گەنجان دەچن بۆ شـەڕ، هەندێک جار بەناچاری و هەندێک جـار بـە ویسـتی خۆیـان. پـاش چەنـد ڕۆژێـک، ئێدی جانتای پێچایـەوە و شـاری یارییەکـەی بەجـێ هێشـت.

بارانەکـە خۆشـی کـردەوە. ئێـدی بەشـەتاڵی لەژێر دارهەنجیـرە گەورەکـەدا هەڵدەلـەرزی. هەناسـەیەکی قووڵ و درێـژی دایـەوە و هەندێـک لـە لقـە چرەکانـی دارمێوەکەی لەیەک جیا کردەوە. بینیی هێشتا چەکەکە و کڵاوەکە لە جێی خۆیانـن. ئێـدی بیـری کەوتـەوە، کـە بۆچـی سـەربازەکان لە مەیدانـی جەنگدا ئەمەیـان دەکـرد: ئـەوە نیشـانەی ئـەوە بوو، ئـەو شـوێنە گـۆڕی سـەربازێکە.

ئێدی بەگاگۆڵکێ و لەسـەر ئەژنـۆ هاتـە دەرەوە. لە بناری گردێکی نزم و دوور پاشماوەی گوندێکی بینی، کە بۆمبباران و سـووتان تـەواو خاپووریـان کردبـوو. ئێدی بـۆ سـاتێک لە داروپـەردووی گوندەکـە ورد بـووەوە و دەمـی داچەقـی، ئینجا هێزی دایە بـەر چاوەکانی و دیمەنەکەی لەلا ڕوونتر بووەوە.

سینگی ئێدی، وەک سینگی پیاوێک کە ئەو دەقیقەیە هەواڵێکی جەرگبڕی پێ درابێت، هاتەوە یەک و توند بوو. ئێدی شوێنەکەی ناسییەوە. ئەوە ئەو شوێنە بوو، کە هەمیشە دەهاتە خەونەکانییەوە.

لەناکاو دەنگێک گوتی، "دڕکەومێکوتە."

ئێدی بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە.

"دڕکەومێکوتە، گرانەتا، دەردەکۆپان، زەردەتا."

دەنگەکە لە سەرەوە دەهات، لە شوێنێکی ناو دارهەنجیرەکەوە.

"من ئێستا و ئەوساش نەمزانی زەردەتا چییە. قەت کەسم نەدی تووشی ئەم نەخۆشییە بووبێ."

دەنگەکە بەهێز بوو، بەڵام خاوییەکی تێدا بوو، کە وەک شێوەزاری ئاخاوتنی باشووری ئەمەریکا دەیهێنایە بەر گوێ، لە دەنگی پیاوێکیش دەچوو، کە بۆ ماوەیەکی درێژ هاواری کردبێت.

"خۆمم لە دژی هەموو ئەو نەخۆشییانە کوتا، کەچی دواجار، بە تەندروستییەکی زۆر باشەوە لەم شوێنەدا مردم."

دارەکە ڕاوەشا. هەندێک میوە بەر بوونەوە بەردەم ئێدی.

دەنگەکە گوتی، "ئەو سێوانەت لا چۆنە؟"

ئێدی قنج بووەوە و قوڕگی پاک کردەوە، "وەرە خوارەوە."

دەنگەکە وەڵامی دایەوە، "تۆ وەرە سەرەوە."

ئێدی یەکسەر خۆی لەسەر دارەکە بینییەوە، لە نزیک بەشی سەری سەرەوەی. لەوێ، بە قاچێکەوە چووە سەر لقێکی گەورە و سەیرێکی خوارەوەی کرد، زەوییەکە زۆر دوور دیار بوو لێوەی. ئێدی لەنێوان گەڵای دارهەنجیرەکە

و لقە بچووکەکانەوە چاوی گیرا و دواجار تارماییەکی لە شێوەی پیاوێکدا بینی، کە پشتی دابوو بە قەدی دارەکەوە. دەموچاوی پیاوەکە بە ماددەیەکی ڕەش داپۆشرابوو، چاوەکانیشی وەک گڵۆپی سووری بچووک دەسووتان.

ئێدی تف لە قوڕگیدا وشک بوو.

بەچرپە گوتی، "کاپتن! ئەوە تۆی؟"

ئێدی و کاپتن پێکەوە چووبوون بۆ خزمەتی سەربازی. کاپتنەکە فەرماندەی ئێدی بوو. پێکەوە لە فلیپین بەشداری شەڕیان کردبوو، هەر لەوێش جیا بووبوونەوە و ئیتر ئێدی نەیبینیبووەوە، بەڵام بیستبووی گوایە لە شەڕێکدا کوژراوە.

دووکەڵ لە جگەرەی کاپتنەکەوە بەرز بووەوە.

"سەرباز! ڕێساویاساکانیان بۆ ڕوون کردیتەوە؟"

ئێدی سەیرێکی خوارەوەی کرد. زەوییەکە زۆر دوور بوو لێوەی، بەڵام دەیزانی ناکەوێتە خوارەوە.

ئێدی گوتی، "من مردووم."

"لەوەیاندا ڕاست دەکەی."

"تۆش هەر مردووی."

"لەوەشیاندا هەر ڕاست دەکەی."

"ئەی تۆ... کەسی دووەمی منی؟"

کاپتنەکە جگەرەکەی بەرز کردەوە و زەردەخەنەیەکی کرد، وەک ئەوەی بڵێت، "سەیر نییە لێرەش دەتوانی جگەرە بکێشی؟" ئینجا نەفەسێکی قووڵی لێ دا و دوای ساتێک هەورێکی سپیی بچووک لە دەمیەوە هاتە دەرەوە.

"دڵنیام پێشبینیی ئەوەت نەدەکرد من ببینی، وا نییە؟"

ئێدی، لە ماوەی سالانی جەنگدا، فێری زۆر شت بوو. فێر بوو چۆن سواری دەبابەی ڕۆیشتوو ببێت، فێر بوو - بەبێ ئەوەی خوودەکەی سەری لا بەرێت - بە ئاوی سارد ڕیش بتاشێت، فێر بوو لەناو سەنگەرەکەیەوە وریایانە تەقە بکات - ئەوەکوو فیشەکێک بە درەختێکەوە بنێت و پارچە بەر خۆی بکەوێت.

فێری جگەرەکێشان بوو، فێری ڕێڕۆیشتنی سەربازی بوو، فێر بوو لەمبەر بۆ ئەوبەر بە گوریس بپەڕێتەوە و قەمسەلە و ڕادیۆ و چەک و دەمامکی دژەکیمیایی و لوولاقی چەک و جانتایەک و چەند مەخزەنێکیش بە کۆڵیەوە بن، فێر بوو ناخۆشترین قاوە بخواتەوە.

فێری چەند وشەیەکی ناو چەند زمانێکی تر بوو، فێر بوو تف زۆر دوور هەڵبدات، لەو دڵخۆشییە سەیرە تێگەیشت، کە سەربازێک دوای ڕزگاربوون لە شەڕی یەکەمیدا دەری دەبڕێت، بینیی چۆن دوای ڕزگاربوون سەربازەکان، بەخۆشییەوە بەیەکدا دەکێشن، وەک ئەوەی شەڕ تەواو بووبێت و بە یەکتر بڵێن، "ئیتر دەگەڕێینەوە بۆماڵەوە." ئێدی لەو خەمۆکییە قووڵەش تێگەیشت، کە سەربازێک دوای ڕزگاربوون لە شەڕی دووەمدا تیایدا نوقوم دەبوو، پاش ئەوەی باش درکی بەوە دەکرد کە جەنگەکە بە شەڕێک و دووان و سێیان تەواو نابێت.

ئێدی فێری فیکە بوو، فێر بوو لەسەر داروبەرد بخەوێت، تێگەیشت کە جۆرە مێروویەکی بچووک هەن دەچنە ناو پێستەکەتەوە و تووشی پەڵەی سووری سەر پێست و

خرووت دەکەن - بەتایبەت ئەگەر یەک هەفتە بێت جل
پیسەکانت دانەکەندبێت. تێگەیشت کە ئێسەکەکانی مرۆڤ،
کاتێک لە پێستەکەوە دێنە دەرەوە، زۆر سپین.

ئیدی فێر بوو زۆر خێرا نزا بکات و بپاڕێتەوە. فێر بوو
لە کام گیرفانەیدا ئەو نامانە هەڵبگرێت، کە بۆ ماڵەوە و
مارگرێتی دەناردن - بۆ ئەوەی سەربازەکانی هاوڕێی
بەکوژراوی دۆزییانەوە، بیناسنەوە و بزانن کێیە. فێر بوو
هەندێک جار برسێتی کێشە نییە، بەتایبەت لەو کاتانەدا، کە
لەتەنیشت سەربازێکی هاوڕێتەوە دانیشتوویت و پێکەوە باسی
ئەوە دەکەن، کە چەندەتان برسییە، بەڵام لە چاوترووکانێکدا
گوێت لە ویژەیەک دەبێت و هاوڕێ سەربازەکەت بەلادا
دێت، ئیتر تۆش برسێتییەکەت بیر دەچێتەوە.

لەگەڵ تێپەڕینی دوو ساڵ و چوونەناو سێیەم ساڵەوە، ئیدی
تێگەیشت کە تەنانەت پیاوە زۆر بەهێز و چوارشانەکانیش -
کاتێک نزیک دەبنەوە لەوەی بۆ یەکەم جار لە فڕۆکەکانەوە
شۆڕ بکرێنەوە بۆ مەیدانی شەڕ - بەسەر پێڵاوەکانیاندا
دەڕشێنەوە. تێگەیشت فەرماندە باڵاکانیش، شەوی پێش
شەڕ، لە خەودا وڕێنە دەکەن.

ئیدی فێر بوو خەڵک بەدیل بگرێت، بەڵام خۆی هەرگیز
فێری ئەوە نەبوو دیل بێت. شەوێکیان لە دوورگەیەک لە
فلیپین، خۆی و تیپەکەی کەوتنە کەمینەوە و بەخەستی لێیان
درا، ئەوانیش بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆیان، پەرشوبڵاو
بوونەوە. ئاسمانەکە ڕووناک بووبووەوە و ئیدی گوێی لە
یەکێک لە سەربازانی تیپەکەی خۆی بوو، لە چاڵێکدا وەک
منداڵ دەگریا. ئیدی هاواری بەسەردا کرد، "بەسەههە." ئیدی

وای گوت و تێگەیشت هاوڕێکەی بۆیە دەگری، لەبەر ئەوەی یەکێک لە سەربازانی دوژمن بە چەکەوە لەسەر سەری وەستاوە. لەناکاو، ئیدی خۆشی هەستی بە شتێکی سارد کرد لەسەر پشتەملی: سەربازێک بە چەکەوە لەسەر سەری ئەویش وەستابوو.

کاپتنەکە جگەرەکەی کوژاندەوە. کاپتن، بە تەمەن، لە هەموو سەربازەکانی ناو کەتیبەکەی ئیدی گەورەتر بوو، تەمەنێکی درێژیشی لە سوپادا بەسەر بردبوو. جەستەیەکی لاواز و چەناگەیەکی درێژی هەبوو، کە وەک یەکێک لە ئەکتەرەکانی ئەو سەردەمە دەری دەخست. هەرچەندە کاپتنەکە زۆر زوو تووڕە دەبوو، کە بەسەر یەکێکیشدا دەینەڕاند، دەموچاوی هێندە لێ دەبردە پێشەوە، ئەو کەسە دەیتوانی ددانە بەجگەرەزەردبووەکانی ببینێت، بەڵام زۆربەی سەربازەکان کاپتنیان خۆش دەویست. کاپتن هەمیشە بەڵێنی پێ دەدان کە بکەونە هەر بارودۆخێکەوە، هەرگیز "هیچ کەسێک بەجێ ناهێڵێت،" سەربازەکانیش بەوە ئارام دەبوونەوە.

ئیدی، کە تا ئەو کاتەش سەرسووڕمان بەری نەدابوو، گوتی، "کاپتن..."

"گوێم لێتە."

"گەورەم."

"پێویست ناکا بە *گەورەم* بانگم بکەی، بە هەرحاڵ، سوپاست دەکەم."

"دەمێکە... ئێستاش شێوەت..."

کاپتنەکە بەپێکەنینەوە بۆی تەواو کرد، "هەر وەک ئەو

کاتەیـە، کـە دواجـار یەکتریمـان بینـی؟"

کاپتن وای گوت و تفێکی بەسـەر لقەدارێکدا هەڵدا. کاپتن دەموچـاوە حەپەسـاوەکەی ئێدیـی بینـی و گوتـی، "ڕاست دەکـەی، لێرە پێویسـت نـاکا تـف بکـەی، نەخـۆش ناکـەوی و هەمیشـە هەناسـەت باشـە، خۆراکەکەشـی نایابـە."

"خۆراکەکە؟"

ئێدی لە هیچکام لەم شتانە تێنەدەگەیشت.

"سـەیر بکـە، کاپتـن! هەسـت دەکـەم هەڵەیـەک هەیـە، من هێشـتا نازانـم بـۆ لێـرەم. مـن ژیانێکـی بێمانـا ژیـام، دەزانی؟ مـن کارمەنـدی وەرشـە بـووم لـەو شـاری یارییـە. بۆ چەندین سـاڵ لـە هەمـان شـوقەدا ژیـام و یارییەکانـم بەڕێـوە دەبرد و ئـاگام لێیـان بـوو: چەرخوفەلەکەکـە، ڕەورڕەوەی مەرگەکە، کەشـتییە ئاسـمانییە بچووکـە قۆڕەکان. ئـەو ئیشـەم هیچ هیی ئەوە نەبوو پێوەی بنازم. سـەرگەردان بـووم. ئەوەی دەمەوێ بیڵێـم، ئەوەیـە..."

ئێدی تفێکـی قـووت دا و ڕسـتەکەی تـەواو کـرد، "مـن بۆ لێـرەم؟"

کاپتنەکـە بـە چـاوە سـوورە گەشـەکانی سـەیرێکی ئێدیی کرد. ئێدی نەیوێـرا ئـەو پرسـیارە لـە کاپتنەکە بکات، کە ئایا وەک چـۆن پیـاوە شـینەکەی کوشـتبوو، کاپتنەکـەش هـەر ئەو کوشـتبووی یـان نـا.

کاپتنەکـە بـەدەم چەناگەخوراندنـەوە گوتـی، "دەزانـی ئێدی، زۆر جـار بیـر دەکەمـەوە لـە برادەرانـی کەتیبەکـەی خۆمـان: ویلێنگهام، مۆرتـۆن، سمیتی... ئـەری دوای جەنـگ پەیوەندیتان پێکـەوە مـا؟ بینیتنـەوە؟"

ئێدی ناوەکانی بیر کەوتنەوە. لە ڕاستیدا، هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەمابوو. دەکرێت جەنگ پیاوەکان وەک موگناتیس پێکەوە بنووسێنێت، بەڵام دەشکرێت وەک موگناتیس لێکیان دوور بخاتەوە. هەندێک جار، ئێدی و هاوڕێیەکی سەردەمی جەنگی بە هیچ شێوەیەک نەیاندەویست ئەو شتانەیان بیر بکەوێتەوە، کە بینیبوویانن و کردبوویانن.

ئێدی شانێکی بەرز کردەوە و گوتی، "ئەگەر ڕاستت دەوێ، هەموومان لێک دابڕاین."

"بەداخەوە."

کاپتنەکە بە شێوەیەک سەری لەقاند، کە پێی دەگوتی خۆشی هەر چاوەڕێی ئەو وەڵامەی کردووە.

"ئەی خۆت؟ گەڕایتەوە بۆ ئەو شاری یارییەی گوتمان ئەگەر بەسەلامەتی دەر بچین، هەموومان پێکەوە سەردانیی دەکەین؟ بیرتە گوتمان هەموومان بەبەلاش سواری یارییەکان دەبین و هەردانەیەشمان لە یاریی تونێلی خۆشەویستیدا دوو کچ دەخەینە باوەشی خۆمانەوە؟ تۆ خۆت وات نەگوت؟"

ئێدی زەردەخەنەیەکی کرد. بەڵێ، ئەوە قسەی ئێدی بوو، لە ڕاستیدا قسەی هەموویان بوو، بەڵام کە جەنگەکە تەواو بوو، کەسیان نەهاتن بۆ شاری یارییەکە.

ئێدی گوتی، "بەڵێ، گەڕامەوە بۆی."

"ئەی دوای ئەوە؟"

"دوای ئەوە هەر لەوێ ماوە و تا مردیشم، بەجێم نەهێشت. هەوڵم دا بەجێی بهێڵم، پلانی ترم دانا، بەڵام بە هۆی ئەم قاچە قوڕەمەوە... نازانم، هیچم بە دەستەوە نەهات."

ئێدی شانێکی هەڵتەکاند. کاپتنەکە لە دەموچاوی ئێدی

وردبووەوە، چاوەکانی کز کرد و بە دەنگێکی نزم لێی پرسی، "ئێستاش دەتوانی لە یەک کاتدا سێ - چوار شت هەڵبدەی بۆ ئاسمان و بیانگریتەوە؟"

"بجووڵێن! دەی بجووڵێن!"

سەربازانی دوژمن هاواریان بەسەردا دەکردن و قۆناغەتفەنگیان تێوە دەژەنین. ئێدی، سمیتی، مۆرتۆن، رابۆزۆ و کاپتنەکەیان بە گردێکی لێژدا بردە خوارەوە. دیلەکان هەموو دەستیان خستبووە سەر سەریان. لە دەوروبەریان هەر هاوەن بوو دەیدا بە زەویدا. ئێدی تارماییەکی بینی بەناو دارەکاندا دەر چوو، دەستبەجێ سەربازەکان دایانە بەر دەستڕێژی گوللە.

ئێدی هەوڵی دەدا بە چاو وێنەی شوێنەکان بگرێت و لە مێشکیدا هەڵیان بگرێت، بەو هیوایەی دواتر بۆ ڕاکردن سوودیان لێ ببینێت، بۆیە سەیری کووخ و سەنگەر و ڕێگە و هەرشتێکی دەکرد، کە بیزانییایە چییە. فڕۆکەیەک لە دوورەوە گرمەی دەهات. گرمەی فڕۆکەکە، ئێدیی پڕ کرد لە بێهیواییەکی قووڵ. ناخۆشترین ئازاری دەروونی، کە هەموو سەربازێکی بەدیلگیراو دەیچێژێت، زانینی ئەو مەودا کورتەیە، کە لەنێوان ئازادی و دیلبوونیدایە. ئەگەر ئێدی تەنیا بیتوانییایە خۆی بەرز بکاتەوە و باڵێکی فڕۆکەکە بگرێت، لە باجی ئەو هەڵەیە ڕزگاری دەبوو، کە کردبوویان.

بەڵام لەجیاتیی ئەوەی باڵی فڕۆکە بگرێت، هەر زوو دەست و قاچی خۆی و هاوڕێکانی بەسترانەوە و خرانە ناو یەکێک لەو کووخانەوە، کە بە داری بامبوو دروست

کرابوون، بەڵام ئەوەی باش بوو، ڕاستەوخۆ لەسەر قوڕەکە دانەنرابوون. ئێدی و سەربازەکانی هاوڕێی، بۆ چەندین ڕۆژ و هەفتە و مانگ لەوێ مانەوە و ناچار کران لەسەر گوێنی پڕ لە کا بخەون، ئاودەستەکەشیان گۆزەیەکی گڵ بوو. شەوانە، سەربازەکانی دوژمن دەهاتنە بن دیواری کووخەکە و گوێیان لە گفتوگۆی نێوان دیلەکانیان دەگرت. ئێدی و هاوڕێکانیشی، تا دەهات، کەمتر و کەمتریان دەگوت.

دیلەکان لاواز و بێهێز بوون و پەراسووەکانیان دەر پەڕین، تەنانەت ڕابۆزۆش، کە کاتێک خۆی لە سوپادا نانووس کرد، گەنجێکی خڕیلە و گۆشتن بوو، پەکی کەوت. ڕۆژی جارێک خۆراک دەدرایە ئێدی و هاوڕێکانی، خۆراکەکەشیان توپەڵەبرنجی پڕ لە خوێ و شلەیەکی مەیلەوقاوەیی بوو، کە وردەگیا مەلەی تێدا دەکرد. شەوێکیان، ئێدی ژەنگەسوورەیەکی مردووی بێباڵی لە قاپەکەی خۆی دەر هێنا. هەموو دەستیان لە خواردن هەڵگرت.

لەوە دەچوو سەربازەکانی دوژمن نەزانن چی لە ئێدی و هاوڕێکانی بکەن. ئێواران بە تفەنگەکانیانەوە - کە قەممەی درێژ بەژێر لوولەکانیانەوە بوو - دەچوون بۆ لایان و نووکی قەممەکانیان لە بەردەم لووتیاندا ڕادەوەشاند، ئینجا بە زمانێکی بیانی هاواریان بەسەردا دەکردن و چاوەڕێی وەڵامیشیان دەکرد. ئێستا و ئەوساش، هەوڵەکانیان هیچیان لێ سەوز نەبوو.

ئەوەندەی ئێدی بزانێت، سەربازەکان چوار بوون و کاپتنەکەش هەر پێی وا بوو ئەوەندە بن. دیار بوو ئەوانیش

لە تیپیکی گەورە دابڕابوون - ئەمە شتێکە، لە شەڕی ڕاستەقینەدا ڕوو دەدات - ئێستاش دەیانویست وردەوردە بەرگەی دۆخەکە بگرن و هەرچۆنێک بێت خۆیان ڕزگار بکەن. ئەوانەی دەستگیریان کردبووین دەموچاویان باریک و قووپاو بوو، توپەڵەڕیشی ڕەشی بژیش بە دەموچاویانەوە بوو. یەکێکیان ئەوەندە منداڵ بوو، هێی ئەوە نەبوو بێت بە سەرباز، یەکێکی تریان ددانەکانی ئەوەندە شاش بوون، ئیدی بە ژیانی ددانی وای نەبینیبوو. کاپتنەکە لای خۆیەوە ناوی نابوون شێتی یەک، شێتی دوو، شێتی سێ و شێتی چوار.

کاپتنەکە گوتی، "پێویست ناکا ناویان بزانین. نابێ ئەوانیش ناوی ئێمە بزانن."

پیاوان لەگەڵ دەسبەسەری ڕادێن، هەندێک باشتر لە هەندێکی تر. مۆرتۆن، کە گەنجێکی باریکە و زۆربلێی خەڵکی شیکاگۆ بوو، هەرکاتێک گوێی لە دەنگێک بووایە، زیرەی دەکرد و بەدەم دەستهێنان بە چەناگەیەوە، لەژێر لێوەوە دەیگوت، "ئەی قوڕ بە سەرمان، ئەی قوڕ بە سەرمان..." بەم شێوەیە بەردەوام دەبوو تا ئەوانی تر لێی تووڕە دەبوون و دەمیان پێ دادەخست. سمیتی، کە کوڕی کارمەندێکی ئاگرکوژێنەوەی بروکلین بوو، زۆربەی کات نقەی لێوە نەدەهات، بەڵام هەمیشە ڕەقایی قوڕگی بەرزونزمی دەکرد و دەتگوت شتێک قووت دەدات. دوایی زانیمان کە زمانی خۆی دەجوو. ڕابۆزۆش، کە هەرزەکارێکی سەرسووڕی خەڵکی پۆرتلاند/ئۆریگان بوو، بە ڕۆژ دەموچاوێکی هەبوو، کە هیچی تێدا نەدەخوێندرایەوە، زۆر جاریش شەوان لە خەو ڕادەپەڕی و دەیقیژاند، "نا! من نا! من نا!"

زۆربەی کات، ئێدی خۆی دەخواردەوە، مستی خڕ دەکرد و بۆ چەندین کاتژمێر لەسەر یەک - وەک ئەو کاتەی لە هەرزەکاریدا یاریزانێکی شپرزەی بەیسبۆل بوو - دەیکێشا بە لەپی دەستەکەی تریدا و لەوە بەردەوام دەبوو، هەتا ئەوەی پشتی دەستی تەواو سوور دەبووەوە و دەقلیشا. شەوان خەونی دەبینی و لەخەونیدا گەڕابووەوە شاری یاریی رووبی، بۆ لای یاریی پێشبڕکێی ئەسپ، کە تیایدا پێنج نەفەر لەسەر پێنج ئەسپی یاری ڕیز دەبوون و لەناو بازنەیەکدا دەسووڕانەوە و پێشبڕکێیان دەکرد، تا زەنگەکە لێی دەدا. ئێدی لە خەونەکەیدا پێشبڕکێی لەگەڵ هاوڕێکانی، براکەی، یان مارگریتدا دەکرد، بەڵام لەناکاو خەونەکە ئاوەژوو دەبووەوە و دەیبینی چوار شێتەکە سوار چوار ئەسپەکەی تەنیشتی بوون و بەگاڵتەپێکردنەوە نەقیزەی تی دەکوتن.

ئێدی ساڵانێکی زۆری تەمەنی لە شاری یاریی رووبی بەچاوەڕوانی بەسەر بردبوو، چاوەڕوانیی تەواوبوونی یارییەکان، چاوەڕوانیی کشانەوەی شەپۆلەکان، چاوەڕوانیی ئەوەی باوکی قسەیەکی لەگەڵ بکات - هەموو ئەمانەش بووبوونە ڕاهێنانێکی باش بۆ ئێدی، بۆ ئەوەی فێری ئارامگری بێت. بەڵام ئێستا ئێدی دەیویست لەو شوێنە بچێتە دەرەوە و تۆڵەی خۆی بکاتەوە. شەویلگەی دەلەقاند و بۆکسی لە لەپی دەستی دەدا، بەدەم ئەمانەشەوە، بیری لە هەموو ئەو شەڕانە دەکردەوە، کە بەمنداڵی لە گەڕەکی خۆیان کردبوونی، بەتایبەت ئەو جارەی بە سەرەتەنەکەخۆڵێک دوو منداڵی ڕەوانەی نەخۆشخانە کرد. ئەگەر ئەو سەربازانە چەکیان پێ نەبوایە، ئێدی بەس خۆی دەیزانی چییان لێ دەکات.

بەیانییەکیان، دیلەکان لە دەنگی هاوار و بریقانەوەی دەمی قەممەکان خەبەریان بووەوە. چوار شیتەکە لە خەو هەلیان ستاندن، دەست و قاچیان بەستنەوە و بردیانن خستیانە چاڵێکی قووڵەوە. ناو چاڵەکە سارد بوو، زۆریش تاریک بوو. چاڵەکە سەتڵی ئاسن و پاچ و خاکەنازی تێدا بوو.

مۆرتون گوتی، "قوڕ بە سەرمان، کانی خەڵووزە."

لەو ڕۆژە بەدواوە، ئێدی و هاوڕێکانی ناچار کران خەڵووز لە کانەکە بهێننە دەرەوە، بۆ ئەوەی دوژمن بۆ بەگەڕخستنی ئامێر و پێداویستییەکانی جەنگ بەکاری بهێنێت. هەندێک هەڵیان دەکەنی، هەندێک خەڵووزیان لە دیوارەکانی کانەکە دەکڕاند، هەندێکیش بەردی تەختیان هەڵدەگرت و سێگۆشەیان پێ دروست دەکرد بۆ ڕاگرتنی سەقفی کانەکە. دیلی تریشی لێ بوون، بەڵام بیانی بوون و ئینگلیزییان نەدەزانی، هەمیشەش بە چاوێک سەیری ئێدییان دەکرد، کە نەتدەزانی چیی تێدا بخوێنیتەوە. قسەکردن قەدەغە بوو، هەرچەند کاتژمێرێک و پەرداخێک ئاو دەدرا بە کرێکارە دیلەکان. تا دەگەیشتنە ئێوارە، دەموچاوی دیلەکان خراپ ڕەش دەبوو، ئەوەندەش دەنووشتانەوە، شان و ملیان ژانی دەکرد.

لە مانگەکانی سەرەتای دەستبەسەربوونییاندا، ئێدی شەوانە، پێش ئەوەی بخەوێت، وێنەکەی مارگرێتی دەخستە خوودەکەیەوە و لە بەردەمی خۆی دای دەنا. ئێدی زۆر لەگەڵ نزاکردندا نەبوو، بەڵام هەموو شەوێک، بەدەم ژماردنی شەوەکانەوە، هەمان نزای دووبارە دەکردەوە: "خوایە گیان،

ئەم شەش ڕۆژەی خۆم دەدەم بە تۆ، ئەگەر تۆش شەش ڕۆژم بدەیتێ لەگەڵ مارگرێت... ئەم نۆ ڕۆژەی خۆم دەدەم بە تۆ، ئەگەر تۆش نۆ ڕۆژم بدەیتێ لەگەڵ مارگرێت... ئەم شانزە ڕۆژەی خۆم دەدەم بە تۆ، ئەگەر تۆش شانزە ڕۆژم بدەیتێ لەگەڵ مارگرێت..."

لە مانگی چوارەمدا، شتێک ڕووی دا. ڕابۆزۆ پێستی خراپ سوور هەڵگەڕا و تووشی سکچوونێکی پیسیش بوو. هیچی بۆ نەدەخورا. شەوەکەی، لەژێر جلە چڵچکنەکانیەوە، ئەوەندەی ئارەقە دەر دا، هەموو گیانی سەر ئاو گەڕا، ئینجا خۆی پیس کرد و جلی پاکیشی لێ نەبوو بیدەنێ، بۆیە ناچار، بەڕووتی لەسەر گوێنییەکان خەوت، کاپتنەکەش گوێنییەکەی خۆی وەک بەتانی پێدا دا.

ڕۆژی دواتر، لەناو کانە خەڵووزەکەدا، ڕابۆزۆ بەئەستەم دەیتوانی لەسەر قاچی خۆی بوەستێت. چوار شێتەکەش هیچ بەزەییان بەرامبەری نەنواند، کە خاو دەبووەوە و شەکەت دەبوو، داریان بە کەلەکەیدا دەکرد، بۆ ئەوەی لە خەڵووزکراندن نەوەستێت.

ئێدی بەسەریاندا نەڕاندی، "وازی لێ بێنن."

شێتی دوو، کە لە هەموو پاسەوانەکانی تر دڵڕەقتر بوو، قۆناغە تفەنگێکی بە ئێدیدا کێشا. ئێدی کەوت، ئازارێکی زۆر بەنێوان شانەکانیدا هات و ڕۆیشت. ڕابۆزۆ یەک - دوو پارچەخەڵووزی تری لێکردەوە و بەلادا هات. شێتی دوو هاواری بەسەردا کرد هەستێتەوە.

ئێدی بەزەحمەت هەستایەوە سەر پێ و هاواری کرد، "نەخۆشە!"

شێتی دوو دیسان کێشایەوە بە پشتی ئێدیدا و خستی.

مۆرتۆن بەچرپە گوتی، "دەمت دابخە، ئێدی. لەبەر خۆتمە."

شێتی دوو خۆی بەسەر ڕابۆزۆدا چەماندەوە و پێلووەکانی ڕاکێشا، ڕابۆزۆ ناڵەیەکی لێوە هات. شێتی دوو زەردەخەیەکی کرد و - وەک ئەوەی منداڵ ژێر بکاتەوە - گمەگمێکی کرد، ئینجا هاوارێکی کرد و دەستی کرد بە پێکەنین. بەدەم پێکەنینەوە سەیری هەموو دیلەکانی تری کرد و چاویشی لە چاوی یەکبەیەکیان بڕی، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی هەموو دەیبینن. دواتر دەمانچەکەی دەر هێنا، خستیە سەر گوێی ڕابۆزۆ و یەک فیشەکی بە سەریەوە نا.

ئێدی هەستی کرد خەریکە جەستەی دەبێت بە دوو کەرتەوە. چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و مێشکی وەستا. تەقەکە لە کانە خەڵوزەکەدا دەنگی دایەوە و خوێن لە سەری ڕابۆزۆوە جۆگەلەی بەست، تا ئەوەی دەموچاوی داپۆشی. مۆرتۆن دەستی خستە سەر دەمی، کاپتنەکە سەری داخست. کەس لە جێی خۆی جووڵەی نەکرد.

شێتی دوو، هەر بە قاچ، هەندێک خۆڵی ڕەشی بە جەستەی ڕابۆزۆدا کرد، ئینجا چاوی لە چاوی ئێدی بڕی و تفێکی لەبەر پێی خۆی کرد، پاشان بەتووڕەییەوە شتێکی بە شێتی سێ و شێتی چوار، کە ئەوانیش حەپەسابوون، گوت. بۆ ساتێک، شێتی سێ سەرێکی لەقاند و ورتەورتێکی کرد، ئینجا - وەک ئەوەی نزا بکات - سەیری زەوییەکەی کرد و لێوەکانی خێراخێرا جووڵاند. شێتی دوو دەمانچەکەی

ڕاوەشاند و هاواری کردەوە، دەستبەجێ شێتی سێ و شێتی چوار، هەریەکە قاچێکی تەرمەکەی ڕابۆزۆیان گرت و بەخاوی بە کانەکەدا ڕایان کێشا. ئەو خوێنەی لە تەرمەکە دەچۆڕا، ڕێچکەیەکی دروست کرد، کە لەو تاریکییەدا دەتگوت ڕۆنە ڕژاوە. شێتی سێ و شێتی چوار ڕابۆزۆیان لەپاڵ دیوارێک، لەتەنیشت پاچێکەوە درێژ کرد.

ئیتر ئێدی نزای نەکردەوە و وازی لە ژماردنی ڕۆژەکان هێنا، لەگەڵ کاپتنەکە تەنیا باسی ئەوەیان دەکرد، چۆن پێش ئەوەی ئەوانیش بە هەمان دەردی ڕابۆزۆ بچن، هەڵبێن و خۆیان دەرباز بکەن. کاپتنەکە تێبینی کرد، سوپای دوژمن پێویستییەکی زۆری بە خەڵووزە، بۆیە تەنانەت دیلە نیوەمردووەکانیش ناچار دەکران خەڵووز دەر بهێنن. تا دەهات، ژمارەی ئەوانەی لە کانەکاندا ئیشیان دەکرد، کەمتر دەبووەوە. شەوان، ئێدی گوێی لە بۆمبباران دەبوو، واش دیار بوو بۆمببارانەکە نزیک دەبووەوە. کاپتنەکە گەیشتە ئەو بڕوایەی ئەگەر دۆخەکە زۆر خراپ ببێت، چوار سەربازەکە هەموو شتێکی ئەو ناوە خاپوور دەکەن و ئینجا خۆشیان پاشەکشە دەکەن. کاپتن پێشتر ئەو چاڵانەی بینیبوو، کە لەودیو کووخە دارینەکانەوە هەڵکەنرابوون، هەروەها چاوی بەو بەرمیلە نەوتانەش کەوتبوو، کە لەسەر هەورازەکەی پشتەوە جێگیر کرابوون.

کاپتنەکە بەچرپە گوتی، "با پێتان بڵێم، ئەو بەرمیلە نەوتانە بۆ سووتاندی ئەم شوێنەن، ئەو چاڵانەش گۆڕی ئێمەن."

دوای سێ هەفتە، شەوێکیان، کاتێک مانگ لەودیو هەورەکانەوە سەرەتاتکەی دەکرد، شێتی سێ پاسەوانیی کووخەکانی دەکرد. شێتی سێ دوو بەردی گەورەی بە دەستەوە بوو - بەردەکان هێندەی خشتێک دەبوون – لە بێتاقەتیدا هەڵی دەدان بۆ سەرەوە و دەیگرتنەوە. هەر لێی بەر دەبوونەوە و هەڵی دەگرتنەوە، ئەم جارە بەرزتر هەڵی دەدان و دیسان بۆی نەدەگیرانەوە. ئێدی، کە هەموو گیانی لە خۆڵەمێشی ڕەش هەڵکێشرابوو، سەیرێکی پاسەوانەکەی کرد و تێگەیشت خەریکی چییە. ئێدی هەر دەیویست بخەوێت و دەنگی بەردەکان نەیدەهێشت. دواجار، لەسەرخۆ ڕاست بووەوە، بینایی ڕوون بووەوە و دەمارەکانی جەستەی ژیانیان تێ گەڕایەوە.

بەچرپە گوتی، "کاپتن! ئامادەی بۆ ڕاکردن؟"

کاپتن سەری بەرز کردەوە، "بۆ بەتەمای چیت؟"

ئێدی سەرێکی ڕووەو لای پاسەوانەکە با دا، "ئەها ئەو بەردانە!"

کاپتن وەڵامی دایەوە، "ئێ، چییە؟"

ئێدی بەچرپە گوتی، "منیش دەتوانم هەڵیان بدەم و بیانگرمەوە."

کاپتنەکە چاوەکانی کز کرد، "چی؟"

هێشتا وەڵامەکەی کاپتن بەتەواوی نەگەیشتبووە لای ئێدی، کە ئێدی هاواری لە پاسەوانەکە کرد، "هێی، برالە... وا نابێ کاکە، وا نابێ، تۆ بەهەڵە دەیکەی."

ئێدی جووڵەیەکی بازنەییی بە بەرەدەستەکانی کرد، "ئاوا! دەبێ ئاوا بیکەی! بێنە، بیدە بە من."

ئێدی دەستەکانی کردەوە بۆ ئەوەی شیتی سێ بەردەکانی بداتێ.

"من دەزانم بیکەم، بەردەکانم بدەرێ."

شیتی سێ بەوریاییەوە سەیرێکی ئێدیی کرد. لەناو هەموو پاسەوانەکاندا، ئێدی هیوای بەوە هەبوو لەگەڵ ئەمەیاندا شتێکیان بۆ بکرێت. شیتی سێ جارجار لەو کونە بچووکەوە، کە لەسەر ڕوویەکی کووخە دارینەکەدا بوو، پارچەنانی بۆ زیندانییەکان هەڵدەدایە ئەودیو. ئێدی دووبارە ئەو جوولە بازنەییەی کردەوە و زەردەخەنەیەکی کرد. شیتی سێ کەمێک نزیک بووەوە، ئینجا وەستا و گەڕایەوە، تا تفەنگەکەی بهێنێت. تفەنگەکەی هێنا و بەردەکانی بە قاچ هەڵدا بۆ ئێدی.

ئێدی گوتی، "بەم شێوەیە." پاشان زۆر لێزانانە دەستی کرد بە هەڵدان و گرتنەوەی بەردەکان. ئێدی بە حەوت ساڵی ئەو شتە لە پیاوێکی نمایشکاری ئیتالییەوە فێر بووبوو، کە بە جارێک شەش قاپی هەڵدەدا و نەشی دەهێشت یەک دانەیان بکەوێت. ئێدی چەندین کاتژمێری لەسەر ڕێگە دارینەکەی شاری یاریی ڕووبی بە ڕاهێنان لەسەر ئەم یارییە بەسەر بردبوو، چەو، توپی بچووکی لاستیک، هەرچییەک دەستی بکەوتایە، دەکەوتە هەڵدان و گرتنەوەی. ئەو شتە بۆ ئێدی زۆر ئاسان بوو. لە ڕاستیدا، زۆرینەی منداڵانی شاری یاریی ڕووبی ئەو شتەیان دەزانی.

تا دەهات، ئێدی دوو بەردەکەی خێراتر و بە جۆشوخرۆشێکی زیاترەوە هەڵدەدا و سەرنجی پاسەوانەکەی زیاتر بەلای خۆیدا ڕادەکێشا. پاش کەمێک وەستا و بە

پاسەوانەی گوت، "بەردێکی تریشم بدەرێ."
شیتی سێ ورتەورتێکی کرد.
ئێدی سێ پەنجەی لە پەنجەکانی دەستی جیا کردەوە، "سێ بەرد، ئاگات لێیە! سێ!"
سمیتی و مۆرتۆنیش لە خەو هەستابوون. کاپتنەکە وردەوردە نزیک دەبووەوە.
سمیتی ورتەیەکی کرد، "بەتەماین چین، چی بکەین؟"
ئێدی بەورتە گوتی، "ئەگەر یەک بەردی ترم بدەنێ..."
شیتی سێ دەرگای ژوورەکەی خۆیانی کردەوە و ئەوەی کرد، کە ئێدی هیوادار بوو بیکات: هاواری لە ئەوانی تریش کرد بێن. شیتی یەک بە خۆی و بەردێکی گەورەوە دەر کەوت و شیتی دووش بەدوایدا هات. شیتی سێ بەردەکەی هەڵدا بۆ ئێدی و شتێکی بە دەنگی بەرز گوت، ئینجا گەڕایەوە دواوە و زەردەخەنەیەکی گەورەی بۆ دوو پاسەوانەکەی تر کرد، بە دەستیشی، ئاماژەی بۆ کردن دابنیشن، وەک ئەوەی پێیان بڵێت، "تۆزێکیش سەیری ئەم بەزمە بکەن."
ئێدی بەردەکانی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە هەوادا لەگەڵ یەکتر تێکەڵ دەکرد. هەریەکەیان هێندەی دەستی خۆی دەبوو. بەدەم هەڵدانی بەردەکانەوە، ئێدی دەستی کرد بە گوتنی گۆرانییەک لەو گۆرانییانەی لە کەرناڤاڵەکاندا دەگوتران، "لە، لاااا... لااااا... لە، لااااا، لا، لاااااا..." پاسەوانەکان دەستیان کرد بە پێکەنین، ئێدییش پێکەنییەوە، کاپتنەکەش بەدوایدا پێکەنی، بەڵام پێکەنینێکی ناچاری، بۆ ئەوەی کاتێکی زیاتر بدەن بە خۆیان.
ئێدی لە گۆرانیگوتن بەردەوام بوو، "نزیییکتر... لە، لاااا،

بینەوەەەەەە."

ئێدی وشەکانی کردبوو بە بەشێک لە گۆرانییەکە.

مۆرتۆن و سمیتی لەسەرخۆ هاتنە پێشتر و خۆیان وا نیشان دەدا، زۆر چێژ لە نمایشەکە دەبینن.

پاسەوانەکان کەیفیان بە دۆخەکە دەهات و کەمێک شل بووبوون. ئێدی هەوڵی دەدا هاوسەنگیی هەناسەکانی تێک نەچێت. بەردێکی زۆر بەرز هەڵدا و یاریی بە دووانەکەی تر کرد، ئینجا ئەوەی تری دەگرتەوە و ئەمەی دووبارە کردەوە.

شێتی سێ خۆی بۆ نەگیرا و گوتی، "ئااااها"

ئێدی لێی پرسی، "چۆنە بەلاتەوە؟"

ئێستا ئیتر ئێدی بەردەکانی خێراتر هەڵدەدا و دەیگرتنەوە. خێراخێرا بەردێکی زۆر بەرز هەڵدەدا و سەیری پاسەوانەکانی دەکرد چۆن لەگەڵیدا سەر بەرز دەکەنەوە. ئێدی دەستی کردەوە بە گۆرانیگوتن، "لە، لاااااا، لاااا، لاااا، تا سێ دەژمێرمممم... لە، لاااااا، لا، لاااااا، کاپتن، ئەوەی لای چەپ بۆ تۆۆۆۆۆ!"

شێتی دوو بەگومانەوە ناوچاوانی گرژ کرد، بەلام ئێدی زەردەخەنەیەکی کرد، کە لە هەمان ئەو زەردەخەنەیە دەچوو، کە نمایشکارەکانی شاری یاریی ڕووبی لە کاتی بێزاربوونی تەماشاکەراندا دەیانکرد. ئێدی گوتی، "ئەمەتا، ئەمەتا، ئەمەتا، جوانترین نمایشی سەرزەوی."

ئێدی خێراتری کرد و دەستی بە ژماردن کرد، "یەەەەک... دوووو..." بەردێکی بەرزتر لە هەموو جارەکانی تر هەڵدا و پاسەوانەکانیش هەموو بەچاو دوای بەردەکە کەوتن.

ئێدی هاواری کرد، "ئێستاااا."

ئیندی بەپەلە بەردێکی گرتەوە و وەک یاریزانێکی لێهاتووی بەیسبۆل، بەقاییمی نای بە دەموچاوی شێتی دووەوە و لووتی شکاند، بەردەکەی تریشی گرتەوە و بە دەستی چەپی نای بە چەناگەی شێتی یەکەوە. شێتی یەک کەوت و کاپتن خۆی هەڵدایە سەری و قەممەی تفەنگەکەی گرت. شێتی سێ، کە تا ئەو ساتە لە جێی خۆی چەقیبوو، دەستی دایە تفەنگەکەی و شێتانە دەستی کرد بە دەستڕێژ، هەر لەو کاتەدا مۆرتۆن و سمیتی خۆیان بۆ قاچی هەڵدا و دایان بە زەویدا. دەرگای ژووری سەربازەکان کرایەوە و شێتی چوار بەڕاکردن هات. ئیندی دوابەردی لە ئەویان گرت، بەڵام چەند ئینجێک بە ئەملای سەریدا ڕۆییشت. بەڵام لە کاتێکدا شێتی چوار خۆی لە بەردەکە لا دەدا، کاپتنەکە لە بەردەم دیوارەکەدا بە تفەنگەوە وەستابوو، قەممەکەی پێشی تفەنگەکەی ئەوەندە بەقاییمی بەناو پەراسووەکانی شێتی چواردا کرد، هەردووکیان پێکەوە لەناو دەرگاکەدا کەوتن.

ئیندی ئەدرینالینی بەرز بووبووەوە و ئاگری دەکردەوە، دەستبەجێ خۆی هەڵدایەسەر شێتی دوو و بە جۆرێک دەموچاوی کوتایەوە، کە هەرگیز دەموچاوی هیچ کەسێکی لە گەڕەکی پیتکین ئاوا نەکوتابووەوە. ئیندی بەردێکی تری هەڵگرت و چەند جارێک کێشای بە کاسەی سەری شێتی دوودا، هەر بەردەوام بوو لە پێداکێشانی، تا ئەو کاتەی سەیری کرد دەستەکانی لینجییەکی مۆرباوی پیسیان پێوە نووساوە. ئیندی تێگەیشت کە ئەو لینجییە خوێن و پێست و خۆڵەمێش بووە و تێکەڵ بووە. لەو ساتەدا، دەنگی تەقەیەک هات، ئیندی دەستی بە سەریەوە گرت و بەو هۆیەشەوە بەشێک لە لینجییەکە

بە لاچانگەکانیەوە نووسا. ئیدی سەری بەرز کردەوە و بینیی سمیتی لە بەردەمیدا وەستاوە و دەمانچەیەکیش لە دەمانچەکانی پاسەوانەکانی بەدەستەوەیە. جەستەی شیتی دوو سارد بووبووەوە و لە سینگیەوە خوێن چۆڕاوگەوی بەستبوو.

سمیتی بە دەنگێکی نزم گوتی، "بۆ گیانی پاکی رابوزو."

لە ماوەی چەند خولەکێکدا، هەرچوار پاسەوانەکە کوژران.

زیندانییەکان، لاواز و پێپەتی و خوێناوی، بەرەو هەورازەکە رایان دەکرد. ئیدی پێشبینیی ئەوەی دەکرد تەقەیان لێ بکرێت و سەربازی تر بێنە سەر رێیان، بەڵام کەس دەر نەکەوت. کووخەکانی تر بەتاڵ بوون. لە راستیدا، تەواوی کامپەکە کەسی پێوە نەمابوو. ئیدی بیری لەوە کردەوە، کە تۆ بڵێی ماوەی چەندێک بووبێت هەر ئەوان و چوار شیتەکە لەو شوێنە مابێتەوە.

کاپتنەکە بەچرپە گوتی، "رەنگە ئەوانی تر لەگەڵ بۆمببارانەکەدا چۆڵیان کردبێ، ئێمە دواگرووپین، کە ماوینەتەوە."

بەرمیلە نەوتەکان لە یەکەم پێچی هەورازەکەدا دانرابوون. دەرگای کانی خەڵووزەکە سەد مەترێک لەولاترەوە بوو. لە نزیک خۆیانەوە کوخێکی لێ بوو، کە پڕ بوو لە چەک و تەقەمەنی. مۆرتۆن - دوای ئەوەی دڵنیا بوو کوخەکە کەسی تێدا نییە - چووە ژوورەوە و چەند رووماندیەک چەند و چەک و رەشاشێکی ئاگرپرژێنی مۆدێلکۆنی هێنا، ئینجا گەڕایەوە و گوتی، "دە ئینجا با داروبەردی بسووتێنین."

ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونی ئێدییە

لەسەر لایەکی کێکەکە نووسراوە، "بەختێکی باش، ئازایانە بجەنگە!" لەسەر لایەکەی تریشی، کە کریمی ڤانێلای پێدا کراوە، یەکێك ئەم سێ وشەیەی بەبچووکی و بە کریمی شین زیاد کردووە، "Come home soon زوو بگەڕێرەوە،" بەلام "n_o_o"ەکە ئەوەندە پاڵیان بەیەکەوە داوە، کە وشەکە زیاتر لە وشەی "son" دەچێت، بۆیە وەك ئەوە وایە نووسرابێت، "بگەڕێرەوە، کوڕم*."

دایکی ئێدی پێشوەخت ئەو جلانەی ئامادە کردووە، کە کوڕەکەی سبەینێ لەبەریان دەکات. هەموویانی کردووە بە عەللاگەوە و لە ژووری خەوتنەکەی ئێدی، بە دەسکی کانتۆرەکەدا، هەڵی واسیون، جووتەپێڵاوە کەشخەکانیشی لەخواریانەوە داناوە.

لە مەتبەخەکە، ئێدی لەگەڵ ئامۆزا ڕۆمانییەکانی خەریکی دەستبازییە. هەردوو دەستی خستۆتە پشتەوە و ئامۆزاکانی هەوڵ دەدەن بە بۆکس لە سکی بدەن. یەکێکیان لە

---

* لە زمانی ئینگلیزیدا، جیاوازیی نێوان وشەی soon و son تەنیا یەک پیتی "o"یە، بەلام لە زمانی کوردیدا وشەی کەمێر و زوو لە ڕووی ڕێنووسەوە زۆر لە یەکتر جیاوازن، بۆیە لێرەدا بەناچاری وشە ئینگلیزییەکانیش بەکار هێنراونەتەوە.

پەنجەرەی مەتبەخەکەوە دەست بۆ دەرەوە و بۆ لای یاریی بابەخولێنی ئەسپەکە، کە بۆ سەردانکەرانی تاقی ئێواران خراوەتە ئیش، ڕادەکێشێت.

منداڵەکە بە دڵێکی خۆشەوە دەڵێت، "ئەسپ!"

دەرگای مەتبەخەکە دەکرێتەوە و ئێدی گوێی لە دەنگێک دەبێت، دەنگێک، کە تەنانەت ئێستاش دڵی پێی دەکەوێتە پەلەپەل. ئێدی بیر دەکاتەوە لەوەی ڕەنگە ئەمە لاوازییەک بێت تیایدا و پێویست بکات لەگەڵ خۆی نەیبات بۆ شەڕ.

مارگرێت دەڵێت، "چۆنی ئێدی؟"

مارگرێت لەناو دەرگاکەدا وەستاوە و زۆر جوانە. ئێدی دیسان لە سینگیدا هەست بەو ختووکەیە دەکاتەوە، کە زووزوو بۆی دروست دەبێت. مارگرێت چەند دڵۆپەبارانێک لە قژی دەتەکێنێت و زەردەخەنەیەک دەکات. کارتۆنێکی بچووکیشی بە دەستەوەیە.

"شتێکم بۆ هێناوی... بە بۆنەی یادی لەدایکبوونەکەتەوەیە... لە ڕاستیدا بە بۆنەی ڕۆیشتنەکەشتەوەیە."

مارگرێت دووبارە زەردەخەنەیەک دەکاتەوە. ئێدی ئەوەندە تامەزۆرییە باوەش بە مارگرێتدا بکات، کە پێی وایە جەستەی جێگەی ئەو هەموو تامەزرۆییەی تێدا نابێتەوە و ئێستا نا ئێستا دەتەقێتەوە. بەلای ئێدییەوە، گرنگ نییە کارتۆنەکە چیی تێدایە، ئەو تەنیا دەیەوێت هەمیشە ئەو دیمەنەی لە بەرچاو بمێنێتەوە، کە تیایدا مارگرێت خەریکە دیارییەکەی دەداتێ. وەک هەمیشە، ئێستا کە ئێدی لەگەڵ مارگرێتدایە، خۆزگە دەخوازێت کات بوەستێت.

ئێدی دەڵێت، "زۆر جوانە!"

مارگریت پێدەکەنێت،

"خۆ جارێ لەتدیوە، هەر لەخۆتەوە!"

ئێدی لێی نزیکتر دەبێتەوە و دەڵێت، "گوێ بگرە، تۆ..."

یەکێک لە ژوورەکەی ترەوە هاوار دەکات، "ئێدی، وەرە مۆمەکان بکوژێنەرەوە."

"ڕاست دەکا، برسیمانە."

"سال، بەسە!"

"ئێ وایە، برسیمانە."

کێک و بیرە و شیر و جگەرە دانراون و پێکنیکیش بۆ سەرکەوتنی ئێدی، هەڵدەدرێت. ئاهەنگی لەدایکبوون و ماڵئاواییەکەی ئێدی ئەو ساتەشی تێدا دەبێت، کە دایکی ئێدی دەست دەکات بە گریان و باوەش بە جۆی کوڕیدا دەکات، کە بە بیانووی تەختیی بنی پێیەکانیەوە لە ئەمریکا دەمێنێتەوە و ناچێت بۆ جەنگ.

دواتر هەر ئەو شەوە، ئێدی و مارگریت پیاسەیەك بە شەقامی سەرەکیی شاری یارییەکەدا دەکەن. ئێدی ناوی هەموو بلیتفرۆش و لەفەفرۆشەکان دەزانێت و سڵاو لە یەکەبەیەکەیان دەکات. ئەوانیش هەموو هیوای سەلامەتیی بۆ دەخوازن. هەندێك لە ژنە بەتەمەنەکان چاویان پڕ دەبێت لە فرمێسك بۆی، ئێدی یەکسەر تێدەگات، کە ئەو ژنانە خۆشیان کوڕیان لە شەڕە.

ئێدی و مارگریت نوقڵی تۆفی بەتامی تووی سوور و بیرەی ڕەش دەکڕن، ئینجا پێکەوە دەست دەکەن بە زەرفی سپیی نوقڵەکەدا و لە ناوەوە پەنجەکانیان دەیکەن بە یاری، لە هۆڵی داخراوی یارییەکاندا ئێدی ئەو یارییە

دەکات، کە تیایدا دەستێکی لاستیك هەڵدەگریت و تا هێزت تێدایە ڕای دەکێشیت، لەگەڵ ڕاکێشانەکەشتدا، سەرەتیرێك لەژێر شاشەیەکەوە هەڵدەکێشت و ڕێژەی هێزی خۆتت پێ دەڵێت. ئێدی دەستە لاستیکەکە ڕادەکێشێت. سەرەتیرەکە *لاواز و کەمهێز و مامناوەند* تێدەپەڕێنێت و تا سەر *بەهێز* ناوەستێتەوە.

مارگریت دەڵێت، "نا، نا، بەهێزی."

"ئاخر بەهێزی خۆشە!"

شەو درەنگ دەچنە سەر ڕێگە دارینەکە و وەك چۆن لە فیلمەکاندا بینیویانە، دەستی یەکتر دەگرن و خۆیان بەسەر محەجەرەی ڕێگاکەدا شۆڕ دەکەنەوە. لەسەر لمەکە، کابرایەکی پیر، کە بە ڕۆژ لە خۆڵوخاشاکی پارکەکەدا بەدوای شتی بەکەڵکدا دەگەڕێت، بە پارچەداری بچووك و پەڕۆوپیتاڵ ئاگرێکی کردووەتەوە و لەتەنیشتیەوە خۆی گرمۆڵە کردووە. لەوە دەچێت تا بەیانی لەوێ بمێنێتەوە.

لەناکاو مارگریت دەڵێت، "پێویست ناکا داوام لێ بکەی چاوەڕێت بکەم."

ئێدی تفێك قووت دەدات.

"بەڕاستتە؟"

مارگریت سەرێك ڕادەوەشێنێت و ئێدی زەردەخەنە دەیگرێت. ئێستا دوای ئەوەی ئێدی لەو پرسیارە ڕزگاری بووە - کە بەدرێژایی ئەو ئێوارەیە خەیاڵی داگیر کردبوو - هەست دەکات تاڵێك خۆشەویستیی بەهێز لە دڵیەوە دەر چووە و لە شانەکانی مارگریت ئاڵاوە، تا دیتیش، ئەو تاڵە خۆشەویستییە زیاتر مارگریت بەرەو ئێدی ڕادەکێشێت

و دەیکات بە هیی ئەو. لەو ساتەدا ئیدی ئەوەندەی مارگریت خۆش دەوێت، کە هیچ کاتێک پێی وا نەبووە هیچ کەسێکی ئەوەندە خۆش بوێت.

دڵۆپەیەك باران دەکەوێتە سەر ناوچاوانی ئیدی دانەیەکی تریش. ئیدی سەری هەڵدەبڕێت و دەبینێت هەوری ئەو شەوە گەواڵ بوون.

مارگریت بە ئیدی دەڵێت، "ها کوڕی بەهێز و قۆز" ئینجا زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات. لەو ساتەدا دەموچاوی مارگریت کەمێك تێك دەچێت، بۆیە مارگریت بەتوندی چاو دەنووقێنێت، تا ئاو لە چاوەکانی بکاتە دەرەوە. ئیدی دڵنیا نییە مارگریت دەگری یان دڵۆپەباران چووەتە چاویەوە.

دواجار مارگریت دەڵێت، "توو خوا مەمرە، باش؟"

سەربازی تازەئازادکراو زۆر جار تووڕەن و دەیانەوێت تۆڵەیەکی قورس بکەنەوە، تۆڵەی هەموو ئەو شەو و ڕۆژانەی لەدەستیان چوون، ئەو هەموو ئەشکەنجە و سووکایەتییەی پێیان کراوە. دەیانەوێت بەو تۆڵەکردنەوەیە، هاوسەنگی بۆ خۆیان بگەڕێننەوە.

لەبەر ئەوە، کاتێک مۆرتۆن بە دەستی پڕ لە چەکی دزراوەوە گەڕایەوە و بە هاوڕێکانی گوت، "دە ئێنجا با داروبەردی بسووتێنین،" هەموو ئەوانی تر بەبێ یەک و دوو ڕازی بوون - هەرچەندە ڕەنگە ڕازیبوونەکەیان لەسەر بنەمایەکی لۆژیکییش نەبووبێت. هەرچوار پیاوەکە، کە ئێستا کۆنترۆل کەوتبووە دەست خۆیان و جۆشوخرۆش گرتبوونی، هەریەکە بە چەکێکی دوژمنەوە بەو ناوەدا بڵاو بوونەوە. سمیتی چوو بۆ لای دەروازەی کانەخەڵووزەکە، ئێدی و مۆرتۆن بۆ لای بەرمیلە نەوتەکان و کاپتنەکەش چوو بەدوای شتێکدا بگەڕێت، کە بتوانێت پێی دەرباز ببن.

کاپتنەکە بە دەنگێکی گڕ بە هەموویانی گوت، "پێنج خولەکی تر هەمووتان بینەوە ئێرە، بەو زووانە بۆمبارانەکە دەست پێ دەکاتەوە، بۆیە دەبێ زوو بڕۆین. تێدەگەن؟ پێنج خولەک و زیاتر نا."

ئەو پێنج خولەکە بەس بوو بۆ ئەوەی سمیتی و ئێدی

و مۆرتۆن بەتەواوی ئەو شوێنە خاپوور بکەن، کە شتی مانگێک دەبوو بووبوو بە مالیان. سمیتی بوومەمانەکانی خستە ناو گالەخەلووزەکەوە و ڕای کرد. ئێدی و مۆرتۆنیش سەری دوو بەرمیلە نەوتیان کردەوە و خلیان کردنەوە بۆناو سەنگەر و کووخە دارینەکان. ئینجا ڕووی لوولەی ڕەشاشی ئاگرپرژێنە تازەدزراوەکەیان کردە بەرمیلەکان و تەقاندیان بەرمیلەکان ئاگریان گرت.

مۆرتۆن هاواری کرد، "بسووتێنە!"

ئێدیش بەدوایدا، "بسووتێنە!"

گالەخەلووزەکە تەقییەوە و دووکەڵی ڕەش لە دەروازەکەیەوە هاتە دەرەوە. بۆیە سمیتی، دوای ئەوەی کاری خۆی تەواو کرد، ڕای کردەوە بۆ ئەو شوێنەی دەبوو هەموو لێی کۆ ببنەوە. مۆرتۆن لەقەیەکی لە بەرمیلەنەوتەکەی خۆی دا و خلی کردەوە بۆناو کووخێک، پێش ئەوەی بەرمیلەک بگاتە شوێنی خۆی، بە ڕەشاشە ئاگرپرژێنەکەی ڕیزێک ئاگرەسوورەی پێدا پرژاند.

ئێدی هەر سەیری دەکرد. پاش ساتێک، بە لایەکی دەمی سووکەپێکەنینێکی کرد و بەرەوخوار ڕۆیشت بۆ ئەوەی دواکووخ بسووتێنێت. ئەو کووخەیان لە ئەوانی تر گەورەتر بوو، زیاتر لە تەویلەیەک دەچوو. ئێدی ڕەشاشە ئاگرپرژێنەکەی بەرز کردەوە و بە خۆی گوت، "تەواو، ئێتر تەوااا." ئەو هەموو هەفتە و مانگانە لەژێر دەستی ئەو بێقیمەتە دڵڕەقانەدا، کە هەموو دەموچاودەرپەڕیو و ددانشاش بوون و شلەکەیان پڕ بوو لە ژەنگەسوورەی مردوو، تەواو بوون. ئێدی نەیدەزانی دوای ئەمە چییان بەسەر دێت، بەڵام

هەرچییەک بووایە، لەوە خراپتر نەدەبوو کە تا ئەو کاتە بەسەریان هاتبوو.

ئێدی پەنجەی خستە سەر پەلەپیتکەی ڕەشاشەکە و ئاگرەکە لە چاوترووکانێکدا هورووژمی برد، *وششششششششش...* دیوارەکانی کووخەکە تەختەی بامبووی وشک بوون، بۆیە دەستبەجێ ئاگریان گرت و خەریک بوو لە بڵێسەی پرتەقاڵی و زەردا دەتوانەوە. ئێدی گوێی لێ بوو لە دوورەوە دەنگی مەکینەیەک هات. لە دڵی خۆیدا هیوای خواست، کاپتنەکە بێت و شتێکی دۆزیبێتەوە پێی دەرباز بن. لەناکاو، دووبارە گوێیان لە دەنگێک بووەوە، کە هەموو شەوێک گوێیان لێی دەبوو: دەنگی بۆمبباران، بەڵام ئێستا دەنگەکە نزیکتر بوو. ئێدی پێی وا بوو بۆمببارانەکە هی هەرلایەک بێت ئەوەندە نزیکە، بڵێسەی سووتانی کووخەکان ببینن. ئەگەر لایەکەی خۆیان بووایە، ئەوا ڕزگاریان دەبوو و دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە.

ئێدی گەڕایەوە بۆ کووخەکە، کە خەریک بوو دادەمرکا...

ئەو شتە چی بوو؟

ئێدی چاوێکی تروووکاند. شتێک بە بەردەم دەرگاکەدا دەر چوو.

چی بوو؟

ئێدی هەوڵی دا وریایانەتر سەیر بکات. گەرمیی ئاگرەکە لەرادەبەدەر بوو. ئێدی دەستی چەپی خستە سەر ناوچاوانی. نەیدەتوانی دڵنیا ببێت ئەو شتە چی بوو، بەڵام پێی وا بوو تارماییەکی بچووک بوو بەناو ئاگرەکەدا ڕای کرد.

ئێدی چەند هەنگاوێک چووە پێشەوە، ڕەشاشە ئاگرپرژێنەکەی دەستی داگرت و هاواری کرد، "هێی، زەلام! هێییی!"

سەقفی کووخەکە بڵێسەی لێ بەرز دەبووەوە و لەسەر ئەوە بوو دابکەوێت. ئیدی هاتەوە دواوە، چاوەکانی ئاویان کرد. ڕەنگە هەر سێبەرێک بووبێت و تەواو.

"خێرا بکە، ئیدی!"

مۆرتۆن هاتبووە سەر ڕێگەکە و بە دەست ئاماژەی بۆ ئیدی دەکرد بەپەلە بڕوات بۆ لایان و پێکەوە دەر بچن. چاوەکانی ئیدی دەکزانەوە، هەناسەی سوار ببوو، بە دەست ئاماژەی بۆ کووخەکە کرد و هاواری لە مۆرتۆن کرد، "وا بزانم یەکێک لە ناوەوەیە!"

مۆرتۆن دەستێکی خستە پشت گوێی، "چیی؟"

"یەکێک لە ناوەوەیە."

مۆرتۆن سەری با دا. گوێی لە هیچ نەبوو. ئیدی ڕووەو کووخەکە ئاوڕی دایەوە و دووبارە هەمان شتە بچووکەکەی بینییەوە، کە بەگاگۆلکێ بە کووخەکەدا دەڕۆیشت. شێوەکەی لە شێوەی منداڵێک دەچوو. دوو ساڵ زیاتر بوو ئیدی جگە لە پیاوی گەورە، هیچ شتێکی تری نەبینیبوو. بینینی ئەو شێوە بچووکە لەناو ئەو کووخەدا، وای لە ئیدی کرد بۆ ساتێک ئامۆزا و خاڵۆزا بچووکەکانی خۆی و یاریی شەمەندەفەرە بچووکەکەی خۆی بەڕێوەی دەبرد و یاریی ڕەوڕەوەی مەرگەکە و منداڵانی سەر کەناردەریاکە و مارگرێت و وێنەکەی و هەموو ئەو شتانەی بیر بکەوێتەوە، کە چەندین مانگ بوو لە مێشکی خۆیدا سڕیبوونیەوە.

ئیدی ڕەشاشەکەی دانا و نزیکتر بووەوە، "هێی! وەرە دەرەوە. تەقەت لێ نا..." دەستێک شانی ئیدیت گرت و بەرەو دواوە ڕای کێشا. ئیدی ئاوڕی دایەوە و دەستبەجێ هەردوو

مستی خڕ کرد. مۆرتۆن بوو.

"ئێدی، دەبێ هەر ئێستا بڕۆین!"

ئێدی سەری با دا، "نا! نا! بوەستن، یەکێک لە ژوورەوەیە."

"کەسی تێدا نییە! دەی با بڕۆین، هەر ئێستا!!!!"

ئێدی نەیدەزانی چی بکات. ئاوڕی دایەوە بۆ کووخەکە، مۆرتۆن دووبارە شانی گرتەوە، ئەم جارەیان ئێدی تەواو خۆی خولاندەوە و یەک بۆکسی لە سینگی مۆرتۆن دا. مۆرتۆن کەوتە سەر ئەژنۆ. ئێدی سەری گێژی دەخوارد و دەموچاوی لە تووڕەییدا گرژ بووبوو. دووبارە ڕووی کردەوە بڵیسەکان، چاوەکانیشی ئەوەندە کز کردبوو، خەریک بوو دادەخران.

"ئەوە خۆی نەبوو؟ خۆی بە دیوارەکەوە دەگری؟ ئەوە نییە لەوێدا؟"

ئێدی بەتەواوی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە شتێکی بێگوناھ لەناو کووخەکەدایە و ئەگەر فریای نەکەوێت، لە بەردەمیدا دەبێت بە خەڵووز. ئێدی چووە پێشەوە، هەر لەو ساتەدا ئەو بەشە کەمەی سەقفەکەش، کە تا ئەو کاتە نەکەوتبوو، هارەی کرد و هەندێک بڵیسەی شێوەکارەبایی بەسەر ئێدیدا باراند.

ئێدی، بە ڕشانەوەیەک، تەواوی ئەو جەنگەی هێنایەوە، کە چووبووە گیانیەوە. دەستبەسەرکردنەکە و کوشتنی پاسەوانەکان و گۆشت و خوێنەکەی کە بە لاجانگەکانیەوە بوون و بۆمببارانەکە و سووتانی ئەو شتەی ناو ئەو کووخە و بێمانایی هەر هەموو ئەمانەش پێکەوە، گەدەی

ئیدییان تەواو تێک دابوو. ئیدی لەو ساتەدا، تەنیا شتێک دەیویست بیکات، ئەوە بوو شتێک ڕزگار بکات، جا بەشێک لە خۆی بێت، بەشێک لە ڕۆبۆزۆ بێت، هەرشتێک بێت. ئیدی شێتانە پێی وا بوو لەناو هەموو تارماییەکی ڕەشدا رووحێک هەیە. بۆیە لەو بیرکردنەوانەدا بوو، کە بەبێ یەک و دوو بەرەوڕووی کووخە بلێسەدارەکە ڕای کرد. فڕۆکەکان لە ئاسماندا هەر فرەفریان بوو، بەردەوامیش بە فیشەک زەوییەکەیان دەبێژایەوە.

ئیدی بە شێوەیەک دەجوولا، وەک ئەوەی بەدەم خەوەوە بڕوات. هەنگاوی بەسەر تۆزێک نەوتی ڕژاوی گرگرتوودا نا و جلەکانی لە دواوە ئاگریان گرت. گڵپەیەک بە پووزیدا سەر کەوت بۆ ڕانەکانی. دەستەکانی بەرز کردەوە و بە هەموو هێزی خۆی هاواری کرد، "وەرە دەرەوە، هاتووم یارمەتیت بدەم، تەقەت لێ ناکەم."

ئازارێکی جەرگبڕ بە قاچی ئیدیدا هات. هاوارێکی بەرز و درێژی لێ بەرز بووەوە و دەستبەجێ بەلادا هات. خوێن لە خوار ئەژنۆیەوە فیچقەی دەکرد. فڕۆکەکان هەر گرمەگرمیان بوو، ئاسمان یەکپارچە بە ڕەنگێکی شینباو داگیرسابوو.

ئیدی لەوێدا کەوت. لە یەک کاتدا دەشسووتا و خوێنیشی لێ دەڕۆیشت. چاوەکانی بەڕووی گەرمییە هەڵقرچێنەرەکەدا داخران و بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا هەستی کرد ئامادەیە بمرێت. لەناکاو یەکێک بۆ دواوە ڕای کێشا و بەناو خۆڵەکەدا گەوزاندی، تا ئەوەی وردەوردە ئاگری سەر جلەکانی کوژایەوە. ئیدی لەوە سەرسوورماوتر و بێهێزتر بوو، بتوانێت خۆی ڕابگرێت، بۆیە وەک توورەکە ڕادەکێشرا. پاش

کەمێک، گەیشتە ناو سەیارەیەکی سەربازی و ئەوانی تریش لەدەوری بوون. هەموو دڵیان دەدایەوە و پێیان دەگوت خۆڕاگر بێت. پشتی ئێدی سووتابوو، ئەژنۆشی ڕووحی تێدا نەمابوو، سەریشی گێژی دەخوارد و خەریک بوو هێزی لێ دەبڕا.

کاپتنەکە، لەگەڵ بەبیرهاتنەوەی ئەو دواساتانەدا، لەسەرخۆ سەرێکی لەقاند و لە ئێدیی پرسی، "بیرتە چۆن لەو شوێنە ڕزگار کرای؟"

ئێدی گوتی، "لە ڕاستیدا، خۆشم نازانم."

"دوو ڕۆژی ویست تا باش بووی. زووزوو لە هۆش خۆت دەچووی و هۆشت دەهاتەوە. خوێنت زۆر لەبەر ڕۆیشتبوو."

ئێدی گوتی، "بەڵام باش بوو، هەرچۆنێک بێ، ڕزگارمان بوو."

"بەڵێی!"

وشەکە بەدرێژی لە دەمی کاپتنەکە هاتە دەر، ئاوازەکەی زیاتر لە ئاوازی ئاهێک دەچوو.

"فیشەکەکە شوێنێکی خراپی گرتبوو."

لە ڕاستیدا، ئێستا و ئەوساش ئەو فیشەکە بەتەواوی لە قاچی ئێدی دەر نەهێنرا. چەند دەمار و ماسولکەژێی بڕیبوو، تا گەیشتبووە ئێسکێک و ئێسکەکەشی بە شێوەیەکی ستوونی شکاندبوو. دوو نەشتەرگەری بۆ ئێدی کران، بەڵام هیچیان کێشەکەیان چارەسەر نەکرد. پزیشکەکان پێیان گوت کە لەوە بەدوا لە ڕۆیشتندا دەشەلێت و ئەو حاڵەتەش لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا - لەبەرئەوەی ئێسکەکانی لاواز دەبن -

خراپتر دەبێت. پێی گوترابوو کە "ناتوانرێت لەم چارەسەرە باشتری بۆ بکرێت" - وەک ئەوەی ئەو چارەسەرەیان زۆر باش بووبێت. ئیدی تەنیا ئەوەندەی بیر مابوو، کە لە یەکەیەکی پزیشکی خەبەری بووبووەوە و ژیانی بۆ هەتاهەتایە گۆڕابوو. ڕاکردن تەواو، سەما تەواو، لە هەمووشی خراپتر، بە هۆی چەند هۆکارێکی دیاریکراوەوە، ئەو هەستانەش تەواو، کە پێشتر لەبەرامبەر شتەکانی ناو ژیانیدا هەیبوون. ئیدی گۆشەگیر بوو. شتەکان زۆر بێمانا و بێئامانج لەلای دەر دەکەوتن. جەنگ دزەی کردبووە ناویەوە، ناو قاچی و ناو ڕووحی. وەک سەرباز، زۆر شت فێر بوو، کاتێک گەڕایەوە، پیاوێکی تر بوو!

کاپتنەکە گوتی، "تۆ دەزانی من سێ پشتم لە سوپادا بوون."

ئیدی بە شانبەرزکردنەوەیەک وەڵامی دایەوە.

"چۆنت بۆ دەگێڕمەوە، ئاوا: لە تەمەنی شەش ساڵییەوە فێری تەقەکردن بووبووم. بەیانییان، باوکم دەهات و سەیری جێگەکەمی دەکرد، لە ڕاستیدا بیستوپێنج سەنتییەکی ئاسنی هەڵدەدایە سەر و تەماشای دەکرد بزانی جێگەکە ئەوەندە سافە، کە پارە ئاسنەکە بەرێکی لەسەری بەرز ببێتەوە یان نا. لەسەر نانخواردنیش هەمیشە بە بەڵێ، باوکە' و نەخێر، باوکە وەڵامی داواکارییەکانیم دەدایەوە.

"پێش ئەوەی دەست بکەم بە خزمەتی سەربازی، ئیشم بەس جێبەجێکردنی فەرمانەکانی باوکم بوو، دوای ئەوە چوومە سوپاشەوە، کاتێکم زانی وا خۆم بووم بە فەرمانده

و فەرمان دەر دەکەم.

"سەردەمی ئاشتی و ئاگربەست شتێکی باش بوو، کەسانی ژێر هاتبوونە سوپاوە، بەڵام دواتر شەڕ دەستی پێ کردەوە و کەسی تازە خۆیان لە سوپادا ناونووس کرد. بەلێشاو دەهاتن و زۆربەیان گەنجی وەک تۆ بوون، هەموو سڵاویان لێ دەکردم و داوایان دەکرد پێیان بڵێم چی بکەن و چی نەکەن. ترسم لە چاوەکانیاندا دەبینی، بە شێوەیەک لە منیان دەڕوانی، وەک ئەوەی هەموو نهێنییەکانی جەنگ بزانم. پێیان وا بوو من دەتوانم وا بکەم نەکوژرێن، تۆش هەر وا بیرت دەکردەوە، وا نییە؟"

ئێدی دەبوو هەر لەوێدا دانی پێدا بنێت، کە ئەویش هەر وا بیری کردبووەوە.

کاپتنەکە دەستی بردە دوواوە و ملی خوراند، "بەڵام بێگومان من توانای ئەوەم نەبوو نەهێڵم ئێوە بکوژرێن، من خۆشم لە سەرووترەوە فەرمانم وەر دەگرت، ڕاستە توانای ئەوەم نەبوو نەهێڵم بمرن، بەڵام پێم وا بوو دەبێ هەموو هەوڵێک بدەم، کە هەمیشە پێکەوە بین و لێک دانەبڕێین. تۆ دەزانی ئێدی؟ کاتێک لە شەڕێکی قورسدای، بەدوای قسەیەک، بیرکردنەوەیەکی بچووکدا دەگەڕێی، تا بڕوای پێ بهێنی. کاتێکیش ئەو قسەیە دەدۆزیتەوە، تەواو بڕوای پێ دەهێنی و توند دەستی پێوە دەگری، هەر وەک چۆن سەربازان لە کاتی نزاکردندا لە سەنگەرەکانیاندا دەست بەو مەدالیا خاچە بچووکەوە دەگرن، کە لەملیانە.

"بۆ من ئەو قسەیە، ئەو بیرکردنەوەیە، ئەوە بوو کە هەموو ڕۆژێک پێتان بڵێم هەمیشە من لەگەڵتان دەبم و لە

تەنگانەدا کەستان بەجێ ناهێڵم."

ئیدی سەرێکی لەقاند و گوتی، "ئەوە، بۆ من، هەموو دونیا بوو."

کاپتنەکە ڕاستەوخۆ سەیری چاوەکانی ئیدیی کرد و پێی گوت، "هیوادارم وا بێ."

کاپتنەکە دەستی کرد بە گیرفانەکەی سەر سینگیدا، جگەرەیەکی تری دەر هێنا و دای گیرساند.

ئیدی پرسیی، "بۆ وا دەڵێی؟"

کاپتنەکە دووکەڵی یەکەم نەفەسی بە با کرد، ئینجا بەو دەستەی جگەرەکەی پێ گرتبوو، ئاماژەی بۆ قاچی ئیدی کرد و گوتی، "چونکە من بووم فیشەکەکەم پێوە نای."

ئیدی سەیرێکی قاچی خۆی کرد، کە بەسەر لقی دارەکەوە ڕادەژەنی. لەسەر قاچی، شوێنی نەشتەرگەرییەکان دەر کەوتنەوە و ئازارەکەشی بۆ گەڕایەوە! لە ناخیدا هەستی بە شتێک کرد، کە لەپێش مردنیەوە هەستی پێ نەکردبوو - لە ڕاستیدا چەندین ساڵ بوو هەستی پێ نەکردبوو - ئەو شتەش لافاوێک لە تووڕەیی و ئارەزووی ئازاردانی شتێک بوو. چاوەکانی کز کرد و بڕینیە چاوی کاپتنەکە. کاپتنەکەش بەبێ هیچ دەربڕینێک لەسەر ڕوخساری، لە ئیدیی ڕوانییەوە، وەک ئەوەی بزانێت ئێستا چی ڕوو دەدات. ئینجا جگەرەکەی دەستی فڕێ دا و بە دەنگێکی نزم گوتی، "دەی!"

ئیدی قیژاندی و وەک ڕەشەبا خۆی بۆ کاپتنەکە هەڵدا، هەردووکیان کەوتنە خوارەوە و تا گەیشتنە سەر زەوییەکە، لەناو لقەکانی دارهەنجیرەکە و دارمێوەکەدا هەر پەلاماری

یەکیان دەدا.

"بۆوۆ؟ هەی بێقیمەت؟ کەسیش نا، تۆ، هەی خوێڕی."

ئێدی و کاپتنەکە لەسەر زەوییە قوڕەکە لە یەکتری نووسابوون. ئێدی چووە سەر سینگی کاپتنەکە و بە بۆکس کەوتەسەر دەموچاوی. کاپتنەکە هیچ خوێنی لێ نەهات. ئێدی ئێخەی کاپتنەکەی گرت و خێراخێرا کەللەسەری بە زەوییە قوڕەکەدا دەدا. کاپتنەکە چاوی نەدەترووکاند، لەجیاتیی ئەوە، لەگەڵ هەر بۆکسێکی ئێدیدا، خۆی ئەمدیو و ئەودیو دەکرد، بۆ ئەوەی ئێدی بەباشی لێی بدات و داخی خۆی پێ بڕێژێت. دواجار، کاپتنەکە، هەر بە یەک دەست، ئێدیی گرت و هەڵی گێڕایەوە.

کاپتنەکە ئانیشکی خستە سەر سینگی ئێدی و لەسەرخۆ گوتی، "لەبەر ئەوەی ئەگەر بچوویتایەتە ناو ئاگرەکەوە، تێدا دەچووی، دەمردی، بەڵام ئەو کاتە سەرەی تۆ نەهاتبوو."

ئێدی زۆر خێرا هەناسەی دەدا، "سەرەی... من؟"

کاپتنەکە بەردەوام بوو، "تۆ سوور بووی لەسەر ئەوەی بڕۆیتە ناو کووخەکەوە، کاتێکیش مۆرتۆن هەوڵی دا بتگرێ و نەهێڵێ بڕۆی، یەک بۆکست لێ دا، خەریک بوو بیبووریتەوە. ئێ خۆشمان دەبووایە لە یەک-دوو خولەکدا رابکەین. تۆش ماڵت ئاوا بێ، ئەوەندە بەهێز بووی، هیی ئەوە نەبوو شەڕت لەگەڵ بکەین."

ئێدی بۆ دواجار تووڕە بووەوە و ئێخەی کاپتنەکەی گرتەوە، ئینجا لە خۆی نزیک کردەوە و ددانەکانی بینی، کە دووکەڵی جگەرە زەردی کردبوون.

ئیدی ئاگری دەکردەوە، "ئەی قاچی من! ئەی ژیانی من!"

کاپتنەکە بەهێمنی گوتی، "من قاچتم لێ سەندیتەوە، بۆ ئەوەی ژیانت بدەمەوە."

ئیدی ئیخەی کاپتنەکەی بەر دا و لەشەکەتیدا کەوتەوە سەر زەوییەکە. دەستەکانی دەئیشان و سەری گێژی دەخوارد. ئیدی بۆ چەندین ساڵ بەردەوام بیری لەو ساتە کردبووەوە، لەو تاکە هەڵەیە، کە هەموو ژیانی گۆڕیبوو.

"کوخەکە کەسی تێدا نەبوو. باشە بە چ نەقڵیکەوە دەمویست بچمە ناوی؟ خۆزگا نەچووماییە..."

ئیدی بە دەنگێکی نزمتر پرسیی، "باشە بۆ نەمردم و بیرێتەوە؟"

کاپتنەکە وەڵامی دایەوە، "لە تەنگانەدا کەس بەتەنیا بەجێ ناهێڵم' ئەوەت لەبیرە؟ ئەوەی ئەو ڕۆژە بەسەر تۆ هات، من پێشتریش بە چاوی خۆم بینیومە. لە قۆناغێکدا ئیتر سەرباز دەگاتە حاڵەتێک، کە بڕستی لێ دەبڕێ و ئیتر توانای بەرگەگرتنی دۆخەکەی نامێنێ. هەندێک جار ئەوە لە نیوەشەودا ڕوو دەدا، سەربازێک لە چادرەکەی دێتە دەرەوە و نیوەڕووت و پێپەتی ملی ڕێ دەگرێ، وەک ئەوەی بەرێگەوە بێ بۆ ماڵەوە، وەک ئەوەی ماڵیان سێ-چوار دەقیقەیەک لەو ناوەوە دوور بێ.

"هەندێک جاریش ئەو حاڵەتە لە کاتی شەڕدا ڕوو دەدا، سەربازەکە چەکەکەی دادەنێ و بەرچاوی ڕەش دەبێ، تەواو پێی نەماوە و ئیدی ناتوانێ شەڕ بکا. لە زۆربەی جارەکانیشدا گوللەیەک دەیپێکێ و تەواو.

"ئەوەی تۆش هەر وا بوو، چەند خولەکێک پێش ئەوەی

بڕۆین و شوێنەکە بەجێ بهێڵین، لە بەردەمی ئاگرێکدا وەستای و دەتویست نەیەی لەگەڵمان، منیش نەمدەتوانی هەر وا بەئاسانی ڕێگە بدەم بەزیندوویی بسووتێ. لە دڵی خۆمدا گوتم، قاچێکە و چاک دەبێتەوە، بۆیە دواجار لەو شوێنە دەرمان کێشای و ئەوانی تریش گەیاندیانیتە تیمێکی پزیشکی."

هەناسەکانی ئێدی وەک چەکوش دەیاندا بە سینگیدا. سەری هەموو قوڕ و گەڵا بوو. تۆزێکی ویست، تا لە دواڕستەی کاپتنەکە تێگەیشت. ئێدی گوتی، "ئەوانی تر؟ مەبەستت چییە؟"

کاپتنەکە هەستایەوە و هەندێک چیلەکەوچەوێڵی لە خۆی تەکاند، ئینجا لە ئێدیی پرسی، "تۆ دوای ئەوە منت بینییەوە؟"

ئێدی کاپتنەکەی نەبینیبووەوە، چونکە هەر زوو بە فڕۆکە گەیاندبوویانە نەخۆشخانەیەکی سەربازی، دوای ئەوەش، بە هۆی برینداربیەکەیەوە لە خزمەتی سەربازی بەخشرابوو و بە فڕۆکە نێردرابووەوە بۆ ئەمەریکا. دوای چەند مانگێک، ئێدی بیستبووی کاپتنەکە کوژراوە و وا تێگەیشتبوو لە شەڕێکی دواتردا، لەگەڵ کەتیبەیەکی تر کوژراوە. دواجار نامەیەک، کە مەدالیایەکی تێدا بوو، گەیشتە ئێدی، بەڵام ئێدی نەیکردەوە و خستیە لاوە. مانگەکانی دوای جەنگ، ناخۆش و پڕ خەموخەفەت بوون. ئێدی یادەوەرییە بچووکەکانی جەنگی لەبیر کرد و گوێشی بە کۆکردنەوەیان نەدا. تەنانەت ناوونیشانی خۆشی گۆڕی.

کاپتنەکە گوتی، "هەر وەک پێم گوتی، دەرزیی دەردەکوپان، دەرزیی زەردەتا، ئەو هەموو دەرزییەم لە خۆم دا، لەپای چی، هەر کاتی خۆمم پێ کوشتن."

کاپتنەکە، بەسەر شانی ئیدیدا، بە سەر ئاماژەی بۆ شوێنێک کرد. ئیدی ئاوڕی دایەوە، تا ئەویش سەیر بکات.

ئیدی بینیی دیمەنەکەی دوایەوە دیمەنی دەشت و دۆڵی ڕووتەن نەماوە، بەڵکوو بووە بە ئەو شەوەی تیایدا هەڵهاتن. ئەو شەوە مانگ خەرمانەی دابوو، فڕۆکەکان لە ئاسماندا دەسووڕانەوە کووخەکان لە بڵیسەی ئاگردا دیار نەبوون. کاپتنەکە ئۆتومبێلە سەربازییەکەی لێدەخوڕی، سمیتی و مۆرتۆن و ئیدیشی لەگەڵ بوو. ئیدی، سووتاو و بریندار و نیوەلەهۆشخۆچوو، لەدواوە ڕاکشابوو، مۆرتۆنیش پارچەیەک قوماشی لە ئەژنۆی دەئاڵاند دەهات، بۆمبارانەکە نزیکتر دەبووەوە، بۆیە هەر تۆز تا تۆزێک ئاسمان دادەگیرسا و دەکوژایەوە، وەک ئەوەی خۆر سەرەتای بکات. ئۆتومبێلەکە، تا گەیشتە سەر گردێک، هەر هەڵبەز و دابەزی بوو، دواجار لەوێ وەستا.

لەسەر گردەکە دەروازەیەکی لێ بوو، بە تەختە و وایەر دروست کرابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەملا و ئەولاکەی زۆر لێژ بوون، نەیاندەتوانی بەتەنیشتیدا بچنە ئەودیو.

کاپتنەکە دەمانچەیەکی هەڵگرت و دابەزییە خوارەوە ئینجا فیشەکێکی نا بە قوفڵەکەوە و پاڵی بە دەروازەکەوە نا و کردیەوە، پاشان، بە زمانی ئاماژە، داوای لە مۆرتۆن کرد سووکانەکە بگرێت، ئینجا دوو پەنجەی بۆ چاوی خۆی برد و تێی گەیاند، کە دەچێت ڕێگەکە دەپشکنێت. ڕێگەکە بەناو نزارێکی ئێجگار چڕدا لێدرابوو. کاپتنەکە، هەر بە پێی پەتی ڕای کرد، تا ئەوەی گەیشتە پەنجا مەتر ئەولای پێچی یەکەمی ڕێگەکەوە.

ڕێگەکە سەلامەت بوو. کاپتنەکە بە دەست بانگی ئەوانی تری کرد بچن بۆ لای، بەڵام لەو ساتەدا فڕۆکەیەک لە سەرەوە دەر کەوت و کاپتنەکەش سەری هەڵبڕی، تا بزانێت سەر بە کام لایە. لە کاتێکدا کاپتنەکە سەری هەڵبڕیبوو سەیری ئاسمانەکانی دەکرد، دەنگێکی نزم لەژێر پێی ڕاستییەوە هات. دەستبەجێ مینێک تەقییەوە و وەک بورکان ئاگر لە ناخی زەوییەکەوە هاتە دەرەوە. تەقینەوەکە کاپتنەکەی بیست پێ بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و هەڵاهەلای کرد. کاپتنەکە، هەر بە ئاسمانەوە، بوو بە یەک پارچە ئێسقان و سەدان کوتەگۆشتی گڕگرتووی وەک خەڵووز بچووک. هەندێک لە کوتەگۆشتەکان بەسەر زەوییە قوڕەکەدا فڕین و لەسەر دارهەنجیرەکان گیرسانەوە.

وانەی دووەم

ئیدی چاوەکانی نووقاند و سەری بەپشتدا خست، "ئەی هاوااار! بۆ خاتری خوا! چیرۆکێکی زۆر ناخۆشە. بەڕاستی من ئەوەم نەزانیبوو. زۆر جەرگبڕە."

کاپتنەکە سەرێکی لەقاند و ڕووی وەر گێڕا. گردەکان وەک پێشوو ڕووت و زەرد بووبوونەوە، ئێسکی ئاژەڵان و عەرەبانە شکاوەکە و داروپەردووی گوندەکە، هێشتا هەر لەوێ بوون و ئاگرەکەیان دانەمرکابووەوە. ئیدی تێگەیشت کە ئەوە دوامەنزلگەی کاپتنەکەیە، بەڵام بەبێ ئەوەی جەستەی خراپیتە تابووتەوە و بە خاک سپێردرابێت، تەنیا جەستەیەکی هەپرووبەهەپرووزن و زەوییەکی قوڕ.

ئیدی بە دەنگێکی نزم بە کاپتنەکەی گوت، "بەدرێژایی ئەو ماوە درێژە لێرە چاوەڕێ بووی؟"

کاپتنەکە وەڵامی دایەوە، "کات بەو شێوەیە نییە، کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە."

ئینجا لەتەنیشت ئیدییەوە دانیشت.

"مردن!... مردن کۆتاییی هەموو شتێک نییە، ئێمەین وای دەبینین، ئەوەی لەسەر زەوی ڕوو دەدا، تەنیا سەرەتایە."

لەوە دەچوو ئیدی هیچ تێنەگەیشتبێت.

کاپتنەکە بەردەوام بوو، "وا هەست دەکەم هەر وەک ئەوە بێ، کە لە ئینجیلدا هاتووە، مەبەستم چیرۆکەکەی ئادەم و حەوایە. بۆ نموونە، شەوی یەکەمی ئادەم لەسەر زەوی، کە یەکەم جار، کاتێک ویستوویەتی بخەوێ، پێی وا بووە ئیتر هەموو شتێک تەواو، وایە؟ نەیزانیوە خەو چییە. چاوەکانی داخستووە و وای زانیوە ئیتر ئەم دونیایە بەجێ دەهێڵێ، ڕاستە؟

"بەڵام وا نەبووە، بۆ سبەی بەیانی خەبەری بۆتەوە و بووە بە خاوەنی دونیایەکی تازە، بەڵام لە هەمان کاتدا بووە بە خاوەنی شتێکی تریش: دوێنێ."

کاپتنەکە زەردەخەنەیەکی گەورەی کرد، "سەرباز! بە بڕوای من، ئەوەی ئێمە لە بەهەشت بەدەستی دەهێنین، ئەوەیە کە لە دوێنێکانمان تێدەگەین."

کاپتنەکە پاکەتەجگەرەکەی دەر هێنا و بە پەنجە پێیدا کێشا، تا دانەیەک بێتە دەرەوە.

"تێدەگەی، ها؟ من قەت باش نەبووم لەوەدا، کە شت جوان لە خەڵک بگەیەنم."

ئێدی لە نزیکەوە لە کاپتنەکە ورد بووەوە. هەمیشە وای زانیبوو کاپتنەکە بەتەمەنترە لەوەی ئێستا دەیبینێ، بەڵام ئێستا کە خۆڵەمێشی خەڵووزەکە لە دەموچاوی بووبووەوە، ئێدی چرچە وردەکانی سەر پێستی و قژە ڕەشە پڕەکەی دەبینی. ڕەنگە هەر لە سییەکانی تەمەنیدا بووبێت.

ئێدی گوتی، "تۆ لەو کاتەوەی مردووی، لێرەی، بەڵام ئەو ماوەیە دوو ئەوەندەی ئەو تەمەنەیە، کە لەسەر زەوی ژیاوی."

کاپتنەکە سەری لەقاند.

"ئاخر چاوەڕێی تۆم دەکرد."

ئێدی سەری داخست.

"پیاوە شینەکەش هەر وای گوت."

"ڕاست دەکا. ئەویش چاوەڕێی کردووی. ئەویش بەشێک بووە لە ژیانت، بەشێک بووە لە هۆکاری ژیانی تۆ و چۆنێتی نیەرینی ژیانیشت، بەشێک بووە لەو چیرۆکەی پێویست بوو بیبیستی. بەلام دواجار چیرۆکەکەی بۆ گێڕایتەوە و ئێستا لە شوێنێکی زۆر دوورە، منیش بە هەمان شێوە، بەم زووانە دەڕۆم. لەبەر ئەوە، گوێ بگرە، چونکە ئەمە ئەو شتەیە، کە دەبێ لە منەوە فێری ببی."

ئێدی خۆی ڕێک کردەوە.

کاپتنەکە گوتی، "تۆ قوربانییەکت دا، منیش قوربانییەکم دا. هەموومان سەروقوربانیمان دا، بەلام تۆ بە قوربانیدانەکەی خۆت تووڕە بووی و هەر بیرت لەو شتە دەکردەوە، کە لەدەستت دابوو.

"تێنەدەگەیشتی کە قوربانیدان بەشێکە لە ژیان و هەر دەشبێ وا بێ. قوربانیدان شتێک نییە بۆی پەشیمان بی، بەڵکوو دەبێ هیوات بداتێ و بەرەو پێشت بەرێ. مەبەستم هەموو قوربانیدانێکە، گەورە و بچووک. بۆ نموونە، دایکێک ئیش دەکا بۆ ئەوەی کوڕەکەی بتوانێ بخوێنێ، یان کچێک ماڵ دەگوازێتەوە و دەچێتەوە بۆ لای باوکە نەخۆشەکەی، بۆ ئەوەی ئاگای لێی بێ... یان پیاوێک دەچێت بۆ شەڕ..."

کاپتنەکە بۆ ساتێک لە قسە وەستا و لە ئاسمانە ڕەساسییە پڕهەورەکەی ڕوانی.

"تۆ دەزانی ڕابۆزۆ بەخۆڕایی نەمرد. لەپێناوی نیشتمانەکەیدا مرد، خێزانەکەشی ئەوەیان باش دەزانی، بە جۆرێک، برابچووکەکەی لە ڕابۆزۆوە زۆر شت فێر بوو، تا ئەوەی ئەویش بوو بە سەربازێکی باش و پیاوێکی مەرد.

"من خۆشم لەپای هیچ نەمردم. ئەگەر من دانەبەزیمانە، ڕەنگە ئەو شەوە هەمووومان بەسەر ئەو مینەدا لیمان بخوڕیایە و هەرچوارمان تێدا بچووینایە."

ئیدی سەرێکی با دا و بە دەنگێکی نزم گوتی، "بەلام تۆ..." ئینجا سەری داخست و گوتی، "ژیانی خۆتت لەدەست دا."

کاپتنەکە زمانێکی لە ددانەکانی سەرەوەی دا.

"ئی خۆی شتەکە ئەوەیە. هەندێک جار، کاتێک شتێکی بەنرخ دەکەیتە قوربانی، لە ڕاستیدا لەدەستی نادەی، بەلکوو دەیبەخشی بە کەسێکی تر."

کاپتنەکە ڕۆیشت بۆ لای خوودە و چەک و زنجیر و ملوانکەکەی و گۆڕە غەریبەکەی خۆی، کە هێشتا هەر لەسەر زەوییەکە، بەپرنەکراوەیی مابووەوە. خوودە و زنجیر و ملوانکەکەی خستە ژێر قۆلێکی، ئینجا چەکەکەی لە قوڕەکە دەر هێنا و وەک ڕم هەلی دا. چەکەکە، بەبێ ئەوەی بکەوێتەوە خوارەوە، بەرەو ئاسمان فڕی و لە چاو ون بوو.

کاپتنەکە ڕووی کردەوە بەمدیودا، "زۆر باشە. من بووم تەقەم لە تۆ کرد و تۆش شتێکت لەدەست دا، بەلام شتێکیشت دەست کەوت. بەلام جاری نازانی چییە. منیش شتێکم دەست کەوت."

"چی؟"

"بەڵێنەکەی خۆمم بردە سەر و بەتەنیا بەجێم نەهێشتی."
کاپتنەکە دەستەکانی بەرز کردەوە.
"لێم خۆش دەبی لەسەر ئەوەی قاچم وا لێ کردی؟"
ئێدی بۆ چەند ساتێک بیری کردەوە، بیری لە ئازاری برینداریییەکەی کردەوە، لەو توورەیییەی بە هۆی لەدەستچوونی قاچیەوە بۆی دروست بوو، ئینجا بیری لەوە کردەوە، کە کاپتنەکە لەدەستی چووبوو، بەمە، ئێدی شەرم دای گرت، بۆیە دەستی بۆ کاپتنەکە درێژ کرد و کاپتنەکەش بەتوندی دەستی ئێدیی گوشی.
"ئەمە ئەوە بوو، کە چاوەڕێی بووم."
لە چاوتروکانێکدا، لقەکانی دارمێوەکە و دارهەنجیرەکە لە دارە گەورەکە داماڵران و چوونەوە ناو زەوییەکە. هەر لەو ساتەشدا دووبارە لقی تازە و جوان سەریان دەر هێنا و بڵاو بوونەوە، هەمووشیان گەڵای نەرمیان دەر کرد و هەنجیری تازەیان گرت. کاپتنەکە، زۆر بەسادەیی، تەنیا سەیرێکی سەرەوەی کرد، وەک ئەوەی زانیبێتی ئەو شتە ڕوو دەدات. ئینجا، تەنیا بە لەپی دەستەکانی ئەو تۆزە خۆڵەمێشەشی سڕی، کە تا ئەو کاتە بە دەموچاویەوە مابووەوە.
ئێدی گوتی، "کاپتن؟"
"بەڵێ."
"پیاوە شینەکە پێی گوتم لێرە دەتوانی لە هەرکوێیەک بتەوێ، لەوێ چاوەڕێ بکەی، تۆ بۆ ئێرەت هەڵبژارد؟"
کاپتنەکە زەردەخەنەیەکی کرد، "لەبەر ئەوەی من لە شەڕدا مردم، لەناو ئەم دۆڵ و گردانەدا کوژرام، دونیام بەجێ هێشت، بەبێ ئەوەی تیایدا لە شەڕ زیاتر، هیچم ناسیبێ.

زمانی جەنگ، پلانەکانی جەنگ، هاوڕێیانی جەنگ، هەموو ئەمانەم زانی و ناسی.

"هەموو خۆزگەی من ئەوە بوو، بە چاوی خۆم ببینم دونیا بەبێ جەنگ چۆنە، دونیا چۆن بوو پێش ئەوەی دەست بکەین بە کوشتنی یەکتر."

ئێدی سەیرێکی چواردەوری خۆی کرد، "بەڵام خۆ ئەمەش هەر جەنگە."

کاپتنەکە گوتی، "لای تۆ جەنگە. چاوەکانی من وا نالێن. ئەوەی تۆ دەیبینی، ئەوە نییە کە من دەیبینم."

کاپتنەکە دەستێکی بەرز کردەوە و شوێنە ئاگراوییەکە گۆڕا. خاشاک و داروپەردووەکان توانەوە، درەختەکان گەشەیان کرد و پەلیان هاویشت، زەوییەکە لە قوڕەوە بوو بە گیا و گوڵ و گوڵزار، هەورە ڕەشەکان وەک پەردە لا دران و ئاسمانێکی ساماڵ لەپشتیانەوە دەر کەوت، تەمێکی سپیی کاڵ سەری دارەکانی گرت، خۆریش بە خۆی و ڕەنگە قوخییەکەیەوە لە ئاسۆدا دەسووتا و تیشکەکانی لەسەر ئەو زەریایە دەدرەوشانەوە، کە دەوری دوورگەکەی دابوو. جوانیی دیمەنەکە، جوانییەکی پاک و سروشتی و نەشێوێنراو بوو.

ئێدی سەری بەرز کردەوە و سەیری فەرماندە کۆنەکەی خۆی کرد، کە دەموچاوی پاک و جوان و جلوبەرگەکانیشی ڕێکوپێک بوون.

کاپتنەکە بەدەم دەستڕاکێشانەوە بۆ دیمەنەکان گوتی، "ئەمە ئەوەیە، کە من دەیبینم."

ئینجا بۆ ساتێک وەستا، تا زیاتر چێژ لە دیمەنەکان وەر بگرێت.

"با پێشت بڵێم، من لێرە جگەرە ناکێشم. ئەوەش تەنیا چاوەکانی تۆ بوون وایان دەبینی."

کاپتنەکە بەپێکەنینەوە بەردەوام بوو، "خۆ شێت نەبووم لە بەهەشتدا جگەرە بکێشم؟"

ئینجا وردەوردە کەوتە ڕۆیشتن.

ئێدی هاوارێکی لێ بەرز بووەوە، "بوەستە! شتێک هەیە دەبێ بیزانم: مردنەکەی خۆم لە شاری یارییەکە. ئەو کچە بچووکەم ڕزگار کرد یان نا؟ هەستم بە دەستەکانی کرد، بەلام بیرم نییە..."

کاپتنەکە ئاوڕی دایەوە و ئێدی بیری کەوتەوە، کە مردنی کاپتنەکە چەندە دڵتەزێن و ناخۆش بووە، بۆیە وشەکانی قووت دانەوە و ڕووی نەهات پرسیار بکات. هەر ئەوەندە لەژێر لێوەوە گوتی، "تەنیا دەمەوێ بزانم ڕزگارم کردووە یا نا، هەر ئەوەندە."

کاپتنەکە پشتگوێی خوراند و بەبەزەییەوە سەیرێکی ئێدیی کرد، "سەرباز! ناتوانم پێت بڵێم."

ئێدی بەخەمباری سەری داخست.

"بەلام یەکێک هەیە دەتوانێ."

کاپتنەکە خوودە و زنجیر و ملوانکەکەی بۆ ئێدی هەڵدا. "ئەوانە هیی تۆن."

ئێدی سەیرێکی بەرپێی خۆی کرد. لە خوودەکەدا وێنەی چرچبووی ژنێکی تێدا بوو، کە هەمان ئازارە کۆنەکەی خستەوە ناو دڵی ئێدی. کاتێک ئێدی سەری هەڵبڕییەوە، کاپتنەکە لەو ناوە نەمابوو.

دووشەممە، ٧:٣٠ی بەیانی

ڕۆژی دوای ڕووداوەکە، دۆمینگیز، بەبێ ئەوەی وەک بەیانییەکانی تر لە ڕێگە چۆرەک و شەربەت بۆ نانی بەیانی بکڕێت، زوو هات وەرشەکەی کردەوە. شاری یارییەکە داخرابوو، بەڵام ئەو، هەرچۆنێک بوو، هاتە ژوورەوە. چوو بۆ وەرشەکە و بەلووعەی سەر سینگەکەی کردەوە، پاشان دەستەکانی خستە بەر ئاوەکە و نیازی وا بوو هەندێک پارچەی یارییەکان بشوات، بەڵام ڕای گۆڕی و بەلووعەکەی گرتەوە. وەرشەکە، دوو ئەوەندەی پێشوو خامۆش بووەوە.

"چۆنی؟"

ویلی لەناو دەرگای وەرشەکەدا ڕاوەستابوو. کاوبۆیەکی فش و تیشێرتێکی سەوزی لەبەردا بوو، ڕۆژنامەیەکیشی بە دەستەوە بوو، کە لە پەڕەی یەکەمیدا بەگەورەیی نووسرابوو، *کارەساتێکی دڵتەزێن لە شارێکی یاری ڕوو دەدات.*

دۆمینگیز گوتی، "بڕوا بکە، یەک دەقیقە نەخەوتووم."

ویلی خۆی بۆ سەر کورسییەکی خولاوەی ئاسن بەرز کردەوە، "دەزانم... منیش."

ویلی، بەدەم سەیرکردنی ڕۆژنامەکەی دەستییەوە، نیوەخولانەوەیەک کورسییەکەی خولاندەوە، "بە ڕای تۆ، کەی

دەیکەنەوە؟"
دۆمینگێز وەڵامی دایەوە، "پۆلیس دەزانن."
ویلی و دۆمینگێز بۆ ماوەیەک بەجووتە بەبێدەنگی دانیشتن، جارجار - وەک ئەوەی بەنۆرە بێت - بەدوای یەکدا شێوەی دانیشتنەکەیان دەگۆڕی. دۆمینگێز ئاهێکی هەڵکێشا. ویلی دەستی کرد بە گیرفانی کراسەکەیدا و ویستی بنێشتەکەی دەر بهێنێت. بەیانیی دووشەممە بوو. هەردووکیان چاوەڕێی پیاوە پیرەکەیان دەکرد بێت و پێکەوە دەست بکەن بە ئیشەکانی ئەو ڕۆژەیان.

سێیەم کەس، کە ئێدی لە بەهەشت دەیبینێت

گێژەڵووکەیەک ئێدیی بەرز کردەوە و هەر وەک کاتژمێرێکی گیرفان، کە بە کۆتاییی زنجیرێکەوە کرابێت، لوولی دا، ئینجا دووکەڵێکی چڕ دەوری گرت و لە هەورێکی ڕەنگاوڕەنگی هەڵکێشا. ئاسمانەکە ئێدیی ڕادەکێشا و لە خۆی نزیک دەکردەوە، تا ئەوەی ئێدی هەستی کرد ئاسمانەکە وەک پەتانییەکی قەدکراو بەر پێستی دەکەوێت. لەناکاو ئاسمان لا درا و یەکپارچە بوو بە سەوزی قەزوانی، ئینجا ملیۆنان ئەستێرە لەسەری دەر کەوتن و وەک خوێ بەسەر پانتاییە سەوزە فراوانەکەدا پرژان.

ئێدی چاوەکانی هەڵگلۆفی. ئێستا کەوتبووە نێوان کۆمەڵێک شاخەوە، بەڵام شاخی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش، کە هەتا چاو بڕ بکات، درێژ بووبوونەوە و لووتکەکانیشیان کڵاوێک بەفریان لەسەر کردبوو. بەردی شاخەکان تیژ و بەرزونزم بوون، سەرەولێژەکانیشیان هەموو لە ڕەنگی سوور هەڵکێشرابوون. دەریاچەیەکی گەورەی ڕەش کەوتبووە نێوان لووتکەی دوو شاخەوە و تیشکدانەوەی مانگ لەسەر تۆمەکەی دەدرەوشایەوە.

ئێدی تێبینیی کرد لەسەر یەکێک لە شاخەکان

ڕووناکییەکی ڕەنگاوڕەنگ دەسووتێت و تۆزناتۆزێک ڕەنگی دەگۆڕێت. بەرەو ڕووی ڕووناکییەکە هەنگاوی نا و لەگەڵ یەکەم هەنگاویدا، بینیی تا قولەپێی لە بەفردایە. ئێدی قاچی بەرز کردەوە و توند ڕای وەشاند، گلووەبەفرەکان کەوتن و لە کەوتنەخوارەوەیاندا ڕووناکیی سەر شاخەکە ڕەنگێکی ئالتوونیی تێدا دروست کردن. ئێدی دەستی لە گلووەبەفرەکان دا و تێگەیشت گلووەکان نە تەڕن و نە ساردیشن.

لە دڵی خۆیدا پرسیی، "باشە دەبێ لەکوێ بم؟"

ئێدی جارێکی تر جوان سەیری جەستەی خۆی کردەوە و دەستی لە شانەکانی و لە سینگی و سکی دا. هێشتا ماسولکەکانی قوڵی ڕەق بوون، بەڵام ناوقەدی شل و گۆشتن بوو. دوودڵی دای گرت و بەتوندی ئەژنۆی چەپی خۆی گوشی. ئەژنۆی برووسکەی کرد و دەموچاوی لە ئازاردا گرژ بوو. پێشتر ئێدی دڵی خۆی بەوە خۆش کردبوو، کە لەگەڵ بەجێهێشتنی کاپتنەکەدا، ئازارەکەشی نامێنێت، بەڵام بەو هەموو ئازار و برین و چەوری و ورگەی ئێستایەوە، خەریک بوو بەتەواوی دەبووەوە بە پیاوەکەی سەر زەوی. باشە بڵێیت بۆچی لە بەهەشتدا دووبارە پیربوون و تێکچوونی جەستەی خۆت ئەزموون بکەیتەوە؟

ئێدی بەرەو ڕووناکیی سەر شاخەکە هەنگاوی نا. لاپاڵی شاخەکە هێمن و ڕووتەن بوو، زۆر جوانیش دەینواند، هەر وەک ئەوەی ئێدی لە خەیاڵەکانیدا، لەسەر بەهەشت بینیبووی. بۆ ساتێک ئێدی بیری لەوە کردەوە، کە تۆ بڵێی کاپتنەکە هەڵەی نەکردبێت و لە ڕاستیدا کەسی تر نەمابێت ئێدی ببینێت. ئێدی بەناو بەفرەکەدا بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن.

بەتەنیشت تاشەبەردێکدا تێپەڕی و بۆشاییەکی بینی، کە ڕوناکییەکەی لێوە دەهاتە دەر. دووبارە چاوی هەڵگلۆفییەوە، بەڵام ئەم جارەیان بەحەپەساوییەوە.

لەوێ، لەناو بەفرەکەدا، باڵاخانەیەکی بینی، کە لە شێوەی فارگونێکی شەمەندەفەردا دروست کرابوو. ڕووکاری دەرەوەی بیناکە، ستیلێکی جوان و بێگەرد بوو، سەربانەکەشی قرمیتی سوور بوو. لەسەر بەشی پێشەوەی لەوحەیەک دانرابوو، کە دادەگیرسا و دەکوژایەوە، لەسەریشی نووسرابوو، "وەرە لێرە نان بخۆ!"

شوێنەکە چێشتخانە بوو.

ئێدی چەندین کاتژمێری لە شوێنی لەو شێوەیەدا بەسەر بردبوو. ئەو شوێنانە هەموو لەیەک دەچوون، پڕ بوون لە کورسیی پشتبەرز و مێزی پاک و بریقەدار، بەشی پێشەوەشیان هەمووی پەنجەرەی بچووک بوو - بە شێوەیەک کاتێک لە دەرەوە سەیری ناوەوەت دەکرد، ئەوانەی لە ژوورە دانیشتبوون وەک ئەوە دەهاتنە بەرچاو، کە لە شەمەندەفەیکی مۆدێلکۆندا دانیشتبن. ئێستا ئیتر ئێدی دەیتوانی خەڵکەکەی ناوەوە - کە قسەیان دەکرد و دەجووڵانەوە - ببینێت. بە هەنگاوی بەفراوییەوە بەرەو دەرگای سەرەکیی باڵاخانەکە، کە دەرگایەکی دووتاکی بوو، ڕۆیشت. لەوێدا وەستا و سەیرێکی ناوەوەی کرد.

لە ژوورەوە، لای دەستەڕاست، ژن و مێردێکی بەساڵاچوو دانیشتبوون و خەریک بوون شیرینییان دەخوارد. هیچ سەیری ئێدییان نەکرد. شوێنەکە خەڵکی تریشی لێ بوو، هەندێک لە بەردەم بارە مەرمەڕەکەدا، لەسەر کورسیی

خولاوە دانیشتبوون، هەندێکی تر لەسەر کورسییەکانی ناوەوە بڵاو بووبوونەوە و قەمسەڵەکانیان بەو عەللاگانەوە هەڵواسیبوو، کە بە دیوارەکانەوە داکوترابوون. خەڵکەکە، بە شێوە و ڕووخساریاندا وا دەر دەکەوت، خەڵکی سەردەمی جیاجیا بن، بۆ نموونە، ئیندی چاوی چووە سەر ژنێک، کە عەزییەکی ئێخەگەورەی مۆدێلی سالانی ١٩٣٠یەکانی لەبەردا بوو، پیاوێکی تری بینی، کە قژێکی درێژی بەر دابووەوە و تاتویەکی *نیشانەی ئاشتی* لەسەر شێوازی سالانی ١٩٦٠ەکان لەسەر قوڵی دروست کردبوو. وا دیار بوو زۆربەی ئەوانەی لە ژوورەوە بوون، پێشتر بریندار بووبووبن. پیاوێکی ڕەشپێست، کە بە کراسی ئێشەوە هاتبوو، قوڵێکی نەمابوو، کچێکی هەرزەکار یەک برینی کراوەی گەورە لەسەر دەموچاوی بوو. ئیندی یەک-دوو جار لە شووشەی سەر دەرگاکەی دا، بەڵام کەس لای لی نەکردەوە. دواتر چەند چێشتلێنەرێکی بینی، کە کڵاوی سپییان لەسەردا بوو، ئینجا چاوی چووە سەر هەندێک قاپ، کە خۆراکەکەی سەریان هەڵمی لی هەڵدەستا و چاوەڕێی ئەوە بوون بخرێنە بەردەم میوانەکان. خۆراکەکان ڕەنگاوڕەنگ بوون، ساسی جەرگی، کەرەی زەرد... لەو ساتەدا چاوەکانی ئیندی چوونە سەر دوا مێزی ناو چێشتخانەکە، کە لە سووچی دەستەڕاستدا دانرابوو. ئیندی لە جێی خۆی وشک بوو.

ئەوەی ئیندی لەوێدا بینی، جێی باوەڕپێکردن نەبوو!

ئیندی گوێی لە خۆی بوو بەچرپە گوتی، "نااااا! شتی وا نابێ!" ئینجا ڕووی وەر گێرا و چەند هەناسەیەکی قووڵی

هەڵکێشا. دڵی زۆر خێرا لێی دەدا. ئەم جارە ڕووی کردەوە بەودیودا و دووبارە سەیرێکی سووچەکەی کردەوە. ئینجا بەقاییمی کێشای بە پەنجەرەکەدا.

"نا!!!! نا!!!! نابینی!" ئێدی ئەوەندە بەقاییمی دەیکێشا بە پەنجەرەکەدا، دڵنیا بوو ئەوەندە نابات شووشەکە دەشکێت. بەردەوام وشەی "نا!!!!"ی دووبارە دەکردەوە، تا دواجار وشەیەکی تر، کە دەیان ساڵ بوو لە دەمی نەهاتبووە دەرەوە، لە قورگیدا دروست بووەوە. ئێدی بەهاوارەوە ئەو وشەیەی دەگوت و دەگوتەوە، بە شێوەیەک، کە وشەکە ئەوەندە بەبەرزی لە قورگییەوە دەهاتە دەرەوە، کەڵلەی سەری دەزرینگایەوە، بەڵام ئەو کەسەی لە سووچەکەدا دانیشتبوو، ئاگای لە ئێدی و دەوروبەرەکەی نەبوو، خۆی بەسەر مێزەکەدا نووشتاندبووەوە، دەستێکی خستبووە سەر مێزەکە و بە دەستەکەی تری جگەرەیەکی گرتبوو. هەرچەندە ئێدی بە هەموو هێزی خۆی یەکەسەر یەک هاواری دەکرد و دەیگوت، "باوکەەەەە! باوکەەەەە!" بەڵام باوکی ئێدی گوێی لە هیچ نەبوو!

ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونی ئێدییە

لە ڕاڕەوە تاریک و خاوێتەکەی *نەخۆشخانەی سەربازە دێرینەکاندا*، دایکی ئێدی پاکەتە سپییەکە هەڵدەپچڕێت، مۆمەکان لەسەر کێکەکە ڕێک دەخاتەوە و بەیەکسانی دابەشیان دەکات: دوانزە لەمبەر و دوانزە لەوبەر. ئەوانی تر - باوکی ئێدی و جۆ و مارگرێت و میکی شی - بەدەوری دایکی ئێدیدا وەستاون و سەیری دەکەن.

دایکی ئێدی دەڵێت، "کەس شقارتەی پێیە؟"

هەموو دەست بە گیرفانەکانیاندا دەکەن. میکی پاکەتێک شقارتە لە گیرفانی چاکەتەکەیدا دەر دەهێنێت و دوو جگەرەی شلوشێواوی لێ بەر دەبێتەوە بۆ سەر زەوییەکە. دایکی ئێدی مۆمەکان دادەگیرسێنێت. بەرزکەرەوەیەک لە بەردەمیاندا دێتە خوارەوە و دەوەستێت. قەرەوێڵەیەکی نەخۆشگواستنەوە لە بەرزکەرەوەکەوە دێتە دەرەوە.

دایکی ئێدی دەڵێت، "با بڕۆین."

هەموو بەرەو ناو بەرزکەرەوەکە دەجووڵێن و لەگەڵ هەنگاوەکانیاندا، گڕی بچووکی مۆمەکان دەکەونە سەما. هەموو بەگۆرانیگوتنەوە خۆیان دەکەن بە ژوورەکەی ئێدیدا، "هەموو ساڵێ بەخۆشییی، هەمووو ساڵێ بەخ..."

ئەو سەربازەی لەسەر قەرەوێڵەکەی تەنیشت ئێدی پاڵ کەوتووە، ڕاست دەبێتەوە و هاوار دەکات، "ئەری ئەوە چییەەەە؟" بەڵام هەر زوو بیری دەکەوێتەوە شوێنەکە کوێیە، بۆیە بەشەرمەوە خۆی دەداتەوە بە جێگەکەیدا. گۆرانییەکە لە ناوەڕاستدا پچڕێندراوە و ئێستا زۆر ئەستەمە دووبارە گری بدرێتەوە، بۆیە هەموو بێدەنگ دەبن. تەنیا دایکی ئێدییە، کە بەردەوام دەبێت و دەنگی لە تەنیایی خۆیدا دەکەوێتە لەرزین.

"هەموو... ساڵێ... بەخۆشی... ئێدی گیاااان."

ئینجا هەر دایکی لەسەر ئاوازێکی خێراتر دەڵێت، "هەموو ساڵێ بەخۆشی!"

ئێدی پاڵ بەسەرینەکەیەوە دەدات. سووتاوییەکانی بە لەفاف پێچراون و قاچیشی لە سەرەوە تا خوارەوە، لە گەچ گیراوە. دوو دارشەق لەتەنیشت جێگەکەیەوە دانراون. ئێدی سەیری دەموچاوەکان دەکات و حەزی ئەوەی تێدا دروست دەبێت، هەستێت و ڕابکات!

جۆ قوڕگی پاك دەکاتەوە و دەڵێت، "نا! نا! زۆر باشی!"

خێرا ئەوانی تریش هاوڕابوونی خۆیان لەگەڵ جۆ دەر دەبڕن.

"وایە."

"ڕاستە."

"کوڕە هەر زۆریش باشە."

مارگریت بەچپە دەڵێت، "دایکت کێکی بۆ هێناوی!"

دایکی ئێدی، وەك ئەوەی ئێستا ئیتر سەرەی هاتبێت، دێتە پێشەوە. پاکەتەکە دەخاتە بەردەم ئێدی.

ئیدی بە دەنگێکی نزم دەڵێت، "سوپاس، دایە گیان."

دایکی ئیدی چاوێک بە ژوورەکەدا دەگێڕێت، "لەکوێ دایبنێین؟"

میکی کورسییەک نزیک دەکاتەوە، جۆ خێرا سەرمێزێکی بچووکی ژوورەکە چۆڵ دەکات، مارگرێت دارشەقەکانی ئیدی دەگوێزێتەوە، تەنیا باوکی ئیدییە، کە پشتی داوە بە دیوارەکەوە و لەجێی خۆی جووڵە ناکات، چاکەتێکیشی بەسەر دەستیدا داوە و هەر لە قاچی ئیدی - کە لە قولەپێیەوە تا بنی ڕانی لە گەچدایە - ورد دەبێتەوە.

ئیدی چاوی دەچێتە سەر چاوی باوکی. باوکی خێرا چاو لا دەبات و سەیری بەرپێی خۆی دەکات، ئینجا دەست بەسەر تاقی پەنجەرەکەدا دەگێڕێت. ئیدی گشت ماسوولکەکانی جەستەی گرژ دەکات و بە هەموو هێزی خۆی هەوڵ دەدات پاڵ بە فرمێسکەکانیەوە بنێتەوە بۆ دواوە.

هەموو دایک و باوکێک، بە شێوەیەک لە شێوەکان، زیان لە منداڵی خۆیان دەدەن. ئەوە قسەی تێدا نییە. تەمەنی لاوی، کە وەک پارچەشووشەیەکی بێگەرد وایە، بەڕوونی جێدەستی ئەوانەی لەسەر دەر دەکەوێت، کە هەڵی دەگرن. هەندێک دایک و باوک، شووشەکە تەواو پیس دەکەن، هەندێکی تر درزی تێ دەکەن، هەندێکیش وردوخاشی دەکەن، بە شێوەیەک، کە هەرگیز چاک نەکرێتەوە.

ئەو زیانانەی باوکی ئێدی لە کوڕەکەی خۆی دان، لە سەرەتاوە بە فەرامۆشکردن دەستیان پێ کرد. ئێدی، کاتێک ساوا بوو، باوکی بەدەگمەن دەیکردە باوەش، کاتێکیش گەورەتر بوو، زۆربەی کات هەر قۆڵی دەگرت - قۆڵگرتنەکەشی زیاتر بێزاریی پێوە دیار بوو، نەک خۆشەویستی. لەبەر ئەوە، ئەو کەسەی نەرمونیانی و خۆشەویستیی بە ئێدی بەخشی، دایکی بوو، نەک باوکی، باوکی تەنیا فێری دەکرد چۆن هەستێ و دانیشێ.

شەممان، باوکی ئێدی، ئێدیی دەبرد بۆ شاری یارییەکە. ئێدییش، بە خەیاڵی یاریی بابەخولێی ئەسپەکە و کڕینی پەشمەک، لەگەڵ باوکی لە شوقەکەیان دەهاتە دەرەوە، بەڵام پاش سەعاتێک کەمتر یان زیاتر، باوکی ئێدی ناسیاوێکی دەبینی و پێی دەگوت، "بێزەحمەت چاوێکت لەم منداڵە

بێ بۆم." بەم شێوەیە ئێدیی داماو تا ئەو کاتەی باوکی عەسرێکی درەنگ - زۆربەی جاریش بەسەرخۆشی - دەگەڕایەوە، لەژێر چاودێریی نمایشکارێک یان ڕاهێنەرێکی ئاژەڵاندا دەمایەوە.

لەسەروو ئەمانەشەوە، بەدرێژاییی ئەو هەزاران کاتژمێرەی سەردەمی لاویی خۆی، کە بە دانیشتن لەسەر محەجەرەی ڕێگە دارینەکە، یان دانیشتن بە شۆرتەکەیەوە لەسەر سندوقەکانی ناو وەرشەکەوە بەسەری بردبوون، ئێدی بەردەوام چاوەڕێی ئەوە بووبوو باوکی کەمێک گرنگیی پێ بدات. بۆیە زووزوو بە باوکی دەگوت، "بابە، با یارمەتیت بدەم... بابە، با من ئەو ئیشەیانت بۆ بکەم." بەڵام تاکە ئیش کە ئێدی دەیکرد، ئەوە بوو بەیانییان، پێش ئەوەی شاری یارییەکە بکرێتەوە، بەسینگەخشکێ بچێتە ژێر چەرخ و فەلەکەکەوە و ئەو پارە وردانەی کۆ بکاتەوە، کە شەوی پێشوو لە گیرفانی ئەو کەسانەی سوار یارییەکە بووبوون، کەوتبوونە خوارەوە.

باوکی ئێدی، هەفتانە بە لایەنی کەمەوە چوار شەو قوماری دەکرد. مێزەکەیان پارە و بتڵ و جگەرە و یاسای لەسەر بوو. یاساکەی ئێدی زۆر ئاسان بوو، "بێزارمان مەکە." جارێکیان، ئێدی هەوڵی دا لەتەنیشت باوکیەوە بوەستێت و سەیری کارتەکانی بکات، بەڵام باوکە پیرەکەی جگەرەکەی دانا و وەک فیشەکەشێتە هەڵچوو، ئینجا بە پشتەدەستی دانەیەکی بە دەمی ئێدیدا کێشا و گوتی، "ئەری دە ئەوەندە هەناسەت مەکە بەسەرمدا!" ئێدی دەستی کرد بە گریان. دایکی نووساندی بە ناوقەدیەوە و بەمۆڕەوە سەیرێکی

مێردەکەی کرد. لەوە بەدوا، جارێکی تر ئێدی ئەوەندە لە باوکی نزیک نەبووەوە.

شەوانی تر، کاتێک باوکی ئێدی لە یارییەکەدا بۆی نەدەهات و بتڵەکانی خاڵی دەبوونەوە، توورەبییەکەی خۆی دەبردە ژوورەکەی جۆ و ئێدی. لەو کاتانەشدا کە دایکی ئێدی دەمێک بوو خەوی لێ کەوتبوو، مێردەکەی یارییە کەم و سادەکانی جۆ و ئێدیی هەڵدەگرت و دەیکێشان بە دیوارەکەدا، ئینجا بەزۆر کوڕەکانی لەسەر جێگەکەی خۆیان دەخستە سەر دەم و بە قاییشەکەی دەکەوتە لێدانیان، هەر بەدەم لێدانیشیانەوە هاواری دەکرد، کە گوایە منداڵەکانی پارەکەی ئەویان لە شتی پڕوپووچدا بەفیڕۆ داوە. هەموو جارێک ئێدی لە خوا دەپاڕایەوە کە دایکی خەبەر بکاتەوە، بەڵام ئەو جارانەشی کە دایکی ئێدی بەڕاستی خەبەری دەبووەوە، باوکی لێی توورە دەبوو و دەیگوت، "تۆ هەقت نەبێ!" بۆیە دایکیشی، بە هەمان شێوەی ئێدی، بەبێدەسەڵاتی لە ڕاڕەوەکەدا دەوەستا و ڕۆبەکەی لە خۆی توند دەکرد. بینینی ئەو دیمەنەی دایکی، ئەوەندەی تر دۆخەکەی لە ئێدی قورس دەکرد.

ئەو دەستانەی دواتر کەوتنە سەر شووشەی سەردەمی لاویی ئێدی ڕەق و قڵیشاو بوون و پڕ بوون لە توورەیی، لەبەر ئەوە ئێدی ئەو قۆناغەی ژیانی بە لێدان و تێسرەواندن و پێداکێشان بەڕێ کرد. دوای *ئەرامۆشکردن*، دووەم زیان کە بە ئێدی گەیشت، *توندوتیژی* بوو. وای لێ هات کاتێک باوکی ئێدی بە ڕاڕەوەکەدا، بەرەو ژوورەکەی ئێدی و جۆ دەهات، ئێدی، هەر بە دەنگی تەپەی پێیەکانی باوکیدا دەیزانی

ج جۆرە لێدانێک دەخوات.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، هێشتا ئێدی هەر باوکی زۆر خۆش دەویست، لەبەر ئەوەی کوڕان بەگشتی، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە خراپترین مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، هێشتا هەر باوکیان زۆر خۆش دەوێت. لە ئەمەشەوە فێری دڵسۆزی دەبن. کوڕ پێش ئەوەی دڵسۆزیی خۆی بۆ خودا، یان کچێک نیشان بدات، دڵسۆزی و سەرڕاستیی خۆی بۆ باوکی نیشان دەدات، تەنانەت ئەگەر ئەو دڵسۆزی و سەرڕاستییە نەزانانە و بێبنەماش بێت.

جارجار، باوکی ئێدی، وەک ئەوەی ئاگرێکی نیوەکوژاوە بگەشێنێتەوە، ترووسکاییەک شانازیی بە کوڕەکەیەوە دەکرد. لە یاریگەی بەسیبۆڵەکەدا، کە لە تەنیشت قوتابخانەکەی سەر شەقامی ژمارە ١٤ بوو، لەپشت پەرژینەکەوە دەوەستا و تەماشای کوڕەکەی دەکرد. ئەگەر ئێدی بە یەک لێدان تۆپەکەی بخستایەتە دەرەوەی یاریگەکە، باوکی سەرێکی دەلەقاند، بەوەش ئێدی لە خۆشییاندا خێرا بەدەوری هەموو بنکەکاندا دەخولایەوە. جارانی تریش، کاتێک ئێدی لە کۆڵان شەڕی دەکرد و دەهاتەوە بۆماڵەوە، باوکی سەرنجی برینی سەر ڕەقاییی پەنجەکانی، یان لێوە تەقیوەکەی دەدا و دەیپرسی، "چیت لی کرد؟" ئێدییش دەیگوت، "بەدڵی تۆ کوتام." باوکی ئێدی ئەمەشی بەدڵ بوو. کاتێک ئێدی لەو منداڵانەی دا کە شەڕیان بە جەنی برای فرۆشتبوو، دایکی ئێدی خێرا هەردوو کوڕەکەی بانگ کردەوە ژوورەوە. جۆ شەرمی دەکرد و چووە ژوورەکەی و خۆی دەشاردەوە.

بەڵام باوکی ئێدی، بە ئێدیی گوت، "گوێی مەدەرێ، تۆ بەهێزتری، بۆیە تۆ ئاگات لە براکەت بێ و نەهێڵی کەس پەنجەی بۆ بەرێ."

کاتێک ئێدی گەیشتە قۆناغی بنەڕەتی، هاوینان هەمان خشتەی کارکردنی ڕۆژانەی باوکی پەیڕەو دەکرد. پێش ئەوەی خۆر بکەوێت، لە خەو هەڵدەستا و تا ئەو کاتەی شەو دادەهات کاری دەکرد. سەرەتا یارییە سادە و ئاسانەکانی بەڕێوە دەبرد، ئیستوپەکانیانی تایم دەدا بۆ ئەوەی لەسەرخۆ بوەستنەوە. ساڵانی دواتر، چووە وەرشەکە. سەرەتا باوکی تاقیی دەکردەوە و فێری دەکرد چۆن پارچەی یارییەکان چاک بکاتەوە. باوکی سووکانێکی شکاوی دەدایە دەست و دەیگوت، "چاکی بکەرەوە!" دەستی بۆ زنجیرێکی لێکئاڵۆزکاو ڕادەکێشا و دەیگوت، "چاکی بکەرەوە!" چەمەڵەغێکی ژەنگاوی و پارچەیەک سمارتەی دەخستە بەردەمی و دەیگوت، "چاکی بکەرەوە!" هەموو جارێکیش ئێدی، دوای ئەوەی ئیشەکەی دەکرد، شتەکەی دەبردەوە بۆ باوکی و دەیگوت، "عەیبی نەما، باوکە."

شەوان، ئەندامانی خێزانەکە بۆ نانی ئێوارە یەکیان دەگرت. دایکی ئێدی، کە قەڵەو بووبوو، لەسەر تەباخەکە چێشتی لێدەنا و ئارەقەی دەر دەدا. جۆی براشی، لەژێر خۆیەوە هەر قسەی دەکرد و پێست و قژی بۆنی ئاوی دەریایان لێ دەهات. جۆ مەلەوانێکی زۆر باشی لێ دەر چووبوو، کاری هاوینانیشی لە مەلەوانگەکەی شاری یاریی ڕوویی بوو. جۆ باسی هەموو ئەو کەسانەی دەکرد، کە لەوێ دەیبینین، باسی جلی مەلەکانیان، باسی پارەکەیان... باوکی ئەمەی

بەدڵ نەبوو. جارێکیان ئیدی گوێی لێ بوو باوکی باسی خۆی بۆ دایکی دەکرد و دەیگوت، "ئەو هەتیوەیان ئەوەندە نەرمە، بۆ ئاو نەبێ، بۆ هیچ تر باش نییە."

سەرەڕای ئەمەش، ئیدی هێشتا ئیرەییی بە براکەی دەبرد، کە ئێواران زۆر پاکوخاوێن و بە پێستێکی جوانەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە. نینۆکەکانی ئیدی، وەک ئەوانەی باوکی، پڕ بووبوون لە گریس، ئیدییش لەسەر نانی ئێوارە، بە نینۆکی پەنجەگەورەی ژێرەکەیانی پاک دەکردەوە. جارێکیان تێبینیی کرد باوکی سەیری دەکات و بزەی بۆ دەکات.

باوکی ئیدی نینۆکە پیسەکانی خۆی بەرز کردەوە و بە کوڕەکەی گوت، "وا دیارە ئەمڕۆ ئیشی چاکت کردووە." وای گوت و پەنجەکانی لە قەدی پەرداخێک بیرە ئاڵاند. ئیدی، کە بووبوو بە هەرزەکارێکی کەتە و چوارشانە، تەنیا سەرێکی بۆ باوکی لەقاند. لەو کاتەوە، ئیدی، بەبێ ئەوەی خۆی هەستی پێ بکات، وازی لەوە هێنابوو بە وشە یان بە بەرکەوتن خۆشەویستی خۆی بۆ باوکی دەر ببڕێت، بۆیە بەتەواوی فێری بەکارهێنانی زمانی جەستە بووبوو لەگەڵ باوکیدا. هەموو شتەکان لە ناوەوە دەکران و دەگوتران و دەبووایە خۆت تێیان بگەیت. بەم شێوەیە، ئیدی زیانی سێیەمی بەسەرکەوتوویی پێ گەیەندرا: *زیانی دەرنەبڕینی خۆشەویستی.*

شەوێکیان، وای لێ هات باوک و کوڕ بەتەواوی قسەیان نەما. ئەمە دوای ساڵانی جەنگ بوو. ئیدی لە نەخۆشخانە دەر چووبوو، گەچ و لەففەکان لە قاچی کرابوونەوە و هاتبووەوە

بۆ شووقەکەیان لە گەڕەکی بیچ ود و لەگەڵ خێزانەکەی سەرلەنوێ دەستی بە ژیان کردبووەوەوە. باوکیشی، کە لە یەکێک لە بارەکانی ئەو نزیکانە خەریکی خواردنەوە بووبوو، هاتبووەوە ماڵەوە و سەیری کردبوو ئێدی لەسەر قەنەفەکە خەوی لێ کەوتووە. تاریکیی جەنگ ئێدیی گۆڕیبوو، بە شێوەیەک، ئێدی زۆر کەم دەچووە دەرەوە، بەدەگمەن قسەی دەکرد، تەنانەت لەگەڵ مارگرێتیش. جاری وا هەبوو بە سەعات لە بەردەم پەنجەرەی مەتبەخەکە ڕادەوەستا و سەیری دەرەوەی دەکرد، لەوێوە بۆ خۆی لە یاریی بابەخولێی ئەسپەکە ڕادەما و دەستی بە ئەژنۆ زامدارەکەیدا دەهێنا. دایکی هەموو جارێک بەچرپە دەیگوت، کە ئێدی "پێویستی بە کاتی زیاترە." بەڵام باوکی، تا دەهات، بەو هەڵسوکەوتانەی ئێدی بێزارتر دەبوو. باوکی ئێدی لە خەمۆکیی کوڕەکەی نێنەدەگەیشت. لای ئەو خەمۆکی، لاوازی بوو.

بۆیە ئەو شەوە هاواری بەسەر ئێدیدا کرد و ئەم وشانە بەخێرایی لە دەمی هاتنە دەرەوە، "هەستە بڕۆ ئیشێک بدۆزەرەوە."

ئێدی کەمێک جووڵا. باوکی دووبارە هاواری کردەوە، "دەڵێم هەستە... بڕۆ...ئیشێک بدۆزەرەوە."

پیاوە پیرەکە بەملاولادا دەکەوت، بەڵام هەرچۆنێک بێت، بەرەو ڕووی ئێدی هات و پاڵێکی پێوە نا.

"گوتم هەستە بڕۆ ئیشێک بدۆزەرەوە، هەستە بڕۆ ئیشێک بدۆزەرەوە، هەستە... بڕۆ... ئیشێێێک بدۆزەرەوە."

ئێدی، بە ئانیشکەکانی، خۆی بەرز کردەوە.

"هەستە بڕۆ ئیشێک بدۆزەرەوە، هەستە... بڕ..."

ئیدی بەخێرایی هەستایە سەر پێ و ئەژنۆی زریکاندی، بەلام هیچ گوێی پێ نەدا. دەموچاوی ئەوەندە لە دەموچاوی باوکی نزیک بووەوە، کە بەئاسانی بۆنی جگەرە و هەناسە پرکحولەکەی باوکی هات بەسەریدا، ئینجا هاواری بەسەر باوکیدا کرد، "بەسەههههه!"

پیاوە پیرەکە سەیرێکی قاچی ئیدیی کرد و بە دەنگێکی نزمتر، کە پڕ بوو لە ڕق، گوتی، "ئەوەتا... عەیبی... نییە."

باوکی ئیدی گورزمی خواردەوە بۆکسێک لە ئیدی بدات، بەلام ئیدی دەستبەجێ خۆی ڕاوەشاند و قۆلی باوکی لە نیوەی ڕێدا گرت. چاوەکانی پیاوە پیرەکە زەق بوون. ئەمە یەکەم جار بوو ئیدی بەرگری لە خۆی بکات، یەکەم جار بوو شتێک بکات، جگە لە ڕاوەستان بۆ لێدان - وەک ئەوەی لێدان شایانی بێت و بۆی برابێتەوە. باوکی سەیرێکی مشتە نووقاوەکەی خۆی کرد، کونەلووتەکانی فش بوون و ددانەکانی لەسەر یەک جیرەیان هات، ئینجا خۆی بۆ دواوە ڕاوەشاند و قۆلی خۆی لە ئیدی وەر گرتەوە. باوکی ئیدی، بە چاوی پیاوێک کە سەیری شەمەندەفەرێک بکات لە کاتی بەڕێکەوتندا، سەیری چاوەکانی کوڕەکەی کرد.

ئیتر لەوە بەدوا، قسەی لەگەل ئیدی نەکردەوە.

ئەمە دوا جێدەست بوو، کە لەسەر شووشەی لاویی ئیدی دەر چووەوە، دوازیان بوو، کە بە ئیدی گەیشت: *ژیانی بێدەنگی*، بێدەنگییەک، کە بەدرێژاییی ئەو ژیانەی لەگەل باوکی مابوویان درێژەی کێشا. کاتێک ئیدی مالی جیا کردەوە و چووە شوقەکەیەکی تر، باوکی بێدەنگ بوو، ئەو کاتەی ئیدی گوتی دەبم بە شوفێری تاکسی، باوکی هەر

بێدەنگ بوو، لە زەماوەندەکەی ئێدیدا، هەر بێدەنگ بوو، کە ئێدی دەهاتەوە بۆ سەردانی دایکی، هەر بێدەنگ بوو. دایکی چەندین جار بەگریانەوە لە مێردەکەی دەپاڕایەوە و داوای لێ دەکرد لەگەڵ کوڕەکەی ئاشت ببێتەوە، بەڵام هەموو جارێک باوکی ئێدی بەحاڵ دەمی هەڵدەهێنایەوە و لە یەک ڕستەدا ئەو وەڵامەی بە ژنەکەی دەدا، کە دەیدا بە هەرکەسێکی تر کە ئەو داوایەی لێ بکردایە: "ئەو کوڕە دەستی لێ بەرز کردمەوە!" ئیتر ئەو ڕستەیە دەبوو بە کۆتاییی هەموو گفتوگۆکە.

هەموو دایک و باوکێک، بە شێوەیەک لە شێوەکان، زیان لە منداڵەکانیان دەدەن. ئەمە ژیانی ئێدی و باوکی بوو پێکەوە: *فەرامۆشکردن، توندوتیژی، بێدەنگی*. ئێستاش لە شوێنێک لەودیوی مردنەوە، ئێدی پاڵی دابوو بە دیوارێکی ستیلی بێگەردەوە و لەناو بەفردا دانیشتبوو، دیسانیش فەرامۆشکردنی پیاوێک، وەک مار گەستبووی، پیاوێک، کە هێشتاش ئێدی خەوی بە خۆشەویستییەکەیەوە دەبینی، پیاوێک، کە بەتەواوی ئێدیی فەرامۆش کردبوو، تەنانەت لە بەهەشتیش. بەم شێوەیە ئێدی هەموو زیانەکانی بەسەرکەوتوویی پێ گەیشت.

دەنگی ژنێک هات، "خۆت سەغڵەت مەکە. گوێی لێت نییە."

ئێدی سەری هەڵبڕی. لەناو بەفرەکەدا، ژنێکی پیر لە بەردەمیدا وەستابوو. ژنەکە دەموچاوی قووپاو و ڕوومەتەکانی داکەوتبوون، سووراوێکی پەمەییی کردبوو و قژە سپییەکەشی، کە لەدواوە بەتوندی بەستبووی، لە هەندێک

شوێندا ئەوەندە تەنک بووبووەوە، کە پێستە پەمەییەکەی کەللەسەری جوان دیار بوو، چاوە شینە بچووکەکانیشی کەوتبوونە ئەودیو چاویلکەیەکی چوارچێوەباریکەوە.

ئێدی نەیدەزانی ئەو ژنە کێیە، جلوبەرگەکانی هیی سەردەمی ئێدی نەبوون. ژنەکە عەزییەکی لەبەردا بوو، کە لە ئاوریشم و قوماشی شیفۆن دروابوو، ئێخەکەشی، کە وەک بەروانکە وا بوو، بە مووررووی سپی بە عەزییەکەوە دروابوو، سەری ئێخەکەش، ڕێک لەخوار ملیەوە، قردێلەیەکی سەوزی قەیفەی پێوە کرابوو. بەشی خوارەوەی عەزییەکە پشتێنێکی لەسەر بوو، کە نقێمێکی زرگۆن لەسەر ناوەڕاستەکەی بوو، لەولاشەوە، چەندین تەرەقەی پێوە بوو. ژنەکە زۆر بەڕێکوپێکی وەستابوو، چەترێکی ژنانەی ناسکی بە هەردوو دەستی گرتبوو. ئێدی وای بۆ چوو، کاتی خۆی دەوڵەمەند بووبێت.

ژنەکە، وەک ئەوەی گوێی لە ئێدی بووبێت، بە لایەکی دەمی، نیوەزەردەخەنەیەکی کرد و گوتی، "لە ڕاستیدا، هەمیشە ئاوا دەوڵەمەند نەبووم، منیش وەک تۆ، لە دەوروبەری شار گەورە بووم، لە تەمەنی چواردەساڵیدا، بەناچاری وازم لە خوێندن هێنا و دەستم کرد بە ئیش. خوشکەکانیشم بە هەمان شێوە، چیشمان دەست کەوت، دەماندا بە خێزانەکەمان..."

ئێدی نەیدەویست گوێی لە چیرۆکێکی تر بێت، لەبەر ئەوە قسەکەی بە ژنەکە بڕی و پرسیاری لێ کرد، "ئێستا پێم بڵێ بۆچی باوکم گوێی لێم نییە؟"

ژنەکە زەردەخەنەیەکی کرد، "لەبەر ئەوەی، سەلامەتی و ئاسوودەیی ڕووحی باوکت بەشێکە لە بەهەشتی هەتاهەتایی

من. ئەو ئێستا بەڕاستی لێرە نییە، ئەوە تۆی، کە بەڕاستی لێرەی."

"باشە بۆچی سەلامەتی و ئاسوودەیی ڕووحی باوکی من بەشێک بێ لە بەهەشتی هەتاهەتاییی تۆ؟"

ژنەکە بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، ئینجا گوتی، "دوام بکەوە!"

ئێدی و ژنەکە لە چاوترووکانێکدا گەیشتنە بناری چیاکە. ئەو ڕووناکییەی لە چێشتخانەکەوە دەهات، تروسکاییەکی کەمی لێ مابووەوە، وەک ئەوەی ئەستێرەیەک بووبێت و بەر بووبێتە ناو چاڵێکی قووڵەوە.

ژنە بەتەمەنەکە گوتی، "جوانە، وا نییە؟" ئێدی سەیرێکی چاوەکانی ژنەکەی کرد، شتێکی سەیریان تێدا بوو، دەتگوت ئێدی لە شوێنێک وێنەی ئەم ژنەی بینیوە و بیری نایاتەوە.

"تۆ... سێیەم کەسی منی؟"

ژنەکە وەڵامی دایەوە، "ئێستا پێت دەڵێم."

ئێدی دەستێکی بە قژیدا هێنا و لە دڵی خۆیدا گوتی، "باشە دەبێ ئەم ژنە کێ بێ؟" بە لایەنی کەمەوە ئێدی لەگەڵ پیاوە شینەکە و لەگەڵ کاپتنەکەش، هەندێک شت و شوێنی بیر کەوتبووەوە، کە لە ژیانیدا لەگەڵ ئەو دووانە ئەزموونی کردبوون، بەڵام ئەم نەناسیاوە بۆ؟ ئەی بۆ لەم کاتەدا؟ ئێدی ڕۆژێک لە ڕۆژان هیوای خواستبوو مردن شادبوونەوە بێت بەو کەسانەی پێش خۆی کۆچیان کردبوو، ئەو بە قات و قوندەرەی ڕەش و کڵاوێکەوە بۆ چەندین مەراسیمی بەخاکسپاردن چووبوو، هەموو جارێکیش لە گۆڕستانەکەدا هەمان پرسیار لە مێشکیدا دروست بووبوو، "بۆچی ئەو

هەموو ئازیزانەم دەڕۆن و من هێشتا هەر لێرەم؟" دایکی، براکەی، پووری و خاڵەکانی، نۆلی هاوڕێی، مارگرێت... لە هەموو بەخاکسپاردنەکانیشدا، قەشەکە گوتبووی، "ڕۆژێک دێ هەموومان لە ئاسمانەکان بەیەک شاد دەبینەوە."

ئەی کە وایە، ئێستا ئەو ئازیزانە لەکوێ بوون؟

ئێدی دووبارە بەوردی تەماشای ژنە پیرەکەی کردەوە و لە هەموو کاتێک زیاتر هەستی بە تەنیایی کرد.

بەچرپە گوتی، "دەتوانم زەوی ببینم؟"

ژنەکە هەر بە سەربادان بە *نەخێر* وەڵامی دایەوە.

"ئەی دەتوانم قسە لەگەڵ خوا بکەم؟"

"هەموو کاتێ دەتوانی ئەوەیان بکەی."

ئێدی، پێش ئەوەی پرسیاری دواتر بکات، کەمێک شلەژا.

"ئەی دەتوانم بگەڕێمەوە؟"

ژنەکە چاوەکانی کز کرد، "بگەڕێیتەوە؟"

ئێدی دووبارەی کردەوە، "بەڵێ، بگەڕێمەوە. بگەڕێمەوە بۆ ژیانی خۆم، بۆ ئەو ڕۆژەی تێیدا مردم... هیچ هەیە بتوانم بیکەم؟ دەتوانم بگەڕێمەوە و بەڵێن بدەم کەسێکی باش بم؟ هەمیشە بچم بۆ کڵێسا؟ شتی وا دەکرێ؟"

وا دیار بوو ژنەکە کەیفی بە بابەتەکە بێت، بۆیە گوتی، "بۆچی؟"

ئێدی وشەکەی دووبارە کردەوە، "بۆچی؟" ئینجا دەستێکی لە بەفرەکە دا، کە نە سارد بوو، نە تەڕ بوو، پاشان وەڵامی دایەوە، "لەبەر ئەوەی ئەم شوێنە زۆر بێمانایە و سەر لە هیچی دەر ناکەم، تەنانەت مردنەکەی خۆشمم بیر نایاتەوە. ڕووداوەکەم بیر نییە. تاکە شتێک کە بیرمە ئەو دوو دەستە

بچووکانەی ئەو کچەن، کە ویستم ڕزگاری بکەم، تێدەگەی؟ ویستم پاڵی پێوە بنێم و لەسەر ڕێگەکە لای بەرم، دەستم بەر دەستی کەوت، بەس ئیتر لەو کاتەدا..."

ئێدی شانێکی هەڵتەکاند.

ژنە بەتەمەنەکە بەزەردەخەنەوە گوتی، "مردی؟ کۆچی دواییت کرد؟ بەرز بوویتەوە؟ گەیشتیت بە دروستکەرەکەی خۆت؟ وا نییە؟"

ئێدی بەهەناسەهەڵکێشانەوە وتی، "بەڵی، لەو کاتەدا مردم. هەر ئەوەندەشم بیرە، دوای ئەوەش کە هاتم، تۆ و ئەوانی ترم بینی. باشە ئەی نابێ کە مردی، بگەیتە ئارامی و ئاسوودەیی؟"

ژنە بەتەمەنەکە گوتی، "ئەو کاتە دەگەیتە ئارامی و ئاسوودەیی، کە هەر خۆت بڕیار بدەی لەگەڵ خۆتدا ئارام و ئاسوودە ببی."

ئێدی بەسەربادانەوە گوتی، "نا، وا نییە." ئێدی لەو کاتەدا بیری لەوە کردەوە باسی هەموو دڵەڕاوکێکانی سەردەمی جەنگ و خەوە ناخۆشەکانی و دڵخۆشنەبوونەکانی بۆ ژنە بەتەمەنەکە بکات، باسی ئەو کاتانەی بۆ بکات، کە دەچوو بۆ سەر کەنارەکە و دەیبینی چۆن ماسیگرەکان ماسییەکانیان بە تۆڕە سپییەکانەوە دەهێنایە دەرەوە، ئەویش بەشەرمەوە لەوێدا دەوەستا و خۆی وەکوو ئەو ماسییە داماوانە دەهاتە بەرچاو، کە بە داوەکەوە بووبوون و هەرچەندە هەڵدەبەزینەوە، نەیاندەتوانی دەربازیان ببێت.

بەڵام ئێدی هیچکام لەو شتانەی بۆ ژنەکە باس نەکرد، لەجیاتیی ئەوە گوتی، "خانم، نابێ پێت ناخۆش بێ، من تۆ

هەر ناناسم."

ژنەکە گوتی، "بەڵام من تۆ دەناسم."

ئێدی ئاهێکی هەڵکێشا، "بەڕاست؟ چۆن؟"

ژنەکە وەڵامی دایەوە، "ئەگەر پەلە نەکەی، پێت دەڵێم."

هیچی لێ نەبوو ژنەکە لەسەری دابنیشێت، بۆیە زۆر بەسادەیی هەر لەسەر هەواکە دانیشت و زۆر خانومانانە قاچی خستەسەر قاچ و پشتی ڕێک کردەوە. عەزیە درێژەکەی زۆر بەڕێکوپێکی بەملاو بەولایدا هاتە خوارەوە. شەماڵێک هات و بۆنە خۆشەکەی بۆ ئێدی هێنا.

"وەک پێشتر گوتم، منیش سەردەمانێک کرێکار بووم. لە خواردەمەنی و خواردنەوەیەکدا، کە ناوی *برژاوی ئەسپی دەریا* بوو، شاگرد بووم و خۆراکم بۆ میوانەکان دادەنا. شوێنەکە نزیک بوو لەو کەناردەریایەی تۆی لێ گەورە بووبووی. ڕەنگە ئەو شوێنەت بیر مابێ، ها؟"

ژنەکە بە ئاراستەی چێشتخانەکە سەری لەقاند و ئێدی هەموو شتەکانی بیر کەوتەوە. ئەوە ئەو شوێنە بوو، کە ئێدی نانی بەیانیی لێ دەخوارد، ئەوان خۆیان شوێنەکەیان ناو نابوو *شوێنە چەورەکە*. چەندین ساڵ بوو ئەو شوێنە ڕووخێندرابوو.

ئێدی، بە کەمێک پێکەنینەوە، پرسیی، "تۆ لە *ئەسپی دەریا* شاگرد بووی؟"

ژنەکە بەشانازییەوە گوتی، "بەڵێ! قاوەم بۆ کرێکارەکانی بارکردن و داگرتنی بارەکانی سەر کەنارەکە دادەنا و نان و گۆشتی بەرازم بۆ دەبردن.

"بە دەمی خۆم نەبێ، ئەو ساڵانە، کچێکی زۆر جوان

بووم. چەندین داواکارم هاتن و هەموویانم ڕەت کردەوە، خوشکەکانم سەرزەنشتیان دەکردم و دەیانگوت، 'تۆ خۆت بەچی دەزانی وا بەئارەزووی خۆت خەڵک ڕەت دەکەیەوە و هەڵدەبژێری، تا درەنگ نەبووە، پیاوێک بدۆزەرەوە و تەواو.'

"بەیانییەکیان، کوڕێکی زۆر قۆز و کەشخە هاتە چێشتخانەکە. قاتێکی خەتخەتی لەبەردا بوو، کڵاوێکی کەشخەشی لەسەردا بوو. قژە ڕەشەکەی زۆر جوان چاک کرابوو، زەردەخەنەیەکیش بەردەوام لەژێر سمێڵیەوە بوو. کاتێک خۆراکەکەیم بۆ دانا، سەرێکی بۆ لەقاندم. منیش هەوڵم دا سەیری نەکەم، بەڵام کاتێک لەگەڵ هاوڕێکەی قسەی دەکرد، گوێم لە پێکەنینە بەرزەکەی بوو، کە پڕبوو لە بڕوابەخۆبوون. دوو جار چاوم چووە سەری و بینیم سەیرم دەکات. کاتێک تەواو بوون و هات پارەکەی دا، پێی گوتم کە ناوی ئێمیلە و گوتیشی ئەگەر ئاسایی بێ بەلامەوە، حەز دەکا دووبارە بێتەوە بۆ لام. هەر ئەو کاتە تێگەیشتم، ئیتر پێویست ناکا خوشکەکانم جارێکی تر زۆرم لێ بکەن تا بڕیاری شووکردن بدەم.

"ئێمیل زۆر دەوڵەمەند بوو، لەبەر ئەوە پەیوەندییەکەمان زۆر خۆش بوو. بۆ شوێنێ وای دەبردم، بە هەموو تەمەنم نەمبینیبوو، جلی وای بۆ دەکڕیم، بە خەویش لەبەرم نەکردبوو، خۆراکی وای بۆ دەکڕیم، کە بەدرێژای ژیانە سادەکەم تامم نەکردبوو. ئێمیل لە ماوەیەکی کەمدا و بە بازرگانیی تەختە و ستیل دەوڵەمەند بووبوو. بەدڵی خۆی پارەی خەرج دەکرد و سەرکێشیی دەکرد، هەرکاتێکیش بیرۆکەیەکی تازەی بۆ دەهات، یەکسەر دەستی دەدایە و تا

کوتایی لەگەڵی دەڕۆیشت. وا بزانم هەر ئەوەش بوو کە دڵی بە کچێکی هەژاری وەک مندا چوو. زۆر ڕقی لەو کەسان بوو، کە بەدەوڵەمەندی لەدایک بووبوون، بۆیە زیاتر کەیفی بەو شتانە دەهات، کە هەرگیز دەوڵەمەندە بۆزلیدەرەکان نەیاندەکردن.

"یەکێک لەو شتانەش سەردانکردنی شوێنە گەشتیارییەکانی سەر کەناردەریا بوو. ئیمیل زۆر حەزی لە یارییەکان بوو، لە خۆراکە سوێرەکان، لە قەرەج و دەستگرەوەکان، لە ئەوانەی بەگوترە کێشی خۆتیان پێ دەگوتی، لەو کچانەی بە سەردا خۆیان هەڵدەدایە ئاوەکەوە. من و ئیمیل، هەردووکمان حەزمان لە دەریا بوو. ڕۆژێکیان، لە کاتێکدا لەسەر لمەکە دانیشتبووین و شەپۆلەکان بەهێمنی تا لای قاچمان دەهاتن، داوای هاوسەرگیریی لێ کردم.

"ئەوەم زۆر زۆر پێ خۆش بوو، بۆیە هەر لەوێدا ڕازی بووم. لەو کاتەدا دەنگی هەراوهوریای ئەو منداڵانە دەهات، کە لە زەریاکەدا یارییان دەکرد. ئیمیل دووبارە زیادەڕۆیی کرد و هەر لەوێدا سوێندی خوارد شارێکی یاری بەتەنیا بۆ من دروست بکات، بۆ ئەوەی خۆشیی ئەو ساتەمان هەمیشە تازە و زیندوو بمێنێتەوە."

ژنە بەتەمەنەکە زەردەخەنەیەکی کرد و بەردەوام بوو، "ئیمیل بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر. دوای یەک-دوو ساڵ، بۆندێکی لەگەڵ کۆمپانیایەکی هێڵی شەمەندەفەر مۆر کرد. ئەو هێڵە شەمەندەفەرە خۆی بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕا، بۆ ئەوەی ژمارەی گەشتیارانی کوتاییی هەفتەی زیاد بکات. ئیتر خۆشت دەزانی زۆربەی شارە یارییەکان هەر ئاوا دروست کراون."

ئێدی سەری لەقاند، چونکە خۆشی - بە پێچەوانەی زۆربەی خەلکییەوە - ئەوەی دەزانی. زۆر کەس وایان دەزانی شارە یارییەکان لەلایەن جنۆکەوە، بەو نوقل و شیرینییانەی لە شێوەی گۆچانی سوروسپیدان، دروست کراون. لە ڕاستیدا، ئەو شاری یارییانە دەرفەتێکی باش بوون بۆ کۆمپانیاکانی هێلی شەمەندەفەر تا قازانج بکەن، هەر بۆیە شارە یارییەکانیان لە کۆتاییی هێلە ئاسنینەکەدا دروست دەکرد و بەم شێوەیەش لە کۆتاییی هەفتەدا خەلکێکی زۆر ناچار دەبوون سواری شەمەندەفەر ببن و بڕۆن بۆ شاری یارییەکە. هەموو جارێک ئێدی بە خەلکی دەگوت، "دەزانی لەکوێ ئیش دەکەم؟... دواویستگەی هێلەکە دەزانی؟... لە ئەوێ!"

ژنە بەتەمەنەکە بەردەوام بوو لە قسەکردن، "ئێمیل سەرنجڕاکێشترین شوێنی بنیات نا، بەو ستیل و تەختەیەی هەیبوو، شارێکی یاریی زۆر گەورەی دروست کرد. دواتریش پڕی کرد لە یاریی نایاب، پێشبڕکێی خۆش خۆش، گەشتی بەلەم، شەمەندەفەری بچووک... بابەخولێیەکی لە فەرەنساوە بۆ هێنا، چەرخوفەلەکێکی لە یەکێک لە پێشانگە نێودەولەتییەکانی ئەلمانیا بۆ کڕی. لە شاری یارییەکەدا چەندین تاوەری بەرز و منارە و هەزاران گلۆپی دانا، تا ئەوەی شوێنەکە بە شەو ئەوەندە ڕووناک بوو، لەناو زەریاکەوە و لەسەر کەشتییەکانەوە دەتبینی.

"ئێمیل هەزاران کرێکار و کرێکاری شارەوانی و کرێکاری بیانی و شارەزای بواری ڕێکخستنی کەرنەڤالی بەکرێ گرت. چەندین ئاژەل و نمایشکار و قەرەقۆزی بۆ شاری یارییەکە

هێنا. دواشوێن کە تەواو بوو، دەروازەکەی بوو، کە بەڕاستی زۆر گەورە و تایبەت بوو. هەموو خەڵک پێیان جوان بوو. کاتێک دەروازەکە تەواو بوو، ئێمیل چاوی بەستمەوە و بردمی بۆ شوێنەکە. دواجار چاوی کردمەوە و دەروازەکەم بینی."

ژنە بەتەمەنەکە هەنگاوێک لە ئێدی چووە دواوە و بەسەیری لێی ڕوانی، وەک ئەوەی ئێدی نائومێدی کردبێت، ئینجا گوتی، "دەروازەکە؟ بیرت نایەت؟ قەت بیرت لە ناوەکەی نەکردۆتەوە؟ مەبەستم ناوی ئەو شوێنەیە، کە خۆت کارت لێ دەکرد، کە باوکت کاری لێ دەکرد؟"

ژنەکە، پەنجەکانی، کە لە دەستکێشی سپیدا بوون، بەنەرمی خستە سەر سینگی و لەسەرخۆ، وەک ئەوەی زۆر بە شێوازێکی ڕەسمییانە خۆی بناسێنێت، کەمێک چەمایەوە و گوتی، "ئەی من رووبیم!"

ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونی ئێدییە

ئێدی سیوسێ ساڵە. لەناکاو بەهەناسەبڕکێوە خەبەری دەبێتەوە. قژە ڕەشە پڕەکەی سەر ئارەقە گەڕاوە. لە تاریکییەکەدا، خێراخێرا چاوی دەترووکێنێت و زۆر لە خۆی دەکات تا هەموو ئاگاییی خۆی بخاتە سەر قۆڵی و دەست و پەنجەکانی، لە ڕاستیدا سەر هەرشتێك، کە بۆی بسەلمێنێت ئێستا ئیتر لە شوقەکەی خۆیدایەتی و لە بەرەکانی جەنگ نەماوە، لە ماڵی خۆیەتی و لەناو کووخەکە دارینەکە یان ئاگرەکەدا نییە.

تۆ بڵێیت هەرگیز ئەو خەونە بەرۆکی بەر بدات؟

دەوروبەری کاتژمێر چوارە. ئەوەندەی شەو نەماوە تا بخەوێتەوە، بۆیە چاوەڕێ دەکات تا هەناسەدانی هێور دەبێتەوە، ئینجا، زۆر بەهێواشی - بۆ ئەوەی ژنەکەی خەبەری نەبێتەوە - لەسەر جێگەکەی دادەبەزێت. فێر بووە یەکەم جار قاچی ڕاستی دابنێت و نەهێڵێت قاچی چەپی گرژ ببێت و ئازاری پێ بگات. ئێدی هەموو بەیانییەك بەم شێوەیە ڕۆژ دەکاتەوە. یەك هەنگاو بەڕێکوپێکی و یەك هەنگاو بە شەلەشەل.

لە بەردەم مێزی تەوالێتەکەدا سەیرێکی چاوە

خوێنتێزاوەکانی دەکات و شڵپێك ئاو بە دەموچاویدا دەدات. هەمیشە هەمان خەون دەبینێت و دەبینێتەوە. لە خەونەکەدا لە فلیپینە، دواشەویەتی لە جەنگ و بەناو پشکۆی سوورەوەبوودا دێت و دەچێت. کووخەکانی ناو گوندەکە لە بڵێسەدا دیار نین، بەبەردەوامییش زیقەیەکی بەرز دێت. شتێکی نەبینراو لە قاچەکانی ئیدی دەدات، ئیدی بەخێرایی دەست دەبات بیگرێت، بەڵام بۆی ناگیرێت، جارێکی تریش هەوڵ دەداتەوە، بەڵام هیچ شتێکی بە دەستەوە نایات. بڵێسەکان چڕتر دەبن و وەك مەکینەیەکی گەورە دەنەڕێنن، لەو کاتەدا سمیتی دەر دەکەوێت و هاوار لە ئیدی دەکات، "دەی وەرە با بڕۆین! خێرا وەرەەەە!" ئیدی هەوڵ دەدات شتێك بڵێت، بەڵام کاتێك دەمی دەکاتەوە، زیقە بەرزەکە لە قوڕگی خۆی دێتە دەرەوە. لەو ساتەدا، شتێك قاچی دەگرێت و بە ناو قوڕەکەدا ڕای دەکێشێت.

پاشان ئیدی خەبەری دەبێتەوە و دەبینێت ئارەقەی کردووەتەوە و هەناسەبڕکێی پێ کەوتووە. هەمیشە خەوەکە بەم شێوەیەیە. خراپترین بەشیشی ئەوە نییە کە خەوی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکوو ئەو تاریکییەیە، کە خەوەکە بۆ ئیدیی دەهێنێت و وەك هەورێکی چڕ، تەواوی ڕۆژەکەی تاریك دەکات، بە شێوەیەك، کە تەنانەت ساتە خۆشەکانیشی بەناخۆشی دەور دەدرێن.

ئیدی لەسەرخۆ خۆی دەگۆڕێت و بە پلیکانەکاندا دەچێتەوە خوارەوە. تاکسییەکەی لەسەر سووچەکە ڕاگرتووە، ئەوێ شوێنی خۆیەتی. ئیدی تەمی سەر جامی پێشەوەی تاکسییەکەی دەسڕێت. هەرگیز باسی ئەو تاریکییە

بۆ مارگریت ناکات. مارگریت دەست بە قژی ئێدیدا دەهێنێت و دەڵێت، "چی بووە؟" ئێدی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت، "هیچ نییە، تۆزێ هیلاکم و تەواو." ئێدی هەر بەوە دەبڕێتەوە. ئاخر چۆن دەتوانێت باسی ئەو هەموو خەمە بۆ مارگریت بکات، لە کاتێدا هەموو خەونی مارگریت دڵخۆشی و ئاسوودەیی ئێدییە؟ لە ڕاستیدا، ئێدی ناتوانێت ئەو بابەتە تەنانەت بۆ خۆشی ڕوون بکاتەوە. هەموو ئەوەی دەیزانێت، ئەوەیە کە شتێک هاتە بەردەمی و ڕێی لێ گرت، تا ئەوەی وازی لە زۆر شت پێ هێنا، وەک خوێندنی ئەندازیاری و بیرۆکەی گەڕان و گەشتکردن بە دونیادا. شتێک ڕووی دا و ئێدیی ناچار کرد بەدیار ژیانی خۆیەوە دابنیشێت، دانیشتنێک، کە ئیتر هەستانەوەی لەدوا نەبوو.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە، کاتێک ئێدی لە ئیش دێتەوە، تاکسییەکەی لە سووچەکەدا ڕادەگرێتەوە. لەسەرخۆ بە پلیکانەکاندا دێتە سەرەوە. هەر لەسەر پلیکانەکانەوە گوێی لە گۆرانییەک دەبێت، گۆرانییەک، ئاشنا بە گوێیەکانی:

تۆ وات کرد خۆشم بوێیت،
من ئەوەم نەدەویست،
من ئەوەم نەدەویست...

دەرگاکە دەکاتەوە و کێکێک و عەللاگەیەکی سپیی بچووک، کە بە قردێلەیەک بەستراوە، لەسەر مێزەکە دەبینێت. مارگریت لە ژووری خەوتنەکەوە هاواری لێ دەکات، "تۆیت، بەساقە؟"

ئیدی عەللاگە سپییەکە هەڵدەگرێت. ئەو نوقڵە تۆفییانەی تێدایە، کە لە شاری یارییەکە دەیانفرۆشن.

مارگرێت دەر دەکەوێت و بە دەنگە نەرم و ناسکەکەی خۆی بەگۆرانییەوە دەڵێت، "هەموو ساڵێ بەخۆشیی..."

مارگرێت زۆر جوانە، ئەو عەزییە گوڵگوڵەشی لەبەردایە، کە ئیدی حەزی لێیەتی، قژی جوان داهێناوە و سووراوی کردووە. ئیدی هەست دەکات پێویستە هەناسەیەکی قووڵ هەڵبکێشێت - وەك ئەوەی ساتێکی ئاوا، شایانی ئەو نەبێت. لەگەڵ ئەو تاریکییەی ناو ناخی دەجەنگێت و پێی دەڵێت، "برۆ وازم لێ بێنە و بهێڵە ئەو هەستەم بۆ دروست بێ، کە دەبێ بۆم دروست بێ."

مارگرێت گۆرانییەکە تەواو دەکات و ماچێکی لێوەکانی ئیدی دەکات، ئینجا بەچرپە پێی دەڵێت، "نوقڵەکان بخۆ، ئەگینا خۆم هەموویان دەخۆم؟"

ئیدی خۆی دەباتە پێش ماچی مارگرێت بکاتەوە، کەسێك بەقایمی لە دەرگا دەدات.

"ئیدی، لە ماڵێ؟... ئیدییی؟"

کاك *نەیسانسۆنی* نانەوایە، کە لە نهۆمی خوارەوەی بالاخانەکە، لە بەشی پشتەوەی دوکانەکەیدا دەژی و تەلەفۆنی هەیە. کاتێك ئیدی دەرگاکە دەکاتەوە، کاك نەیسانسۆن لەناو دەرگاکەدا، بە خۆی و ڕۆبێکی حەمامەوە، ڕەق وەستاوە و دەموچاوی باش ناڵێت.

کاك نەیسانسۆن دەڵێت، "ئیدی... تەلەفۆنە... وەرە خوارەوە. وا بزانم باوکت شتێکی بەسەر هاتووە."

"من ڕووبیم."

ئیدی تێگەیشت بۆچی ژنەکە نامۆ نەبوو لای. ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە بەشی پشتەوەی وەرشەکەدا، لەنێوان کاغەز و نووسراوی تایبەت بە خاوەندارێتیی یەکەم جاری شاری یارییەکەدا، وێنەیەکی ئەم ژنەی بینیبوو.

ئیدی گوتی، "دەروازە کۆنەکە..."

ژنەکە ڕەزامەندانە سەرێکی لەقاند. دەروازەی یەکەم جاری شاری یاریی ڕووبی ئەوەندە گەورە بوو، لە بنی دونیاوە دەبینرا، لەسەر شێوازی بیناسازیی پەرستگەیەکی کۆنی فەرەنسی دروست کرابوو. دەروازەکە چەندین پایەی خەتخەتی لەژێردا بوو، کە هەموو پێکەوە گومەزێکیان هەلگرتبوو. لەدیوی ناوەوەی گومەزەکەش - کە هەموو سەردانکەران بەژێریدا دەهاتن و دەچوون - وێنەی دەموچاوی جوانی ژنێک کێشرابوو، وێنەی ئەم ژنە، ئەم ڕووبییە.

ئیدی گوتی، "بەلام ئەو شوێنە دەمێک بوو کاول بووبوو. هێنێکی گەورە کەوتەوە..."

ئیدی وەستا.

ژنە بەتەمەنە گوتی، "ئاگر! ڕاست دەکەی، ئاگرێکی زۆر گەورە کەوتەوە."

ژنەکە چەناگەی نزم کردەوە و لەودیو چاویلکەکەیەوە

سەیرێکی خوارەوەی کرد، وەک ئەوەی شتێکی لەسەر کۆشی دانابێت و بیخوێنێتەوە.

"٤ی تەمموز بوو، یادی ڕۆژی سەربەخۆیی ئەمەریکا. لەبەر ئەوە، پشووی فەرمی بوو. ئێمیل زۆر کەیفی بە پشووەکان دەهات. هەمیشە دەیگوت، 'بۆ ئیشەکەی ئێمە زۆر باشن.' ئەگەر پشووی یادی ڕۆژی سەربەخۆیی ئەمەریکا بەباشی بڕۆیشتایە، تەواوی هاوینەکە بەباشی دەڕۆیشت. لەبەر ئەوە، ئێمیل بڕێکی زۆر یاریی ئاگرینی بۆ بۆنەکە ئامادە کرد. گروپێکی مۆسیقای هێنا، کە بەڕێوەبەرایەتی مۆسیقایان دەژەنی، تەنانەت چەندین کرێکاری زیادەشی تەنیا بۆ ئەو بۆنەیە بەکرێ گرت، کە زۆربەیان ئەندامی گروپەکانی سیرک و نماییش بوون.

"بەڵام شەوی پێش یادەکە، شتێکی ناخۆش ڕووی دا. ئەو ڕۆژانە، تەنانەت دوای خۆرئاوابوونیش، دونیا هەر گەرم بوو، بۆیە هەندێک لە کرێکارەکان لە دەرەوە دەخەوتن. ئەو شەوە، هەر ڕێک لەپشت ئەو شوێنەوەی بۆ حەوانەوەی خۆیان دروست کرابوو، چەند کرێکارێک لە بەرمیلێکی ئاسندا، ئاگرێکیان بۆ گۆشتبرژاندن کردبووەوە.

"لەگەڵ هەڵکشانی شەودا، کرێکارەکان دەستیان کردبوو بە خواردنەوە و گاڵتەوگەپ. هەندێک یاریی ئاگرینی بچووکیان هێنابوو و هەڵیان کردبوون. ئەو شەوەش، بایەکی بەهێزی هەبووبوو. دواتر بایەکە بەخێرایی ئاگرەکەی فڕاندبوو. ئێ خۆشت دەزانی ئەو سەردەمە، هەموو شتێک لە تەختە و قیر دروست کرابوو..."

ژنەکە سەرێکی با دا.

"کارەساتەکە بەخێرایی قەوما. ئاگرەکە زوو کەوتەوە گەیشتە ڕێگە سەرەکییەکە، لەوێشەوە بۆ مێزی دەفرۆشەکان و لەوێشەوە بۆ قەفەسی ئاژەڵەکان. کرێکارەکان هەر زوو قووچاندبوویان. تا ئەو کاتەی کەسێک گەیشتە ماڵمان و خەبەری کردینەوە، شاری یاریی ڕووبی یەکپارچە ئاگر بوو. لە پەنجەرەی ماڵی خۆمانەوە، بڵێسە پرتەقاڵییە ترسناکەکانیمان دەبینی. گوێمان لە دەنگی ناڵی ئەسپەکان و ئامێری ئاگرکوژاندوەی عەرەبانەی کۆمپانیاکانی ئاگرکوژاندنەوە بوو*. خەڵک هەموو لە دەرەوە بوون.

"کە ئێمیل پارامەوە نەڕوا، بەڵام بێسوود بوو. بەدڵنیاییەوە، دەڕۆیشت و هەوڵی دەدا ئەو ساڵانەی تەمەنی ڕزگار بکات، کە بەو شوێنەوە بەسەری بردبوون. ئێمیل دەترسا و تووڕەش بوو، کاتێکیش دەروازەکە - کە ناو و وێنەی منی پێوە بوو - ئاگری گرت، بەرچاوی تاریک بوو، بەشێوەیەک، چیی تر نەیدەزانی لەکوێیە. لە کاتێکیشدا کە سەتڵەئاوی دەپرژاند، ستوونێک بەسەریدا کەوت."

ژنەکە دەستی گرت بە دەمیەوە. "لە ماوەی تاقە یەک شەودا، ژیانمان بۆ هەتاهەتایە گۆڕا. ئێمیلیش ئەوەندە سەرکێش بوو، تەنیا دڵنیاییەکی کەمی دارایی خستبووە سەر هەندێک شتی شاری یارییەکە، بۆیە سامانەکەی لەدەست دا، ئەو دیارییە نایابەی دابووشی بە من، نەما.

---

* لەو سەردەمەدا، ئەمەریکا بنکەی ئاگرکوژێنەوەی حکومیی نەبوو، بۆیە لە کاتی ئاگرکەوتنەوەدا، بنکە ئاگرکوژێنەوە ئەهلییەکان پێشبڕکێیان دەکرد لەسەر ئەوەی کامیان زووتر دەگاتە شوێنی ئاگرەکە و دەیکوژێنێتەوە، بۆ ئەوەی دواتر کۆمپانیاکان پەیوەندییان پێوە بکەن، گرێبەستیان لەگەڵ واژۆ بکەن و کرێی دڵنیاییی ساڵانەیان بدەنێ.

بۆیە بەناچاری، زەوییە قەرەبرووتەکەی بەنیوەقیمەت بە بازرگانێکی خەڵکی پەنسلڤانیا فرۆشت. ئەو بازرگانە شارە یارییەکەی هەر بە ناوی منەوە هێشتەوە، بەڵام دوا ئەوەی هەموو شتەکانی چاک کردەوە و دووبارە پارکەکەی کردەوە، چیی تر هیی ئێمە نەمابوو.

"ئێمیل بەتەواوی لە ناخەوە و لە دەرەوە رووخابوو. دوای سێ ساڵ، ئینجا توانی بە پێی خۆی بڕواتەوە. ماڵمان رۆیشت بۆ شوێنێک لە دەرەوەی شار، بۆ شوقەیەکی بچووکتر، کە ژیانێکی سادەمان تیادا دەگوزەراند. من بەدیار مێردە بریندارەکەمەوە دانیشتبووم و بەبێدەنگی بیرم لە یەک تاقە خۆزگەی خۆم دەکردوە."

"خۆزگەی چی؟"

"خۆزگەی ئەوەی کە هەرگیز ئەو شاری یارییەی دروست نەکردایە."

ژنەکە بەبێدەنگی دانیشت، ئێدییش سەیری ئاسمانە پیرۆزەییەکەی کرد و و بیری لەو هەموو جارانە کردەوە، کە خۆشی هەمان خۆزگەی خواستبوو، خۆزگەی ئەوەی خاوەنی شاری یاریی رووبی، پارەکەی لە شتێکی تردا بەگەڕ بخستایە.

ئێدی، زیاتر لەبەر ئەوەی هیچی تری بۆ گوتن نەبوو، گوتی، "بەداخەوەم بۆ ئەوەی بەسەر هاوسەرەکەتدا هات."

ژنە بەتەمەنەکە زەردەخەنەیەکی کرد. "سوپاست دەکەم. بەڵام دوای ئەو ئاگر و بڵێسانەش، چەندین ساڵی ترمان بردە سەر. سێ منداڵمان گەورە کرد. ئێمیل هەر بەرێی

نەخۆشخانەوە بوو. لە پەنجاکانی تەمەنمدا، بەجێی هێشتین و کردمی بە بێوەژن. ئەم دەموچاوەی ئێستا دەیبینی، ئەم چرچولۆچییانە..."

ڕووبی ڕوومەتەکانی بەرز کردەوە، تا چرچییەکانی دەوری چاوەکانی دەر بکەون.

..." دانەبەدانەیانم لە دەستی ڕۆژگار وەر گرتووە."

ئێدی ناوچاوانی گرژ کرد. "من تێناگەم! من و تۆ قەت یەکترمان بینیوە؟ تۆ دەهاتی بۆ شاری یارییەکە؟"

ڕووبی وەڵامی دایەوە، "نەخێر. دوای ئەو ڕووداوە، نەمویست بیبینمەوە. منداڵەکانم و نەوەکانم دەچوون، بەس خۆم نا. بەهەشتی من، جێگەیەک بوو دوور لە زەریا، ئەو کافتریایە بوو، کە کارم تێیدا دەکرد، ئەو کاتەی ڕۆژەکانی ژیانم سادە بوون و لەگەڵ ئێمیلدا دڵدارییمان دەکرد."

ئێدی دەستێکی بە لاجانگەکانیدا هێنا. کە هەناسەی دەدایەوە، تەم لە دەمیەوە دەهاتە دەر. پرسیی، "کەواتە من بۆ لێرەم؟ مەبەستم ئەوەیە، ئەوەی باست کرد، چیرۆکی ئاگرەکە، هەمووی پێش لەدایکبوونی من ڕووی داوە."

ڕووبی گوتی، "ئەو شتانەش کە پێش لەدایکبوونت ڕوو دەدەن، هەر کاریگەرییان لەسەر ژیانت دەبێ. نەک هەر ئەوە، ئەو کەسانەی لەپێش تۆدا ژیاون، هەر کاریگەرییان لەسەرت دەبێ.

"ئێمە، ڕۆژانە، بە هەندێک جێگەدا دێین و دەڕۆین، کە ئەگەر بە هۆی ئەوانەی پێش خۆمانەوە نەبووایە، بە ژیانمان ئەو شوێنانەمان نەدەبینی. بۆ نموونە، پێمان وایە شوێنی ئیشەکەمان - کە زۆربەی کاتەکانمانی لێ بەسەر دەبەین

- لەگەڵ دەستبەکاربوونی ئێمەدا دروست بووە، بەڵام ئەوە ڕاست نییە."

ڕووبی سەری هەر دە پەنجەکانی بەیەکدا کێشا. "ئەگەر ئێمیل نەهاتایەتە ژیانمەوە، من شووم نەدەکرد، ئەگەر شووشم نەکردایە، شاری یارییەکە دروست نەدەکرا، ئەگەر شاری یارییەکەش دروست نەکرایە، تۆ لەوێ نەدەگیرسایتەوە و ئیشت نەدەکرد."

ئێدی سەرێکی خوراند. "کەواتە تۆ هاتووی، تا باسی ئیشم لەگەڵ بکەی، وا نییە؟"

ڕووبی، بەدەنگێکی نەرم، وەڵامی دایەوە، "نا، گیان! من هاتووم تا پێت بڵێم بۆچی باوکت مرد."

تەلەفۆنەکە دایکی ئێدی بوو. ئەو دوانیوەڕۆیە، باوکی ئێدی، لە کۆتاییی ڕێگە دارینەکەدا، تاکەی زۆر زۆر بەرز بووبووەوە و لە نزیک *یاریی ساروخ*ەکە کەوتبوو.

دایکی ئێدی، بە دەنگێکی لەرزۆک، گوتی، "ئێدی گیان، زۆر بەداخەوە..."

لەسەر تەلەفۆنەکە، دایکی ئێدی باسی ئەوەی بۆ کوڕەکەی کرد، کە چۆن چەند شەوێک پێش ئەوە، باوکی سەرتاپای گیانی تەڕ بووە و بەرەبەیان بە تاکێک پێڵاوەوە هاتووەتەوە بۆ ماڵەوە، جلەکانیشی پڕ بوون لە لم و بۆنی دەریای لێ هاتووە - ئێدی دڵنیا بوو بۆنی ویسکییشی لێ هاتووە.

دایکی بۆ ئێدیی ڕوون کردەوە، "کە باوکت هاتەوە، دەکۆکی. تا دەشهات، خراپتر دەبوو، دەبووایە دەستبەجێ بانگی دکتۆرمان بکردایە..."

وشەکانی دایکی ئێدی تێکەڵوپێکەڵ دەبوون. گوتی کە ڕۆژی دوای ئەوە، مێردەکەی بەنەخۆشی و بە نیتاق و چەکوشەکەیەوە، وەک ڕۆژانی تر، چووە بۆ ئیش، بەڵام ئەوەکەی نانی بۆ نەخوراوە و کاتێکیش چووەتە جێگەوە، تا ڕۆژ بووەتەوە، سینگی خیزەی هاتووە و هەموو گیانی سەر ئارەقە گەڕاوە. ڕۆژی دواتر خراپتر بووە و دواجار ئەم داینیوەڕۆیە، لە پەلوپۆ کەوتووە.

"دکتۆرەکە پێی گوتم، کە تووشی هەوکردنی سییەکان بووە. خوایە گیان، بۆ هیچم نەکرد! دەبووایە شتێک بکەم..."

ئێدی لە دایکی پرسی، "جا چی بکەی؟ چیت پێ دەکرا؟"

ئێدی پێی ناخۆش بوو دایکی خەتاکەی خستبووە ملی خۆی. لای ئێدی، هۆکار، سەرخۆشییەکەی باوکی بوو.

ئێدی لە تەلەفۆنەکەوە گوێی لێ بوو، دایکی دەستی کرد بە گریان.

باوکی ئێدی زووزوو دەیگوت کە ئەوەندەی ساڵی لەسەر ئەو کەناردەریایە بەسەر بردبوو، لەجیاتیی هەوا، بە ناوی دەریا دەژیا، بەڵام ئێستا، دوای ئەوەی لەماڵەوە گواستبوویانەوە بۆ نەخۆشخانە، جەستەی خەریک بوو وەک لاشەی ماسییەکی سەر ڕۆخی دەریا وشک دەبوو. کێشی زیادی کرد. سییەکانی هەویان کردبوو. بۆ ماوەیەک، باری تەندروستیی جێگیر بوو، بەڵام دوای ئەوە، زۆر خراپتر لێی دایەوە. هاوڕێکانی قسەکەیان لە "سبەینێ لە نەخۆشخانە دەر دەچێت"ەوە کرد بە "هەفتەیەکی تر دەر دەچێت." لەو ماوەیەدا کە باوکی ناساغ بوو، ئێدی خۆی، دوای ئیشی

تاکسی، ئێواران ئیشوکاری شاری یارییەکەشی ڕادەپەڕاند. سکەکانی گریس دەکرد، ئیستوپەکانی تایم دەدایەوە، سەیری مەکینەکانیانی دەکرد، تەنانەت لە وەرشەکەدا پارچەی شکاوی یارییەکانیشی چاک دەکردەوە.

لە ڕاستیدا، ئێدی نەیدەهێشت ئیشەکەی باوکی بفەوتێت. خاوەنکارەکانیش بە هەوڵ و ماندووبوونەکەیان دەزانی، بۆیە نیوەی ئەو پارەیەیان پێ دەدا، کە دەیاندا بە باوکی. ئێدییش پارەکەی دەدا بە دایکی. دایکی ئێدی هەموو ڕۆژێک دەچوو بۆ نەخۆشخانە و زۆر شەویش هەر لەوێ دەمایەوە، ئێدی و مارگرێتیش شووقەکەیان پاک دەکردەوە و خۆراک و پێداویستییەکانی ماڵەکەیان دەکڕی.

کاتێک ئێدی هەرزەکار بوو، هەرکاتێک گلەیی لە دەست شاریی یارییەکە بکردایە یان وای نیشان بدایە کە بێزارە لێی، باوکی خێرا بە دەنگێکی تیژ دەیگوت، "بۆ؟ ناشێ بڵێی بەدڵت نییە؟" دواتریش کە باوکی پێشنیاری کرد ئێدی، دوای تەواوکردنی ئامادەیی، بچێت لە شاری یارییەکە ئیش بکات، ئێدی تۆزێک پێکەنینی بە پێشنیارەکە هات، باوکیشی دووبارە گوتیەوە، "بۆ؟ ناشێ بڵێی بەدڵت نییە؟" پێش ئەوەش کە بڕوات بۆ شەڕ، ئێدی، کاتێک باسی ئەوەی دەکرد دەیەوێت لەجیاتیی ئیشکردن لە شاری یارییەکە مارگرێت بخوازێت و ببێت بە ئەندازیار، باوکی پێی گوتەوە، "بۆ، ناشێ بڵێی شاری یارییەکەت بەدڵ نییە!"

ئێستاش، سەرەڕای ئەو هەموو خەونانە، ئێدی کەوتبووە شاری یارییەکەوە و چووبووە سەر ئیشەکەی باوکی. دواجار، شەوێکیان، بە هاندانی دایکی، ئێدی چوو بۆ نەخۆشخانە،

بەهێواشی خۆی کرد بە ژووردا. باوکی، کە چەندین ساڵ بوو دەمی هەڵنەهێنابووەوە قسەیەک لەگەڵ کوڕەکەی بکات، ئێستا ئیتر هێزی ئەوەی نەمابوو نووزەش بکات. بە دوو چاو، کە بەئەستەم بۆی هەڵدەهاتن، سەیرێکی کوڕەکەی کرد. ئیدی، دوای ئەوەی هەوڵەکانی بۆ دۆزینەوەی ڕستەیەک بێئاکام بوون، ئەو تاکە شتەی کرد، کە دەکرا لەو شوێنەدا لەبیری بێت، ئەویش ئەوە بوو، هەردوو دەستی بەرز کردەوە و پەنجە گریساوییەکانی خۆی نیشانی باوکی دا.

هەندێک لە کرێکارەکانی شاری یارییەکە لەوێ بوون و خێرا بە ئێدییان گوت، "خۆت هیلاک مەکە لەگەڵی، باوکە پیرەکەت هەڵدەستێتەوە. بڕوا بکە، تا ئێستا لەو بەهێزترمان تێدا نەبووە و ناشبێ."

دایک و باوک زۆر بەدەگمەن دەستبەرداری منداڵی خۆیان دەبن، ئەوە منداڵەکانن کە دەستبەرداری دایک و باوکیان دەبن و دوای ژیانی خۆیان دەکەون و دوور دەکەونەوە، ساتە گرنگەکانی ژیانیان -بۆ نموونە، ڕازیبوونێکی دایکیان لەسەر شتێک، سەرلەقاندنێکی باوکیان - دەگۆڕنەوە بە دەستکەوتی تایبەتیی خۆیان. دواتریش، هەتا پێستیان دانەکەوێت و دڵیان لاواز نەبێت، سەر لە شتەکان دەر ناکەن، ئەو کاتە ئینجا تێدەگەن، کە بەردبەبەردی چیرۆک و سەرکەوتنەکانیان لە دەریای ژیاندا لەسەر چیرۆک و سەرکەوتنەکانی دایک و باوکیان هەڵچنراون.

کاتێک هەواڵی مردنی باوکی ئێدی هات - کە پەرستارێک بە "بەداخەوە، بەبێ ماڵئاوایی ڕۆیشت" ئاشکرای کرد - وەک

ئەوەی چووبێت بۆ شیرکڕین - ئیدی هەستی بە بەتالترین جۆری تووڕەیی کرد، تووڕەییەک، کە لە قەفەسەکەیدا هەر دێت و دەچێت. ئیدییش، وەک کوڕی زۆربەی کرێکارەکان، لە دڵی خۆیدا مردنێکی پاڵەوانانەی بۆ باوکی پێشبینی کردبوو، مردنێک، کە جیاواز بێت لەو ژیانە نەگۆڕ و سادەیەی بەسەری بردبوو، بەڵام، لە ڕاستیدا، هیچ شتێکی پاڵەوانانە لە مردنی سەرخۆشێکی لەهۆشخۆچوو لەسەر کەناردەریایەکدا نەبوو.

ڕۆژی دواتر، ئیدی چوو بۆ ماڵی باوکی، خۆی کرد بە ژووری خەوتنەکەدا و هەموو چەکمەجەکانی کردەوە، وەک ئەوەی چاوەڕێ بێت لە یەکێکیاندا پارچەیەک لە باوکی بدۆزێتەوە. دەستی بەناو شتەکاندا گێڕا، هەندێک پارەی وردە، دەرزییەکی بۆینباخ، بتڵێکی بچووک *براندی*، چەند لاستیکێکی پارە، چەند پسوولەیەکی کارەبا، چەند پاندانێک، چەرخێک - کە وێنەی پەرییەکی دەریا لەسەر یەکێک لەلاکانی بوو - لەگەڵ دەستەیەک کۆنکەن. ئیدی دەستە کۆنکەنەکەی هەڵگرت و خستیە گیرفانییەوە و ڕۆیشت.

مەراسیمی بەخاکسپاردنەکە بچووک و کورتخایەن بوو. تا دوای چەند هەفتەیەکیش لە کۆچی دواییی باوکی، دایکی ئیدی بەسەر دونیاوە نەبوو، بە جۆرێک، هێشتاش هەر قسەی بۆ مێردەکەی دەکرد، وەک ئەوەی تا ئەو کاتەش لە بەردەمیدا بێت. بۆ نموونە، هاواری بەسەردا دەکرد ڕادیۆکە کز بکات، یان چێشتی دوو کەسی لێدەنا، سەرینی لەسەر هەردوو لای سیسەمەکە دادەنا، هەرچەندە زۆر دەمێکیش بوو، کە تەنیا یەک لاشیان بەکار دەهات.

شەوێکیان، ئێدی بینیی دایکی لەسەر کەوانتەرەکە قاپەکان دەخاتە سەر یەک.

ئێدی گوتی، "دایە، با یارمەتیت بدەم."

دایکی وەلامی دایەوە، "نا، نا، قەینا، دوایی باوکت لایان دەبا."

ئێدی دەستێکی خستە سەر شانی دایکی و گوتی، "دایە گیان، باوکم ڕۆیشت!"

"ڕۆیشت؟ بۆ کوێ ڕۆیشت؟"

ڕۆژی دواتر، ئێدی چوو بۆ لای لێپرسراوی کۆمپانیای تاکسییەکە و پێی ڕاگەیاند، کە واز لە ئیشی تەکسییەکە دەهێنێت. پاش دوو هەفتە، خۆی و مارگرێت مالیان گواستەوە بۆ ئەو شوقەیەی ئێدی تیایدا گەورە بووبوو: شوقەیەک لە گەڕەکی بیبچ ود، بالاخانەی ٦ بی. ڕاڕەوەکانی بالاخانەکە باریک بوون و پەنجەرەی مەتبەخەکەش بەسەر *یاریی بابەخولێنی ئەسپدا* دەیڕوانی. ئەوێ ئەو شوێنە بوو، کە ئێدی تیایدا ئیشە نوێیەکەی خۆی قبول کردبوو، ئیشێک، کە هاوین دوای هاوین ئێدی زیاتر ئامادە کرابوو بۆی. ئیشەکەش بریتی بوو لە چاودێر و کارمەندی وەرشە لە شاری یاریی ڕووبی. ئەو شوقەیە شوێنێک بوو، کە دەرفەتی دەدا بە ئێدی هەم ئیش بکات، هەم ئاگاشی لە دایکی بێت.

ئێدی ئەمەی خوارەوەی بە هیچ کەسێک نەگوت، نە بە ژنەکەی، نە بە دایکی، نە بە هیچ کەسێکی تر، بەلام هەمیشە قسەی بە باوکی دەگوت بۆ مردنەکەی و تووشکردنی ئێدی بە ژیانێکەوە، کە ئێدی هەمیشە لێی هەلهاتبوو، ژیانێک، کە ئێدی گوێی لێ بوو باوکە پیرەکەی لەناو گۆڕەکەیەوە پێی پێدەکەنی و پێی وا بوو دەبێ ئێستا ئێدی بەدلی بێت!

ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونی ئێدییە

سیوحەوتساڵە. بەرچاییەکەی خەریکە سارد دەبێتەوە.

لە نۆل دەپرسێت، "ئەرێ خوێی لێ نییە؟"

نۆل، کە دەمی پڕە لە سۆسج و مڵچەمڵچ دەیجووێت، خۆی درێژ دەکات و لەسەر مێزێکی تر خوێدانێک دەهێنێت. خوێدانەکە دەداتە دەست ئێدی و بەورتە دەڵێت، "ها، بگرە، هەموو ساڵێکیش بەخۆشی."

ئێدی خوێدانەکە زۆر قاییم ڕادەوەشێنێت. "باشە شتێکی ئەوەندە قورسە، هەموو مێزێک خوێدانی خۆی لەسەر بێ؟"

نۆل لێی دەپرسێت، "تۆ چیت هەر لەخۆتەوە؟ بەڕێوبەری ئێرەی، چی؟"

ئێدی شانێک هەڵدەتەکێنێت. بەیانییەکی گەرمە و هەوا زۆر شێدارە. ڕۆتینی ژیانی نۆل و ئێدی ئەمەیە: هەفتەی جارێک، بەیانییانی شەممە، پێش ئەوەی پارکەکە جەنجاڵ ببێت، پێکەوە نانی بەیانی دەخۆن. نۆل لە شتن و ئووتووی شاری یارییەکە کار دەکات، سەرەتا ئێدی یارمەتیی دا، تا گرێبەستی شتنی جلوبەرگی کارمەندانی شاری یاریی ڕووبی بۆ ئەو دەر بچێت.

نۆل، کۆپییەک لە *گۆڤاری لایف* بە دەستەوەیە و

لەسەر یەکێک لە لاپەڕەکانی، وێنەی کاندیدێکی سیاسیی گەنج دانراوە. نۆل لە ئێدی دەپرسێت، "ڕات چییە لەسەر ئەم کوڕە قۆزە؟ چۆن دەبێ کەسێکی وا خۆی بپاڵێوێ بۆ سەرۆکایەتی، جارێ هەر منداڵە."

ئێدی شانێك بەرز دەکاتەوە، "لە تەمەنی ئێمەدایە."

نۆل یەك بڕۆی لە ئێدی بەرز دەکاتەوە و دەڵێت، "ئەبابە؟ من وام دەزانی بۆ ئەوەی ببی بە سەرۆك، دەبێ تەمەنت هەبێ."

ئێدی بەچرپە دەڵێت، "جا ئێمەش تەمەنمان هەیە!"

نۆل گۆڤارەکە دادەخات و بە دەنگێکی نزم لە ئێدی دەپرسێت، "ئەری بیستت لە برایتۆن چی قەوماوە؟"

ئێدی سەرێك دەلەقێنێت و قومێك لە قاوەکەی دەدات. بیستوویەتی. لە شاری یارییەکەی برایتۆن، پارچەیەکی یاریی کەشتییە *فڕیوەکە* لەناکاو شکاوە و دایك و کوڕێك لە بەرزیی شەست پێوە بەر بوونەتەوە و مردوون.

نۆل لە ئێدی دەپرسێت، "کەس لەوێ دەناسی؟"

ئێدی زمانی دەخاتە نێوان ددانەکانییەوە. ئەو خۆی زووزوو دەبیستێت، کە چ شتێك لە فڵانە پارك یان شاری یاری ڕووی داوە. ئێدی هەرکاتێك شتێکی وا دەبیستێت - وەك زەردەواڵەیەك بەلای گوێیدا گیزەی کردبێت - شانەکانی گرژ دەکات و ملی دەهێنێتە خوارەوە. ڕۆژ نییە بیر لەوە نەکاتەوە و نەترسێت لەوەی لە شاری یاریی ڕووبییش، لە ماوەی چاودێریکردنی ئەودا، شتێکی وا بقەومێت.

ئێدی وەلام دەداتەوە، "ئمم! نا، کەس لە برایتۆن ناناسم."

ئینجا چاوەکانی دەخاتە سەر پەنجەرەکە و دەبینێت یەك کۆمەڵ سەردانکەر لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە دێنە دەرەوە. سەردانکەرەکان سەبەتەی چنراو و خاولی و چەتر و لەفەی پێچراوەیان بە دەستەوەیە. هەندێکیان کورسی قەدکراویشیان پێیە، کە تازەترین شتی ئەو سەردەمەیە و لە ئەلەمنیۆمێکی سووك دروست کراوە.

پیرەمێردێك، کە کڵاوێکی حەسیریی لەسەردایە و جگەرەیەکی بە دەمەوەیە، بەوێدا ڕەت دەبێت.

ئێدی دەڵێت، "سەیری ئەو پیاوە بکە، دڵنیام جگەرەکەی لەسەر ڕێگە دارینەکە فڕێ دەدا."

نۆل دەڵێت، "بەڕاست؟ ئێ جا چییە؟"

"چۆن چییە؟ دەکەوێتە درزێکەوە و ئاگرێك دەکەوێتەوە. لێرەشەوە دەتوانین بۆنی بکەین، ئەو ماددە کیمیاییەی بە تەختەکانیاندا کردووە، یەکسەر دووکەڵ دەکات. دوێنێ منداڵێکم گرت، کە هەر چوار ساڵان دەبوو، سەیر دەکەم خەریکە قنەجگەرەیەك بخاتە دەمیەوە."

نۆل دەموچاوێك گرژ دەکات، "ئێ؟"

ئێدی لا دەکاتەوە، "ئێ هیچ. خەڵك دەبێ وریاتر بن، هەر ئەوەندە."

نۆل چەتاڵێك لە سۆسجەکە دەدات و دەمی لێ پڕ دەکات. "بە خوا تۆش خۆشی، ئەوە دایمە لە ڕۆژی لەدایکبوونەکەتدا وا خۆشی؟"

ئێدی وەڵام ناداتەوە. تاریکییەکەی ناو ناخی لەتەنیشتیەوە دانیشتووە و ئێستا ئیتر ئەوەندە پێی ڕاهاتووە، کە هەر وەك ئەوەی لە پاسێکی قەرەباڵغدا بێت و شوێن بۆ نەفەرێك

بکاتەوە، ئاوا شوێنی بۆ دەکاتەوە.

ئێدی بیر لە ئیشی ئەو ڕۆژە دەکاتەوە: گۆڕینی ئاوێنە شکاوەکەی ژووری ئاوێنە سیحراوییەکان، بەستنی چەمەلەغی تازە لە سەیارەی پیاکەوتنەکان، داواکردنی سیکۆتین. ئێدی بیری خۆی دەخاتەوە، کە دەبێت سیکۆتینی زیاتر داوا بکەن، ئینجا بیر لەو داماوانەی برایتۆن دەکاتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێت، تۆ بڵێی لەوێ کێ چاودێر بووبێت.

نۆل لێی دەپرسێت، "ئەمڕۆ کەی تەواو دەبی؟"

ئێدی هەناسەیەك دەداتەوە. "ئەمڕۆ ئیشمان زۆرە، هاوینە و شەممەشە، ئیتر خۆت بزانە."

نۆل بڕۆیەك بەرز دەکاتەوە، "دەتوانین سەعات شەش بڕۆین بۆ سەیری پێشبڕکێکە."

ئێدی بیر لە مارگرێت دەکاتەوە. ئەو هەمیشە کە نۆل باسی یاریی پێشبڕکێی ئەسپەکان دەکات، مارگرێتی بیر دەکەوێتەوە.

نۆل دەست پێ دەکاتەوە، "کاکە تۆش ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونتە، با تۆزێ زووتر دەست هەڵبگرین."

ئێدی چەتاڵێك لە هێلکەکانی بەردەمی - کە لەوە ساردتر بوونەتەوە بخورێن - هەڵدەچەقێنێت و دەڵێت، "باشە."

وانەی سێیەم

ژنە بەتەمەنەکە لە ئێدیی پرسی، "شاری یارییەکەت ئەوەندە بەلاوە ناخۆش بوو؟"

ئێدی وەڵامی دایەوە، "شتەکە بەدەست خۆم نەبوو، دایکم پێویستی بە هاوکاری بوو. شتەکان یەک بەدوای یەکدا ڕوویان دەدا. چەندین ساڵ تێپەڕین و من هەر لەوێ مامەوە، هەموو تەمەنم لەوێ بەسەر برد، هەرگیز پارەی باشیشم دەست نەکەوت... خۆت دەزانی شتەکە چۆنە، بەخۆت نازانی لەگەڵ ئیشێک ڕادێی و خەڵکەکەی چواردەوریشت پشت بە تۆ دەبەستن، ئیتر بۆخۆی ڕۆژێک لە خەو هەڵدەستیت و نازانیت سێشەممەیە یان پێنجشەممە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە لەو ئیشەتدا بەردەوام هەمان شتی ناخۆش دەکەی و دەکەیتەوە و بووی بە لێپرسراوی یارییەکان وەک..."

"وەک باوکت؟"

ئێدی هیچی نەگوت.

ژنە بەتەمەنەکە گوتی، "خراپ بوو لەگەڵت، ها؟"

ئێدی چاوەکانی نزم کردەوە، "بەڵێ، خراپ بوو... ئێ جا چییە؟"

"ڕەنگە تۆش هەر خراپ بووبی لەگەڵی؟"

"من وای نابینم. تۆ دەزانی بۆ دوایین جار باوکم چۆن قسەی لەگەڵ کردم؟"

"دوایین جار، کە هەوڵی دا لێت بدا."

ئێدی نیگایەکی لە ژنەکە گرت.

"ئەی دەزانی دوایین شت چی بوو کە پێی گوتم، 'بڕۆ ئیشێک بدۆزەرەوە' هەی لەم باوکە جوانەی من هەمبوو!"

ژنە بەتەمەنەکە لێوەکانی توند خستە سەر یەک. "بەڵام دوای ئەوە، ئیتر کەوتیتە سەر ئیش و تۆزێ ژیانی خۆتت ڕێک خستەوە."

ئێدی لە ناوەوە تۆزێک تووڕە بوو، گوتی، "سەیر بکە، تۆ ئەو پیاوەت نەدەناسی!"

ژنەکە هەستایە سەر پێ، "ڕاست دەکەی، بەڵام شتێکیش هەیە، من دەیزانم و تۆ نایزانی، ئێستاش کاتی ئەوەیە پێتی بڵێم."

ڕووبی بە نووکی چەترەکەی، بازنەیەکی لە بەفرەکەدا کێشا. کاتێک ئێدی سەیری بازنەکەی کرد، هەستی کرد چاوەکانی لە کەللەسەری هاتبنە دەرەوە و گەڕابێتنەوە بۆ کات و سەردەمێکی تر. وێنەکانی ناو بازنەکە لە بەرچاوی ئێدیدا ڕوون بوونەوە. کات چەندین ساڵ لەوەوبەر بوو، شوێنەکەش، شوقە کۆنەکەی ماڵی ئێدی بوو. ئێدی دەیتوانی لە یەک کاتدا پێش و پاش و سەر و خواری شوقەکە ببینێ.

ئەوەی ئێدی بینیی، ئەمە بوو:

دایکی بەخەمباری لەسەر مێزی مەتبەخەکە دانیشتبوو. مێکی شی بەرامبەری بوو. شی زۆر شێواو دیار بوو،

هەموو گیانی تەڕ بوو، خێراخێرا دەستی بە ناوچاوان و دەمولووتیدا دەهێنا. لەناکاو دەستی کرد بە گریان. دایکی ئێدی پەرداخێک ئاوی بۆ هێنا و هەر بە زمانی ئاماژە پێی گوت، کە لە جێگەی خۆی چاوەڕێی بکات. دوای ئەوە دایکی ئێدی چوو بۆ ژووری خەوتنەکە و لەدوای خۆی دەرگاکەی پێوە دا، ئینجا ماکسییەکەی بەری و پێڵاوەکانی داکەند و دەستی برد بلووز و تەنوورەیەکی تر لەبەر بکات.

ئێدی هەموو ژوورەکانی دەبینی، بەڵام گوێی لە دایکی و شی نەبوو، تەنیا دەنگەدەنگێکی ناڕوون دەهاتە گوێی و تەواو. لە مەتبەخەکەدا، شی پەرداخە ئاوەکەی نەخواردەوە و لەجییاتی ئەوە، دەستی برد شووشەیەکی لە گیرفانی چاکەتەکەی دەر هێنا و قومێکی لێ دا، ئینجا هێواش هێواش هەستایە سەر پێ و بەرەو ژووری خەوتنەکە ملی نا. دەرگاکەی کردەوە.

دایکی ئێدی، کە نیوەڕووت بوو، بەسەرسوورمانەوە لای کردەوە. شی بەملاولادا دەکەوت. دایکی ئێدی خێرا ڕۆبێکی لە خۆی ئاڵاند. شی نزیکتر بووەوە، بەڵام دایکی ئێدی، بۆ ئەوەی نەهێڵێت زیاتر بێتە پێشەوە، دەستێکی لە ڕۆبەکە دەر هێنا. شی بۆ ساتێک لە جێی خۆی وەستا، ئینجا دەستی درێژ کرد و دەستی دایکی ئێدیی گرت. شی نزیکتر بووە و دایکی ئێدیی پێش خۆی دا بۆ دیوارەکە و دەستی خستە سەر کەمەری. دایکی ئێدی کەوتە جووڵەجووڵ و هاوارهاوار، بە دەستێکی پاڵێکی بە سینگی شییەوە نا و بەدەستەکەی تریشی، ڕۆبەکەی گرتبوو. شی گەورەتر و بەهێزتر بوو، دەموچاوە تووکاوییەکەی خستە سەر ڕوومەتی دایکی ئێدی و فرمێسکەکانی لە ملی سوو.

لەو کاتەدا دەرگای سەرەکیی شوقەکە کرایەوە. باوکی ئێدی بوو هاتبووەوە. باران تەواو تەڕی کردبوو، چەکوشێکی بزمارداکوتانیش بە لاقەدیەوە بوو. باوکی ئێدی چوو بۆ ژووری خەوتنەکە و بینیی وا شی پەلاماری ژنەکەی داوە، بۆیە تا هێزی تێدا بوو، نەڕەیەکی کرد و چەکوشەکەی بەرز کردەوە. شی دەستی خستە سەر سەری و بەرەو دەرگاکە ڕای کرد، لەناو دەرگاکەدا باوکی ئێدیی بەپاڵێک لا دا و هەرچۆنێک بوو بۆی دەر چوو. دایکی ئێدی دەگریا و لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا، سینگی بستێک بەرز دەبووەوە. فرمێسکیش لەسەر دەموچاوی ڕێچکەیان بەستبوو. باوکی ئێدی شانی ژنەکەی گرت و بەتوندی ڕای دەوەشاند. ڕۆبەکەی دایکی کەوتە خوارەوە. دایک و باوکی ئێدی هەردووکیان لە یەک کاتدا دەیانقیژاند. باوکی ئێدی شوقەکەی بەجێ هێشت و هەر بەڕێوە، بە چەکوشەکەی دەستی، چرایەکی وردوخاش کرد، ئینجا بەخێرایی بە پلیکانەکاندا ڕۆیشتە خوارەوە و خۆی بەناو شەوە باراناوییەکەدا کرد.

ئێدی بەحەپەساوییەوە هاواری کرد، "ئەوە چی بوووو؟ ئەو شتە چی بوووو؟"

ژنە بەتەمەنەکە ورتەی لێوە نەهات. چووە تەنیشت ئەو بازنەیەی لەناو بەفرەکەدا بە نووکی چەترەکەی کێشابووی و ئەم جارەیان بازنەیەکی تری دروست کرد. ئێدی هەوڵی دا سەر دانەخات و سەیری ناو بازنەکە نەکات، بەڵام بەدەست خۆی نەبوو. بۆیە چاوەکانی دووبارە کەوتنەوە خوارەوە و چوونە سەر دیمەنێکی تر.

ئەم جارەیان ئێدی ئەمەی بینی:

لە سەری ئەوسەری شاری پاریی ڕووبی - کە پێیان دەگوت *بەشی باکوور* - ئێدی چاوی چووە سەر ئەو ڕێگ باریکەی تا سەر دەریاکە درێژ دەبووەوە. بارانێکی بەخوڕ دای کردبوو، ئاسمانیش نیلییەکی تۆخ بوو. بارانەکە ئەوەندە بەهێز بوو، دەتگوت بە سەتڵ دەیکەنە خوارەوە. میکی شی بەڕاکردن بەرەو ڕێگە باریکەکە دەڕۆیشت. لەناکاو کەوت. سکی خێراخێرا بەرزونزمی دەکرد. بۆ ساتێک، شی لەوێدا ڕووەو ئاسمانە تاریکەکە لەسەر پشت تەخت بوو، ئینجا خۆی خستە سەر لا و لەژێر سیاجە تەختەکەوە کەوتە خوارەوە بۆ ناو دەریاکە.

دوای چەند ساتێک، باوکی ئێدییش بەپەشۆکاوی دەر کەوت. چەکوشەکە هەر بە دەستیەوە بوو. دەستی بە سیاجەکەوە گرت و بەوردی سەیری ئاوەکەی کرد. بایەکە بارانەکەی بەملاولادا دەهێنا و دەبرد. جلەکانی باوکی ئێدی شەڵاڵی باران بووبوون و تەنانەت نیتاقە چەرمەکەشی تەواو ئاوی هەڵمژیبوو. باوکی ئێدی شتێکی لەسەر شەپۆلەکان بینی. وەستا و قاییشەکەی دەر هێنا، ئینجا تاکێک پێڵاوی داکەند و هەوڵی دا ئەوەی تریش دابکەنێت، بەڵام کۆڵی دا، پاشان خۆی نزم کردەوە و لەژێر سیاجەکەوە خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە و شلپەی هات.

شی، بەنیوەبووراوەیی، بەردەوام لەسەر ئاوە سەرشێتەکەدا ون دەبوو و دەر دەکەوتەوە. کەفێکی زەرد لە دەمیەوە دەهاتە دەر. باوکی ئێدی، کە بایەکە هاوارەکانی پەرشوبڵاو دەکردەوە، بەمەلە بۆی چوو.

باوکی ئێدی، میکی شیی گرت. شیی بە دەستیەوە ڕادەژەنی. ئاسمانەکەش زووزوو بە هەورەتریشقەیەک چەپلەیەکی لێدەدا و بارانەکە شی و باوکی ئێدیی زیاتر و زیاتر دەشتەوە. دواجار، دوو پیاوەکە یەکیان گرت و پێکەوە لە ناوەڕاستی شەپۆلە توندەکاندا دەهاتن و دەچوون.

شی خراپ دەکۆکی. باوکی ئێدی قۆڵی شیی گرت و خستیە سەر شانی خۆی. بە هۆی ئەمەشەوە ژێر ئاو کەوت، بەڵام یەکسەر سەری دەر هێنایەوە و هێزی خستە سەر ناوقەدی شی. بەم شێوەیە خۆی و میکی شیی بەرەو کەنارەکە پاڵ نا. باوکی ئێدی بەرەو پێشەوە گوژمی دەدا، شەپۆلێک بردنیەوە دواوە. دیسان بەرەو پێشەوە گوژمیان دایەوە. شەپۆلەکان بەرز دەبوونەوە و دەهاتنەوە خوارەوە، بەڵام باوکی ئێدی خۆی کردبوو بەژێر باڵی شیدا و خۆی لێ قایم کردبوو، جگە لەوەش، خێراخێرا بە قاچەکانی سەوڵی لێدەدا و چاوی دەترووکاند، تا باشتر ببینێت.

باوکی ئێدی و میکی شی سوار شەپۆلێک بوون و شەپۆلەکە زۆر باش بەرەو کەنارەکە بردنی. شی هەر ناڵەناڵی بوو، بەردەوامیش بە دەم هەناسەی دەدا. باوکی ئێدی ئاوی سوێری دەریاکەی تف دەکردەوە. باران هەر دەهاتە خوارەوە و کەفی سپیی شەپۆلەکانیش دەیدا بە دەموچاوی دوو پیاوەکەدا، کە بەردەوام قۆڵیان ڕادەوەشاند و هەر هاوارهاواریان بوو. لەوە دەچوو ئەمە تا هەتایە بخایەنێت، بەڵام لەکۆتاییدا، شەپۆلێکی بەرز شی و باوکی ئێدیی بەرز کردەوە و هەڵی دانە سەر لمەکە. باوکی ئێدی خۆی هەڵگێڕایەوە و دەستەکانی لە قۆڵی میکی گیر کرد،

بۆ ئەوەی شەپۆلەکە لەگەڵ خۆی نەیباتەوە ناو دەریاکە. دوای ئەوەی شەپۆلەکە کشایەوە، باوکی ئێدی هێزی دایە بەر خۆی و بەتوندی شیی ڕاکێشا، ئینجا خۆشی بە دەمدا کەوت و دەمی پڕ بوو لە لمی تەڕی کەنارەکە.

بینینی ئێدی گەڕایەوە بۆ ئەو ساتەی تیایدا بوو. ئێدی هەستی بە شەکەتی دەکرد، وەک ئەوەی خۆی لەناو دەریاکەدا بووبێت. سەری تەواو قورس بووبوو. ئێستا چیی تر ئەو شتانەی نەدەزانی، کە بە بڕوای خۆی پێشتر لەسەر باوکی زانیبوونی.

ئێدی بە دەنگێکی نزم گوتی، "ئەوە باوکم چی دەکرد؟"

ڕووبی وەڵامی دایەوە، "هاوڕێکەی ڕزگار دەکرد."

ئێدی خیسەیەکی لە ڕووبی کرد، "لەم هاوڕێ باشە! ئەگەر من دەبووم، ڕێک وازم لێ دەهێنا بخنکێ."

ڕووبی گوتی، "باوکیشت بیری لەوە کردەوە. لە ڕاستیدا، ئەو دوای میکی شی کەوتبوو بۆ ئەوەی لێی بدا، ڕەنگە مەبەستیشی بووبێ بیکوژێ، بەڵام دواجار ئەوەی پێ نەکرا. ئەو میکی شیی باش دەناسی، دەیزانی خاڵە لاوازەکانی چین، دەیزانی سەرخۆش بووە و هۆشی بە خۆیەوە نەبووە.

"چەندین ساڵ لەوەوبەر، کاتێک باوکت بەدوای ئیشدا دەگەڕا، میکی شی بوو کە چوو بۆ لای خاوەنی شاری یارییەکە و داوای لێ کرد باوکت وەر بگرێ. کاتێکیش تۆ لەدایک بووی، هەر میکی شی بوو هەموو پارەکەی خۆی - کە زۆریش نەبوو - دا بە دایک و باوکت، بۆ ئەوەی خۆراک و پێداویستییەکانی تۆی پێ بکڕن. باوکت هاوڕێ کۆنەکانی

خۆی زۆر لەلا گرنگ و مەبەست بوو..."

ئێدی قسەکەی بە ڕووبی بڕی، "بەڵام خانم گیان، تۆ بینیت ئەو خوێڕییە چیی لە دایکم کرد؟"

ژنەکە بەخەمبارییەوە گوتی، "بەڵێ، بینیم. کارێکی هەڵە بوو، بەڵام شتەکان هەمیشە بەو شێوەیە نین، کە دەر دەکەون.

"میکی دیسان لەسەر ئیش بەسەرخۆشی خەوی لێ کەوتبوو، خاوەنکارەکانیشی چیی تر ئەوەیان پێ قبول نەکرابوو، بۆیە ئەو دوانیوەڕۆیە لە ئیشەکەی دەریان کردبوو. شی، لەگەڵ ئەم هەواڵە ناخۆشەدا، هەمان ئەو مامەڵەیەی کرد، کە لەگەڵ هەر هەواڵێکی ناخۆشدا دەیکرد، ئەویش ئەوە بوو، پەنای بردە بەر خواردنەوە. ئەو کاتەش کە گەیشتە لای دایکت، ویسکییەکە خراپ لێی دابوو. دەپاڕایەوە یەکێک یارمەتیی بدات. دەیویست بچێتەوە سەر ئیشەکەی. ئەو شەوە باوکت تا شەو درەنگ لە ئیش دەمایەوە، بۆیە دایکت دەیویست خۆی بگوڕێت و شی بەرێت بۆ لای باوکت.

"میکی شی سەرسەری دەر دەکەوت، بەڵام ناخی پیس نەبوو. لەو ساتەشدا سەری لێ شێوابوو، ئەوەی کە کردی، هۆکارەکەی تەنیایی و خەمباری بوو. بەبێ بیرکردنەوە کارەکەی کرد، باوکیشت بەبێ بیرکردنەوە ئەوەی کرد، کە کردی، بەڵام لە کاتێکدا بیرکردنەوەکەی یەکەم جاری کوشتنی میکی شی بوو، بیرکردنەوەی دووەمی ئەوە بوو، ڕزگاری بکا."

ڕووبی هەردوو دەستی خستە سەر نووکی چەترەکەی و بەردەوام بوو، "باوکت بەو شێوەیە نەخۆش کەوت. بۆ

چەند سەعاتێک بەتەڕی و بەشەکەتی لەسەر ئەو لمە مایەوە. بەڵام دواجار، هەرچۆنێک بێ، خۆی گەیاندەوە ماڵەوە. خۆت دەزانی باوکت چیی تر کوڕەکەی جاران نەمابوو، تەمەنی چووبووە پەنجاکانەوە."

ئێدی زۆر بەساردی گوتی، "پەنجاوشەش"

ڕووبی دووبارەی کردەوە، "پەنجاوشەش! جەستەشی لاواز ببوو، دەریا وای لێ کردبوو زۆر بەرگەی نەخۆشیی نەدەگرت. تووشی نەخۆشیی هەوکردنی سییەکان ببوو، دواجاریش، هەر بەوە مرد."

ئێدی پرسیی، "مەبەستت ئەوەیە، بە هۆی میکی شییەوە مرد؟"

ڕووبی وەڵامی دایەوە، "بە هۆی دڵسۆزی و وەفاوە."

ئێدی گوتی، "بەڵام خەڵک بە هۆی دڵسۆزی و وەفاوە نامرن."

ڕووبی زەردەخەنەیەکی کرد، "نامرن؟ ئەی ئایین و نیشتمان چی؟ ئەی ئێمە دڵسۆز نین بۆ ئەم شتانە؟ بە ڕادەیەک، کە هەندێک جار بە هۆیانەوە دەمرین؟"

ئێدی شانێکی بەرز کردەوە.

ڕووبی بەردەوام بوو، "باشترە دڵسۆزی و وەفاکەمان بۆ یەکتری بێ."

دوای ئەوە، ئێدی و ڕووبی بۆ ماوەیەکی درێژ - لانی کەم ئێدی وای هەست دەکرد درێژ بێت - لە دۆڵە بەفراوییەکەدا مانەوە. ئێستا ئیتر ئێدی نەیدەزانی شتەکان چەندیان کات پێ دەچێت.

ئێدی پرسیی، "ئەی میکی شی چیی لێ هات؟"

ڕووبی وەڵامی دایەوە، "دوای چەند ساڵێکی کەم، بەتەنیا مرد. تا سەر لێواری گۆڕەکەشی هەر سەرخۆش بوو. بۆ ئەو شتەی بەرامبەر بە دایکت کردی، ئێستا و ئەوساش، لە خۆی خۆش نەبوو."

ئێدی دەستێکی بە ناوچاوانیدا هێنا، "بەڵام باوکم هەرگیز ئەمەی پێ نەگوتین."

"ڕاستە، هەرگیز باسی ئەو شەوەی نەکردەوە، نە لەگەڵ دایکت، نە لەگەڵ هیچ کەسێک. خۆی زۆر بە شەرمەزاری خۆی و دایکت و میکی شی دەزانی. لە نەخۆشخانە، بەتەواوی لە دەم کەوت. باوکت بێدەنگیی وەک ڕێگەیەکی ڕاکردن لە ژیانی خۆی بەکار دەهێنا، بەڵام هێشتا بیرکردنەوەکانی وازیان لێ نەدەهێنا. تۆ دەزانی بێدەنگی زۆر بەدەگمەن ئەوایەکی ئارامە بۆ مرۆڤ.

"شەوێکیان، باوکت هەناسەکانی خاو بوونەوە و چاوەکانی داخران، ئیتر دوای ئەوە خەبەری نەبۆوە. دکتۆرەکان گوتیان چۆتە کۆماوە."

ئێدی ئەو شەوەی بیر کەوتەوە، شەوێک کە تیایدا تەلەفۆنێکی تر بۆ کاک نەیسانسۆن کرا، ئەویش هات و لە دەرگایماڵی ئێدیی دا.

"دوای ئەوەی ئەو حاڵەتە ڕووی دا، دایکت بەردەوام لە ژوورسەری باوکت بوو، شەو و ڕۆژ. هەمیشە، وەک ئەوەی نزا بکات، بە دەنگێکی نزم دەیبۆڵاند و دەیگوت، 'دەبووایە شتێک بکەم، من دەبووایە شتێک بکەم.'

"دواجار، شەوێکیان، لەسەر قسەی دکتۆرەکە، دایکت

هاتەوە بۆ ماڵەوە تۆزێک بخەوێ. بۆ سبەی بەیانی زوو، پەرستارێک بینیبووی باوکت بەسەر پەنجەرەکەدا شۆڕ بۆتەوە و لە ناوقەد بۆ سەرەوەی کەوتۆتە ئەودیوەوە."

ئێدی چاوەکانی کز کرد، "چی؟ بەسەر پەنجەرەکەدا شۆڕ بۆتەوە؟"

ڕووبی سەری لەقاند و بەردەوام بوو، "باوکت ئەو شەوە خەبەری بووبووەوە و لە جێگەکەی هاتبووە دەرەوە و بە ژوورەکەدا ڕۆیشتبوو بۆ لای پەنجەرەکە، دواتریش هێزی دابووە بەر خۆی و پەنجەرەکەی بەرز کردبووەوە. ئینجا بەو دەنگە نزمەی تا ئەو کاتە لە قوڕگیەوە دەهاتە دەر، بانگی دایکتی کردبوو، بانگی تۆ و جۆی براتی کردبوو، بانگی میکی شیی کردبوو. لەو ساتەدا، دڵی بووبوو بە ئاو و پڕ بووبوو لە پەشیمانی و هەستکردن بە تاوانباری. ڕەنگە خۆی هەستی کردبێ کە مردن تەواو لێی نزیک بۆتەوە. ڕەنگە وای زانیبێ هەمووتان لەو ناوەن، هەمووتان لەسەر شەقامەکە، لەژێر پەنجەرەی ژوورەکەیدا وەستاون. بەو شێوەیە خۆی بەسەر تاقی پەنجەرەکەدا شۆڕ کردبووەوە. شەوەکەش زۆر سارد بووبوو، ئەو شی و بایەی ئەو شەوە بۆ ئەو - کە لە حاڵێکی ئاوا خراپدا بوو - زۆر زۆر بوو، بۆیە هەر ئەو شەوە، پێش بەرەبەیان، گیانی دەر چووبوو.

"ئەو پەرستارانەی دۆزیبیانەوە، خێرا ڕایان کێشایەوە بۆ سەر جێگەکەی. دەترسان لە ئیشەکەیان دەر بکرێن، بۆیە هیچیان لەسەر ڕاستیی مردنەکەی باوکت نەدرکاند، لەجیاتیی ئەوە، وا بڵاویان کردەوە کە لە خەودا مردووە و تەواو."

ئێدی، بەحەپەساوی، خۆی بۆ دواوە چەماندەوە و بیری

لەو دوادیمەنەی ژیانی باوکی کردەوە: هێنایە پێشچاوی، کە چۆن باوکە بەزەبروزەنگەکەی - کە دەتگوت ئەسپێکی پیری ناو مەیدانی جەنگە - هەوڵی داوە بەچنگەکرە بەو پەنجەرەیەدا هەڵبگەڕێ و بڕوات... ئەی باشە بۆ کوێ دەچوو؟ نیازی چی بوو؟ باشە ناڕوونبوونی کام لەم دووانە بەئازارترە: ژیانی کەسێک، یان مردنەکەی؟

ئێدی لە ڕووبیی پرسی، "تۆ چۆن ئەم هەموو شتانە دەزانی؟"

ڕووبی ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا، "باوکت پارەی ئەوەی پێ نەبوو، ژوورێکی نەخۆشخانەکە بەتەنیا بۆ خۆی بەکرێ بگرێ، پیاوەکەی تەنیشتیشی هەر بە هەمان شێوە."

ڕووبی بۆ ساتێک وەستا، "مەبەستم مێردەکەمە، *ئێمیلی* مێردم."

ئێدی، وەک ئەوەی وشەیەکی یەکتربڕی تەواو کردبێت، چاوەکانی زەق کرد و سەری بە دوادا خست.

"کەواتە تۆ باوکمت بینیوە."

"بەڵێ."

"دایکیشم؟"

"شەوان گوێم لە نرکە و ناڵەی بوو، بەڵام هەرگیز پێکەوە قسەمان نەکرد. دوای مردنی باوکت، سۆراغی خێزانەکەتانم کرد. دوای ئەوەی زانیم باوکت لەکوێ کاری کردووە، لە ناخەوە زۆر ئازارم چەشت، وەک ئەوە وا بوو کەسێکی خۆمم لەدەست دابێ. هەستم کرد ئەو شاری یارییەی بە ناوی منەوە ناو نرابوو، بۆ زۆر کەس بووبوو بە بەڵا. بۆیە

دووبارە خۆزگەم خواستەوە، کە هەر دروست نەکرایە. ئەو خۆزگەیە تا بەهەشتیش لەگەڵم هات، تەنانەت لەو کاتەشدا کە چاوەڕێی تۆم دەکرد."

ئێدی شێواو دەهاتە بەرچاو.

ڕووبی بە دەست ئاماژەی بۆ ئەو تۆزە ڕووناکییە کرد، کە لەناو شاخەکاندا دەسووتا، ئینجا گوتی، "چێشتخانەکەت لەبیرە؟ بۆ لەو شوێنەدا بوو؟ لەبەر ئەوەی من دەمویست بگەڕێمەوە بۆ سەردەمێکی پێشووتری تەمەنی خۆم، ئەو کاتەی ژیانم سادە، بەڵام ئارام بوو. مەبەستیشم بوو هەموو ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بە هۆی ئەو شاری یارییەوە ئازاریان چەشتووە - جا بە هۆی هەر ڕووداوێک، ئاگرێک، شەڕێک، یان کەوتنەخوارەوەی کورسییەکەوە بووبێ - سەلامەت و ئارام بن. دەمویست ئەوانیش، وەک ئێمیلی مێردم بن، گەرم و ئاسوودە و خۆشگوزەران بژین، دوور لە دەریا و لە باوەشی شوێنێکی خۆشدا بحەوێنەوە."

ڕووبی هەستایە سەر پێ و ئێدییش، کە هێشتا هەر بیری لای مردنەکەی باوکی بوو، بەدوایدا هەستا.

ئێدی لەژێر لێوەوە گوتی، "ڕقم لێی بوو."

ڕووبی سەری لەقاند.

"بەمنداڵی، زۆر لەگەڵم خراپ بوو، کە گەورەش بووم، خراپتر بوو."

ڕووبی بەرەو لای ئێدی هەنگاوی نا و بەنەرمی گوتی، "ئێدوارد؟"

ئەوە یەکەم جار بوو ڕووبی، ئێدی بە ناوی تەواوی خۆیەوە بانگ بکات.

"لە منی وەر بگرە! هێشتنەوەی توورەیی لە ناختدا، ژەهرێکی کوشندەیە و ناخت دەخوا. ئێمە وا دەزانین ڕق چەکێکە، کە دەتوانین بۆ هێرشکردنە سەر ئەو کەسە بەکاری بهێنین، کە ئازاری داوین، بەڵام ڕق تیغێکی چەماوەی هەیە، دوای ئەوەی بەرامبەرەکەمان دەبڕێ، دێتەوە و خۆشمان دەبڕێ.

"لێخۆشبوونت هەبێ، ئێدوارد، لێخۆشبوونت هەبێ. ئەو لەشسووکییەت بیرە، کە یەکەم جار هاتیتە بەهەشتەوە هەستت پێ کرد؟"

ئێدی ئەوەی بیر بوو، ئەو کاتەی بیر کەوتەوە کە دەیگوت، "ئازارەکەم بۆ کوێ چوو، چیی لێ هات ئازارەکەم؟"

"ئەوە هۆکارەکەی ئەوەیە، کاتێک لەدایک دەبین، هیچ کەسێکمان توورەیی لە ناخیدا نییە، ئەو کاتەش کە دەمرین، ڕووحمان خاڵی دەبێتەوە لە توورەیی، بەڵام ئێستا لێرە، لە بەهەشت، بۆ ئەوەی بەردەوام ببی، دەبێ بزانی بۆچی پێشتر ئەو هەستانەت بۆ دروست بوون، هەروەها دەبێ بزانی بۆچی ئێدی پێویست ناکا ئەو هەستانە لە ناختدا بهێڵیتەوە.

ڕووبی دەستی خستە سەر دەستی ئێدی، "تۆ دەبێ لە باوکت خۆش ببی."

ئێدی بیری لە ساڵانی دوای مردنی باوکی کردەوە: بیری لەوە کردەوە، کە هیچ شتێکی بەئاسانی بە دەستەوە نەهاتبوو، نەیدەتوانی بۆ هیچ کوێیەک بچێت... بەدرێژاییی ئەو ماوە زۆرە، ئێدی خۆزگەی بە ژیانێک خواستبوو - کە ئەگەر مردنی باوکی و تێکچوونی باری دەروونیی دایکی نەبوونایە

- دەیتوانی بەدەستی بهێنێت. بەدرێژاییی ئەو ساڵانە، ئێدی وەک شتێکی زۆر مەزن بیری لەو ژیانە خەیاڵییە دەکردەوە و لە هەمان کاتیشدا باوکی بە هۆکار دەزانی، کە نەیتوانیبوو لە ژیانیدا تامی ئازادی و هیوا و هەبوونی ئیشێکی باش بکات. هەتا مردیش، لەو ئیشە پیس و قورسە ڕزگاری نەبوو، کە باوکی بەمیراتی بۆی بەجێ هێشتبوو.

ئێدی گوتی، "ئەو کاتەی باوکم مرد، بەشێک لە منیشی لەگەڵ خۆی برد. لەدوای مردنی باوکمەوە، ژیانی منیش چەقی."

ڕووبی سەرێکی با دا. "هۆکاری ئەوەی تۆ تا مردن لەو شاری یارییە مایتەوە، باوکت نییە."

ئێدی سەرێکی هەڵبڕی. "ئەی کەواتە کێیە؟"

ڕووبی دەستێکی بە عەزییەکەیدا هێنا و عەینەکەی لەسەر لووتی ڕێک کردەوە، ئینجا بەدەم دوورکەوتنەوەوە لە ئێدی، گوتی، "هێشتا دوو کەسی تر ماون بیانبینی."

ئێدی هەوڵی دا بڵێت، "بوەستە،" بەڵام بایەکی سارد دەنگەکەی لە قورگی فڕاند و لە چاوتروووکانێکدا هەموو شتێک ڕەش بوو.

ڕووبی ون بوو، بەڵام ئێدی دووبارە لە دەرەوەی کافتریاکە، لەسەر لووتکەی شاخەکە، لە بەفرەکەدا وەستابوو.

ئێدی بۆ ماوەیەکی درێژ بەتەنیا لە بێدەنگییەکەدا مایەوە و جووڵەی نەکرد، تا ئەو کاتەی تێگەیشت ئیتر ژنە بەتەمەنەکە ناگەڕێتەوە بۆ لای، بۆیە لەسەرخۆ بەرەو دەرگای چێشتخانەکە ڕۆیشت و ڕای کێشا. گوێی لە دەنگی

قاپوقاچاخ و ئەو شتانە بوو. بۆنی خۆراکی تازەی بەسەردا هات، بۆنی نان و گۆشت و ساسی جۆراوجۆر. ڕووحی هەموو ئەوانەی لە شاری یارییەکە کۆچیان کردبوو، لەو ناوە بوون و سەریان نابوو بە سەری یەکەوە، دەیانخوارد و دەیانخواردەوە و گفتوگۆیان دەکرد.

ئێدی دەیزانی بۆچی چووەتە ژوورەوە، لەبەر ئەوە، زۆر پەشۆکابوو. بەلای ڕاستدا لای کردەوە، بۆ مێزی سووچەکە، بۆ لای ڕووحی باوکی، کە خەریکی جگەرەکێشان بوو. تەزوویەک بە سەرتاپای جەستەیدا هات. ئێدی بیری لەو ساتە کردەوە، کە ئەو شەوە ئەو باوکە بەتەمەنەی بە پەنجەرەی نەخۆشخانەکەیەکدا شۆڕ بووەتەوە و لە نیوەشەودا بەتەنیا گیانی دەر چووە.

ئێدی بەچرپە بانگی کرد، "باوکە؟"

باوکی گوێی لێ نەبوو. ئێدی نزیکتر بووەوە و گوتی، "باوکە، ئێستا دەزانم چی ڕووی داوە."

ئێدی هەستی کرد خەریکە دەخنکێت. لەتەنیشت مێزەکەوە کەوتە سەر ئەژنۆ و ئەوەندە لە باوکی نزیک بووەوە، کە دەیتوانی لووتە چەماوەکەی، ئاوساویی ژێر چاوە هیلاکەکانی، ئێسقانی دەرپەڕیوی جومگەکانی دەستی، شانە پانەکانی - کە ڕێک هیی کرێکار بوون - لەگەڵ مووەکانی سەر دەموچاوی و سووتووی جگەرەکەی - کە هێشتا بەر نەبووبووەوە - هەموویان لە نزیکەوە ببینێت. ئینجا سەیری قۆڵەکانی خۆی کرد و بینیی لەو جەستەیەدایە، کە پێوەی مردبوو، بۆیە لەو کاتەدا لە باوکی پیرتر دیار بوو. لە ڕاستیدا، ئێدی، لە هەموو ڕوویەکەوە، لە باوکی زیاتر ژیابوو.

"زۆر لێت پەست بووم، باوکە. ڕقم لێت بوو."

فرمێسک لە چاوەکانی ئێدیدا قەتیس مان و سینگی لەزی، وەک ئەوەی شتێکی تێدا بێت و بیەوێت لە ناخیەوە دەر بپەڕێتە دەرەوە.

"لێت دام و لە خۆتت دوور خستمەوە، نەمدەزانی بۆ، ئێستاش نازانم بۆ... بۆچی وات لێ کردم؟ بۆ؟"

ئێدی هەناسەیەکی درێژی بەئازارەوە هەڵکێشا و بەردەوام بوو، "ڕاستە من هیچم نەدەزانی، ڕاستە ئاگام لە ژیانی تۆ نەبوو، ئاگام لەو شتانە نەبوو کە بەسەرت هاتن، تۆم نەناسی، بەڵام تۆ باوکی منی، من ئێستا ئەو شتانە لەبیر دەکەم، باش؟ باش باوکە؟ ئاشت دەبیتەوە لەگەڵم؟"

دەنگی ئێدی کەوتە لەرزین، تا ئەوەی بوو بە شیوەن و بە شێوەیەک بەرز بووەوە، کە ئیتر لە دەنگی ئێدی نەدەچوو.

ئێدی هاواری کرد، "گوێت لێمە، باوکەەەەە؟" ئینجا هێواشتر، "گوێت لێمە... باوکە؟"

ئێدی خۆی چەماندەوە و لە باوکی نزیکتر بووەوە. چاوەکانی کەوتنە سەر دەستە پیسەکانی باوکی و ئینجا بەچرپەیەک ئاشناترین ڕستەی نێوانیانی گۆ کرد، "عەیبی نەما، باوکە!"

ئێدی یەکلەسەریەک بە مێزەکەیدا کێشا و کەوتە سەر زەوییەکە. کاتێک سەری بەرز کردەوە، بینیی ڕووبی بە گەنجی و جوانی بەسەر سەریەوە وەستاوە. هەر لەو ساتەدا ڕووبی سەری داخست و دەرگاکەی کردەوە، پاشان بۆ ناو ئاسمانە پیرۆزەییەکە بەرز بووەوە.

پێنجشەممە، ١١ی بەیانی

ئیدی خزم و کەسی نەبوو، هیچ نووسراوێکیشی لەدوای خۆی بەجێ نەهێشتبوو، کەواتە کێ تێچووی مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەی لە ئەستۆ دەگرت؟ تەرمی ئیدی لە پزیشکی دادوەری مایەوە، جلوبەرگ و کەلوپەلەکانیشی بە هەمان شێوە: کراسەکەی، کە بۆ ئیش لەبەری دەکرد، گۆرەوی و پێڵاوەکانی، کڵاوە خامەکەی، ئەڵقەکەی، سیگارەکانی، ئەو تەلە باریکانەی بۆ دروستکردنی ئاژەڵی گاڵتینە بەکاری دەهێنان، هەموویان لەوێ مانەوە و هەر چاوەڕێی ئەوە بوون یەکێک بێت و وەریان بگرێتەوە.

لە کۆتاییدا، کاک بولۆک، کە خاوەنی شاری یارییەکە بوو، تێچووی مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەی بەو چەکانە دا، کە لە داهاتوودا مووچەی خانەنشینییەکەی ئیدییان پێ وەر دەگیرا، بەڵام ئیتر جارێکی تر نەدەکران بە کاش! تابووتەکەی ئیدی تەختە بوو، کەنیسەکەش بەپێی نزیکی هەڵبژێردرابوو - نزیکیی لە شاری یارییەکەوە - لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەوانەی لە مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەدا ئامادە دەبوون، کارمەندی شاری یارییەکە بوون و دەبوو زوو بگەڕێنەوە سەر ئیشەکانیان.

چەند خولەکێک پێش ئەوەی مەراسیمەکە دەست پێ بکات، قەشەکە داوای لە دۆمینگێز - کە قەمسەڵەیەکی شین و پانتۆڵێکی ڕەشی تازەی لەبەردا بوو - کرد بچێت بۆ لای بۆ ژوورەکەی خۆی.

قەشەکە لە دۆمینگێزی پرسی، "وەک بیستوومە لەگەڵ خوالێخۆشبوو پێکەوە ئیشتان کردووە، دەتوانی هەندێک لە سیفاتە باشەکانیم پێ بڵێی؟"

دۆمینگێز زۆر کەیفی بە قەشە و شتی وا نەدەهات. تفێکی قووت دا و بە دەموچاوێکی جیددیەوە پەنجەکانی کرد بەناو یەکدا، وەک بڵێی پێویست بێت بیر لە پرسیارەکە بکاتەوە، ئینجا بە هێمنییەکەوە - کە پێی وا بوو هەرکەسێک لەو بار و شوێنەدا بێت، دەبێت بەو هێمنییە قسە بکات - گوتی، "ئێدی ژنەکەی خۆی زۆر زۆر خۆش دەویست."

دۆمینگێز پەنجەکانی لەیەک دەر هێنانەوە و بەخێرایی ئەمەی بۆ ڕستەکەی زیاد کرد، "هەرچەندە من ژنەکەشیم نەناسیوە."

چوارەم کەس، کە ئێدی لە بەهەشت دەیبینێت

ئێدی چەند جارێک چاوەکانی تروووکاند و بینیی کەوتووەتە ژوورێکی بازنەییی بچووکەوە. شاخەکان و ئاسمانە پیرۆزەییەکە نەمابوون. سەقفی ژوورەکە ئەوەندە نزم بوو، ئێدی خەریک بوو سەری بەری دەکەوت. ژوورەکە قاوەییەکی کاڵ بوو، جگە لە کورسییەکی ستوولی* تەختە و ئاوێنەیەکی هێلکەییش لەسەر دیوارەکە، هیچی تری تێدا نەبوو.

ئێدی چووە بەر ئاوێنەکە، بەڵام ڕوخساری دەر نەچووەوە، تەنیا ئەمبەری ژوورەکە لە ئاوێنەکەدا دەر کەوت و لە کاتێکیشدا ئێدی لە ئاوێنەکەوە سەیری دەکرد، ڕیزێک دەرگای لەسەر دروست بوو. ئێدی لای کردەوە و کۆکی.

دەنگی کۆکەکە ڕای چڵەکاند، وەک ئەوەی کۆکەی کەسێکی تر بووبێت. ئێدی دووبارە کۆکییەوە، بەڵام ئەم جارە زۆر بەتوندی، بە شێوەیەک، جەستەی کەوتە لەرزە، وەک ئەوەی پێویست بێت دووبارە شتەکانی ناو سینگی بچنەوە جێی خۆیان.

ئێدی لە خۆی پرسی، "ئەرێ باشە من کەی تووشی

---

* کورسیی ستوول: کورسییەکی بەرزی بێپشتە.

ئەم كوكەيە بووم؟" ئینجا دەستی لە پێستی جەستەی خۆی دا، كە بە بەراورد بەو كاتەی لەگەڵ ڕووبیدا بوو، پیرتر و تەنكتر و وشكتر بووبوو. ئەو كاتەی ئێدی لەگەڵ كاپتنەكەدا بوو، ناوقەدی، وەك لاستیكێكی كشاو، توند و پتەو بوو، بەڵام ئێستا ناوقەدیشی لەژێر كاریگەریی پیریدا چینچین چووبووە سەر یەك.

پێشتر ڕووبی گوتبووی، كە دوو كەسی تر ماون ئێدی بیانبینێت. ئێ باشە دوای بینینی ئەو دوو كەسە، چیی تر هەیە ڕوو بدات؟ بەشی خوارەوەی پشتی ئێدی، سووكەئازارێكی تێ گەڕا، جگە لەوەش، وردەوردە قاچە پێكراوەكەی گرژتر دەبوو. دواجار، ئێدی تێگەیشت كە ئەو شتەی بەسەردا دەهات، كە لەگەڵ هەر قۆناغێكی نوێی بەهەشتدا بەسەری دەهات، ئەویش لاوازبوون و لەبەریەكهەڵوەشانی جەستەی بوو.

ئێدی لە یەكێك لە دەرگاكان نزیك بووەوە و بە پاڵێك كردیەوە. لەناكاو، خۆی لە دەرەوە، لە حەوشەی ماڵێكدا بینییەوە، كە هەرگیز پێشتر نەیبینیبوو. ئێدی شوێنەكەی نەدەناسییەوە، بەڵام دەیزانی كەتووەتە ناوەڕاستی كۆمەڵێك خەڵكەوە - كە لەوە دەچوو بۆ زەماوەندێك كۆ بووبێتنەوە. میوانەكان چیمەنەكەیان پڕ كردبوو، هەمووش قاپی زیوییان بە دەستەوە بوو. لە لایەكی حەوشەكەوە دەروازەیەك هەبوو، كە بە گوڵی سوور و قەدی دارچنار داپۆشرابوو. لە لایەكەی تریشەوە، لەتەنیشت ئێدی، ئەو دەرگایە هەبوو كە ئێدی لێوەی هاتبووە ئەمدیو. بووكەكە، بووكێكی گەنج و جوان بوو، لە ناوەڕاستی میوانەكاندا وەستابوو، خەریك بوو تەوقەیەكی

بچووکی ئاسنی لە قژی، کە ڕەنگی وەک ڕەنگی کەرە وا بوو، دەکردەوە. زاواکە زۆر لاواز بوو. قاپووتێکی ڕەشی بۆنە و ئاهەنگی لەبەردا بوو، شمشێرێکیشی بە دەستەوە بوو. ئەلقەیەکی هاوسەرگیریی بە دەسکی شمشێرەکەوە کرابوو. دواجار، زاوا شمێرەکەی ڕووەو بووکی لار کردەوە و ئەلقەکە خل بووەوە و گەیشتە بووکی. لەم کاتەدا میوانەکان کەوتنە هاوارهاوار و خۆشیدەربڕین. ئێدی گوێی لە دەنگیان بوو، بەلام لە زمانەکە تێنەدەگەیشت. لە ئەلمانی و سویدی و شتی وا دەچوو.

ئێدی دووبارە کۆکییەوە. خەلکەکە سەرێکیان بۆ هەلبڕی. زەردەخەنەیەک لەسەر دەموچاوی هەموویان بوو. ئەمە ئێدیی ترساند، بۆیە بەپەلە ئاوڕی دایەوە و خۆی کردەوە بەو دەرگایەدا، کە لێوەی هاتبوو، بەو هیوایەش، بوو لێوەی بگەڕێتەوە بۆ ژووره بازنەییەکە، بەلام کە لە دەرگاکە چوو بەودیودا، بینیی کەوتووەتە ناو ئاهەنگێکی ترەوە، بەلام ئەم جارەیان ئاهەنگەکە لە ژوورەوە ساز کرابوو، نەک لە دەرەوە. شوێنەکە هۆلێکی گەورە بوو، خەلکەکەش لە ئیسپانی دەچوون. بووکەکە گولی دارپرتەقالی کردبوو بە قژیەوە و بەنۆره لای ئەم میوانەوە دەچوو بۆ لای ئەو میوان و سەمای لەگەل دەکردن، هەر میوانێکیش پریاسکەیەک پارەی وردەی دەدایە دەست بووکی.

ئێدی دووبارە کۆکی - بەدەست خۆی نەبوو - کاتێکیش هەندێک لە میوانەکان سەریان هەلبڕی و سەیریان کرد، ئێدی دووبارە خۆی بە دەرگاکەدا کردەوە و چووە ناو ئاهەنگێکی ترەوە، کە وای بۆ دەچوو ئاهەنگی خەلکی ئەفەریقا بێت. لە

ئاهەنگەکەدا، ئامادەبووان شەرابیان دەڕشتە سەر زەوییەک و بووک و زاوا دەستی یەکتریان دەگرت و بەسەر گسکێکی کلکریژدا بازیان دەدا. ئیدی ئەویشی بەجێ هێشت و ئەم جارە چووە ناو بۆنەیەکی چینییەکانەوە، کە تیایدا یاریی ئاگرینی بچووک لە بەردەم ئامادەبووە کەیفخۆشەکاندا هەلکرابوون. دوای ئەم ئاهەنگەش، ئیدی خۆی بە دەرگایەکی تردا کرد بۆ ئاهەنگێکی تر - کە بەوەدا، بووک و زاوا هەردووکیان پێکەوە لە پەرداخێکی دوودەسکیدا دەیانخواردەوە، دەشێت فەرەنسی بووبێت.

ئیدی لە دلی خۆیدا گوتی، "بلێی ئەم بەزمە چەندی تر بخایەنی؟" لە هیچکام لە ئاهەنگەکاندا، هیچ شتێکی وا لەو دەوروبەرە نەدەبینرا، کە پێت بلێت ئەو میوانانە چۆن هاتوون بۆ ئەو ئاهەنگە: نە سەیارەیەکی لێ بوو، نە پاسێک، نە ئەسپ و عەرەبانەیەک، نە هیچ. لەوە نەدەچوو کەس نیازی ڕۆیشتنی هەبێت. میوانەکان بەو ناوەدا بلاو بووبوونەوە، ئیدییش وەک یەکێک لە ئەوان دەر دەکەوت. ئامادەبووان زەردەخەنەیان بۆ دەکرد، بەلام کەسیان لەگەلی نەدەدوان، هەر وەک ئەو ئاهەنگانەی لەسەر زەوی، ئیدی بۆیان چووبوو. بە بڕوای ئیدی، ئاهەنگەکان هەمیشە پڕ بوون لە ساتی شەرمەزارکەر، بۆ نموونە، وەک ئەو ساتەی داوا لە ژن و مێردانی ئامادەبوو دەکرا بەشداریی سەمای بووک و زاواکە بکەن و ئەوانیش بکەونە سەما، یان یارمەتیی زاوا بدەن و بووکی بە کورسییەکەیەوە بەرز بکەنەوە. لەوە دەچوو لەو ساتانەدا قاچە شەلەکەی ئیدی بدرەوشێتەوە و سەرنجی هەمووان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بە جۆرێک،

ئێدی وای هەست دەکرد لەوسەری هۆڵەکەوە خەڵک سەیری قاچی ئەو دەکەن.

لەبەر ئەم هۆکارەش، ئێدی بۆ زۆر بۆنە و ئاهەنگ نەدەچوو، کە دەشچوو، زۆر جار هەر لە گەراجەکە دەمایەوە و نەدەچووە ژوورەوە. لەوێ، بۆخۆی جگەرەیەکی دەکێشا و چاوەڕێی دەکرد کاتەکە بڕوات. ئەوەی باش بوو، بۆ ماوەی چەندین ساڵ هیچ ئاهەنگێک نەبوو پێویست بکات ئێدی بەشداریی تێدا بکات، ئەوە نەبێت کە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا، کاتێک هەندێک لە هاوپیشەکانی گەورە بوون و هاوسەرگیرییان کرد، ئێدی دووبارە قاتە ڕەشەکەی لە کەنتورەکە دەر هێنایەوە - کە ئێستا ڕەنگەکەی کاڵ بووبووەوە - لەگەڵ کراسە کەشخەکەی - کە ئەویش ئێستا ئێخەکەی لە ملی توند دەبوو - لەبەری کردنەوە. لەو قۆناغەی ژیانیدا، ئێسکەکانی قاچی ئێدی، کە کاتی خۆی شکابوون، دەر پەڕیبوون و شێوەیان تێک چووبوو. نەخۆشیی هەوکردنی جومگەکانیش، بەتەواوی بڕستی لە ئەژنۆی بڕیبوو، لەبەر ئەوە، زۆر بەخراپی دەشەلی و ئەمەش وای کردبوو لە هەموو ئەو چالاکییانە ببەخشرێت، کە لە ئاهەنگەکاندا دەکران، وەک سەماکردن و مەراسیمی مۆمهەڵکردن و ئەو شتانە. ئێدی، دوای ئەوەی گەیشتبووە ئەو تەمەنە، ئیتر وەک *پیرەمێردێکی* تەنیا و دوورەپەرێز بانگهێشت دەکرا و تەماشا دەکرا، بۆیە کەس چاوەڕێی ئەوەی لێ نەدەکرد بەشداریی زۆر چالاکی بکات، تاکە شتێک لێی چاوەڕێ دەکرا، ئەوە بوو کاتێک وێنەگرەکە دێتە سەر مێزەکەی ئەوان، زەردەخەنەیەک بۆ کامێراکە بکات و تەواو.

ئێستا و لەم شوێنەدا لە بەهەشت، ئێدی بە خۆی و کراسی ئێشەکەیەوە لەم ئاهەنگەوە دەچوو بۆ ئەو ئاهەنگ، لەم زەمانەوە دەچوو بۆ ئەو زەمان، لەم کێک و لەم گۆرانییەوە دەچوو بۆ ئەو کێک و ئەو گۆرانی. لەو ئاهەنگانەدا، لێکچوونی شتەکان سەرنجی ئێدیی ڕادەکێشا، چونکە ئێدی پێشتریش هەر وا بیری لێ کردبووەوە، کە زەماوەندەکانی زەوی و بەهەشت جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتردا نەبێت، بەڵام ئەوەی سەری لێ دەر نەدەکرد، ئەوە بوو کە ئایا ئەم ئاهەنگانە چ پەیوەندییەکیان بە ئەوەوە هەبوو.

ئێدی یەک جاری تریش هەنگاوی بەناو دەرگاکەدا نا و ئەم جارەیان لە شوێنێکدا - کە لە گوندێکی ئیتالی دەچوو - خۆی لە ئاهەنگێکی تردا بینییەوە. لاپاڵی گردەکانی ئەو دەوروبەرە، هەموو ڕەزی گەورە بوون و چەندین خانووش، کە بە بەردی حەڵلان دروست کرابوون، بەو ناوەدا بڵاو بووبوونەوە. زۆربەی ئامادەبووە پیاوەکان قژێکی ڕەش و پڕیان هەبوو، کە بەتەڕی بۆ دواوە هەڵیان دابووەوە، ژنەکانیش چاوڕەش و دەموچاودرشت بوون. ئێدی پاڵی دا بە دیوارێکەوە و سەیری بووک و زاواکەی کرد - کە بە مشارێکی دوودەسکی خەریک بوون مووڕەدارێکیان دەبڕییەوە. مۆسیقا و گۆرانی ئێشی دەکرد، فلووتژەن و کەمانچەژەن و گیتارژەنەکان مۆسیقایان دەژەنی و میوانەکانیش بەرز دەبوونەوە و شێتانە سەمایان دەکرد. ئێدی چاوەکانی گواستەوە بۆ سەر کۆتاییی جانجاڵییەکەی ئەوی، یەکێک لە کچەیارمەتیدەرەکانی بووکی بە عەزییەکی مۆری کاڵ و کڵاوێکی پانی حەسیرییەوە بەناو میوانەکاندا

دەهات و دەچوو. کچەکە سەبەتەیەکی بە دەستەوە بوو، کە نوقلی هێلکەچۆلەکەبەبادەمی تێدا بوو. لە دوورەوە، کچەکە بیست سالان دەهاتە بەرچاو.

کچە بەدەم بەخشینەوەی نوقڵەکانیەوە، بە زمانی ئیتالی و لە شێوەی پرسیاردا دەیگوت، "لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکاندا*؟ لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکاندا؟... لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکاندا؟..."

ئێدی، بە بیستنی دەنگی کچەکە، جەستەی کەوتە لەرزین و ئارەقەی کردەوە. شتێک لە ناوەوە پێی گوت ڕابکات، بەلام شتێکی تر قاچەکانی بە زەوییەکەوە نووساند. کچەکە نزیکتر بووەوە و چاوەکانی لەژێر کلاوەکەیەوە - کە هەمووی بە گوڵی وردی دەستکرد داپۆشرابوو - ڕۆیشتن و کەوتنە سەر ئێدی.

کچەکە بە زەردەخەنەیەکەوە سەبەتە نوقولەکەی بەرز کردەوە و سەرەتا بە ئیتالی و دواتر بە ئینگلیزی پرسییەوە، "لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکاندا؟"

قژە ڕەشەکەی کچەکە هاتە خوارەوە بۆ سەر چاوێکی و دڵی ئێدی خەریک بوو ببێت بە ئاو. ساتێکی ویست، تا لێوەکانی ئێدی لە یەکتری جیا بوونەوە، ساتێکی تریشی ویست، تا ئەو دەنگەی لە قوولاییی قوڕگیدا دروست بووبوو وردەوردە سەر کەوتە سەرەوە. پاش ساتێک، دەنگەکە یەکەم پیتی ناوێکی لێ دروست بوو، ئەویش ئەو تاقە ناوە بوو، کە ئێدی هەرکاتێک گۆی بکردایە، ئەم هەستە سەیرەی بۆ

---

* بە زمانی ئیتالی (Per l'amaro e il dolce) بە زمانی ئینگلیزی دەبێت بە (For the sweet and the bitter).

دروست دەکرد. دواجار، ئیدی کەوتە سەر ئەژنۆ و بەچرپە گوتی، "مارگرێت!"

مارگرێت وەڵامی دایەوە، "لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکاندا."

ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونی ئێدییە

ئێدی و براکەی لە وەرشەکە دانیشتوون.

جۆ دریلێکی بە دەستەوەیە. بەرزی دەکاتەوە و بەشانازییەوە دەڵێت، "ئەمە تازەترین مۆدێلیەتی."

جۆ قاپووتێکی وەرزشیی قوماش چوارگۆشەچوارگۆشەی لەبەردایە و جووتێك پێڵاوی قەیتانداری ڕەش و سپیشی لەپێیە. ئێدی پێی وایە براکەی زۆر کەشخەیە - کەشخەش واتا فریودەر. جۆ ئێستا لە کۆمپانیایەکی دروستکردنی کەلوپەلی بیناسازی کار دەکات، ئێدیی براشی چەندین ساڵە هەر لە هەمان شوێنە و هەمان جلی لەبەردایە، ئی ئیتر چی بزانێت؟

جۆ دەڵێت، "سەیرێکی ئەمە بکە. بەم پاترییە ئیش دەکا."

ئێدی پاترییەکە لەنێوان پەنجەکانیدا دەگرێت، شتێکی بچووکە و لە نیکڵ دروست کراوە. بۆ ئێدی قورسە باوەڕ بە شتێکی وا بکات.

جۆ دریلەکە دەداتە دەست ئێدی و دەڵێت، "هەڵی بکە."

ئێدی دەست دەنێت بە دوگمەی هەڵکردنەکەدا. دەنگێکی گەورە لە دریلەکەوە دێت.

جۆ هاوار دەکات، "نایابە، ها!"

ئەو بەیانییە، جۆ بڕی مووچە نوێیەکەی خۆی بە ئێدی گوتبوو، کە سێ ئەوەندەی ئەوە بوو، کە ئێدی دەستی دەکەوت، کەچی هێشتا جۆ پیرۆزبایی لە ئێدی دەکرد بۆ بەرزبوونەوەی پلەکەی بۆلێنیرسراوی *چاودێرانی شاری یاریی ڕووبی* - ئیشە کۆنەکەی باوکی. ئەو کاتەی جۆ ئەو پیرۆزباییەی لە ئێدی کردبوو، ئێدی ویستبووی وەڵامی بداتەوە و بڵێت، "ئەگەر پێت وایە ئیشەکەم ئەوەندە باشە، بۆ تۆ نایەیتە جێی من و من بێمە جێی تۆ؟" بەڵام دەمی خۆی گرتبوو. ئێدی هیچکام لەو شتانەی نەدەدرکاند، کە لە قووڵایی ناخیدا هەستی پێ دەکردن.

"سڵاو! کەسی لێیە؟"

مارگریت لەناو دەرگاکەدا وەستاوە و چەند بلیتێکی پرتەقاڵیی بە دەستەوەیە. بلیتەکان لەسەر کاغەزێک، کە لەسەر شێوەی شریتی سینەمادایە، چاپ کراون. چاوەکانی ئێدی، وەك هەمیشە، دەڕۆنە سەر دەموچاوی مارگریت، سەر پێستە زەیتوونییەکەی و چاوە قاوەییە تۆخەکانی. ئەو هاوینە، مارگریت وەك بلیتبڕ ئیشێکی لە شاری یارییەکە دەست کەوتووە و ئەو بەرگەشی لەبەر کردووە، کە کارمەندەکانی ئەوێ لەبەری دەکەن: کراسێکی سپی، هێلەگێکی سوور، سترێچێکی ڕەش و بێرییەکی سوور، لەخوار ئێخەکەشیەوە، ناوەکەی لەسەر پارچەقوماشێکی بچووك نووسراوە. بینینی ئەو پارچەقوماشە و ناوی مارگریت لەسەری، ئێدی تووڕە دەکات، بەتایبەت لە بەردەمی برا سەرکەوتووەکەیدا.

جۆ بە ئێدی دەڵێت، "دریلەکەی پیشان بدە." ئینجا

ڕووەو مارگریت خۆی وەر دەگێڕیت و دەڵێت، "بە پاتری نیش دەکا."

ئێدی دەست دەخاتەوە سەر دوگمەی هەڵکردنی درێلەکە. مارگریت گوێی خۆی دەگریت و دەڵێت، "دەنگی لە دەنگی پرخەی تۆ بەرزترە."

جۆ بەپێکەنینەوە هاوار دەکات، "ها هاااای! چاك دەماری گرتی."

ئێدی بەشەرمەزارییەوە سەر دادەخات، پاش کەمێك دەبینێت ژنەکەی زەردەخەنە گرتوویەتی.

مارگریت ڕوو دەکاتە ئێدی و دەڵێت، "دەتوانی تا دەرەوە بێی؟"

ئێدی درێلەکە بەرز دەکاتەوە، "ئیشم هەیە."

"هەر یەك دەقە."

ئێدی بەهێواشی هەڵدەستێتە سەر پێ و بەدوای مارگریتدا دەچێتە دەرەوە. قاچ دەخاتە ئەودیو دەرگاکە و تیشکەکانی خۆر دەیدەن بەسەر دەموچاویدا.

لەو ساتەدا، گروپێك منداڵ بەکۆرس دەڵێن، "هەمووو ساڵێکی بەخۆشییی، کاك ئێدییی."

ئێدی وەڵامیان دەداتەوە، "دەبێ، دەبێ، بەخۆشی دەبێ."

مارگریت هاوار دەکات، "دەی منداڵینە، مۆمەکان بخەنە سەر کێکەکە."

منداڵەکان بەڕاکردن دەڕۆن بۆ لای ئەو کێکە ڤانێلایەی لەو نزیکانە لەسەر مێزێك دانراوە. مارگریت خۆی لە ئێدی نزیك دەکاتەوە و بەچرپە دەڵێت، "بەڵێنم بە منداڵەکان داوە، هەر سیوهەشت مۆمەکەیان بە یەك فوو بۆ بکوژێنیتەوە."

ئێدی لە لووتیەوە هەناسەیەك دەكاتە دەرەوە و تەماشای هاوسەرەكەی دەكات، كە خەریكە ڕێكخستنی منداڵەكانە لە دەوری كێكەكە. ئێدی هەر كاتێك مارگرێتی لەگەڵدایە و منداڵیان لەدەورەن، زۆر دڵی خۆش دەبێت بەو پەیوەندییە نزیكەی مارگرێت بەزوویی لەگەڵ منداڵەكاندا دروستی دەكات، بەڵام زۆریش بەو ڕاستییە دڵتەنگ دەبێت، كە مارگرێت خۆی ناتوانێت منداڵی ببێت. پزیشكێك دەیگوت، گوایە هۆكار ئەوە بووە، مارگرێت زۆر كەسێكی قەلەق و نیگەران بووە. یەكێكی تر دەیگوت، زۆر چاوەڕێی كردووە و دەبووایە لە بیستوپێنج ساڵیدا منداڵی دروست بكردایە. شتەكە بەم شێوەیە بەردەوام بوو، تا وای لێ هات پارەیان پێ نەما بیخەنە چنگی پزیشكەكانەوە. ئیتر نسیبەكە هەر ئەوەندە بوو.

نزیكەی ساڵێكە، مارگرێت بیرۆكەی ئەوە هاتووەتە مێشكیەوە منداڵێك بگرنە خۆیان. ڕۆژێك چوو لە كتێبخانەیەك هەندێك گۆڤار و كاغەز و شتی وای هێنا. ئێدی پێی گوت كە خۆشی و ئەویش لەوە بەتەمەنترن منداڵ بگرنە خۆیان، بەڵام مارگرێت وەڵامی دایەوە، "ئەوە بەتەمەنترین چییە؟ منداڵ كەی ئەو شتانە دەزانێ!"

ئێدی دانی پێدا نا، كە خۆشی بیری لە هەمان شت كردبووەوە.

مارگرێت، كە ئێستا گەیشتووەتە تەنیشت كێكە فانیلاكە، بە دەنگێكی بەرز دەڵێت، "زۆر باشە. دەی كاك ئێدی، مۆمەكان بكوژێنەرەوە... بوەستە، یەك دەقە!"

مارگرێت دەستێك لە جانتاكەیدا دەگێڕێت و كامێرایەك

دەر دەهێنێت، کە فلاشێکی خڕی پێوەیە.

"کوڕی باش، با ڕەسمێکت بگرم بەم کامێرا پۆلارۆیدە*".

مارگریت لە چاوی کامێراکەوە چێوەی وێنەکە ڕێک دەخات: ئێدی لەپشت کێکەکەوە، منداڵەکان بەدەوریدا بەچڕی خڕ بوونەتەوە و بەشەوقەوە سەیری ئەو سیوهەشت بڵێسە بچووکە دەکەن، کە لە بەردەمیاندا سەما دەکەن. یەکێک لە منداڵەکان دەستێک بە کەلەکەی ئێدیدا دەکێشێت و دەڵێت، "هەموویان بە یەک فوو بکوژێنەوە، باش؟"

ئێدی سەیری کێکەکە دەکات، کە ڕووی سەرەوەی تێک چووە و کریمەکەی سەریشی هەمووی جێپەنجەی بچووک بچووکە. ئینجا وەڵام دەداتەوە و دەڵێت، "هیچ خەمت نەبێ" بەڵام چاوی لە چاوی مارگریت بڕیوە.

---

* پۆلارۆید: مارکەیەکی کۆنی کامێرایە.

ئیدی چاوی بڕییە چاوەکانی مارگریتی گەنج و جوان و گوتی، "ئەوە تۆی!"

مارگریت سەبەتە نوقڵەکەی داگرت و بەخەمبارییەوە زەردەخەنەیەکی کرد. خۆر خەریک بوو لەپشت قردیلەیەک هەوری سپییەوە دەتوایەوە، بەڵام سەماکە، کە سەمای ئیتاڵی بوو، تا دەهات، لەپشت ئیدی و مارگریتەوە گەرمتر دەبوو.

ئیدی دووبارە گوتیەوە، "ئەوە تۆی!"

سەماکەران دەیانکێشا بە تەمبوورەکاندا و هاواریان دەکرد.

مارگریت دەستی بۆ ئیدی ڕاکێشا. ئیدی خۆنەویستانە، خێرا دەستی مارگریتی گرت، وەک ئەوەی دەستی بردبێت شتێک بگرێتەوە. پەنجەکانی ئیدی و مارگریت بەیەک گەیشتن. ئیدی هەرگیز هەستێکی وا گەرموگوڕی بۆ دروست نەبووبوو. بە شێوەیەک هەستی بە دەستی مارگریت دەکرد، دەتگوت ئێستا پێستی دەستی، بە پێستی دەستی مارگریتەوە دەنووسێت، پێستێک، کە زۆر نەرم و گەرم بوو، تا ڕادەیەکیش ختووکەی ئیدیی دەدا.

مارگریتیش لەتەنیشت ئیدییەوە کەوتە سەر ئەژنۆ. ئینجا بەچرپە گوتی، "بەڵێ، منم، خۆمم!"

هاوارێکی تر لە سەماکەرانەوە بەرز بووەوە.

ئێدی لەبەر خۆیەوە گوتی، "ئەوە تۆی! تۆی! تۆی." ئینجا سەری خستە سەر شانی مارگرێت و بۆ یەکەمین جار لەدوای مردنی، دەستی کرد بە گریان.

ئاهەنگەکەی ئێدی و مارگرێت لە شەوی سەری ساڵدا و لە ڕێستورانتێکی چینیی تاریک بە ناوی *سامی مۆنگ* ساز کرا. خاوەنی ڕێستورانتەکە، کە ناوی *سامی* بوو، ڕازی بووبوو بۆ ئەو شەوە ڕێستورانتەکەی بەکری بدا بە ئێدی، بەو هیوایەی ئیتر لەوەودوا خەڵکی تریش بۆنەکانیان بهێننە ئەوێ. ئێدی، هەموو ئەو پارەیەی لە پارەی خزمەتی سەربازی بۆی مابووەوە، لە ئاهەنگەکەدا خەرج کرد. خۆراک و خواردنەوەی ئاهەنگەکە، مریشکی برژاو و سەوزەواتی چینی و شەرابی پورتوگالی بوو، کابرایەکیش ئۆکوردیۆنی دەژەند. ئەو کورسییانەی لەوێ بوون، هەم بۆ دانیشتنی میوانەکان و هەم بۆ خواردنی نانی ئێوارەش بەکار دەهاتن، بۆیە هەر کە بووک و زاوا سوێندیان خوارد و بەفەرمی بوون بە ژن و مێرد، شاگردەکان خێرا داوایان لە میوانەکان کرد هەستن بۆ ئەوەی کورسییەکان بەرنەوە خوارەوە بۆ پاڵ مێزەکان. ئەو کابرایەی ئۆکوردیۆنەکەی دەژەند، لەسەر کورسییەکی ستووڵ دانیشتبوو. ساڵانێک دوای ئاهەنگەکە، جارجار مارگرێت هەر بۆ پێکەنین دەیگوت، تاکە شتێک کە لە ئاهەنگەکەیاندا کەم بووە، "یاریی دومبەڵە" بووە.

کاتێک نان خورا و هەندێک دیاریی بچووک پێشکەش کران، دواپێک بە خۆشیی بووک و زاواوە هەڵدرا، ئۆکوردیۆنژەنەکەش ئۆکوردیۆنەکەی خستەوە ناو جانتاکەی. ئێدی و مارگرێت لە

دەرگای پێشەوەوە ڕۆیشتن. باران نمەنمە دەباری، بارانێکی تۆزێک سارد، بەڵام بووک و زاواکە بەپێی ڕۆیشتنەوە بۆماڵەوە، چونکە ماڵەکەیان هەمووی چەند گەڕەکێک لە ڕێستورانتەکەوە دوور بوو. مارگرێت بلووزێکی پەمەیی ئەستووری هەر بەسەر عەزیی بووکێنییەکەیدا لەبەر کردبوو، ئێدییش چاکەتی قاتە سپییەکەی و کراسێکی لەبەردا بوو، کە لە ملی توند بووبوو. بووک و زاوا بەجووتە دەستی یەکترییان گرتبوو و بەسەر شەقامەکەدا، کە ئەمبەر و ئەوبەری هەمووی گڵۆپ بوو، دەڕۆیشتن. هەموو ئەو شتانەی لە دەوریان بوون، وا دەر دەکەوتن تا سەرەوە بە قوپچە داخرابن.

خەڵک دەڵێن گوایە خۆشەویستی "دەدۆزنەوە،" وەک ئەوەی خۆشەویستی شتێک بێت و لەبن بەردێکدا شاردرابێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا خۆشەویستی زۆر شێوەی جیاواز وەر دەگرێت و بۆ هیچ ژن و پیاوێکیش هەمان شت و لە هەمان شێوەدا دەر ناکەوێت. بۆیە ئەوەی دەدۆزرێتەوە، خۆشەویستییەکی دیاریکراوە لەگەڵ کەسێکی دیاریکراو. ئێدی ئەو خۆشەویستییە دیاریکراوەی لەگەڵ مارگرێت پێکەوە نا، خۆشەویستییەکی پڕ لە سوپاسگوزارییەکی قووڵ، بەڵام بێدەنگ، خۆشەویستییەک، کە ئێدی دەیزانی هیچ شتێک ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە. بۆیە هەر ڕاستەوخۆ دوای مردنی مارگرێت، ڕۆژەکانی ئێدی تۆزیان لەسەر نیشت و دڵیشی خەوی لێ کەوت.

بەڵام ئێستا دووبارە مارگرێت گەڕابووەوە و وەک ڕۆژی ئاهەنگەکەیان گەنج و جوان بوو.

مارگریت گوتی، "لەگەڵم وەرە."

ئیدی هەوڵی دا هەستێت، بەڵام ئەژنۆی لەگەڵی نەهات. مارگریت زۆر بەئاسانی هەڵی ستاند و بەدەم سەیرکردنی جیرینە کالبووەوەکەی سەر ئەژنۆیەوە، پێی گوت، "قاچت..."

ئینجا سەری هەڵبڕی و دەستێکی درێژ کرد بۆ ئەو چەپکە قژەی بەپشت گوێیەکانی ئیدییەوە بوو، پاشان بەزەردەخەنەوە گوتی، "ئەوە خۆ سپی بووە!"

ئیدی هەرچەندەی کرد، زمانی نەگەڕا، بۆیە جگە لە نۆڕین لە مارگریت، شتێکی تری پێ نەکرا. مارگریت بەتەواوی بەو شێوەیە بوو، کە ئیدی لە خەیاڵی خۆیدا هەڵی گرتبوو، لە ڕاستیدا لەوە جوانتر بوو، چونکە دواشێوەی مارگریت کە ئیدی بیری مابوو، شێوەی ژنێکی بەتەمەنی داماو بوو. ئیدی بەبێدەنگی لەتەنیشت مارگریتەوە وەستا، تا ئەو کاتەی چاوە قاوەییە تۆخەکانی مارگریت بچووک بوونەوە و لێوەکانی بەپێکەنینەوە ئەم وشانەیان لەسەر خزا، "ئیدی، هەر وا زوو شێوەمت بیر چووەوە؟"

ئیدی تفێکی قووت دا، "هیچ کاتێک شێوەتم بیر نەچۆتەوە."

مارگریت بەنەرمی دەستێکی لە دەموچاوی ئیدی دا و گەرمییەکەی بە جەستەیدا بڵاو کردەوە، ئینجا هەر بە دەست ئاماژەی بۆ گوندە ئیتاڵییەکە و سەماکەرەکانی ناو ئاهەنگەکە کرد.

مارگریت بەدڵخۆشییەوە گوتی، "ئەم دەوروبەرە هەمووی زەماوەندە! من خۆم ئەمەم هەڵبژارد، بەهەشتێکم لە ئاهەنگی هاوسەرگیری دەویست، ئاهەنگ لەپشت هەموو دەرگاکانەوە. ئیدی گیان، هەمووی هەر یەک شتن و ناگۆڕێن، بۆ نموونە،

کاتێک زاوا تاراکەی سەر ڕووی بووکی لا دەدات، کاتێک بووکەکە داوای زاواکە قبول دەکات و دەست دەبات زاوا ئەلقەکە بکاتە پەنجەی، یان ئەو ئەگەرانەی لە چاوەکانیاندا دەخوێندرێنەوە... هەموو ئەمانە، لە هەموو دونیادا وەک یەکن. بووک و زاواکەش هەردووکیان بەڕاستی پێیان وایە کە خۆشەویستییەکەیان و هاوسەرگیرییەکەیان هەموو ڕیکۆردەکان دەشکێنێ."

مارگرێت زەردەخەنەیەکی کرد و لە ئێدیی پرسی، "تۆ پێت وایە ئاهەنگەکەی ئێمەش ئەوانەی تێدا بووبێ؟"

ئێدی نەیزانی چۆن وەڵام بداتەوە، بۆیە تەنیا پێی کرا بڵێت، "ئەوەی ئێمە ئۆکۆردیۆنژەنێکی تێدا بوو."

ئێدی و مارگرێت بەپێی ئاهەنگەکەیان بەجێ هێشت و بە ڕێگەیەکی چەودا دوور کەوتنەوە. دەنگی مۆسیقا و گۆرانییەکان کەوتنە باکگراوندی قسەکانیانەوە. ئێدی ویستی هەموو ئەو شتانە بۆ مارگرێت باس بکات، کە بینیبوونی، هەموو ئەو شتانەی ڕوویان دابوو، هەروەها دەشیویست چەندین پرسیار لەسەر هەموو شتە گەورە و بچووکەکان لە مارگرێت بکات. ئێدی لە ناخیدا هەستی بە لەرزینێک کرد، دیسان هەمان ئەو قەلەقی و نیگەرانییەی بۆ گەڕابووەوە، کە زووزوو بۆی دروست دەبوو. ئێدی نەیدەزانی لەکوێوە دەست پێ بکات.

دواجار گوتی، "تۆش ئەمەت کرد؟ تۆش پێنج کەست بینی؟"

مارگرێت سەرێکی لەقاند.

ئێدی پرسییەوە، "پێنج کەسی جیا؟"
مارگریت دووبارە سەری لەقاندەوە.
"ئەی هەموو شتێکیان بۆ ڕوون کردیتەوە؟ئایا بینینی ئەو کەسانە و قسەکردن لەگەڵیان گرنگ بوو؟"
مارگریت زەردەخەنەیەکی کرد و وەڵامی دایەوە، "زۆر زۆر گرنگ بوو!" ئینجا دەستێکی لە چەناگەی ئێدی دا و بەردەوام بوو، "دوای ئەوەش کە تەواو بووم، چاوەڕێی تۆم کرد."
ئێدی سەیری چاوەکانی مارگریتی کرد و لە زەردەخەنەکەی ورد بووەوە، ئینجا پرسیاری ئەوەی بە مێشکدا هات، کە تۆ بڵێی چاوەڕێکردنەکەی مارگریتیش وەک چاوەڕێکردنەکەی ئەو ناخۆش بووبێت.
"چەندە دەزانی... دەربارەی من؟ مەبەستم ئەوەیە، چەندە دەزانی لەسەرم لەدوای ئەو کاتەوەی کە..."
هێشتا بەئاسانی بۆی نەدەگوترا.
"ئەو کاتەوەی کە مردم؟"
مارگریت شەپقە حەسیرەکەی بردە دواوە و قژە پرەکەی لەسەر ناوچاوانی لا برد. "هەموو ئەو شتانە دەزانم، کە کاتێک پێکەوە بووین ڕوویان دا..."
ئینجا لێوەکانی توند کرد و بەردەوام بوو، "ئێستا ئەوەش دەزانم، کە بۆچی ئەو شتانە ڕوویان دا..."
مارگریت دەستەکانی خستە سەر سینگی، "دەشزانم کە تۆ... منت زۆر خۆش دەویست."
ئینجا دەستەکەی تری ئێدیی گرت و ئەویش دووبارە ئەو هەستە گەرمەی لە دەستیدا هەست پێ کرد.

مارگریت گوتی، "بەڵام نازانم تۆ بە چی مردوویی."

ئێدی بۆ ساتێک بیری کردەوە، ئینجا گوتی، "لە ڕاستیدا خۆشم باش نازانم. کچێک، کچێکی بچووک، بۆ لای یارییەکەوە ڕۆیشتبوو، مەترسی لەسەر ژیانی بوو..."

مارگریت، کە زۆر گەنج دیار بوو، چاوەکانی زەق بوون. بۆ ئێدی، باسکردنی ئەو ڕۆژەی تیایدا مردبوو بۆ مارگریت، زۆر لەوە قورستر بوو، کە بیری لێ کردبووەوە.

"ئەم یارییانە هەن، یارییە تازەکان، هیچ لەوانەی ئەوسا ناچن - ئێستا هەموو دەیانەوێ سوار یارییەک ببن، کە بە خێرایی هەزار میل لە سەعاتێکدا بڕوات. بە هەرحاڵ، لەو یارییەدا یەک-دوو کورسی بەر دەبنە خوارەوە و لە دوایین ساتدا دەبێت ئیستوپە هایدرۆلیکییەکان بیانگرنەوە و کورسییەکان بەهێواشی بێنەوە خوارەوە، بەڵام شتێک کێبلەکەی خواردبوو، لەبەر ئەوە، کورسییەکە بەر بووەوە، هێشتا نازانم چی ڕووی دابوو، بەڵام بۆیە بەر بووەوە، چونکە من داوام لێ کرد بیخاتە خوارەوە - مەبەستم ئەوەیە داوای لە دۆم کرد، ئەو کوڕەی ئێستا لەگەڵم ئیش دەکات - هەڵەی ئەو نەبوو - من پێم گوتبوو وا بکا، بەڵام دوایی ویستم نەهێڵم بەری بداتەوە، بەڵام ئەو گوێی لێم نەبوو، ئەو کچە منداڵەش لەژێر یارییەکەدا دانیشتبوو، من هەوڵم دا بیگەمێ و ڕزگاری بکەم. هەستم بە دەستە بچووکەکانی کرد، بەڵام دوای ئەوە، من..."

ئێدی وەستا، مارگریتیش سەری لار کردەوە و هانی دا تا بەردەوام بێت. ئێدی هەناسەیەکی قووڵی دایەوە و گوتی، "لەو کاتەوەی هاتوومەتە بەهەشت، ئەوەندە قسەم

نەکردووە."

مارگرێت سەری لەقاند و زەردەخەنەیەکی نەرمی کرد، کە کاتێک ئێدی ئەو ڕوخسارەی مارگرێتی بینینی، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و خەمێکی قووڵ دای گرت. لە چاوترووکانێکدا، هیچکام لەو شتانە لای ئێدی گرنگ نەمان: نە مردنەکەی و نە شاری یارییەکە و نە ئەو خەڵکەی ئێدی بەسەریاندا هاواری کرد "وەرنە دواوە." ئەی بۆچی باسی ئەمەی دەکرد؟ خەریکی چی بوو؟ ئایا هەر بەڕاستی لەوێ، لەگەڵ مارگرێتدا بوو؟ وەک خەمێکی شاراوە، کە دووبارە سەر دەر دەهێنێتەوە و دڵت تەنگ دەکات، هەموو هەستە کۆنەکان بۆسەیان بۆ ڕووحی ئێدی نایەوە و چواردەوریان لێ گرت. لێوەکانی ئێدی دەلەرزین و ئێدی کەوتە ناو گێژاوی هەموو ئەو شتانەی لەدەستی دابوون. سەیری هاوسەرەکەی دەکرد، هاوسەرە مردووەکەی، هاوسەرە گەنجەکەی، هاوسەرە ونەکەی، تاکە هاوسەرەکەی ناو ژیانی و نەشیدەتوانی لەوە زیاتر سەیری بکات.

ئێدی بەچرپە گوتی، "ئای، خوایە، مارگرێت. ببوورە، زۆر ببوورە. لەوە زیاترم بۆ ناگوترێ، لەوە زیاترم بۆ ناگوترێ، بۆم ناگوترێ!"

ئێدی سەری دانەواند و خستیە نێوان هەردوو دەستیەوە، ئینجا هەرچۆنێک بێت، توانیی ئەو ڕستەیە بڵێت، کە هەرکەسێک بووایە دەیگوت، "مارگرێت، زۆرم بیر دەکردی."

ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونی ئێدییە

هاوینە و مەیدانی پێشبڕکێکە پڕە لە سەردانکەر. ژنەکان کڵاوی حەسیریی پانیان لەسەردایە و پیاوەکانیش جگەرە دەکێشن. ئێدی و نۆل زوو دەست لە ئیش هەڵدەگرن و دەڕۆن بۆ مەیدانی پێشبڕکێکە، بۆ ئەوەی گرەو لەسەر ئەسپی ژمارە ٣٩ بکەن، کە ژمارەی ساڵەکانی تەمەنی ئێدییە. لەوێ بەتەنیشت یەکەوە، لەسەر کورسییەکان - کە پشتەکەیان بە کۆنکریتەکەوە داکوتراوە و شوێنی دانیشتنەکەشیان هەڵدراوەتەوە - دادەنیشن. لە بەرپێیاندا و لەسەر ئەو فەرشەی بە بلیتی فڕێدراو دروست بووە، دوو پەرداخی کاغەزی پڕ لە بیرە دادەنێن.

ئێدی گرەوی یەکەمی ئەو ڕۆژەی بردبووەوە، دواتریش دووبارە گرەویان کردبووەوە و ئەویش هەر بۆ ئێدی بووبوو - ئەوە یەکەم جار بوو ئاوا شانسی هەبێت. ئێدی بەو دوو گرەوە، ٢٠٩ دۆلاری دەست کەوتبوو، بەڵام دواتر، دوو جار لە گرەوی بچووکتردا دۆڕاندبووی. بۆیە بڕیاری دابوو ئەوەی لە پارەکەی مابووەوە، بیخاتە گرەوی شەشەمەوە. لەبەر ئەوەی - وەك خۆی و نۆل لەسەری ڕێك کەوتبوون و لەو ساتە خۆشەشدا پێیان لۆژیکی بوو - کاتێك ئێدی

مانبوو بۆ پێشبڕکێکە، هیچی لە گیرفاندا نەبووبوو. کەواتە ج کێشەیەکی تێدا بوو، ئەگەر ئێوارەش بە هەمان شێوە بگەڕایەتەوە بۆ ماڵەوە؟

نۆل بە ئێدی دەڵێت، "جا تۆ بیری لێ بکەرەوە! ئەگەر بیبەیتەوە، ئەو هەموو پارەیەت دەست دەکەوێ بۆ منداڵەکە."

زەنگەکە لێدەدا. ئەسپەکان دەر دەپەڕن و بەتەنیشت یەکەوە، بەسەر ڕێگە ڕێکەکەدا غار دەدەن. قژە ئاوریشمییە ڕەنگاوڕەنگەکەیان بەرز دەبێتەوە و بە هۆی جووڵە و غاردانەکەیانەوە، ڕەنگەکان لێڵ دێتە بەرچاو. ئێدی ئەسپی ژمارە ٨ی دەستنیشان کردووە. ئەسپەکە ناوی جێرسی ئێنجە و هیی ئەوەیە پیاو گرەوی لەسەر بکات. ئەوەی نۆل لەسەر منداڵەکە گوتی - ئەو منداڵەی ئێدی و مارگرێت بەنیازن بیگرنە خۆیان - ئێدی نیگەران دەکات، بە شێوەیەك، ئێدی وای لێ دێت هەست بە تاوانباری بکات. کەی ڕەوا بوو ئەو پارەیەش هەر لەو بابەتەدا خەرج بکەن. جا باشە ئێدی بۆ شتی وای دەکرد؟

قەرەباڵغییەکە هەڵدەستێتە سەر پێ. ئەسپەکان بەسەر بەربەستی یەکەمدا باز دەدەن. جێرسی فینچ لە ڕێگەکە لا دەدات و یەك بازی درێژ و تەواو دەدات. دەنگی جۆشوخرۆشی ئامادەبووان لەگەڵ دەنگی ناڵی ئەسپەکان تێکەڵ دەبێت. نۆل هاوارێکی لێ بەرز دەبێتەوە. ئێدی بلیتەکەی توند لە مستیدا دەگووشێت. ئێستا قەلەقییەکەی گەیشتووەتە ئاستێکی زیاتر لەوەی خۆی دەیەوێت. موو‌ەکانی گرژ دەبن. ئەسپێك، پێش تەواوی ئەسپەکانی

تر دەکەوێت.

ئەو ئەسپەش جێرسی فینچە!

ئێستا ئێدی ٨٠٠ دۆلاری لە باخەڵدایە.

ئێدی دەڵێت، "دەبێ تەلەفۆن بۆ ماڵەوە بکەم."

نۆل دەڵێت، "لە خۆتی تێک مەدە!"

"چیی؟"

"کە بە یەکێکت گوت، بەختەکەت کورت دەهێنێ."

"ئەوە تۆ تەواوی، ڕۆڵە!"

"بە قسەم بکە، بە کەس مەڵێ."

"تەلەفۆنی بۆ دەکەم و دڵی خۆش دەکەم."

"بە شتی وا دڵی خۆش نابێ."

ئێدی بەشەلەشەل دەڕوات بۆ لای کابینەیەکی تەلەفۆن و پێنج سەنتییەکی ئاسنی تێ دەکات. مارگریت وەڵام دەداتەوە. ئێدی هەواڵەکەی پێ دەڵێت. نۆل ڕاست دەکات. هەواڵەکە دڵی مارگریت خۆش ناکا. مارگریت داوا لە ئێدی دەکات بچێتەوە بۆ ماڵەوە. ئێدییش پێی دەڵێت کە ئەوەندە پێی نەڵێت چی بکات و چی نەکات.

مارگریت بەسەرزەنشتکردنەوە دەڵێت، "ئێمە خەریکە دەبین بە خاوەنی منداڵ، نابێ هەر ئاوا لێی بخوڕی."

ئێدی تەلەفۆنەکە دادەخاتەوە. پشتی گوێیەکانی گەرم بووە. دەگەڕێتەوە بۆ لای نۆل، کە ئێستا لەسەر سیاجی شوێنی ئامادەبووان دانیشتووە و عەلی بابا دەخوات.

نۆل دەڵێت، "من بزانم، پێی خۆش نەبووە."

ئێدی و نۆل دەگەڕێنەوە بۆ لای شوێنی بلیتبڕینەکە و بلیتی گرەوکردن لەسەر ئەسپێکی تر دەکڕن. ئێدی پارەکە

لە گیرفانی دەر دەهێنێت. نیوەی ئێدی ئەو پارەیەی ناوێت و نیوەکەی تری دووئەوەندەی دەوێت، ئەویش بۆ ئەوەی کە گەیشتەوە ماڵەوە، هەڵی بداتە سەر سیسەمەکە و بە ژنەکەی بڵێت، "ها! چیت دەوێ، بیدە بە ئەوە."

ئێدی بەناو پەنجەرە بچووکەکەدا پارەکەی پاڵ پێوە دەنێ بۆ ناوەوە. نۆل سەیری دەکات و برۆکانی بەرز دەکاتەوە.

ئێدی دەڵێت، "باشە، باش! دەزانم."

بەڵام ئەوەی ئێدی نایزانێت، ئەوەیە کە مارگرێت ناتوانێت پەیوەندیی پێوە بکاتەوە، بۆیە ئێستا بڕیاری داوە بە ئوتومبێلەکەیان بێت بۆ ئەو شوێنەی ئێدیی لێیە و بیدۆزێتەوە. مارگرێت بێتاقەتە لەوەی لە ئێدی تووڕە بووە، بەتایبەتییش لە ڕۆژی یادی لەدایکبوونەکەیدا. مارگرێت دەیەوێت بچێت بۆ مەیدانی پێشبڕکێکە و داوای لێبووردن لە ئێدی بکات، هەروەها دەشیەوێت وای لێ بکات واز لە گرەوکردن بهێنێت. مارگرێت بە ئێوارەکانی پێشوودا دەزانێت، کە نۆل سوور دەبێت لەسەر ئەوەی لەگەڵ ئێدی تا دواخولەکی پێشبڕکێکە لە مەیدانەکە بمێننەوە - ئیتر ئەوە سروشتی نۆلە. لەبەر ئەوەی شوێنی پێشبڕکێکە تەنیا دە خولەك بە ئوتومبێل لە گۆڕەپانی نمایشەکەوە دوورە، مارگرێت دەست دەداتە جانتاکەی و ئوتومبێلە *لادا* کۆنەکەیان بەرەو *گۆڕەپانی ئۆوشن پارک*ـەوەی دەئاژوێت. مارگرێت لە شەقامی لێستەرەوە پێچ دەکاتەوە. خۆر ئاوا بووە و ئاسمان هەور و تاریکە. زۆربەی ئوتومبێلەکان لە سایدەکەی ئەوبەرەوە دێن. مارگرێت لەو پردی پەڕینەوەیە

نزیک دەبێتەوە، کە لەسەر شەقامی لیستەر دروست کراوە. پێشتر خەڵک بەو پردەدا خۆیان دەگەیاندە گۆڕەپانەکە. سەرەتا لەمبەر بە پلیکانەکاندا سەر دەکەوتن، ئینجا بەسەر شاقامەکەدا دەڕۆیشتن و لەوبەریش بە پلیکانەکاندا دەهاتنەوە خوارەوە، بەڵام دواتر ڕێکخەرانی پێشبڕکێکە پارەیان کۆ کردەوە و ترافیکێکیان لەولاترەوە دروست کرد، ئەمەش پردی پەڕینەوەکەی تەواو تەنیا کرد.

بەڵام پردەکە لەم شەوەدا تەنیا نییە. دوو هەرزەکاری تەمەن حەڤدە ساڵی بەسەرەوەیە. دوو هەرزەکارەکە پێش چەند کاتژمێرێک لە دوکانێکی مەیفرۆشی پێنج پاکەت جگەرە و سێ چارەک ویسکیی مارکەی *ئۆڵد هارپەرسان* دزیوە و ڕایان کردووە، ئێستاش لەسەر پردەکە خۆیان شاردووەتەوە. دوای ئەوەی هەرسێ چارەکە ویسکییەکەیان خواردووتەوە و چەندین جگەرەیان کێشاوە، دوو هەرزەکارەکە تاقەتیان لە ئێوارەی ئەو ڕۆژە چووە و خۆیان بەسەر محەجەرە ژەنگاوییەکەی پردەکەدا شۆڕ کردووەتەوە و شووشەی بەتاڵی ویسکییەکان بە دەستیانەوە ڕادەژەنن.

یەکێکیان دەڵێت، "ئەگەر ئازای، بەری بدەرەوە."

ئەوی تریان بۆی دەستێنێتەوە، "تۆ یەکەم جار بەری بدەرەوە."

هەرزەکاری یەکەم شووشە ویسکییەکەی بەر دەداتەوە و هەردووکیان زیاتر خۆیان بەسەر محاجەرەکەدا دەنووشتێننەوە، بۆ ئەوەی سەیری بەربوونەوە و پارچەپارچەبوونی شووشەکە بکەن. شووشەکە موویەکی دەمێنێت بەر ئوتومبێلێک بکەوێت. دواجار، دەیدا بە قیرەکەدا و دەبێت بە هەزار

پارچەوە.

هەرزەکاری دووەم هاوار دەکات، "جوانەەەەەەە! گوێت لەو ناڵەیە بووا!"

"دەی ترسنۆك، تۆش ئەوەی خۆت بەر بدەرەوە."

هەرزەکاری دووەم شووشەی ویسکییەکەی بەرز دەکاتەوە و بڕیار دەدات بەری بداتەوە بۆ سەر سایدی دەستەڕاست. بەدەم ئەمدیووئەودیوپێکردنی شووشەکەوە لە لەپی دەستیدا، هەرزەکارەکە بۆ ساتەوەختێك دەگەڕێت، تیایدا بە شێوەیەك شووشەکە بەر بداتەوە، کە بیدا بەنێوان دوو ئۆتومبێلدا، وەك ئەوەی ئیشەکەی ئیشێکی هونەری بێت و خۆشی هونەرمەند بێت.

پەنجەکانی هەرزەکارەکە لە شووشەکە بەر دەبن و زەردەخەنەیەك دەکات.

چل پێ لە خوارەوە، مارگرێت لە ئۆتومبێلەیدایە و هەرگیز بیری لای ئەوەی نییە سەر هەڵبڕێت، هەرگیز پێی وا نییە لەسەر ئەو پردی پەڕینەوەیەوە شتێك بکەوێتە خوارەوە، بیری لای هیچ شتێك نییە، جگە لەوەی خۆی بگەیەنێتە گۆڕەپانی پێشبڕکێکە و ئێدی بە پارەکەوە، جا هەرچەندێکی تا ئەو کاتە پێ مابێت، بهێنێتەوە بۆماڵەوە. مارگرێت بیر لەوە دەکاتەوە، کە دەبێت یەکەم جار چ بەشێك لە شوێنی دانیشتنی هاندەران بۆ ئێدی بگەڕێت، لەو ساتەدا شووشە ویسکییە ئۆڵد هارپەرەکە دەیدا بە جامی پێشەوەی لاداکەی مارگرێتدا و هەر پارچەشووشەی بچووکە و باڵ دەگرێت. ئۆتومبێلەکە دەیدا بە شۆستەکەدا. مارگرێت وەك بووکەشووشەیەك بەملا و بەولادا دەدرێت.

سەرەتا دەدڕێت بە دەرگای ئوتومبێلەکە و دواتریش بە داشبوڵ و سووکانەکەدا. بەمە جگەری مارگرێت لە ناوەوە زبانی پێ دەگات و قوڵیشی دەشکێت، جگە لەوەش، سەری ئەوەندە بەقاییمی بەر شتێك دەکەوێت، کە دەستبەجێ گوێی لە هیچکام لە دەنگەکانی ناو ئەو ئێوارەیە نامێنێت، نە قریشکەی تایەی هیچ ئوتومبێلێك، نە دەنگی هیچ هۆڕنێك و نە دەنگی تەپەتەپی پێڵاوی هیچ کەسێك لەو کەسانەی لەو کاتەدا بەسەر پردێکی سەر شەقامی لێستەردا ڕادەکەن و خۆیان دەکەن بەناو شەوە تاریکەکەدا.

دەکرێت خۆشەویستی، وەک باران، لە سەرەوە بۆ خوارەوە بیارێنت و خۆشەویستەکان شەلال بکات لە ئاسوودەیی. بەڵام هەندێک جار دەکەوێتە سەر بڵێسە گەرم و توورەکانی ژیان، بۆیە دەبێت بە هەڵم و وشک دەبێتەوە. لەم کاتانەدا، پێویستە لە خوارەوە ئاو بدرێت، بۆ ئەوەی هەر زوو ڕەگەکانی بیووژێنەوە و بەزیندوویی بمێنێتەوە.

ئەو ڕووداوەی لەسەر شەقامی لیستەر ڕووی دا، مارگرێتی ڕەوانەی نەخۆشخانە کرد. مارگرێت شەش مانگی بۆ دانرا، تا لەسەر جێگە بمێنێتەوە و پشوو بدات. دواجار، جگەری، کە برینداد بووبوو، چاک بووەوە. بەڵام خەرجییەکانی چارەسەرکردنەکەی خۆی و ئیدیی مێردی بیبەش کرد لەوەی منداڵەکە بگرنە خۆیان، لەبەر ئەوە، ئەو منداڵەی ئیدی و مارگرێت چاوەڕێیان دەکرد، درا بە کەسێکی تر. ئەو سەرزەنشتکردنە بێدەنگەی ڕووداوەکەی مارگرێت بەدوای خۆیدا هێنای، بەردەوام لەنێوان ژن و مێردەکەدا، وەک تارمایییەک، هاتوچۆی بوو. مارگرێت بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگیی هەڵبژارد، ئیدییش خۆی لە ئیشەکەیدا نوقوم کرد. سێیەری سەرزەنشتکردنەکە لەگەڵیان دەهاتە سەر سفرە، لەنێوان قاپ و کەوچک و چەتاڵەکاندا دادەنیشت و لەگەڵ دەخوارد. کاتێکیش ژن ئیدی و مارگرێتیش نانیان لەگەڵ دەخوارد.

و مێردەکە پێکەوە قسەیان دەکرد، باسی شتی سادە و بچووکیان دەکرد. بەم شێوەیە ناوی خۆشەویستییەکەی ئێدی و مارگریت لەژێر ڕەگەکانەوە شاردرابووەوە. ئیتر ئێدی گرەوی لەسەر ئەسپەکان نەکردەوە، وردەوردەش سەردانەکانی بۆ لای نۆل کەم بوونەوە، چونکە ئیتر ئەو دووانە هیچی وایان پێکەوە نەمابوو لەسەر نانی بەیانی لەگەڵ یەکتر باسی بکەن.

شارێکی یاری لە کالیفۆرنیا، بۆ یەکەم جار یارییەکی *ڕەوڕەوەی مەرگی* نوێی خستە کار، کە سکەکەی لە ستیل دروست کرابوو. یارییەکە بە گۆشەی وا تیژ پێچی دەکردەوە، کە ئەستەم بوو بە تەختە دروست بکرێت. بەم شێوەیە، یاریی ڕەوڕەوەی مەرگ - کە خەریک بوو لەبیر دەچووەوە - دووبارە ناوی هاتەوە سەر زاران. کاک بولۆکیش، کە خاوەنی شاری یاریی ڕووبی بوو، دانەیەک لە یارییەکەی داوا کردبوو بۆ شاری یارییەکەی خۆی و ئێدیی ڕاسپاردبوو چاوێریی بنیاتنان و بەکارخستنەکەی بکات. بۆیە زۆر جار ئێدی بەسەر کرێکارەکاندا دەینەڕاند و پێی دەگوتن چی بکەن و چی نەکەن، هەرچییەکیشیان بکردایە، دواتر خۆی سەیری دەکردەوە. ئێدی متمانەی بە هیچ شتێکی ئەوەندە خێرا نەدەکرد. *گۆشەی ٦٠ پلە؟ شتی وا نییە!* ئێدی دڵنیا بوو کەسێک ئازاری پێ دەگات، ئەمەش دالغەی دەبرد و نەیدەهێشت زۆر بیر لە نێوانی خۆی و مارگریت بکاتەوە. *سەکۆی ستاردەست* و *یاریی کورسییە فڕیوەکە* و *یاریی تونێلی خۆشەویستی* - کە ئێستا منداڵان گاڵتەیان لێ دەهات - هەموو لا بران. دوای چەند

سالێکی کەم، یاریی بەلەمەکە دروست کرا و بە پێچەوانەی پێشبینییەکانی ئێدییەوە، پێشوازییەکی زۆر باشی لێ کرا. ئەوانەی سواری یارییەکە دەبوون بە بەلەم بەناو ئاوی خوڕ و پێچاوپێچدا دەڕۆیشتن و لە کۆتاییدا دەکەوتنە ناو مەلەوانگەیەکی گەورەوە. ئێدی تێنەدەگەیشت ئەو خەلکە بۆ ئەوەندەیان حەز لەوە بوو سواری ئەو یارییە ببن و تەڕ ببن، لە کاتێکدا زەریاکە سێ سەد مەتر لەولای خۆیانەوە بوو. بە هەمان شێوەی یارییەکانی تر، ئێدی بەباشی چاودێریی ئەم یارییەشی دەکرد، بە پێی پەتی دەچووە ناو ئاوەکەوە و دڵنیا دەبووەوە لەوەی بەلەمەکان لە ڕێی خۆیان دەر ناچن و ناپەڕن.

وردەوردە، ئێدی و مارگرێت ئاشت بوونەوە و دەستیان کردەوە بە قسەکردن لەگەل یەکتر. تەنانەت شەوێکیان، ئێدی دووبارە مندالّهەخۆگرتنی هێنایەوە ناو باسان. مارگرێت دەستێکی بە ناوچاوانیدا هێنا و گوتی، "ئێستا لەوە پیرترین شتی وا بکەین."

ئێدی گوتی، "جا مندال پیری چووزانێ؟"

سال هاتن و سال ڕۆیشتن، بەلام ئەو مندالە هەر نەهات، هێواش هێواش برینی ئێدی و مارگرێتیش سارێژ بووەوە، پەیوەندییەکەشیان بابیی ئەوەندە گەشەی کرد، کە ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە، کە بۆ یەکێکی تریان دانابوو. بەیانییان، مارگرێت قاوە و توستی بۆ ئێدی ئامادە دەکرد و دواتریش ئێدی مارگرێتی دەبرد بۆ سەر ئیشەکەی - کە کارگوزاری بوو - ئینجا دەگەڕایەوە بۆ شاری یارییەکە. هەندێک جار، لە دوانیوەڕۆیاندا، مارگرێت زوو دەستی

هەڵدەگرت و دەهات لەگەڵ ئێدی پیاسەیەکی بەسەر ڕێگە دارینەکەدا دەکرد. یان لەگەڵیدا سواری یاریی بابەخولیی ئەسپ یان یاریی دەمەشۆفل دەبوو، ئێدییش بۆخۆی گوێی لە گرمەگرمی یارییەکان دەگرت و باسی چۆنێتیی کارکردنی کێبل و ڕۆت و شتی وای بۆ مارگرێت دەکرد.

ئێوارەیەکی مانگی تەممووز، ئێدی و مارگرێت بە کەنارزەریاکەدا، بە پێی پەتی پیاسەیان دەکرد. لە خوارەوە قاچەکانیان دەچەقینە لمە تەڕەکەوە و لە سەریشەوە چلوورەیان دەخوارد. هەردووکیان سەیرێکی چواردەوری خۆیان کرد و تێبینییان کرد بەتەمەنترین دوو کەسی سەر کەنارەکە ئەوانن.

مارگرێت شتێکی دەربارەی ئەو جلوبەرگە رووتانە گوت، کە کچە گەنجەکان لەسەر کەنارەکە بۆ مەلە لەبەریان کردبوون، گوتیشی کە ئەو خۆی هەرگیز ئامادە نەبوو شتی وا لەبەر بکات. ئێدی وەڵامی دایەوە و پێی گوت، کە کچەکانی سەر کەنارەکە بەختیان هەبوو، چونکە ئەگەر مارگرێت جلی وەک ئەوەی ئەوانی لەبەر بکردایە، ئەوا یەک پیاو سەیری ئەو کچانەی نەدەکرد. هەرچەندە ئەو کاتە مارگرێت چووبووە ناوەراستی چلەکانی تەمەنییەوە و سمتەکانی پان بووبوون و ڕیزێک هێڵی بچووکیش لەدەوری چاوەکانی دروست بووبوون، بەڵام هێشتا سوپاسێکی گەرمی ئێدیی کرد و سەیرێکی لووتە چەماوەکەی و شەویلگە پانەکەی کرد. بەم شێوەیە، دووبارە بارانی خۆشەویستییەکەیان لە سەرەوە دای کردەوە و سەرتاپا شەڵالی کردنەوە، هەر وەک چۆن دەریاکەی ژێر پێیان قاچەکانیانی خووساندبوو.

ئێدی، تەنانەت دوای مردنی دایکیشی، شوقەکەیانی نەیشتەوە و نەیفرۆشت. لەبەر ئەوەی مارگرێت دەیگوت ئەو شوقەیە ئەو کاتەی بیر دەهێنایەوە، کە گەنج بوون. زۆریشی پێ خۆش بوو کە هەر لە پەنجەرەکەی مەتبەخی ئەو شوقەیەوە دەیتوانی سەیری یاریی بابەخولێی ئەسپەکە بکات. ڕۆژێکیان، دوای سێ ساڵ لەو ڕۆژەی ئێدی و مارگرێت لەسەر کەنارەکە بەسەریان برد، مارگرێت لە مەتبەخی شوقەکەیاندا خەریک بوو کنتاکیی مریشکی ئامادە دەکرد، لەناکاو، بەبێ هیچ نیشانەیەکی پێشوەختە، پەنجەکانی دەستی ڕاستی کرانەوە و بەرەو دواوە هەڵگەڕاندەوە. مارگرێت دەستی بۆ نەدەنووقێندرایەوە. پارچەمریشکەکە لەسەر لەپی دەستی خزا و کەوتە ناو سینگەکەوە. دەماری قوڵی لێی دەدا، هەناسەدانی خێرا بووبوو. مارگرێت بۆ ساتێک لە دەست و پەنجە کراوەکانی خۆی ڕاما. پەنجەکانی بەجۆرێک کرابوونەوە و بۆ دواوە پێچیان کردبووەوە، کە دەتگوت هی کەسێکی ترن و لە بەردەمی مارگرێتدا شووشەیەکی نەرمیای نەبینراویان هەڵگرتووە. دوای ساتێک، مارگرێت هەموو شتێک لە بەرچاوی ڕەش بوو.

مارگرێت هەر ئەوەندەی توانی بانگی مێردەکەی بکات و بڵێت، "ئێدییی؟" بەڵام پێش ئەوەی ئێدی بگاتە سەری، مارگرێت بەبووراوەیی لەسەر زەوییەکە کەوتبوو.

پزیشکەکان گوتیان لوو لە مێشکیدایە. خراپبوونی باری تەندروستیی مارگرێت، بە هەمان شێوەی خراپبوونی

باری تەندروستیی ئەو کەسانە بوو، کە ئەو نەخۆشییەیان هەبوو: سەرەتا هەندێک دەرمانی وەرگرت، کە تا ڕادەیەک کاریگەریی نەخۆشییەکەیان کەم کردەوە، دواتر قژی بە توپەڵ هەڵدەوەری، بەیانییانەکانی لەگەڵ ئامێری تیشکە دەنگناخۆشەکەدا بەسەر دەبرد و ئێوارانیش لە تەوالێتی نەخۆشخانەکەدا دەرشایەوە.

لە دوارۆژەکانی جەنگەکەدا - کە شێرپەنجە تیایدا وەک *بدراوە* ناوی ئاشکرا کرا - پزیشکەکان تەنیا یەک شتیان بە مارگرێت گوت، ئەویش "پشوو بدە و ئاسایی وەری بگرە" بوو. کاتێک مارگرێت پرسیاری لە پزیشکەکان دەکرد، هەموو بەبەزەییپێداهاتنەوەوە سەریکیان دەلەقاند، وەک ئەوەی سەرلەقاندنەکەیان دەرمان بێت و دلۆپبەدلۆپ بیدەن بە مارگرێت. مارگرێت تێگەیشت ئەمە پرۆتوکۆلێکە و پزیشکەکان جێبەجێی دەکەن، پرۆتوکۆلی ئەوەی لەگەڵ مارگرێتدا زۆر باش بن، لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی زۆری بۆ بکەن. کاتێک یەکێک لە پزیشکەکان بە مارگرێتی گوت، "بە کاروبار و پەیوەندییەکانتدا بچۆرەوە و ڕێکیان بخەرەوە،" دەستبەجێ مارگرێت داوای کرد لە نەخۆشخانە دەری بکەن. لە ڕاستیدا، قسەکەی زیاتر لە فەرمان دەچوو وەک لە داواکاری!

ئێدی مارگرێتی هەڵگرت و بە پلیکانەکاندا بردیە سەرەوە، لە سەریشەوە خێرا قاپووتەکەی لەبەر داکەند و بۆی هەڵواسی. مارگرێت چاوی بە شوقەکەدا دەگێڕا. سەرەتا ویستی چێشت لێبنێت، بەڵام ئێدی دای نیشاند و چاییەکی بۆ لێنا. ئێدی ڕۆژی پێشتر گۆشتی بەرخی کڕیبوو، ئەو

ئێوارەیە خۆی و چەند هاوڕێ و هاوپیشەیەکی بەشلەژاوی ئەو نانی ئێوارەیەیان بەسەر برد. زۆربەی میوانەکان بە ڕستەی وەک "سەیر بکەن کێ هاتۆتەوە!" سلاویان لە مارگرێت و دەموچاوە زەردهەلگەڕاوەکەی دەکرد، وەک ئەوەی هاتنەوەی مارگرێت بۆ مالەوە، ئاهەنگی یەکتربینینەوە بێت نەک ئاهەنگی مالئاوایی.

هەموو میوانەکان گۆشت و پەتاتەی هاڕاویان لەسەر قاپی سیرامیک خوارد و دوای نانخواردنیش کێکی *براونیی*یان خوارد. کاتێکیش مارگرێت دووەم پەرداخ شەرابی هەلدا، ئێدی دەستی برد شووشە شەرابەکەی هەلگرت و پەرداخەکەی بۆ پڕ کردەوە.

پاش دوو ڕۆژ، بەرەبەیان مارگرێت بەهاوارەوە لەخەو ڕاپەڕی. لە بێدەنگیی ئەو بەیانییە زووەدا، ئێدی بەپەلە گەیاندیە نەخۆشخانە. ئێدی و مارگرێت بە ڕستەی کورت لەگەل یەک دەدوان: *دەبێ پزیشکی ئێشکگر کێ بێ، دەبێ ئێدی تەلەفۆن بۆ کێ بکا*، ئەم پرسیار و وەلامە کورتانە. هەرچەندە مارگرێت لەتەنیشت ئێدییەوە دانیشتبوو، بەلام ئێدی لە هەموو شتێکدا هەستی بە بوونی هاوسەرەکەی دەکرد: لە سووکانەکەدا، لەسەر سکلێتەری بەنزینەکە، لە چاوتروکاندن و قورگپاککردنەوەکانیدا. مەبەست لە هەرشتێک کە ئێدی لەو کاتەدا دەیکرد، ئەوە بوو دەستی لە دەستی مارگرێت بەر نەبێت.

مارگرێت چلوحەوت سال بوو. لە ئێدیی پرسی، "کارتەکەت پێیە؟"

ئێدی بەبێتاقەتییەوە گوتی، "کارتی چی؟"

مارگرێت هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و چاوەکانی داخست. کاتێک دەستی بە قسە کردەوە، دەنگی لاوازتر دەهاتە بەرگوێ، وەک ئەوەی ئەو هەناسەهەڵکێشانە زۆر لەسەری کەوتبێت.

مارگرێت بە دەنگێکی نزمی زیقن گوتی، "کارتی بیمەی تەندر..."

ئێدی خێرا گوتی، "ئا! ئا! پێمە."

لە گەراجی نەخۆشخانەکە وەستان. ئێدی لاداکەی کوژاندەوە. دونیا زۆر خامۆش بوو، ئەوەندە خامۆش، کە ئێدی گوێی لە هەموو دەنگەکانی ئەو ناوە بوو: دەنگی خشانی جەستەی لە کوشنەکە، دەنگی قرتەی دەسکی دەرگای لای شۆفێر، خشەخشی کزەباکەی دەرەوە، دەنگی هەنگاوەکانی خۆی لەسەر قیرەکە و دەنگی خرینگەی کلیلەکانی.

ئێدی دەرگاکەی بۆ مارگرێت کردەوە و یارمەتیی دا دابەزێت. مارگرێتیش - وەک منداڵێک کە خەریک بێت رەق ببێتەوە - شانەکانی تا ئاستی شەویلگەی بەرز کردبووەوە و قژی هاتبووە سەر دەموچاوی. مارگرێت لووشکەیەکی کرد و سەری بەرز کردەوە تا سەیری ئەو ئاسۆیە بکات، کە لێی دیار بوو. لەو ساتەدا، دەستی بۆ بەشی سەری سەرەوەی یارییەکی بەرزی سپی، کە کورسیی سوور وەک توپی رازاندنەوەی داری سەری ساڵ پێیەوە رادەژەنین، راکێشا و سەرێکی لەقاند. "ئەها! لێرەوە دیارە!"

ئێدی گوتی، "*یاریی چەرخوفەلەکەکە دەڵێی؟*"

مارگرێت رووی وەرگێڕا. "نا، ماڵەوە!"

ئیدی، لەبەر ئەوەی تا ئەم کاتە لە بەهەشتدا نەخەوتبوو، وای دەزانی لەگەڵ هەریەکێک لەو کەسانەی بینیبوونی، چەند کاتژمێرێک زیاتری بەسەر نەبردووە، بەڵام بەبێ شەو و ڕۆژ، بەبێ خەوتن و خەبەربوونەوە، بەبێ خۆرهەڵهاتن و بەبێ بەرزەشەپۆل، بەبێ نانخواردن و بەرنامەی ڕۆژانە، ئیتر چۆن بیزانییایە چەندەی لەگەڵیان بەسەر بردووە؟

ئیدی لەگەڵ مارگرێتدا تەنیا کاتی دەویست، کاتی زیاتر و زیاتر و هیچی تر نا، پێشی بەخشرابوو. شەو و ڕۆژ و ڕۆژ و شەوی تری پێ بەخشرابوو. ئیدی و مارگرێت خۆیان دەکرد بەناو دەرگای ئاهەنگە جیاجیاکاندا و ئیدییش بەدەم ڕۆیشتنەوە باسی هەموو ئەو شتانەی بۆ مارگرێت دەکرد، کە ئارەزووی بوو باسیان بکات. لە بۆنەیەکی سویدییەکاندا، ئیدی باسی جۆی برای بۆ مارگرێت کرد، کە دە ساڵ پێش خۆی و مانگێک دوای کڕینی ڤیللا تازەکەی لە فلۆریدا بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کردبوو. لە بۆنەیەکی ڕوسییەکاندا، مارگرێت دەربارەی شوقە کۆنەکەیان پرسیاری لە ئیدی کرد و ویستی بزانێت ئیدی فرۆشتبووی یان نا، ئیدی بە مارگرێتی ڕاگەیاند، کە نەیفرۆشتبوو، مارگرێتیش ئەوەی پێ خۆش بوو. لە بۆنەیەکی تردا - کە لە دەرەوە و لە گوندێکی لوبنانی ساز کرابوو - ئیدی باسی ئەو شتانەی بۆ مارگرێت کرد، کە لە بەهەشتدا بەسەری هاتبوون، کاتێکیش قسەی دەکرد، لە یەک کاتدا مارگرێت وا دەر دەکەوت هەم گوێشی گرتبێت و هەم خۆشی پێشتر ئەو شتانەی زانیبێت. ئیدی باسی پیاوە شینەکە و چیرۆکەکەی بۆ مارگرێت کرد،

باسی ئەوەی کرد، کە بۆچی هەندێک دەمرن و هەندێکی تر لە ژیان بەردەوام دەبن، ئینجا باسی کاپتنەکە و چیرۆکی قوربانیدانەکەی بۆ کرد. کاتێکیش ئێدی هاتە سەر باسی باوکی، مارگریت هەموو ئەو شەوانەی بیر هاتەوە، کە ئێدی زۆر زۆر لە باوکی پەست بووبوو، ئەوەشی بیر کەوتەوە، کە بێدەنگییەکەی باوکی چەندە ئێدیی بێزار کردبوو. ئێدی بە مارگریتی گوت، کە هەموو شتێکی لەگەڵ باوکی هێناوەتەوە جێی خۆی، بە بیستنی ئەوەش، مارگریت لە خۆشیدا برۆکانی بەرز بوونەوە و لێوەکانی کشان. لەم ساتەدا، ئێدی هەستێکی زۆر خۆش و ئاشنای بۆ دروست بووەوە، هەستێک، کە چەندین ساڵ بوو بۆی دروست نەبووبوو، ئەویش هەستی دڵخۆشکردنی هاوسەرەکەی بوو.

شەوێکیان، ئێدی باسی گۆڕانکارییەکانی شاری یاریی رووبی کرد، باسی ئەوەی کرد، کە چۆن یارییە کۆنەکان لا برابوون و یاریی تازە جێی گرتبوونەوە، باسی ئەوەی کرد، چۆن مۆسیقای رۆک ئەند رۆڵ جێی بەو شمشاڵە چۆڵ کردبوو، کە لە هۆڵی داخراوی یارییەکاندا لێدەدرا، هەروەها باسی ئەوەی چۆن یاریی رەورەوەی مەرگ هەڵگەڕانەوە و پێچی قورسی تی کەوتبوو، ناوبەناویش نەفەرەکانی سەرەونقوم دەکرد، ئێدی باسی ئەوەی کرد، چۆن یارییە "ترسناکەکان،" کە کاتی خۆی وێنەی گاوانیان تێدا بوو و بە بۆیەی درەوشاوە کرابوون، ئێستا گۆڕابوون بە سکرینی گەورە و کاتێک دەچوویت بۆ شاری یارییەکە، وەک ئەوە وا بوو بەردەوام سەیری تەلەفزیۆن بکەیت.

یاریی کورسیی فڕیو و یاریی زریان و ئەو جۆرە

پارییانە هیچیان نەمابوون، بۆیە ئێدی ناوە تازەکانی بە مارگرێت دەگوت. ئێستا باو باوی هەندێک ناوی تازەی وەک *خلیسکێنەی ئاو ئاو* و *یاریی کێژکەر* و *یاریی فڕۆکەی جەنگی* و *یاریی کێژەلووکە* بوو.

ئێدی گوتی، "سەیرە، ها؟"

مارگرێت بەدەم بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە گوتی، "دەڵێی باسی هاوینی ژیانی کەسێکی ترم بۆ دەکەی، نەک هیی خۆت!"

دەستبەجێ ئێدی تێگەیشت، کە ئەو قسەیەی مارگرێت بەتەواوی ئەو شتە بوو، کە ئێدی خۆی بۆ ماوەی چەندین ساڵ بوو هەستی پێ کردبوو.

ئێدی بە مارگرێتی گوت، "دەزانم، دەبووایە ئێتر لە شوێنێکی تر ئیش بکەم، بەڵام بەداخەوە، نەمتوانی ئەو شاری یارییە بەجێ بهێڵم. ئەوە باوکم، ئەوە قاچە شەلەکەی خۆم... دوای جەنگ هەمیشە هەستم بە نەگبەتی و داماوی دەکرد."

ئێدی خەمبارییەکی بینی بەسەر دەموچاوی مارگرێتدا هات و ڕۆیشت.

مارگرێت پرسیی، "لە ماوەی ئەو جەنگەدا چی ڕووی دا؟"

ئێدی هەرگیز وەڵامی ئەو پرسیارەی بەتەواوی نەدابوو بە مارگرێت، خۆی شتەکان ڕوون بوون. لەو سەردەمەی ئێدیدا، سەربازەکان ئەوەیان دەکرد کە دەبوو بیکەن، ئەویش ئەوە بوو، هەر کە دەگەیشتنەوە نیشتمان، ئیتر بە هیچ شێوەیەک باسی بابەتی جەنگیان لای هیچ کەسێک نەدەکردەوە. ئێدی بیری لەو پیاوانە کردەوە، کە کوشتبوونی، لەو سەربازانەی

لەلایان زیندانی بوو، لە خوێنی سەر دەستەکانی خۆی... لەوەش، کە تۆ بڵێی هەرگیز لێخۆشبوون بیگرێتەوە.

ئێدی گوتی، "خۆمم ون کرد."

هاوسەرەکەی گوتی، "نا، وا نییە."

ئێدی بەچرپە گوتی، "با، وایە."

مارگرێت هیچی تری نەگوت.

جارجارە، لەوێ، لە بەهەشت، ئێدی و مارگرێت بەتەنیشت یەکەوە پاڵ دەکەوتن، بەڵام نەدەخەوتن. مارگرێت باسی ئەوەی کرد، کە لەسەر زەوی، کاتێک خەوت لێ دەکەوێت، هەندێک جار خەو بە بەهەشتەکەی خۆتەوە دەبینی و دواجاریش ئەو خەونانە یارمەتیت دەدەن تا بەڕاستی ئەو بەهەشتە بۆ خۆت دروست بکەیت، بەڵام لە بەهەشت، هیچ هۆکارێک نییە تا ئەو جۆرە خەونانە ببینیت.

ئێدی شانی مارگرێتی گرت و زۆر بەقووڵی بۆنی قژی کرد. دوای ماوەیەک، ئێدی پرسیاری لە هاوسەرەکەی کرد دەربارەی ئەوەی ئایا خودا دەزانێت ئێدی هاتووە بۆ ئەوێ، مارگرێتیش بەزەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە و گوتی، "بەدڵنیاییەوە دەزانێ." هەرچەندە دواتر ئێدی لای مارگرێت دانی بەوەدا نا، کە بۆ ماوەیەک لە ژیانیدا خۆی لە خودا شاردووەتەوە، دوای ئەوەش تا کاتی مردنی هەر پێی وا بووە، کە خودا نایبینێت و ئاگای لێی نەماوە.

وانەی چوارەم

دوای چەندین گفتوگو، دواجار مارگریت ئیدیی بەناو دەرگایەکی نزیشدا برد. دووبارە بەجووتە هاتنەوە ناو ژوورە بازنەییە بچووکەکەوە. مارگریت لەسەر کورسییە ستوولەکە دانیشت و پەنجەکانی هەردوو دەستی خستە سەر یەک، ئینجا ئاوڕی دایەوە بۆ ئاوێنەکە. ئیدی دەرچوونەوەی ڕوخساری مارگریتی لە ئاوێنەکەدا بینی، بەڵام هیی خۆی نەبینی.

مارگریت لە بەردەم ئاوێنەکەدا دەستێکی بە قژیدا هێنا و سەیرێکی خۆی کرد، پاشان – لە کاتێکدا وا دەر دەکەوت خەیاڵی ڕۆیشتبێت - گوتی، "بووک لێرە چاوەڕێ دەکات. ئەمە ئەو ساتەیە، کە تیایدا بیر لەو کارە دەکەیتەوە، کە خەریکە بیکەی، بیر لەو کەسە دەکەیتەوە، کە هەڵیدەبژێری و خۆشت دەوێ. ئیدی گیان! ئەگەر لەو هەڵبژاردنەدا ڕاست بکەی، ئەوە ئەم ساتە دەبێ بە ساتێکی زۆر نایاب بۆت."

مارگریت لای کردەوە، "بۆ چەندین ساڵ ناچار بووی بەبێ خۆشەویستی بژیت، وا نییە؟"

ئیدی هیچی نەگوت.

"هەستت دەکرد خۆشەویستیت بەزۆر لێ فڕێندراوە، هەستت دەکرد من زۆر زوو جێم هێشتووی."

ئێدی بەهێمنی خۆی نزم کردەوە. عەزییە مۆرە کاڵ درێژەکەی مارگرێت لە بەردەمیدا پەخشان بووبوو.

ئێدی گوتی، "هەر بەڕاستی زۆر زوو ڕۆیشتی."

"لێم پەست بووی؟"

"نەخێر."

مارگرێت چاوەکانی زەق کرد.

ئێدی خێرا گوتی، "ئی باشە، بەڵێ."

مارگرێت گوتی، "هەموو ئەوانە هۆکاری خۆیان هەبوو."

ئێدی گوتی، "هۆکاری چی؟ چ وانەیەک لەوەدا هەیە؟ تۆ بە چلوحەوت ساڵی مردی، باشترین کەس و ناسیاوی ئێمە بووی، بەڵام مردی و ژیانت بە هەموو شتەکانی ناویەوە لەدەست چوو. منیش هەموو شتێکم لەدەست چوو، ئەو تاقە کچەم لەدەست چوو، کە لە ژیانمدا خۆشم ویستبوو."

مارگرێت دەستەکانی ئێدیی گرت، "نەخێر، لەدەستت نەچوو، من لێرە بووم و تۆش بەردەوام لەوێوە خۆشت دەویستم.

"خۆشەویستیی لەدەستچووش هێشتا هەر خۆشەویستییە، بەڵام لە فۆرمێکی تردا، جیاوازییەکە هەر ئەمەندەیە و هیچی تر. دوای ئەوەی خۆشەویستەکەت دەڕوا، ئیدی ناتوانی زەردەخەنەکەی ببینی، یان خۆراکی بۆ بهێنی، یان دەست بە قژیدا بهێنی، یان لەسەر سەکۆیەک سەمای لەگەڵ بکەی، بەڵام کاتێکیش ئەو شتانە نامێنن، شتێکی نوێ دروست دەبێ، کە ئەویش *یادەوەرییە*. ئیتر لەوەبەدوا یادەوەری دەبێتە هاوسەرت و دەیلاوێنیتەوە، باوەشی دەکەی و سەمای لەگەڵ دەکەی.

"ژیان هەر دەبێ تەواو بێ، بەڵام خۆشەویستی نا."

ئێدی بیری لە ساڵەکانی دوای مردنی مارگریت کردەوە، کە وەک ئەوە وا بوون لەسەر پەرژینێکەوە سەیری شوێنێکی دوور بکەیت. ئێدی دەیزانی لەوڵاتێ، ژیانێکی جیاواز هەیە، بەڵام هەمیشە وای دانابوو، کە ئەو هەرگیز نابێت بە بەشێک لەو ژیانە.

ئێدی بەهێمنی گوتی، "دوای تۆ، کەسی ترم نەویست."

مارگریت گوتی، "دەزانم."

"ئەو کاتەش هەر تۆم خۆش دەویست."

مارگریت سەری لەقاند، "دەزانم، هەستم پێ دەکرد."

ئێدی پرسیی، "لێرەوە؟"

مارگریت بەزەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە، "بەڵێ، تەنانەت لێرەشەوە. خۆشەویستیی لەدەستچوو دەتوانێ ئەمەندە بەهێز بێ!"

مارگریت هەستایە سەر پێ، دەرگایەکی کردەوە و خۆی پێدا کرد، ئێدییش بەچاوترووکانەوە بەدوایدا ڕۆیشت. هەردووکیان چوونە ژوورێکی کەمێک تاریکەوە. ژوورەکە لەو کورسییانەی تێدا بوو، کە دەکرێنەوە و دادەخرێنەوە. ئۆکۆردیۆنژەنێکیش لە سووچێکدا دانیشتبوو.

مارگریت گوتی، "ئەم ژوورەیانم هەڵگرتبوو بۆ ئێستا."

مارگریت قوڵەکانی بڵاو کردەوە و ئێدییش بۆ یەکەمین جار لە بەهەشت، دەستپێشخەریی کرد و بەرەو مارگریت هەنگاوی ناو لێی نزیک بووەوە. ئێدی قاچە شەلەکەی و هەموو ئەو شتە ناخۆشانەشی کە بە سەما و موسیقا و زەماوەندەکانەوە بەستبوونیەوە، پشتگوێ خست، چونکە

بۆی دەر کەوت، لەسەر زەوی هۆکاری هەموو ئەو شتانە تەنیاییەکەی بوو.

ماگریت گوتی، "بەس لە دومبەڵەی کەمە، ها!"

ئیدی سووکەپیکەنینێک گرتی و دەستێکی لە ناوقەدی مارگریت ئاڵاند، ئینجا گوتی، "دەتوانم شتێکت لێ بپرسم؟"

"بەڵێ."

"چۆنە تا ئیستاش بەتەواوی لەو ڕۆژە دەچی، کە هاوسەرگیریم لەگەڵ کردی؟"

"پێم وا بوو تۆ حەز دەکەی ئاوا بمبینی."

ئیدی بۆ ساتێک بیری کردەوە، "ئەی دەتوانی بیگۆڕی."

مارگریت کەیفی بە پرسیارەکە هات، "بیگۆڕم؟ بیگۆڕم بۆ چی؟"

"بۆ شێوە و ڕوخساری کۆتایی تەمەنت."

مارگریت قۆڵەکانی کەمێک هێنایە خوارەوە، "ئاخر ئەو کاتە زۆر جوان نەبووم."

ئیدی سەرێکی با دا، وەک ئەوەی بڵێ شتی وا ڕاست نییە. "ئیستا پێم بڵێ دەتوانی بیگۆڕی؟"

مارگریت ساتێکی وەر گرت، ئینجا هاتەوە ناو باوەشی ئیدی. ئۆکۆردیۆنژەنەکە دەستی کرد بە ژەنینی ئاوازێکی ئاشنا بە گوێیەکانی مارگریت و ئیدی. مارگریت کەوتە گمەگم بە گوێی ئیدیدا و هەردووکیان بەجووتە و بەهێواشی کەوتنە سەما، سەمایەکی خاو و ئاشنا، کە مێرد تەنیا لەگەڵ هاوسەری خۆیدا دەیکات. گمەگمەکەی مارگریت بوو بە گۆرانی:

تۆ وات کرد خۆشم بوێیت
من ئەوەم نەدەویست
من ئەوەم نەدەویست
تۆ وات کرد خۆشم بوێیت
تۆش خۆشت باش دەتزانی
تۆ خۆشت باش دەتزانی...

کاتێک ئێدی سەری هێنایەوە دواوە. بینیی مارگریت دووبارە بووەتەوە بە چلوحەوت ساڵ، هێڵەکان لەدەوری چاوەکانی دەر کەوتوونەتەوە، قژی تەنکتر بووەتەوە و پێستی چەناگەشی کەمێک شۆڕ بووەتەوە. مارگریت پێکەنی و ئێدییش بەدوایدا پێکەنییەوە. لای ئێدی، مارگریت وەک هەمیشە شۆخوشەنگ بوو. ئێدی چاوەکانی داخست و بۆ یەکەمین جار ئەو شتەی درکاند، کە لە یەکەم ساتی بینیی مارگریتەوە لە بەهەشت لە ناخیدا هەڵی گرتبوو، "نامەوێ لەمە زیاتر بڕۆم، دەمەوێ لێرە، لای تۆ بمێنمەوە." کاتێک ئێدی چاوەکانی کردەوە، هێشتا شێوەی وەستانی جەستەی مارگریت لەنێوان قۆڵەکانیدا مابوو، بەڵام مارگریت خۆی و هەموو شتەکانی تریش ون بووبوون.

هەینی، ١٥:٣ی پاشنیوەڕۆ

دۆمینگیز دەستی بە دوگمەی بەرزکەرەوەکەدا نا و دەرگاکە داخرایەوە. پەنجەرەیەکی بچووک لەسەر رووی بەرزکەرەوەکە بوو. وردەوردە بەرز بووەوە و دۆمینگیز لە شووشەی لیلی پەنجەرە بچووکەکەوە هەر لە دالانەکەی دەڕوانی، تا ئەو کاتەی لە بەرچاو ون بوو.

دۆمینگیز گوتی، "زۆر سەیرە تا ئێستاش ئەم بەرزکەرەوەیە هەر ئیش دەکا. وا بزانم تەمەنی هەزار سال دەبێ."

پیاوەکەی تەنیشتی، کە پارێزەرێکی مولکداریێتی بوو، سەرێکی لەقاند و خۆی وا نیشان دا قسەکەی دۆمینگیزی پێ خۆش بووە، ئینجا کلاوەکەی داکەند - شوێنەکە داخراو بوو، سەری پیاوەکە ئارەقەی کردبووەوە - پاشان سەیری ئەو ژمارانەی کرد، کە لەسەر شاشەی بەرزکەرەوەکە زیادیان دەکرد. ئەمە سێیەم دانیشتنی پارێزەرەکە بوو لەگەل داواکارەکانی ئەو ڕۆژەی و یەک دانەی تر و دەڕۆیشتەوە بۆ مالەوە.

دۆمینگیز گوتی، "ئیدی مولک و مالی زۆری نەبوو."

پارێزەرەکە بە کلینێکسێک ناوچاوانی سڕی و گوتی، "ئێ، ئێ، باشە. کەواتە زۆرمان پێ ناچێ."

بەرزکەرەوەکە وەستا و دەرگاکەی کرایەوە. دۆمینگیز و پارێزەرەکە خۆیان کرد بە *شوقەی 7* بیدا. ڕارەوەکە هێشتا هەر کاشییە ڕەش و سپییە شەترەنجییەکانی سالانی شەستەکان بوو، بۆنی چێشتی مالێکیشی لێ دەهات - بۆنی سیر و پەتاتەی سوورەوەکراو. لێپرسراوی بیناکە پێشتر کلیکی ژوورەکەی دابوونێ و چوارشەممەی دواتریشی بۆ دیاری کردبوون وەک دوامۆڵەت بۆ گەڕاندنەوەی و چۆلکردنی شوقەکە بۆ کەسێکی تر.

دۆمینگیز، لەگەل کردنەوەی دەرگای مەتبەخەکە و چوونە ژوورەوەیدا، گوتی، "تۆ سەیر بکە! لەچاو ئەوەدا کە پیرەمێردێکی هەشتا سالەی تێدا ژیاوە، زۆر پاکوخاوێنە."

سینکەکە پاک بوو، کەوانتەرەکە سڕابووەوە. دۆمینگیز لە دلی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە، کە مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت ئێستا مالەکەی خۆی چەندە پیسە.

پارێزەرەکە پرسیاری لە دۆمینگیز کرد، "نووسراوەکان لەکوێن؟ نووسراوی بانک یان ئالتوون و خشل و شتی وای هەبووە؟"

دۆمینگیز ئێدیی بە ئالتوون و خشلەوە هێنایە پێشچاوی خۆی و زەردەخەنە گرتی. لەو ساتەدا هەستی کرد زۆر بیری ئەو پیرەمێردە کۆچکردووە دەکات و زۆریش نامۆ بوو لەلای، کە ئیتر ئەو پیرەمێردە نەدەگەڕایەوە بۆ شاری یارییەکە، تا بنەڕێنی و فەرمان دەر بکات، یان وەک هەلۆیەکی دایکە چاو بگێرێت و لە هەموو شتێک ورد ببێتەوە. لۆکەرەکەی ئێدی بەتال نەکرابووەوە، کەس دلی نەهاتبوو ئەو ئیشە بکات، بۆیە کەلوپەکانی ئێدی هەر لە وەرشەکە بوون، وەک ئەوەی ئێدی سبەینێ بگەڕێتەوە.

"نازانم، ئەو شتەی ژووری خەوتنەکە گەڕای؟"

"مێزەکە دەڵێی؟"

"بەڵێ... من خۆشم یەک جار هاتووم بۆ ئێرە. ئیدییم هەر لە ڕێی ئیش و ئەوانەوە ناسیوە."

دۆمینگێز خۆی بەسەر مێزی نانخواردنەکەدا چەماندەوە و لە پەنجەرەی مەتبەخەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد. یاریی بابەخولێنی ئەسپەکەی بینی، ئینجا سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی، "ئاگام لە ئیشەکەم بێ، درەنگ نەبێ."

پارێزەرەکە یەکەم چەکمەجەی ئەو مێزەی کردەوە، کە لە ژووری خەوتنەکەدا دانرابوو. بە دەست، جووتە گۆرەوییەکانی ئیدی، کە زۆر بەڕێکوپێکی هەڵگیرابوون و هەرتاکە خرابووە تاکەکەی ترەوە، بردە ئەولاوە، ئینجا شۆرتە سپییە فشەکانی، کە بەجوانی لەسەر یەک قەد کرابوون. قووتوویەکی بچووکی تەختە لەژێر شۆرتەکانەوە بوو. لەوە دەچوو شتێکی گرنگ بێت. پارێزەرەکە، بەو هیوایەی خێرا ئەو شتانە بدۆزێتەوە کە بۆیان دەگەڕا، دەستبەجێ قووتووەکەی کردەوە، بەڵام هیچی گرنگی وای تێدا نەبوو، هیچ نووسراوێکی بانکیی یان نووسراوێکی دڵنیاییی داراییی تێدا نەبینی. ئەو شتانەی لە قووتووەکەدا بوون، بریتی بوون لە پاپیۆنێکی ڕەش، مینیۆی خوراکەکانی ڕێستورانێکی چینی، دەستەیەک کۆنکەنی کۆن، نامەیەک بە مەدالیایەکی سەربازییەوە، وێنەیەکی کاڵبووەوەی گیراو بە کامێرایەکی پۆلەراید - کە وێنەی پیاوێک بوو لە ناوەراستی کۆمەڵێک منداڵدا و کێکێکی یادی لەدایکبوون لە بەردەمیدا دانرابوو.

دۆمینگیز لە ژوورەکەی ترەوە هاواری کرد، "ئەری دەڵێم... بەدوای ئەم شتەدا دەگەڕێی؟"

دۆمینگیز بە خۆی و یەک باوەش نامەوە، کە لە چەکمەجەیەکی مەتبەخەکە دۆزیبوونیەوە، لە مەتبەخەکەوە دەر کەوت. هەندێک لە نامەکان هیی بانکێکی ناوخۆیی بوون و هەندێکیشیان لە *بەڕێوەبەرایەتیی سەربازە نێرییەکانـەوە* نێردرابوون. پارێزەرەکە چاوێکی پێیاندا گێڕا و بەبێ ئەوەی سەر هەڵبڕێت گوتی، "ئەوەیان بەکەڵکی ئیشەکەی ئێمە دێ." ئینجا یەکێک لە نامەکانی بانکەکەی دەر هێنا و هەر بە چاوخشاندن بڕەپارەی سەر حیسابەکەی لەبەر کرد، پاشان، هەر وەک چۆن زۆر جار لەو جۆرە سەردانانەدا ڕووی دەدا، پارێزەرەکە لەژێر لێوەوە پیرۆزبایی لە خۆی کرد لەسەر ئەوەی چەندین پشک و گرێبەندی هەبوو، لەگەڵ بەرنامەیەکی خانەنشینبوونی توندوتۆڵیش. بێگومان، ئەمانەش لە ئایندەدا نەیاندەهێشت ئەو پارێزە وەک ئەم پیرەمێردە داماوەی لێ بێت، کە جگە لە مەتبەخێکی پاکوخاوێن، هیچی تری نەبوو پیشانی خەڵکی بدات.

پێنجەم کەس، کە ئێدی لە بەهەشت دەیبینێت

تا چاو بڕی دەکرد، ڕەنگی سپی بوو، تەنیا ڕەنگی سپی و هیچی تر، نە زەوی هەبوو، نە ئاسمان، نە ئاسۆیەکیش لەنێوان ئەو دووانەدا. ئەوەی هەبوو، تەنیا ڕەنگێکی سپی بێگەرد و بێدەنگ بوو، بێدەنگ وەک بەفری باریوی بەر تیشکی خۆری گزنگێک.

ئێدی تەنیا ڕەنگی سپیی دەبینی، تاکە شتێکیش کە گوێی لێی بوو هەناسە قورسەکانی خۆی بوون، کە لەو بێدەنگییە قوولەدا دەنگیان دەدایەوە. بۆیە ئێدی کە هەناسەیەکی هەڵمژی، گوێی لە هەناسەهەڵمژینێکی تریش بوو، کە هەناسەی دایەوە، گوێی لە هەناسەدانەوەیەکی تریش بوو.

ئێدی چاوەکانی توند نووقاند. کاتێک بێدەنگییەک هەیە و توش دەزانیت هیچ شتێک نییە بیشکێنێت، بێدەنگییەکە ترسناکتر دەبێت. ئێدییش دەیزانی هیچ شتێک نییە ئەو بێدەنگییە بشکێنێت، کە تێی کەوتبوو. مارگرێت ڕۆیشتبوو، ئێدییش زۆر تامەزرۆی بوو، تامەزرۆی بەسەربردنی یەک خولەکی تر، نیوخولەکی تر، پێنج چرکەی تر لەگەڵی، بەڵام ئێستا ئیتر هیچ ڕێگەیەک نەبوو ئێدی دەستی پێی بگاتەوە، یان بانگی بکات و دەستی بۆ ڕابوەشێنێت، یان تەنانەت سەیری وێنەدانەوەکەشی

بکات لە ئاوێنەیەکدا. ئێدی وای هەست دەکرد لەسەر ڕیزە پلیکانەیەکەوە کەوتبێت و بەتەقلە تا خوارەوە نەوەستابێتەوە.

ڕووحی چۆلوهۆل بووبوو، هیچ ویستێکی نەمابوو. لەو بۆشاییە سپییەدا، وەک ئەوەی بووبێت بە قولاپەوە و هەموو تەڕایی گیانی چۆڕابێتەوە، بەبێ ژیان هەڵواسرابوو. ڕەنگە بۆ ماوەی ڕۆژێک، یان مانگێک، خۆ ڕەنگیشە بۆ ماوەی سەدەیەک بووبێت، بۆخۆی لەوێ بەو شێوەیە هەڵواسرابێت.

دواجار، دەنگێکی نزم، بەڵام ترسناک، ڕایچڵەکاند و بەزەحمەت پێڵووەکانی پێ هەڵبڕی. تا ئێستا ئێدی چوار لە گێرفانەکانی بەهەشت گەڕابوو، چوار کەسی بینیبوو، ڕاستە هەریەک لەو چوار کەسە بە شێوەیەکی سەیر هاتبوونە سەر ڕێی، بەڵام هەستی کرد ئەمەیان هەر زۆر سەیر و جیاوازە.

ئێدی بۆ جاری دووەم هەستی بە لەرزەی دەنگەکە کردەوە. ئەم جارەیان دەنگەکە بەرزتر بوو. ئێدی، کە بەدرێژایی ژیانی هەمیشە هەستی بەرگریی تیایدا ئامادە بوو، مستەکانی خڕ کرد. هەر لەو ساتەدا هەستی کرد گۆچانێک لەناو لەپی دەستی ڕاستیدایە. قۆڵەکانی هەموو پەڵەی قاوەییی کاڵیان لەسەر دروست بووبوو، نینۆکەکانی بچووک و زەردباو بوون، قاچەکانیشی تلۆقی سووریان کردبوو - ڕێک وەک ئەو تلۆقانەی لە ماوەی هەفتەکانی کۆتاییی ژیانیدا لەسەر زەوی بۆی دروست بووبوون. ئێدی چاوی لەسەر ئەو پیربوونە خێرایەی خۆی لا برد. بەپێی پێوەرەکانی سەر زەوی، ئێستا جەستەی جەستەیەک بوو، کە نزیک بووبێتەوە لە کۆتایی.

...ارەیان دەنگێکی بەرزی

تێکەڵ بە زریکە و بێدەنگبوونی پچڕپچڕ. ئیدی لە دیوەزمەکانی شەوانیدا، لەسەر زەوی گوێی لەم دەنگە بووبوو، هەموو جارێکیش لەگەڵ بینینی ئەو خەونەدا دەلەزری و گوندەکە و ئاگرەکە و سمیتیی دەهاتەوە بەرچاو، کاتێکیش هەوڵی دەدا قسە بکات، هاوار و قیژەقیژەکە لە قورگی خۆیەوە دەهاتە دەرەوە.

ئیدی ددانەکانی خستە سەریەک و جیرِی کردنەوە، وەک ئەوەی دەنگەکە بەوە بوەستێت، بەڵام دەنگەکە، وەک کاتژمێرێک زەنگ لێبدات و کەس نەچێت بەلایەوە، هەر بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی ئیدی هاوارێکی بەناو ڕەنگە سپییە خنکێنەرەکەدا کرد و گوتی، "چییەەەە؟ چیت دەوێ؟"

دەنگەکە کەوتە باکگراوندی دەنگێکی ترەوە، کە دەنگی هاژەیەکی بڵاو و خوڕ بوو – لە دەنگی ڕووبار دەچوو. پاشان ڕەنگە سپییەکە کرایەوە و تیشکەکانی خۆرێک کەوتنە سەر ئاوێکی درەوشاوە. لەژێر پێیەکانی ئیدیدا، زەوی دروست بوو، گۆچانەکەشی بەر شتێکی ڕەق کەوت. ئیدی بینیی لەسەر تەپۆلکەیەکە و شەماڵێک لە دەموچاوی دەدات، تەمێکیش خەریکە پێستی جەستەی شێدار و بەرەونەق دەکات. ئیدی سەیرێکی خوارەوەی کرد و لە ڕووبارەکەدا سەرچاوەی هاوار و قیژەکانی بینی. ئیدی، بە بینی ئەو دیمەنەی ناو ڕووبارەکە، وەک پیاوێک کە دارێکی بەیسبۆڵی بە دەستەوە گرتووە و دواجار تێدەگات دز نەهاتوتە سەریان، هێور بووەوە. دەنگەکە، قیژەکە، هاوارەکە، دەنگی منداڵان بوو، منداڵێک و دووان نا، بەڵکوو هەزاران منداڵ، کە بەیەکەوە خەریکی یاری بوون و لە ڕووبارەکەدا شلپەشلپیان نابووەوە

و بە پێکەنینێکی پڕ لە پاکێتییەوە دەیانزریکاند.

ئێدی لە دڵی خۆیدا گوتی، "تۆ بڵێی ئەمە ئەو شتە بێ، کە ئەو هەموو شەوە خەونم پێوە بینیوە؟ ئێ باشە بۆ؟"

ئێدی سەیری جەستە بچووکەکانی ناو ڕووبارەکەی کرد، کە هەندێک بازیان دەدا، هەندێک بەناو ئاوەکەدا دەڕۆیشتن، هەندێک سەتڵیان بە دەستەوە بوو، هەندێکی تریش لە دەرەوەی ڕووبارەکە و لەناو سەوزەگیاکەدا تلیان دەدا. ئێدی هەستی کرد دیمەنەکان هێمنییەکی تایبەتییان تێدایە. یەک منداڵ ئازاری منداڵێکی تری نەدەدا - کە ئەمە زۆر جار لەناو منداڵاندا ڕوو دەدات. ئێدی تێبینیی شتێکی تری کرد: منداڵەکان تاکە یەک کەسی پێگەیشتوویان لەناودا نەبوو، تەنانەت هەرزەکارێکیشیان لەگەڵ نەبوو، هەموویان منداڵی بچکۆلە و گەنمڕەنگ بوون و وا دەر دەکەوت خۆیان چاودێریی خۆیان بکەن.

چاوەکانی ئێدی کەوتنە سەر تاشەبەردێکی سپیی گەورە. کچێکی گەنجی بەژنرێک لە منداڵەکانی تر جیا بووبووەوە و لەسەر تاشەبەردەکە وەستابوو و سەیری لای ئێدییەوەی دەکرد. کچەکە هەردوو دەستی بەرز کردەوە و بە ئاماژەیەک ئێدیی بۆ لای خۆی بانگ کرد. ئێدی دوودڵ وەستا، کچەکە زەردەخەنەیەکی کرد و دووبارە دەستی بۆ ئێدی بەرز کردەوە، ئینجا سەرێکی لەقاند، وەک ئەوەی بڵێت "ئا، ئا، تۆ دەڵێم!"

ئێدی وردەوردە نووکی گۆچانەکەی لە زەوییەکە هەڵچەقاند، بۆ ئەوەی بەسەلامەتی بە سەرەولێژییەکەدا بێتە خوارەوە. ئێدی خزا و ئەژنۆ بریندارەکەی چەمایەوە،

پێیەکانی خزان، بەڵام پێش ئەوەی بەتەواوی بکەوێتە سەر زەوییەکە، هەستی کرد بایەکی زۆر بەهێز لە پشتی دا. بایەکە بەپێشدا پاڵی نا و خستیەوە سەر پێی خۆی. بەو شێوەیە ئیدی دووبارە هەستایەوە سەر پێ و بینیی گەیشتووەتە بەردەمی کچە بچووکەکە، وەستانەکەی بە شێوەیەک بوو، دەتگوت زۆر دەمێکە لەوێ وەستاوە.

ئەمڕۆ یادی لەدایکبوونی ئێدییە

پەنجاو یەک ساڵە. ڕۆژ، ڕۆژی شەممەیە. ئەمە یەکەم یادی لەدایکبوونیەتی بەبێ مارگرێت. قاوەیەکی بێ کافاین دەکاتە پەرداخێکی کاغەزەوە و دوو پارچەسەموون بە کەرەوە دەخوات. لەدوای ئەو ساڵەوەی هاوسەرەکەی تووشی ئەو ڕووداوە بوو، ئێدی هەمیشە بەبێ ئاهەنگگێڕان کشەی لە هەموو یادەکانی لەدایکبوونی خۆی دەکرد و دەیگوت، "چ پێویست دەکا ئەو ڕۆژە بیری خۆم بخەمەوە؟" بەڵام مارگرێت هەمیشە سوور بوو لەسەر یادکردنەوەی یادی لەدایکبوونی مێردەکەی، هەر خۆشی کێکەکەی دروست دەکرد و هاوڕێ و دۆستانی بانگهێشت دەکرد، پاکەتێک توفی توفیشی دەکڕی و بە قردێلەیەک دەیبەست. هەموو جارێکیش بە ئێدیی دەگوت، "ئاکرێ هەر وا بەئاسانی واز لە ڕۆژی لەدایکبوونەکەت بێنی."

ئێستا کە مارگرێت نەماوە، ئێدی هەوڵ دەدات ڕۆژی لەدایکبوونەکەی لەبیر خۆی بەرێتەوە. لەسەر ئیش - وەک ئەوەی بەسەر شاخێکدا سەر بکەوێت - بەتەنیا خۆی بە پێچێکی یاریی ڕەوڕەوەی مەرگەکەوە هەڵدەواسێت. شەویش، لە شوقەکە سەیری تەلەفزیۆن دەکات. زووش دەخەوێت، نە

کێک هەیە، نە میوان، نە هیچ. ئەگەر مرۆڤ هەستی کرد کەسێکی ئاساییە، ئەوا بەئاساییش مامەڵە دەکات، ئیتر بەم شێوەیە ڕۆژەکانی ئیدی یەکەیەکە خۆیان دەدەن بەدەستەوە.

تەمەنی شەست ساڵە. ڕۆژ، ڕۆژی چوارشەممەیە. زوو دەچێت بۆ وەرشەکە. عەللاگەیەکی قاوەیی، کە نانی نیوەڕۆی تێدایە، دەکاتەوە و لەتێک لە سۆسجی ناو لەفەکە لێدەکاتەوە و دەیکات بە قولاپێکەوە، ئینجا لە کونی سەر ڕێگە دارینەکەوە قولاپەکە شۆڕ دەکاتە خوارەوە بۆ ناو ئاوەکە. پاش ماوەیەك، دەبینێت لەتە سۆسجەگە سەرئاو دەکەوێت، دواتریش دەریاکە قووتی دەدات و دیار نامێنێت.

تەمەنی شەستوهەشت ساڵە. ڕۆژ، ڕۆژی شەممەیە. حەبەکانی لەسەر کەوانتەرەکە بڵاو دەکاتەوە. تەلەفۆنەکە لێدەدات. جۆی برایەتی لە فلۆریداوە. جۆ هیوای تەمەنێکی درێژ بۆ ئیدی دەخوازێت، ئینجا باسی کوڕەزاکەی خۆی بۆ دەکات، پاشانیش باسی ڤێللا تازەکەی. بەدرێژاییی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە، ئیدی پەنجا جارێك دەڵێت، "ئەها! ئی، ئی!"

تەمەنی حەفتاوپێنج ساڵە. ڕۆژ، ڕۆژی دووشەممەیە. چاویلکەکەی لەچاو دەکات و سەیری ڕاپۆرتەکانی وەرشەکە دەکات. تێبینیی دەکات یەکێك لە کارمەندەکان، شەوی پێشوو نەهاتووە بۆ ئیش، بەو هۆیەشەوە ئیستۆپی *یاریی کرمی پێچاوپێچ* تاقی نەکراوەتەوە. ئیدی ئاهێك هەڵدەکێشێت و یەکێك لە ئاگادارکردنەوەکانی سەر دیوارەکە، کە لەسەری

نووسراوە "کە ئێستادا ئەم یارییە لەژێر چاککردنەوەدایە"، هەڵدەگرێت و دەیبات لە بەردەم دەرگای چوونەژوورەوەی یارییەکەدا دای دەنێت. دواتریش، هەر خۆی ئیستۆپی یارییەکە تاقی دەکاتەوە و دڵنیا دەبێت کە سەلامەتە.

تەمەنی هەشتاودوو ساڵە. ڕۆژ، ڕۆژی سێشەممەیە. تاکسییەك دەگاتە بەردەم دەروازەی شاری یارییەکە. ئێدی خۆی دەخزێنێتە پێشەوە و گۆچانەکەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت.

شۆفێرەکە دەڵێت، "زۆر جار نەفەرەکان حەز دەکەن بچنە دواوە دابنیشن."

ئێدی لێی دەپرسێت، "پێت ناخۆشە هاتوومەتە پێشەوە؟"

شۆفێرەکە شانێك بەرز دەکاتەوە، "نا، نا، زۆر ئاساییە."

ئێدی لە جامەکەوە سەیری پێشەوە دەکات و بە شۆفێرەکە نالێت کە بۆیە دێتە پێشەوە، چونکە بەم شێوەیە هەست دەکات خۆی ئوتومبێلەکە لێدەخوڕێت. دوو ساڵە مۆڵەتی شۆفێرییەکەیان لێ سەندووەتەوە و لەو کاتەوە دەستی بە سووکانەوە نەگرتووەتەوە.

تاکسییەکە دەیبات بۆ گۆڕستانێك. ئێدی لەوێ سەردانی گۆڕی دایکی و گۆڕی براکەی دەکات، دواتریش بۆ چەند ساتێك لەسەر گۆڕی باوکی دەوەستێت، بەڵام وەك هەمیشە، سەردانکردنی گۆڕی هاوسەرەکەی دەخاتە کۆتاییەوە. ئێدی، لەسەر گۆڕی مارگرێت، بەسەر گۆچانەکەیدا دەنووشتێتەوە، ئینجا سەیریکی کێلەکە دەکات و دونیایەك شتی بیر دەکەوێتەوە، لەسەروو هەمووشیانەوە، نوقوڵی تۆفی. ئێدی

بیر لەوە دەکاتەوە، کە ئەگەر ئێستا نوقولی تۆفی بخوات، ددانەکانی هەڵدەوەرن، بەڵام ئەگەر لەگەڵ مارگریت بێت، بەبێ دوودڵی دەکەوێتە خواردنیان.

دواوانه

کچە بچووکەکە لە خەڵکی وڵاتانی ئاسیا دەچوو، تەمەنیشی دەبر شەش-حەوت ساڵێک دەبوو. پێستێکی جوان و گەنمڕەنگی هەبوو، ڕەنگی قژیشی، وەک ڕەنگی هەڵوژەڕەشە وابوو. لووتی بچووک و تەخت بوو، لێوەکانیشی پڕ بوون و بەسەر دداننە شاشەکانیدا بڵاو بووبوونەوە. چاوەکانی کچەکە زۆر جوان بوون و دەتگوت قەترانی ڕەشن، یەک برقەی سپیشیان کەوتبووە سەر. کچەکە زەردەخەنەی کرد و بەخۆشییەوە کەوتە هەڵەکەسەما. دواجار، ئیدی هەنگاوێک لێی نزیک بووەوە و کچەش خۆی پێ ناساند.

کچەکە دەستەکانی خستە سەر سینگی و ناوی خۆی گوت، "تالا".

ئیدی ناوەکەی دووبارە گوتەوە، "تالا، تالا!"

کچەکە زەردەخەنەیەکی تری کرد، وەک ئەوەی یارییەک دەستی پێ کردبێت. کراسێکی کەتانی نەخشداری لەبەردا بوو، کە بەشێلی بەسەر شان و ملیدا بڵاو بووبووەوە و بە ناوی دووبارەکەش تەڕ بووبوو. کچەکە دەستی خستە سەر کراسەکەی و گوتی، "بارۆ".

"بارۆ".

ئینجا دەستی لەو قوماشە سوورە چنراوەدا، کە لە سینگ و قاچەکانی ئالاندبوو، "سایا."

"سایا."

پاشان دەستی بۆ قاپقاپەکانی پێی ڕاکێشا، "باکیا." دواتر بۆ گوێچکەماسییەکانی بەر قاچی، "کاپێز." دواجاریش بۆ پارچەحەسیرێکی لە داربامبوو چنراو - کە لە بەردەمیدا ڕاخرابوو، "بانیگ." کچەکە ئاماژەی بۆ ئیدی کرد لەسەر حەسیرەکە دابنیشێت. خۆشی هات و چوارمشقی لەسەری دانیشت.

وا دەر دەکەوت هیچکام لە منداڵەکانی تر ئیدییان نەبینیبێت، بۆیە بۆخۆیان لەناو ئاوەکە شلپەشلپیان دەکرد و تلیان دەدا و بەردی ژێر ڕووبارەکەیان دەر دەهێنا. ئیدی سەیری کرد کوڕێک، بەردێک بە پشت و قوڵەکانی کوڕێکی تردا دەهێنێت.

کچەکە گوتی، "ئەوە پێی دەگوترێ شتن، هەر وەکوو ئەوەی ئیناسەکانمان پێشتر پەیڕەوییان کردووە."

ئیدی گوتی، "ئیناس؟"

کچەکە لە دەموچاوی ئیدی ورد بووەوە، ئینجا گوتی، "دایکمان."

ئیدی لە ژیانیدا دەنگی هەزاران منداڵی بیستبوو، بەڵام بە پێچەوانەی منداڵانی ترەوە، کە کاتێک لەگەڵ کەسێکی گەورەدا قسە دەکەن، دەترسن و دەشڵەژێن، ئەم منداڵەیان هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەک لە دەنگیدا نەدەخوێندرایەوە. ئیدی بیری لەوە کردەوە، کە تۆ بڵێی ئەم کچە و ئەم منداڵانە خۆیان ئەم قەراغ ڕووبارەیان وەک بەهەشت بۆ خۆیان هەڵبژاردبێت، یان بڵێی لەسەر بنەمای یادگارییە تەمەنکورتەکانیان ئەو

دیمەنە جوان و ئارامەیان بۆ هەڵبژێردرابێت.

کچەکە ئاماژەی بۆ گیرفانی کراسەکەی ئێدی کرد. ئێدی سەیری گیرفانەکەی کرد و بینیی ئەو تەلە بچووکانەی تێدان، کە ئێدی بۆ دروستکردنی ئاژەڵی بچووک بۆ منداڵان بەکاری دەهێنان.

ئێدی گوتی، "ئەمانە دەڵێی؟"

ئینجا تەلە بچووکەکانی دەر هێنا و لەگەڵ یەک تێکەڵی کردن، بە هەمان شێوەی ئەو کاتەی لە شاری یارییەکە تێکەڵی دەکردن و دەیکردن بەناو یەکدا. کچەکە خۆی بەرز کردەوە و هاتە سەر ئەژنۆ بۆ ئەوەی پرۆسەکە بەتەواوی ببینێت. دەستەکانی ئێدی دەلەرزین، بەڵام هەرچۆنێک بێت، لەگەڵ دواتێکەهەڵکێشکردنی تەلەکاندا گوتی، "چاوت لێیە؟ ئەوە بوو بە... سەەەەگ."

کچەکە تەلەکانی - کە ئێستا سەگێکیان لێ دروست بووبوو - لە ئێدی وەر گرت و پێکەنی، پێکەنینێک، کە ئێدی هەزاران جار بینیبووی.

ئێدی پرسیی، "بەدڵتە؟"

کچەکە، کە جوان قسەی نەدەزانی، وەڵامی دایەوە، "تۆ من دەسووتێنی."

ئێدی هەستی کرد شەویلکەی ڕەق بوو.

"گوتت چی؟"

"تۆ من دەسووتێنی، تۆ من دەکەی ئاگر."

دەنگی کچەکە لەسەر یەک تۆن دەڕۆیشت، وەک دەنگی منداڵێک، کە وانەی پێشوو بۆ مامۆستاکەی بڵێتەوە.

"ئیناکەم گوتی من لەناو نیپاکەدا چاوەڕێ بکەم. ئیناکەم دەڵێ من خۆم بشارمەوە."

ئێدی دەنگی نزم کردەوە و بە ڕستەیەکی زۆر خاو و ڕوون بە کچەی گوت، "خۆت لە چی بشاریتەوە، کچە بچکۆلە؟"

کچەکە دەستی لە سەگە لەتەلدروستکراوەکەوە دا و بە ناوەکەدا هێنای و بردی، ئینجا وەڵامی دایەوە، "سەندالۆنگ."

"سەندالۆنگ چییە؟"

کچەکە سەری بەرز کردەوە و گوتی، "سەرباز."

وشەکە وەک چەقۆ لە زمانی ئێدی هەڵچەقی. دەستبەجێش چەندین وێنە و دیمەن بەهوروژم خۆیان کرد بەناو مێشکی ئێدیدا: دیمەنی سەربازەکان، دیمەنی تەقینەوەکان، مۆرتۆن، سمیتی، کاپتنەکە، ئاگرپرژێنەکان...

ئێدی بەچرپە گوتی، "تالا..."

تالا بەدەم پێکەنین بە ناوەکەی خۆیەوە، ناوەکەی دووبارە کردەوە، "تالا."

"تۆ بۆچی لەم شوێنەدای لە بەهەشت؟"

کچەکە ئاژەڵەکەی دەستی داگرتە خوارەوە.

"تۆ من دەسووتێنی. تۆ من دەکەی ئاگر."

ئێدی هەستی کرد چاوەکانی خەریکە دەر بپەڕن. خوێن بە هورووژم دەهات بۆ سەری و هەناسەکانی خێرا بوون، ئینجا گوتی، "تۆ لە فلیپین بووی... تارماییەکە... ناو کووخە دارینەکە..."

"ناو نیپاکە. ئینا دەڵێ لەوێ سەلامەت دەبم. لەوێ چاوەڕێی بکەم، سەلامەت دەبم. دوایی دەنگێکی زۆر گەورە.

ئاگرێکی گەورە، ئیتر تۆ من دەسووتێنی."

کچەکە شانە بچووکەکانی هەڵتەکاند و بەردەوام بوو. "تیا سەلامەت نەبوو."

دەستەکانی ئێدی دەلەرزین. ئێدی تفێکی قووت دا و سەیری چاوە ڕەشەکانی کچەکەی کرد، ئینجا هەوڵی دا زەردەخەنەیەک بکات - وەک ئەوەی زەردەخەنەکەی چارەسەرێک بێت و پێویست بێت بیدات بە کچە بچووکەکە. کچەکە زەردەخەنەی بۆ کردەوە، بەڵام ئەوە ئێدیی لەتلەت کرد. ئێدی دەموچاوی شێوا و خستیە ناو دەستەکانیەوە. هەر لەو ساتەشدا شان و سییەکانی شل بوون. دواجار، ئەو تارمایییەی تەواوی ژیانی ئێدیی تاریک کردبوو، خۆی دەر خست و لە تارمایییەوە بوو بە ڕاستەقینە، بوو بە گۆشت و خوێن، بوو بەم منداڵە، ئەم منداڵە جوانەی ئێدی بە دەستەکانی خۆی کوشتبووی، بە دەستەکانی خۆی سووتاندبووی. بۆیە ئێدی پێی وا بوو شایانی دانەبەدانەی ئەو خەونە ترسناکانە بوو، کە بینیبوونی. ئێدی شتێکی بینیبوو، تارمایییەکی لەنێوان بڵێسەکاندا بینیبوو! مردنێک لەسەر دەستە ئاگراوییەکانی ئەو ڕووی دابوو. لافاوێک فرمێسک بەنێوان پەنجەکانی ئێدیدا هاتە خوارەوە و ڕووحی خەریک بوو دەبووە وێرانە.

ئێدی دەستی کرد بە شیوەن و ناڵەوهاوارێکی لێ بەرز بووەوە، کە خۆشی پێشتر هەرگیز گوێی لێ نەبووبوو. ناڵەوهاوارێک، کە لە قووڵاییی بوونیەوە دەهاتە دەرەوە و ڕووبارەکەی دەهەژاند و هەوا شێدارەکەی بەهەشتی پەرش دەکردەوە. جەستەی ئێدی گرژ بوو، سەریشی شێتانە بەملاولادا دەکەوت. تا ئەو کاتەی ناڵەوهاوارەکەی گۆڕا بۆ

دەنگێکی نزانانسا و چەند وشەیەک، وەک دانپێدانانێکی قورس، لە قورگە وشکەکەیەوە هاتنە دەر، "من... تۆم کوشت، من... تۆم... کوشت."

پاشان ئیدی "بمبەخشە"یەکی بەچرپە بۆ وشەکانی پێشووی زیاد کرد و دووبارە گوتیەوە، "بم... بەخشەەەە... ئەی هاوار خوایە گیاااان، چیم کردووە من، چ کارەساتێکم ناوەتەوە؟" ئیدی هەر دەگریا و دەگریا، هەتا ئەوەی گریانەکە تەواو وشکی کردەوە و خستیە لەرزەلەرز، پاشان بۆخۆی بەبێدەنگی دەلەرزی و بەملاولادا دەشنایەوە. ئیدی لەسەر حەسیرێک، لە بەردەمی کچە بچووکە قژرەشەکەدا کەوتبووە سەر ئەژنۆ، کچەکەش بۆخۆی لەقەراغی ئەو ڕووبارە خوڕەدا یاریی بەو ئاژەڵە دەکرد، کە بە تەلی باریک بۆی دروست کرابوو.

پاش ماوەیەک، ئیدی- دوای ئەوەی ئازارەکەی دامرکابووەوە - هەستی کرد دەستێک هاتووەتە سەر شانی. سەری بەرز کردەوە و بینیی تالایە و بەردێکیشی بە دەستەوە گرتووە.

تالا گوتی، "تۆ من بشۆ." ئینجا هەنگاوی نا بۆ ناو ئاوەکە و پشتی کردە ئیدی. پاشان، کراسە کەتانەکەی بەری هەلکرد و لەپشتەوە هێنایەوە بۆ سەر سەری.

ئیدی بە بینی پشتی کچە بچووکەکە، هەموو گیانی گرژ بوو. پێستی تالا زۆر خراپ سووتابوو، سینگ و ناوشانەکانی ڕەش بووبوون و تلۆقیان کردبوو. کاتێکیش لای کردەوە، هەندێک شوێنبرینی قورس لەسەر دەموچاوە جوان

و منداڵانەکەی دەر کەوتن و لێوەکانی سوور بووبوونەوە. تەنیا یەک چاوی کرابووەوە، بە هۆی ئەوەشەوە کە پێستی سەری سووتابوو، قژی بووبوو بە پەڵەپەڵە، سەریشی بە برین و سووتاویی لینج داپۆشرابوو.

تالا بەردەکەی ناو دەستی بەرز کردەوە و دووبارە گوتی، "تۆ من بشۆ."

ئێدی هەرچۆنێک بێت چووە ناو ڕووبارەکە و بەردەکەی لە کچەکە وەر گرت. پەنجەکانی دەلەرزین. بۆڵەیەکی لێوە هات، کە بەئەستەم دەبیسترا، "نازانم چۆن بتشۆم، من قەت منداڵم نەبووە..."

کچەکە قۆڵی - کە بووبوو بە خەڵووز - بەرز کردەوە. ئێدی قۆڵی گرت و بەهێواشی بەردەکەی پێدا هێنا، تا ئەوەی برینەکان یەک بەدوای یەکدا پروان. ئێدی بەردەکەی توندتر بە قۆڵی کچەکەدا هێنا و برینەکانی بەردایەوە. هەر بەردەوام بوو لەسەر ئەم کارە، تا ئەو کاتەی گۆشت و پێستی تەندروست و پاک لەسەر جەستەی تالا دەر کەوتنەوە. ئێدی بەردەکەی هەڵگێڕایەوە و بە پشتەمل و شانەکان و پشتی تالایدا هێنا، کە ئێسکەکانی دەر پەڕیبوون، دواجاریش گەیشتە ڕوومەتەکانی و ناوچاوانی و پشت گوێیەکانی.

کچەکە بەپشتدا بۆ لای ئێدی خۆی چەماندەوە و سەری خستە سەر بەشی پێشەوەی شانی ئێدی، ئینجا، وەک ئەوەی بیەوێت سەرخەوێک بشکێنێت، چاوی نووقاند. ئێدی بەهێمنی بەردەکەی بە پێڵووی چاوەکانی تالادا دەهێنا، ئینجا سەیری لێوە شۆڕەوەبووەکانی و بەشە سووتاو و ڕووتەکانی پێستی سەری کرد، تا لەناکاو قژە ڕەشەکەی لەو شوێنە ڕووتاوە و

سافانەوە سەری دەر هێنایەوە و دووبارە ئەو دەموچاوەشی بۆ دروست بووەوە، کە ئێدی لە سەرەتادا بینیبووی.

کاتێک کچەکە چاوی کردەوە، چاوەکانی وەک قوڵەی سەر کەشتی و قەڵاکان ڕووناکییان لێوە پەخش دەبوو، ئینجا گوتی، "من پێنجەم."

ئێدی بەردەکەی دەستی داگرت، هەڵدەلەرزی و هەناسەکانی کورت و قورس بوون، "پێنج... ئی، ئی، پێنج ساڵان؟..."

کچە هەر بە سەربادان گوتی، "نا" ئینجا پێنج پەنجەی یەکێک لە دەستەکانی کردنەوە و خستنیە سەر سینگی ئێدی، وەک ئەوەی پێی بڵێت، "پێنجەم کەسی تۆ."

شەماڵێکی گەرم هات. فرمێسکێک بەسەر ڕوومەتی ئێدیدا هاتە خوار. تالا بە چاو، دوای فرمێسکەکە کەوت، هەر وەک چۆن منداڵ لەناو پەلە گیایەکدا بە چاو دوای خاڵخاڵۆکە دەکەون. کچەکە کەوتەوە قسە، "بۆچی دڵتەنگ؟"

ئێدی بە دەنگێکی نزم گوتی، "مەبەستت ئەوەیە بۆچی دڵتەنگم؟ تەنانەت لێرەش، لە بەهەشت؟"

کچەکە بەدەست ئاماژەیەکی بۆ خوارەوە کرد، "نا، بۆچی لەوێ دڵتەنگ!"

ئێدی دایە پرمەی گریان، پرمەی گریانێکی بەتاڵ، وەک ئەوەی سینگی بەتاڵ بووبێتەوە. ئێدی خۆی دابوو بەدەست هەموو لەمپەرەکانەوە و ئێستا ئێدی گفتوگۆکە، گفتوگۆی نێوان منداڵێک و کەسێکی پێگەیشتوو نەبوو. ئێدی وەڵامی کچەکەی دایەوە و ئەوەی پێ گوت، کە بە هەرکەسێکی تری گوتبوو: بە مارگریت، بە ڕووبی، بە کاپتنەکە، بە پیاوە

شینەکە، لە هەموو کەسێکیش زیاتر، بە خۆی.

"بۆیە دڵتەنگ بووم، چونکە هیچ سوودێکم لە ژیانی خۆم نەبینی. چی بووم؟ هیچ نەبووم، هیچم بەدەست نەهێنا، سەرلێشێواو بووم، وام هەست دەکرد هەر لە سەرەتاوە دەبێ ئەوە نەبووم بچمە ئەوێ."

تاڵا سەگە بەتەلدروستکراوەکەی لە ئاوەکەدا نوقم کرد.

"دەبووایە بچیتە ئەوێ."

"کوێ؟ شاری یاریی ڕووبی؟"

کچەکە سەرێکی لەقاند.

"بۆ ئەوەی یارییە شکاوەکان چاک بکەمەوە؟ من بۆ ئەوە دروست کرابووم؟"

ئێدی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەردەوام بوو، "ئی باشە بۆ؟ بۆ؟"

کچەکە سەری لار کردەوە، وەک ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی ئێدی زۆر ڕوون بێت.

کچەکە گوتی، "مندالان. تۆ دەیانپارێزی. تۆ بۆ من باش دەکەی."

کچەکە، سەگەکە بەتەلدروستکراوەکەی بەسەر کراسەکەی ئێدیدا هێنا و برد، ئینجا گوتی، "تۆ پێویستە لەو شوێنە بی." پاشان بە سووکەپێکەنینێکەوە دەستی لەو پارچەقوماشە بچووکە دا، کە کرابوو بە کراسەکەی ئێدییەوە و ئەم دوو وشەیەی گوت، "ئێدی/ چاودێر."

ئێدی زیاتر چووە ناو ئاوی خوری ڕووبارەکەوە. بەردی ناو هەموو چیرۆکەکانی ژیانی لەدەوری بوون. لەژێر ئاوەکەدا

بوون و پالیان بەیەکەوە دابوو. ئیدی هەستی دەکرد خەریکە جەستەی دەتوێتەوە و دەبێت بە هەوا. ئینجا ئەوەشی بیر کەوتەوە، کە کاتی زۆری نەماوە و دوای بینینی ئەو پێنج کەسە، هەموو شتێک دەکەوێتە سەر شانی خۆی.

ئیدی بەچرپە گوتی، "تالا؟"

تالا سەری هەڵبڕی.

"ئەو کچە بچووکەی لە شاری یارییەکە بوو؟ تۆ هیچی لەسەر دەزانی؟"

تالا لە پەنجەکانی خۆی ورد بووەوە و بە سەرلەقاندنێک بە بەڵێ وەڵامی دایەوە.

"ئەی رزگارم کرد؟ توانیم رای بکێشم و نەهێڵم کورسییەکە بەری بکەوێ؟"

تالا سەری با دا. "رات نەکێشا."

ئیدی لەرزی و سەری داخست. ئەوەی دەیویست، بیستی، ئەوە کۆتاییی چیرۆکەکە بوو.

تالا گوتی، "پاڵت پێوە نا."

ئیدی سەری بەرز کردەوە، "پاڵ؟"

"پاڵ بە قاچەکانیەوە نا. راکێشان نەبوو، تۆ پاڵ نا. شتی گەورە کەوتە خوارەوە. تۆ ئەوت سەلامەت کرد."

ئیدی چاوەکانی بەنکووڵیکردنەوە لە قسەکانی کچەکە نووقاند و گوتی، "بەڵام من هەستم بە دەستەکانی کرد. ئەوە تەنیا شتە، کە بیرمە. ناکرێ پاڵم پێوە نابێ، هەستم بە دەستەکانی کرد."

تالا زەردەخەنەیەکی کرد و دەستەکانی پڕ کرد لە ئاوی رووبارەکە. ئینجا پەنجە بچووک و تەڕەکانی خستە ناو

دەستە گەورەکانی ئێدییەوە. ئێدی دەستبەجێ هەستی کرد پێشتر دەستی بەر ئەو پەنجانە کەوتووە.

تالا گوتی، "دەستەکانی نا، دەستەکانم! من تۆ هێنا بۆ بەهەشت، تۆ سەلامەت دەبی."

لەگەڵ ئەو دوارستەیەدا، ئاستی ئاوی ڕووبارەکە تا کەمەری ئێدی بەرز بووەوە و وردەوردە تا سینگ و شانەکانیشی سەر کەوت. پێش ئەوەی هەناسەیەکی تر هەڵبکێشێت، دەنگەدەنگی منداڵەکان لەسەر سەریەوە کپ بوو، ئینجا شەپۆلێکی بەهێز، بەڵام بێدەنگ، تەواو نوقمی کرد. هێشتا دەستی ئێدی هەر لە دەستی تالادا بوو، بەڵام هەستی کرد جەستەی لە ڕووحی داماڵرا، گۆشتەکەی لە ئێسکەکانی بووەوە و لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئەو ئازار و بێتاقەتییانەی لە ناخیدا پەنگیان خواردبووەوە، هەموو جێسووتاوییەکانی، هەموو برینەکانی، هەموو یادەوەرییە تاڵەکانی هاتنە دەرەوە لێی.

ئێدی ئێستا هیچ نەبوو، هەر وەک گەڵایەک وا بوو بەسەر ئاودکەوە، تالاش بەنەرمی بەناو تیشک و سێبەرەکاندا دەیهێنا و دەیبرد، بەناو ڕەنگی شین و سەوز و کاپی و ڕەش و لیمۆییدا پیاسەی پێ دەکرد. ئێدی ئێستا درکی بەوە کرد، کە ڕەنگەکان هەموو هەستەکانی ناو ژیانی بوون. تالا بەناو شەپۆلەکانی زەریایەکی خۆڵەمێشیی بەرینیدا ئێدیی بەرەو سەرەوە هێنا و ئێدی لەناو ڕووناکییەکی زۆر قەشەنگەوە و بەسەر دیمەنێکی چاوەڕواننەکراو و جواندا سەری دەر هێنایەوە.

دیمەنەکە شارێکی یاریی گەورەی سەر زەرییایەکی خولەمێشیی بەرین بوو، هەزاران کەس تیایدا بڵاو بووبوونەوە، ژن و پیاو، دایکان و باوکان و منداڵان - منداڵەکان زۆر زۆر بوون - منداڵانی ئێستا و ڕابردوو، ئەوانەی هێشتا لەدایک نەبووبوون، هەموو بەتەنیشت یەکەوە، دەستلەناودەست، هەریەکە بە جلوبەرگێکەوە، یەکێک بە کڵاوەوە، یەکێک بە شۆرتەوە، سەر ڕێگە دارینەکە و کورسیی ناو یارییەکانی سەکۆی چاوەڕێکردنی بەردەم یارییەکانیان پڕ کردبوو، هەندێک چووبوونە قەڵاندۆشکانی ئەوانی تر و هەندێکیش چووبوونە باوەشی یەکترەوە. ئەو منداڵانە یان پێشتر لەو شوێنە بووبوون، یان لە ئاییندەدا دەهاتن بۆی، هۆکاری سەرەکیی ئەمەش ئەو کارە سادە و ڕۆتینییانە بوون، کە ئیدی لە ژیانیدا لەو شاری یارییەدا کردبوونی و ڕێی لە ڕوودانی چەندین ڕووداوی دڵتەزێن گرتبوو، چەندین یاریی چاک کردبووەوە و بەسەلامەتی هێشتبوونیەوە، هەموو ڕۆژێکیش چەندین پێچی نەبینراوی بە ژیانی ئەو منداڵانە کردبووەوە و پاراستبوونی.

هەرچەندە ئامادەبووانی شارە یارییەکە، لێوەکانیان نەدەجووڵاند، بەڵام ئیدی گوێی لە دەنگیان بوو، دەنگەکان ئەوەندە زۆر بوون، کە ئیدی هەرگیز دەنگەدەنگی وا زۆری گوێ لێ نەبووبوو، بەڵام لە ساتێکدا خامۆشی و ئارامییەک باڵی بەسەردا کێشا، کە هەرگیز پێشتر تامی نەکردبوو. ئێستا ئیتر دەستی لە دەستی تالا بەر بووبوو، پاشانیش بەرز بووەوە، بەرزتر لە کەنارەکە، ئینجا بەرزتر لە ڕێگە دارینەکە و خێمە و گومەزەکانیش، تا ئەوەی بەرەو لووتکەی بەرز و

سیپی چەرخوفەلەکەکە ڕۆیشت و گەیشتە سەری سەرەوە. لەوێ، یەکێک لە کابینەکانی چەرخوفەلەکەکە لەسەرخۆ رادەژەنی و ژنێکی تێدا بوو، ژنێک بە عەزییەکی زەردەوە: هاوسەرەکەی خۆی، مارگریت، کە لەوێ بە باوەشی کراوەوە چاوەڕێی ئێدیی دەکرد. ئێدی خێرا خۆی گەیاندە مارگریت، دەستی گرت و دووبارە زەردەخەنەکەی بینییەوە. هەر لەو ساتەشدا هەموو دەنگەکان لە تاقە یەک دەنگ و یەک وشەی خودادا توانەوە:

"ماڵەوەەەە!"

کۆتایی

سێ ڕۆژ دوای ڕووداوەکە، شاری یاریی ڕووبی کرایەوە. چیرۆکی مردنی ئیدی بۆ ماوەی هەفتەیەک لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان مایەوە، بەڵام دواتر، چیرۆکی مردنی تر شوێنیان گرتەوە.

ئەو یارییەی ناوی *یاریی کەوتنەخوارەوەی سەربەست* بوو، بۆ ئەو وەرزە داخرا، بەڵام ساڵی دواتر، بە ناوێکی تازە و بە ناوی *سەرکێشییە گەورەکەوە* کرایەوە. هەرزەکاران وەک بەڵگەی ئازایەتی سەیریان دەکرد. یارییەکە زۆر سەردانکەری بۆ لای خۆی ڕاکێشا و خاوەنەکانی شارە یارییەکەش زۆر دڵخۆش بوون بەوە.

شوقەکەی ئیدی - ئەو شوقەیەی تیایدا گەورە بووبوو - درا بەکری بە کەسێکی تر، ئەو کەسەش شووشەیەکی نەخشداری ڕەنگاوڕەنگی گرتە پەنجەرەی مەتبەخەکە و دیمەنی یاریی بابەخولیی ئەسپەکەی لێڵ کرد. دۆمینگێز، کە ڕازی بووبوو ئیشەکەی ئیدی وەر بگرێت، هەموو ئەو شتومەکە کەمانەی کۆ کردەوە، کە لەدوای ئیدی بەجێ مابوون، پاشان خستنیە سندوقێکەوە و لە وەرشەکە هەڵی گرتن، سندوقەکەشی خستە تەنیشت یادگارییەکانی تری

شاری یاریی ڕووبی، کە یەکێکیان وێنەی یەکەمین دەروازەی شاری یارییەکە بوو.

نیکی، ئەو کوڕە گەنجەی سویچەکەی بەر بووبووەوە و کێلەکەی خوارد، سویچێکی تری دروست کردەوە و دوای چوار مانگ، ئۆتومبێلەکەی فرۆشت. نیکی زوو زوو دەهاتەوە بۆ شاری یاریی ڕووبی و لای هاوڕێکانی خۆی بەوەوە بای دەدا، کە شاری یارییەکە بە ناوی داپیرەگەورەی ئەوەوە ناو نراوە.

وەرز هاتن و وەرز تێپەڕین. کاتێکیش قوتابخانە برایەوە و ڕۆژ درێژ بوو، دیسان جەنجاڵی کەوتەوە ناو ئەو شارە یارییەی سەر کەناری زەریا خۆڵەمێشییەکە - هەرچەندە ئێستا ئیدی شارێکی یاریی ئەوەندە گەورەش نەبوو، بەڵام هەر باش بوو. هاوین هات، جۆشوخرۆش لە دەمارەکان گەڕایەوە، کەنارەکە پڕ بووەوە لە نەغمەی شەپۆلەکان، سەردانکەرانی شاری یارییەکە دووبارە ڕیزیان بەستەوە بۆ یاریی بابەخولێی ئەسپەکە و چەرخوفەلەکەکە و دووبارە چوونەوە ڕیزەوە بۆ کڕینی پەشمەک و ئەزبەرید.

خەڵک لە شاری یاریی ڕووبی ڕیزیان بەستبوو - هەر وەک چۆن لە شوێنێکی تر پێنج کەس بە پێنج یادگاریی دیاریکراوەوە ڕیزیان بەستبوو، هەمووشیان پێکەوە چاوەڕێیان دەکرد کچێکی بچووک - کە ناوی *ئەیمی یان ئانی* بوو - گەورە ببێت، خۆشەویستی بکات، پیر ببێت، بمرێت و دواجار وەڵامی پرسیارەکانی بدرێتەوە، پاشان تێبگات بۆچی ژیا و بۆ چ شتێک ژیا! لەو ڕیزە پێنجکەسییەشدا کە چاوەڕێی ئەو کچەکە بچووکە بوون، پیاوێکی سەر و ڕیش سپی، بە

لووتێکی چەماوە و کڵاوێکی کەتانەوە، لە شوێنێک بە ناوی سەکۆی ستاردەست چاوەڕێ بوو، تا کاتی خۆی بێت و نهێنییەک لە نهێنییەکانی بەهەشت بۆ کچەکە بگێڕێتەوە، *نهێنیی ئەوەی ژیانی هەریەکەمان کار دەکاتە سەر ژیانی ئەوەی دوای خۆی و ژیانی ئەویش کار دەکاتە سەر ژیانی ئەوەی دواتر، نهێنیی ئەوەی کە دونیا لێوانلێوە لە چیرۆک، بەڵام لە بنەڕەتدا هەموو چیرۆکەکان یەکێکن.*

دەمەوێت زۆر سوپاسی جانینی هاوسەرم بکەم، کە چەندین جار ئەم کتێبەم بە دەنگی بەرز بۆ خوێندەوە و ئەویش بەئارامگرییەوە گوێی لێ گرتم، هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ هاوڕێیانم، ڕۆدا و ئیرا و کارا و پیتەر، کە بۆ یەکەمین جار پێکەوە چووین بۆ سواری چەرخوفەلەك، دواجاریش، سوپاس بۆ مامی خۆشەویستم، ئیدیی ڕاستەقینە، کە زۆر پێش ئەوەی من چیرۆکەکانی خۆم بگێڕمەوە، ئەو چیرۆکەکانی خۆی بۆ گێڕامەوە.

میچ ئەلبوم

ئیدی سەربازێکی دێرینی تەنیایە. لە یادی لەدایکبوونی هەشتاوسێ ساڵەیدا، کاتێک هەوڵ دەدات کچێکی بچووک لە مردن ڕزگار بکات، لە شاری یاریی ڕووبی بە کارەساتێکی تراژیدی دەمرێت. لەگەڵ هەڵکێشانی دواهەناسەیدا، ئیدی هەست بە دوو دەستی بچووک دەکات لە دەستەکانیدا و دوای ئەوە هەموو شتێک خامۆش دەبێت. دواتر لە بەهەشت بەئاگا دێتەوە و تێدەگات کە بەهەشت تەنیا خۆشی و دیمەنی جوان نییە، بەڵکوو شوێنێکە تیایدا لەلایەن پێنج کەسەوە وەڵامی پرسیارەکانت دەدرێتەوە و ژیانی دونیات بۆ ڕوون دەکرێتەوە. دەکرێت ئەو پێنج کەسە دۆست و کەسی نزیکت بن، دەشکرێت نەناسیاو بن، بەڵام هەریەکەیان بە هۆکارێکی گرنگ هاتووەتە ژیانتەوە و کاریگەریی گەورەی هەبووە لەسەری.

ENDESE

٦٠٠٠ دینار


Search in کتێبخانەی pdf
کتێبخانەی pdf
Closed Group · 7.7k Members
Joined
Add Members
Search
Info
View Pinned Post